# حکومەت لەدروستکردنی 7 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون پاشگەزدەبێتەوە

**رووداو- هەولێر**

هەرچەندە لەبودجەی 2010دا بڕی 200 ملیار دیناری بۆ تەرخانکرابوو، بەڵام حکومەت پرۆژەی دروستکردنی 7000 یەکەی نیشتەجێبوون بۆ بەرنامەی ساڵی ئایندە هەڵدەگرێ و پارەکەی بۆ مەبەستی دیکە ئاراستە دەکات. بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕی و دارایی لەدەستەی وەبەرهێنان، هۆی جێبەجێنەبوونی پرۆژەکە کە وەک یەکێک لەگرنگترین پرۆژەکانی حکومەت بۆ نەهێشتنی کێشەی نیشتەجێبوون باسدەکرا، بۆ دانەوەی قەرزەکانی سەردەستەی وەبەرهێنان گێڕایەوە کە 70 ملیار دیناریان لەو پارەیە دەرهێناوەو قەرزیان پێداوەتەوە. بەڵام سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لەپەرلەمانی کوردستان ئەوە بە سەرپێچی دەزانێ و دەڵێت "دەستەی وەبەرهێنان مافی گواستنەوەی پارەی نییە لە پرۆژەیەکەوە بۆ پرۆژەیەکی دی" چونکە وەک ئەو گوتی "ئەوە لەبودجەدا هاتووەو پەرلەمان پەسەندی کردووە". ئەو پەرلەمانتارە هەڕەشە دەکات کە دەست بەلێکۆڵینەوە دەکەن و گوتی "ئەگەر پێویست بکات پەنا دەبەینە بەر دادگاش".



8


ESC
ERBIL STEEL COMPANY
ئێمە دواڕۆژتان بنیات دەنێین
info@erbilsteel.com
www.erbilsteel.com

bareaz
COMPANY



Rûdaw
رووداو
ژمارە (136)
دووشەممە 2010/11/1
10ی گەلاریزان 2710
دینار (750)
چاپی کوردستان
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
www.rudaw.net


## وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:

# ئەگەر موستەشارە تۆمەتبارەکانی ئەنفال دەستگیرنەکرێن دەست لەکاردەکێشمەوە

**تایبەت بە رووداو**

د.مەجید حەمەدەمین وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، رایگەیاند ئەگەر رێکاری یاسایی دژی ئەو 258 تۆمەتبارە نەگیرێتەبەر کە ناویان لەدۆسیەی ئەنفالدا هاتووەو دادگای باڵای تاوانەکان لەبەغدا فەرمانی دەستگیرکردنیانی داوەتە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، ئەوا دەست لەکار دەکێشێتەوە.

وەزیری کاروباری شەهیدان لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)، گوتی کە دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی دۆسیەی ئەنفال لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە، لەسەر داوای وەزارەتەکەی ئەوان بووە "حەزدەکەم بەڕوونی پێتان بڵێم، ئەو فەرمانە لەسەر داوای ئێمە هات وەک وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان. ئێمە چوار مانگ دەبێ کەیسێکمان کردووەتەوە بەناوی کەیسی ئەنفالی دوو". هەر لەدرێژەی ئەو



قسانەیدا گوتی "ئێمە رایدەگەیێنین کە مودەعین لەسەر ئەو مەسەلەیە و گوشاریش دەکەین. ئەوە چوار مانگە کار لەگەڵ دادگای باڵای تاوانەکان دەکەین، چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ کردوون بۆ کاراکردنەوەی فەرمانی گرتنی ئەو تۆمەتبارانە".

هەروەها دووپاتیکردەوە کە فەرمانی دەستگیرکردنی ئەو 258 تۆمەتبارە لە 2010/8/11 دەرچووەو لە کۆتایی مانگی ئابی رابردوو گەیشتووەتە دەست وەزارەتەکەی ئەوان و وەزارەتی ناوخۆ، سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش.

د.مەجید حەمەدەمین ئاشکراشیکرد کە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان رۆژی 2010/10/25 نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەت کردووە بۆ جێبەجیکردنی فەرمانی گرتنی ئەو 258 تۆمەتبارەو گوتی "وێنەشمان لەو نووسراوە داوەتە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ناوخۆ کە فەرمانی گرتنی ئەو تۆمەتبارانە دەبێ جێبەجێبکرێ".

هاوکات راشیگەیاند کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانیش بەفەرمی رەزامەندییان لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانی دادگا داوەو گوتی "ئێمە رەزامەندی فەرمیی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانمان هەیە، لەگەڵ ئەو نووسراوەی لە وەزارەتەوە دەرمانکردووە، نوسخەمان لێ ناردووە بۆ هەموو فەرمانگە پەیوەندیدارەکان".

هەرچەندە فەرمانی دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال بەلیستێکی 423 کەسی لەساڵی 2007ەوە دەرچووە بەبێ ئەوەی هیچ تۆمەتبارێک دەستگیربکرێ، بەڵام دادگای باڵای تاوانەکان وەک ئامادەکارییەک بۆ دەستپێکردنی دادگای دووەمی ئەنفال ناوی 258 تۆمەتباری کوردی داوەتە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان کە لەسەروەختی پرۆسەی ئەنفالدا موستەشارو ئامر مەفرەزەی تایبەت بوونەو بەگوێرەی بەڵگەنامەو وتەی شایەدعەیانەکان لەکاتی بەڕێوەچوونی دادگای یەکەمی ئەنفالدا بەشداریی شاڵاوەکانیان کردووە.

وەزیری کاروباری شەهیدان لەبارەی ئەوەی کە ئەگەر فەرمانەکەی دادگا جێبەجێ نەکراو تۆمەتباران رادەستی دادگا نەکران، گوتی "بێگومان ئێمە هەم وەک وەزارەت هەڵوێستمان دەبێت و هەم وەک شەخسی خۆشم هەڵوێستم دەبێ". لەبارەی ئەوەی کە ئایا دەست لەکاردەکێشێتەوە، گوتی "بەڵێ. بەڕاستی شانازی بەوە دەکەم لەسەر مەسەلەیەکی وا دەست لەکاربکێشمەوە، بەڵام پێموایە سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەموو هاوڕایە لەسەر ئەوەی ئەوانە بدرێنە دادگا. لەو باوەڕەشدانیم سەرکردایەتی سیاسی یەک بەربەست لەبەردەم دادگاییکردنی تاوانباران دابنێ. کەس ئەزموونی کوردی بەقوربانی قاسماغاکان ناکات".

گوتیشی لەماوەی رابردوودا، لەبارەی درانە دادگای ئەو تۆمەتبارانە گفتوگۆ و راوێژیان لەگەڵ حیزبەکان و سەرکردە سیاسییەکان کردووە.

3

# گۆڕان دوای کشانەوەی دەنگ بە هەڵبژاردنەوەی مام جەلال نادات

**رووداو-سلێمانی**

بزووتنەوەی گۆڕان ئێوارەی رۆژی هەینی لە راگەیێندراوێکی فەرمیدا کشانەوەی خۆی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان راگەیاند، هەرچەندە رایانگەیاند کە پابەندن بە داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی کورد. بەڵام وتەبێژی گۆڕان دەڵێ پشتگیری لەوە ناکەن مام جەلال ببێتەوە سەرۆک کۆمار.

گۆڕان رایگەیاندووە کەهۆکاری کشانەوەیان لە هاوپەیمانێتییەکە بەهۆی بەجێنەهێنانی بەڵێنەکانی پارتی و یەکێتییە کە پێشتر دابوویان بۆ ئەوەی "ریفۆرم" لە داو و دەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا بکەن. بەڵام سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی (الحره) دا گوتی " ئەو پرۆژەیەمان گوێ لێبووە، بەڵام بۆمان نەهاتووە".


محەممەد تۆفیق رەحیم، سەرکردەیەکی باڵا و وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێت "دەسەڵات بەڵێنەکانی خۆی بۆ چاکسازی سیاسی و نێوخۆیی جێبەجێنەکرد و ئێمەش کشاینەوە، هەروەک چۆن پێشتر ئاگادارمان کردبوونەوە".

وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی "بێگومان ئێمە کە لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان نەمێنین، پشتگیری مام جەلالیش ناکەین ببێتەوە سەرۆک کۆمار".

بەڵام ئاڵا تاڵەبانی ئەندامی سەرکردایەکی یەکێتی و پەرلەمانی عێراق هیچ کاریگەریەک نابینێ لە کشانەوەی گۆڕان لەسەر دووبارە هەڵبژاردنەوەی تاڵەبانی بە سەرۆک کۆمار "تەنیا هەشت کورسیان هەیە. جیابوونەوەی ئەوان و پشتگیری نەکردنیان بۆ مام جەلال تاببێتەوە سەرۆک کۆمار کاریگەری نابێت".

بەپێی زانیارییەکان هەوڵێک هەیە بۆ گێڕانەوەی گۆڕان بۆ ناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان. عەدنان عوسمان، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند " ئێمە گفتوگۆ رەتناکەینەوە، بەڵام سووریشین لەسەر ئەوەی کە دەبێ چاکسازی بکرێ و دەستەی هەڵبژاردن بەو شێوەیە لەلایەن لیستی دەسەڵاتەوە تێنەپەڕێنرێ".

4



## هوشیار زێباری:

# قەزافی لە کۆنگرەی سێرت دا گوتی کورد مافی سەربەخۆیی هەیە

## لەسەر کورد قەززافی و موعەلیم بەگژیەکدا چوون

هوشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) ئاشکرای کرد کە لە کاتی کۆنگرەی لووتکەی کۆمکاری عەرەبی (الجامعه العربیه) لەشاری سیرت لە لیبیا، لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەبیدا، دەمەقاڵێ لە نێوان سەرۆکی لیبیا و وەزیری دەرەوەی سووریادا روویداوە کاتێک قەززافی گوتوویەتی کوردیش مافی یەکبوون و سەربەخۆیی هەیە. وەلید موعەلیم کە بەو قسانە تووڕەبووە، گوتوویەتی "ئێمە لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی نین"، بەڵام قەززافی وەڵامی داوەتەوە "واتە ئێوە لەگەڵ بیروباوەڕی خۆشتان راستگۆنین". زێباری دەڵێ "لەو کاتیشدا، منیش چەپڵەیەکی بەهێزم بۆ لێدا".

## وەزارەتی دەرەوە بۆ کورد گرنگە

زێباری وەرگرتنەوەی وەزارەتی دەرەوەی عێراق بۆ کورد بەگرنگ دەزانێ و دەڵێت "نەک لەبەرئەوەی من لەوێ وەزیرم، بەڵام بەدڵنیاییەوە وەزارەتی دەرەوە زۆر گرنگە". لەگەڵ ئاماژەکردن بۆئەوەی کە جارێ "شەڕەکە" لەسەر سێ پۆستەکەی سەرۆکایەتییەو هێشتا گفتوگۆ نەهاتووەتە سەر دابەشکردنی وەزارەتەکان، بەدووریشی زانی وەرگرتنی وەزارەتەکانی نەوت یان دارایی وەک ئەوەی کورد داوای دەکەن کارێکی ئاسان بێت و گوتی "هەموو شتێک خۆ بەدەستی ئێمە نییە. کێ دەڵێ شیعە ئامادەیە وەزارەتی نەوت بداتە کورد کە سەرچاوەی داهاتی هەموو عێراقە".

## عێراق سێ سەرۆک کۆماری هەبوو

زێباری دەڵێت: "سێ سەرۆک کۆمار هەبوون نەک یەک. تەنانەت جارێک بەڕەسمی موخاتەبەی ئێمەیان کرد کە بابەتی تەشریفاتی و ئەو شتانە دەبێت وەک سەرۆک کۆمار مامەڵەمان لەگەڵ بکرێ. هەریەک لەوان ڤیتۆی هەبوو. دیارە ئەم قۆناغەی داهاتوو بەوجۆرە نابێ و تەنیا یەک سەرۆک کۆمار دەبێت، بەڵام بەدەسەڵاتی کەمتر". هەروەها گوتیشی کورد پێداگیرە لەسەر وەرگرتنەوەی ئەو پۆستە، چونکە مەترسی ئەوە هەیە، نەدانی ئەو پۆستە بە کورد هەنگاوی یەکەم بێت بۆ لێسەندنەوەی هەموو مافە بەدەستهاتووەکانی دیکەی کورد.

9

## ژمارەی تووشبووان بە نەخۆشییە سێکسییەکان لە کوردستان دەگاتە 10 هەزار کەس

# 10 هاووڵاتی کوردستان تووشی ئایدز بوون و دوویان گیانیان لەدەستدا

**رووداو- هەولێر**

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی کە بەتایبەت دراونەتە (رووداو)، تائێستا 76 حاڵەتی نەخۆشیی ئایدز لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە، لەنێویاندا 10 حاڵەت لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا هەبووە کە 2 لەوانە گیانیان لەدەستداوە. 66 کەسی دیکەش لەدانیشتووانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوون.

د.خاڵس قادر، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی لەوبارەوە گوتی "تائێستا 76 حاڵەت تۆمارکراون، 66 یان لەو بیانییانە بوون کە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، 10 حاڵەتیشیان کورد بوون، کە دوو لەوانە مردن".

هەروەها گوتیشی کە ئامارە راستەقینەکانی تووشبووان بە نەخۆشییە سێکسییەکان زۆر زیاترە لەوەی لەبەردەستی ئەواندان "هەندێ نەخۆشیی سێکسی هەیە، هیچ ئامارێکمان لەبارەی تووشبووانییەوە نییە، لەکاتێکدا زۆرن".

د.عیماد ناجی، مایکرۆبیۆلۆجی لە تاقیگەی فارما بۆ پشکنین و شیکاری نەخۆشییەکان، لەگەڵ ئەوەی هاوڕایە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی سەبارەت بە زیادبوونی ژمارەی تووشبووان بە نەخۆشییە سێکسییەکان لە کوردستان، دەشڵێت "ئێمە کە تاقیگەیەکی ئەهلین رۆژانە حاڵەتێکی تووشبوون بە نەخۆشییە سێکسییەکانمان لەلا دەردەکەوێت".

ئەو پسپۆڕە ئاشکرایکرد کە نەخۆشیی (سەیەلان) بەربڵاوترین نەخۆشی سێکسییە لەهەرێمی کوردستاندا.

ئەو پزیشکە هۆشداری دەدات لەوەی زۆربوون و تەشەنەکردنی نەخۆشییە سێکسییەکان، بەتایبەت ئایدز، پاش سێ ساڵی دیکە لەهەرێمی کوردستان بەدەردەکەوێت، چونکە "نەخۆشیی ئایدز لە پاش سێ ساڵ دەردەکەوێ، ئەمەش کارەسات دروستدەکات، بۆیە رەنگە پاش سێ ساڵی دیکە ببینین کە کێشەکە گەورەترە".

هەر بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی، ژمارەی تووشبووان بە نەخۆشی هەوکردنی جگەر لە جۆرەکانی B و C لە ساڵی 2007دا 621 نەخۆش بووە لە جۆری یەکەم و 283 حاڵەت بووە لە جۆری دووەم. بەڵام ئەو ژمارەیە لە ساڵی رابردوودا زیادیکردووە و ژمارەی تووشبووانی هەوکردنی جگە لە جۆری B گەیشتووەتە 1370 نەخۆش، لە جۆری C یش گەیشتە 446 نەخۆش.

بەپێی لێکدانەوەی وەزارەتی تەندروستی بۆ ژمارەی تووشبووان بە نەخۆشییە سێکسییەکان و هەڵگرانی ڤایرۆسەکانی ئەو نەخۆشییانە لە هەرێمی کوردستاندا، ژمارەیان لەنێوان 5 بۆ 10 هەزار کەس دەبێت.

13


5
بۆزان تەکین :
باچیتر کەس داوای ئاگربەست و چەکدانانمان لێنەکات





2
نرخی زەوی لە هەولێر فڕی





12
قەزاو قەدەری ژنان درۆ دەرچوون




## راپۆرتە هەواڵ

### تەنازوولی زەوی بۆ 100 مەتری نەما



رووداو-هەولێر

سەباحەت حەمە تاهیر، بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرەی هەولێر رایگەیاند لەو هەفتەیەدا پێدانی پێشینەی خانووبەرە دەستپێکردووەتەوەو بەهیچ شێوەیەکیش پێشینە نادرێتە زەوی 100 مەتری "تەنانەت زەوی 190 مەتریش"، سەباحەت گوتیشی رێنماییەکانی پێشینەی خانووبەرە وەک پێشوون، تەنیا ئەوە نەبێت "ئەوەی 100 مەتری هەیە لەگەڵ یەکێکی دیکە کە ئەویش 100 مەتری هەبێت، دەتوانن بە هەردووکیان یەک سولفە وەرگرن، بەڵام ئەوە نەماوە یەکێکیان تەنازول بۆ ئەوەی دیکە بکات، دەبێ لەکاتی مامەڵەدا خاوەنی هەردوو زەویە 100 مەترییەکە ئامادەبن، زەوی هەردووکیشیان حیجزی دەکەوێتە سەر". تا ئێستا 10 هەزار کەس لە هەولێر قەرزی خانووبەرەیان وەرگرتووە.

# نرخی زەوی لە هەولێر فڕی

### خاوەنی نووسینگەی سروشت بۆ کڕین فرۆشتنی زەوی و خانووبەرە:

## عەرەب بەلێشاو بۆ نیشتەجێبوون و بازرگانی دێنە هەولێر، ئێستا لەگەڕەکی زانکۆ هیچ کۆڵانێک نییە 10 تا 15 ماڵی عەرەبی تێدا نەبێت، هەمووشیان خانووەکانیان کڕیوە، بۆیە خانوو گران بووە



**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا، نرخی هەر پارچە زەویەک لەهەولێر 10 تا 20 هەزار دۆلار زیادی کرد، خاوەن نووسینگەکانی فرۆشتنی زەوی، دابەشنەکردنی زەوی و خواستی خەڵک لەسەر دروستکردنی خانوو و بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی خەڵک بەهۆکاری ئەو گران بوونە دادەنێن، بەڵام ئابووریناسان پێیانوایە "ئارامی و ئەو جموجۆڵە بازرگانییەی رووی لەهەولێر کردووە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی زەوین".

زێوەر ئەنوەر، خاوەنی نوسینگەی زێوەر، بۆ کڕین و فرۆشتنی زەوی، ئاماژەی بەوەدا ماوەی 6 مانگە، بەردەوام نرخی زەوی لەبەرزبوونەوەدایە، بەڵام لە دوو مانگی رابردوودا هەر زۆر بەرزبووەوە "هەر زەویەک لەنێو کۆڵان بەگوێرەی شوێنەکەی 7تا 10 هەزار دۆلار نرخی بەرزبووەتەوە، ئەو زەویانەش کە روکنن یان شوێنەکەیان بۆ بازرگانی دەشێ 20 تا 30 هەزار دۆلار نرخیان بەرز بووەتەوە".

### 100 سەرمایەدار هەیە پارچە زەوی پێکەوە دەکڕێ

زێوەر، پێیوایە خواستی خەڵک لەسەر دروستکردنی خانوو و دابەشنەکردنی زەوی و باشبوونی گوزەرانی خەڵک هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی زەوین لە هەولێر و دەڵێ "سەرمایەداری وا هەیە لەو شوێنانەی کە هێشتا خزمەتگوزاریان بۆ نەچووە بە جارێک 50 تا 100 پارچە زەوی بۆ قازانج دەکڕێ".

زێوەر، راشیگەیاند بەرزبوونەوەی نرخی زەوی، نرخی ئەو خانووانەشی بەرزکردووەتەوە کە لە کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون دروستدەکرێن "کۆمەڵگەی وا هەیە هێشتا بەردی بناخەی دانەنراوە تەواوی خانووەکانی فرۆشراون و کڕین و فرۆشتن بەخانووەکانی دەکرێ، نرخی ئەو خانووانەش 10تا 15 هەزار دۆلار بەرز بووەتەوە".

### 100 هەزار پارچە زەوی لە چوار ساڵدا دابەشکراون

بەگوێرەی ئاماری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، لەساڵی 2003-2007، زیاتر لە 100 هەزار پارچە زەوی لە هەولێر دابەشکراون، بەڵام لە2007ەوە بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران دابەشکردنی زەوی راگیراوە.

نەجات ئیسماعیل، بەڕێوەبەری راگەیاندنی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، رایگەیاند "تائێستا هیچ بڕیارێک نییە بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی زەوی"، ناوبراو گوتیشی "لەوانەیە راگرتنی دابەشکردنی زەوی هۆکارێک بێت بۆ بەرزبوونەوەی نرخی زەوی، بەڵام هۆکاری سەرەکی پەیوەندی بە پێدانی پێشینەی خانووبەرەو کارکردن لەسەر گەیاندنی خزمەتگوزاری هەیە بۆ زەویە دابەشکراوەکان".

### عەرەب خانوو گران دەکەن

بەڵام هەندێک لە خاوەن نووسینگەکان باس لە هۆکاری دیکەی گرانبوونی نرخی خانوو دەکەن لە هەولێر، ئەویش کڕینی خاووبەرەیە لەلایەن سەرمایەدارانی عەرەبەوە.

کەریم عەبدولسەلام، خاوەنی نووسینگەی سروشت بۆ کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانووبەرە،کە نوسینگەکەی لە سنووری گەڕەکی زانکۆ و مامۆستایاندایە پێیوایە لێشاوی هاتنی عەرەب بۆ شاری هەولێر و پێدانی پێشینەی خانووبەرەو ترسی لادانی سفرەکانی سەر پارەی عێراق، هۆکارێکی راستەوخۆی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی و خانوون لەهەولێر، گوتیشی "بەهۆی ئارامی کوردستان عەرەب بەلێشاو لەشارەکانی ناوەڕاست، بۆ نیشتەجێبوون و بازرگانی روو لەشاری هەولێر دەکەن، تەنانەت ئێستا لەگەڕەکی زانکۆ کە نووسینگەی ئێمەی لێیە هیچ کۆڵانێک نییە 10 تا 15 ماڵی عەرەبی تێدا نەبێت، هەمووشیان خانووەکانیان کڕیووە، بۆیە نرخی هەر خانووێک نزیکەی 10 تا 20 هەزار دۆلاری هاتووەتە سەر".

خاوەن نووسینگەی سروشت، ئاماژەی بەوەشدا، ئێستا هەموو خەڵک هەر لەفیتەر و دووکاندارەوە بگرە تا دەگاتە پارێزەر و دکتۆر و مامۆستای زانکۆ و لێپرسراوی حیزبی و حکومی خەریکی بازرگانیکردنن بەکڕین و فرۆشتنی زەوی و خانوو، چونکە "باش دەزانن بەهۆی هەڵکشانی بەردەوامی نرخی زەوی ئەگەر پارچە زەویەک، یان خانوێک بکڕێ تەنیا دوو و تا سێ مانگ چاوەڕێ بکات 5 تا 10 هەزار دۆلار قازانج دەکات".

### لە بەسرا و تورکیاوە بۆ کاری کڕین و فرۆشتنی زەوی هاتوونەتە هەولێر

بەگوێرەی قسەکانی ئەو خاوەن نووسینگەیە قازانجی مامەڵەکردن بە زەویەوە نەک هەر سەرنجی سەرمایەدارانی ناوشاری هەولێری راکێشاوە، بەڵکو سەرمایەداری دەرەوەی هەولێریش مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی زەوی دەکەن لە هەولێر "لە سلێمانی، کەلار، کفری، کەرکووک،بەغدا، موسڵ و بەسرا خەڵکی سەرمایەدار روو لە هەولێر دەکەن بۆکڕینی زەوی و خانوو بۆ قازانج لە هەولێر، تەنانەت خەڵکی وا هەیە لە تورکیا و ئێران و سوریا هاتوون بۆ کڕینی خانوو و زەوی لە هەولێر".

د.جەبار ئەحمەد خۆشناو، سەرۆکی بەشی ژمێریاری لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری، پێیوایە باشبوونی گوزەرانی هاووڵاتیان و کەمی متمانەیان بەدانانی پارەکانیان لە بانکەکان و بەدەستهێنانی قازانجێکی زۆر لەبازرگانیکردن لە کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانووبەرە وایکردووە خاوەن سەرمایەیەکی زۆر پارەکانیان لەم بوارەدا بخەنەکارەوە، بۆیە خواست لەسەر کڕینی زەوی و خانوو زۆر بووەو نرخیان بەرزبووەتەوە.

ئەو پسپۆڕە بەرزبوونەوەی نرخی زەوی بەرێژەیەکی زۆر لەڕووی ئابوورییەوە بەشتێکی ئاسایی زانی و گوتی "دابەشنەکردنی زەوی و خواستی زۆر لەسەری کڕینی، هۆکاری راستەوخۆی بەرزبوونەوەی نرخی زەوین، چونکە چەند خستنەڕوو کەم بێت و خواست زۆر بێت نرخ بەرز دەبێتەوە".

ئەو ئابووریناسە پێشبینی کرد نرخی زەوی و خانوو لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا لەهەولێر زیاتر بەرز ببێتەوەو گوتی "هێشتا نرخی زەوی و خانوو لە هەولێر نەگەیشتووەتە ئاستی وڵاتانی دەوروبەر بۆیە پێشبینی دەکەم بەهۆی ئارامی و ئەو جموجۆڵە بازرگانییەی لەهەولێرهەیە سەرمایەدارێکی زۆری عەرەب لەشارەکانی نێوەڕاست و باشووری عێراق و وڵاتانی دەوروبەر بۆ وەبەرهێنان و بازرگانی و نیشتەجێبوون روو لەهەولێر بکەن و نرخی زەوی و خانوو هێشتا بەرز ببێتەوە".

### هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی لە هەولێر

- دابەشنەکردنی زەوی لەلایەن حکومەت
- هاتنی بە لێشاوی خەڵک و سەرمایەداری عەرەب بۆ هەولێر
- باشبوونی گوزەرانی خەڵک لە چەند ساڵی رابردوودا
- دەنگۆی لابردنی سفرەکانی سەر دراوی عێراقی
- نەبوونی متمانە بە بانکەکان بۆ پارە دانان پێدانی پێشینەی خانووبەرە بە هاووڵاتیان
- بوونی جموجوڵی بازرگانی لە هەولێر

---

## لە جەلەولا

# هەڵە تەکنیکییەکەی کورد دەرگای بۆ تەعریب کردەوە



عەباس خوداداد، دوای خۆکوژێکی عەرەب لە پرسەی برایەکیدا 42 کەسی ئەوانی لە جەلەولا کوشت، ئاوارەی کەلار بوون (فۆتۆ: رووداو)

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو-سلێمانی**

لەگەڵ ئاوارەبوونی خۆیدا، عەباس خوداداد چیرۆکێکی ئێجگار تراژیدی هێناوەتە کەلار، ساڵێک لەمەوبەر عەباس لەجەلەولا برایەکی بەنەخۆشی کۆچی دوایی کرد، بەڵام رۆژی 2009/3/23 لە پرسەی براکەیدا عەرەبێک خۆی تەقاندەوەو 42 کەسی دیکەیان گیانیان لەدەستدا، کە 15 کەسیان براو برازای خۆی بوون.

عەباس دەڵێ "عەرەبەکانی جەلەولا رقیان لێمان بوو، چونکە دەوڵەمەند بووین، بۆیە لێیان تێکداین"، ئێستا عەباس و براکانی لەشارۆچکەی کەلار کرێچین و بە ئاوارەیی دەژین. برینی دڵی ئەوان هێندە سەختە کە سارێژ نابێت "خانووەکانی جەلەولاشمان هەمووی هەرزان فرۆشکرد، دەردی ئێمە تەنها ئەوەیە کە کوردین و هیچیتر".

ئەو کوردە ئاوارانەی لە شارۆچکەی کەلارن، لە جەلەولا و سەعدیە و قەرەتەپە و ناوچەکانی دیکەوە هاتوون، هەریەکەو چیرۆکێکی تاڵی بەدوای خۆیدا راکێشاوە. محەممەد زەرگۆشی لەنێو ئاوابیەکەی خۆیدا ژیانی پڕ بوو لە راڕایی و ترسی عەرەبە شۆڤێنییەکان، تا ئەوکاتەی ناچار بوو سەری خۆی بەرەو گەرمیان هەڵگرێت. محەممەد زەرگۆشی لەکاتێکدا لەبەر کورد بوون ئاوارە دەبێت، کە 7ساڵ بەسەر رووخانی رژێمی بەعسدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەو دەڵێ "بەردەوام هەڕەشەیان لێدەکردین، عەرەبە شۆڤێنییەکان و تیرۆریستانیش، دەیانگوت بڕۆن ئەگینا دەتانکوژین".

محەممەد، دانیشتووی گوندی زەرگۆشی سەر بە ناحیەی سەعدیەیە و ماوەی دوومانگە ئاوارە بووە، ئەو ئاماژە بەوە دەکات، لەو کاتەوەی هێزی پێشمەرگە ناوچەکەیان جێهێشتووە، کورد لەو ناوچەیە خۆی بەبێ پشتیوان و بێکەس دەزانێ.

رۆژانە خێزانی کورد لە ناوچەکانی جەلەولا، سەعدییە، قەرەتەپە، مەندەلی ئاوارە دەبن، بەرپرسە ئەمنی و ئیدارییەکانی ناوچەکەش داوای گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە دەکەن تاچیتر کورد ئاوارە نەبن.

سەردار ئەحمەد، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی قەرەتەپەی 2500 ماڵی، کێشەی ماڵەکانی کوردی ئەو ناوچەیەی بە "کێشەیەکی سیاسی" ناوبردو گوتی "زیاتر لە 50 خێزانی کورد قەرەتەپەیان جێهێشتووە، بەڕۆیشتنی هێزی پێشمەرگە لەم ناوچەیە، عەرەبە شۆڤێنیەکان کەوتوونەتە خۆیان و هەندێک سەرۆک عەشیرەتیش زۆر بەم دۆخە خۆشحاڵن"، سەردار ئەحمەد بە دڵنیاییەوە دەڵێ "ئەگەر ئێستاش هێزی پێشمەرگە بگەڕێنەوە ناوچەکە، لەماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو خێزانە ئاوارەکان دەگەڕێنەوە".

شاڵاوی کورد دەرپەڕاندن زۆر بەخەستی جەلەولای گرتووەتەوەو زیاتر لە 600 خێزانی کورد هەڵاتوون، دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچەیە کشایەوە، حکومەتی عێراق لەبەغداوە فەوجێکی رەوانەی ئەوێکرد بەناوی (فەوجی تەواری)، کە زۆربەی دانیشتووە کوردەکانی ئەوێ دەردەسەرییەکانی خۆیان بۆ هەڵسوکەوتی ئەو فەوجە دەگێڕنەوە.

حەسەن جیهاد ئەمین، بەرپرسی پێشووی مەڵبەندی کفری یەکێتی کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی عێراقە، دەڵێ "بەداخەوە ئەو فەوجە لەخەڵکانی دژە کورد دروستکراوە، لەوەتەی هاتوون دەستیان کردووە بەترساندنی کوردو لەجیاتی ئەوەی ئارامی بپارێزن، هەڕەشە دەکەن و کورد دەترسێنن"، حەسەن جیهاد گوتیشی "بەراستی شەپۆلی کورد دەرپەڕاندن رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر دەبێت و پێویستە بەزوویی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە".

بەڵام ناحیەی جەباره بێ کێشەیە. عارف عادل، بەڕێوەبەری ناحیەی جەبارە بۆ (رووداو) گوتی "جەبارە بێ گرفتە و کێشەکان زیاتر لە جەلەولا و سەعدییە و قەرەتەپەن، لای ئێمە نە یەک ماڵی کورد رۆیشتووە و نەیەک ماڵی عەرەبیش هاتووە".

ئەو ماڵە ئاوارانەی لە ناوچەکانی سەعدیە و جەلەولاوە روویان لە شارۆچکەی کەلار کردووە، ژمارەیان 500ماڵە، کە 350 یان لە جەلەولا و 150شیان لەسەعدییەوە ئاوارە بوون. جەلال نوری عەبدولقادر، قایمقامی قەزای کەلار دەڵێ، ئەوان لەترسی دەست وەشاندنی عەرەبە توندڕەوەکانی ناوچەکەی خۆیان هەڵاتوون "وەک هەر هاووڵاتییەکی شارۆچکەکەی خۆمان خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکەین".

سەرچاوەیەکی ئیداری لە جەلەولاوە هێمای بۆ رۆڵی عەشیرەتی کروی کرد، کە عەشیرەتێکی بەرفراوانی عەرەبی دژە کوردن و بەتایبەتی پەنجەی بۆ سەرۆک عەشیرەتەکەیان راکێشا و گوتی "فەیسەڵ کروی درێخی لە هاوکاریکردنی شۆڤێنی و تیرۆستان ناکات بۆ دەرپەڕاندنی کورد، ئەو لەکاتی سەددامیشدا، هەمان هەڵوێستی هەبووە بەرامبەر بەکورد"، ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "ئێستا لە جەلەولا 1700 ئەفسەری عەرەبی عێراقی هەن لە پۆلیس و سوپادا، کە هەموویان لەعەشیرەتی کروین و ئەوانە لەکاتی سەددامیشدا هەر لەناو سوپای عێراقدا بوون و کۆنە بەعسین".

عەباس خوداد، کە ئێستا خۆی و خێزانەکەی و براکانی ئاوارەی کەلار بوون دەڵێ عەرەبە شۆڤێنییەکان بزانن هەر کەسێک کوردە، ئەوەندە سوکایەتی پێدەکەن و نارەحەتی دەکەن کە خۆی ناچار بێت بڕوات "زیاتر بۆ ئەو کوردانە دەگەڕێن، کە کاتی خۆی بەعسی بوون و دواتر پەشیمان بونەتەوە لە بەعسی، ئەوانە هەر لەدەستیان دەرناچن"، هەروەها گوتی "ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە لەناوچەکە بپرسێتەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین کورد و جەلەولا لەیەک دوور دەکەونەوە".

لەدیدارێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی کورساتدا کە لە شەوی 2010/10/19 پەخشکرا، مەلا بەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە بەهەڵە تەکنیکییەکەی کورد دادەنێ و دەڵێ "بەداخەوە ئەو هەڵەیان پێکردین"، مەلا بەختیار لەبارەی دەرکردنی کوردەکانی جەلەولاوە گوتی "گوناهە 500 خێزانی کورد لە جەلەولا دەربکرێن، کە بەدەستی خوێڕیترین و هیچ و پوچترین ئینسانەکانی جەلەولا دەردەکرێن، بەدەستی فەیسەڵ کروی، کە فەیسەڵ کروی دەبێت وەک عەلی کیمیاوی دادگایی بکرێت".

هەروەها سەرچاوەیەک لە جەلەولاوە گوتی" لەبەرامبەر دەرکردنی کورد لەجەلەولا، لەدوای 2003وە تائێستا نزیکەی 6 هەزار خێزانی عەرەب هاتوونەتە جەلەولاو لەگەڕەکەکانی (تەواری، مەهافیف تەجنید، موجەممەع مەخازن) نیشتەجێ کراون".

ئەو سەرچاوەیە دەڵێ "لەدوای 2007ەوە دەتوانین بڵێین 510 خێزانی کورد کە 450خێزانیان کوردی فەیلین شارۆچکەکەیان جێهێشتووە و بەو هۆیەوە باری دیمۆگرافی شارەکە خەریکە تەواو دەگۆڕێت و ئێستا دەتوانین بڵێین 70%ی دانیشتوانی شارۆچکەکە بوونەتە عەرەب"، هەروەها گوتی "تەنها لەماوەی 2 مانگی رابردوودا 100خێزانی کورد لەو ناوچەیە رۆشتوون".

ماددەی 140، ئەو ناوچانە بەناوچەی کێشە لەسەر ناودەبات و تێیدا هاتووە، تا ئەوکاتەی ئەو ناوچانە یەکلایی دەکرێنەوە لە نێوان بەغداو حکومەتی هەرێمدا، بەهێز و ئیدارەیەکی هاوبەش بەڕێوەدەبرێن، بەڵام ساڵ و نیوێک بەر لەئێستا هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە کشایەوە، دوای رووداوەکەی قەرەتەپە.

بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا رۆیشتنی هێزی پێشمەرگە بە هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەکان دەزانێ و دەڵێ "بەرۆیشتنی لیوای 34ی گەرمیان، گرفتەکان سەریان هەڵداو کورد رۆیشتن"، ئەنوەر حوسێن بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا گوتیشی "هەوڵ هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و لەوانەیە هێزی پێشمەرگە بگەڕێنەوە ناوچەکە، کۆبوونەوەمان لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا کردووەو پێدەچێت بەم زووانە بگەینە رێککەوتنێک".بەڕێوەبەری ناحیەکە دەڵێ دەست تێکەڵی لەنێوان پۆلیس و رێکخراوی قاعیدەدا هەیە " بەرپرسی سەربازیی قاعیدە لە دیالە لە جەلەولا گیرا، یەک شەوی نەبرد ئازادکرا".

رۆژی 2010/10/26 وەفدێکی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بەرگری عێراق و نوێنەری هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق کۆبوونەوەو لە کۆبونەوەکەدا مەسەلەی راوەدوونانی کورد لە جەلەولا و سەعدییە باسکران، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بارەوە گوتی "شکاتێک هەیە لەسەر فەوجی تەواری لەجەلەولا کە گوایە دەستدرێژی کردووەتە سەر ژیانی کوردەکان، بۆیە لیژنەیەک دروستکراوە لەنێوان هەرسێ لایەن بۆ لێکۆڵینەوە لە رەوشی ناوچەکە"، هەروەها جەبار یاوەر گوتیشی "سەرەتا دەبێت لیژنەکە برۆنە ناوچەکە و بزانن سکاڵای هاووڵاتییە کوردەکان لەبارەی هەڵسوکەوتی ئەو فەوجەوە راستن یان نا، ئەگەر راست بوون، ئەوکات چارەسەرێک دەدۆزرێتەوە".

---

### یاسای وەبەرهێنان و تۆمارکردنی کۆمپانیاکان رێگری لە هاتنیان ناکات

# هیچ کۆمپانیا و وەبەرهێنەرێکی ئیسرائیلی لە هەرێمی کوردستان نییە

**هێمن بابان رەحیم**
**رووداو-هەولێر**

بەرپرسانی دەستەی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان دەڵێت یاساکانیان هیچ رێگرییەک دانانێ بۆ هاتنی کۆمپانیای ئیسرائیلی بۆ کاری وەبەرهێنان لە کوردستان، هەروەها ئاماژە بەوە دەدەن کە "هیچ وەبەرهێنەر و خاوەن کۆمپانیایەکی ئیسرائیلی لە کوردستاندا نییە".

هەرچەندە هەندێ دەزگای راگەیاندنی وڵاتانی دەوروبەر و عەرەبی دەڵێن، هەرێمی کوردستان زۆر بازرگان و وەبەرهێنەری ئیسرائیلی تێرژاوە. بەڵام دڵزار ئیسماعیل ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند هیچ کۆمپانیایەکی ئیسرائیلی لەهەرێمی کوردستاندا نییە و گوتیشی "هیچ خاوەن رەگەزنامەیەکی ئیسرائیلی داوای دامەزراندنی کۆمپانیای پێشکەش بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی نەکردووە".

لەبارەی هەڵوێستیان لەبوونی داواکاری بەوشێوەیە، لەگەڵ ئەوەی گوتی "یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان هیچ تەحەفوزێکی لەسەر رەگەزنامەی دامەزرێنەری کۆمپانیاکان نییە لە هەر وڵاتێک بێت"، بەڵام دەڵێت "بڕیاری کۆتایی لەلای سەرەوەیە و ئێمە لەو جۆرە داواکارییانە بەرزدەکەینەوە بۆ دەسەڵاتی سەرووتری خۆمان بۆ بڕیار لەسەردانی".

بەپێی زانیارییەکان لەهەرێمی کوردستان 1023 کۆمپانیای خۆماڵی و 1500 لقی کۆمپانیا بیانییەکان هەن، لەنێویاندا کۆمپانیا تورکییەکان بە 697 کۆمپانیا پشکی شێریان بەرکەوتووە و پاشان کۆمپانیا ئێرانییەکان دێن کە 157 کۆمپانیان، ژمارەی کۆمپانیا ئەمریکییەکانیش 53 کۆمپانیان. هەروەها ژمارەی ئەو پرۆژانەشی مۆڵەتیان لەدەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە 298 پرۆژەن، سەرمایەی گشتیی ئەو پرۆژانەش زیاتر لە 14 ملیار و 270 ملیۆن و 454 هەزار دۆلارە.

نەورۆز مەولود محەممەد ئەمین، بەڕێوەبەری گشتی یاسایی و کارگێڕی و دارایی لە دەستەی وەبەرهێنان دەڵێت "هیچ پرۆژەیەکی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا نییە بەناوی کەسێکی ئیسرائیلییەوە بێت و هیچ وەبەرهێنەرێکی ئیسرائیلیش لە هەرێمی کوردستاندا نییە". ئەو بەرپرسە گوتیشی "لەیاسای وەبەرهێناندا نەگوتراوە ئیسرائیلی نابێت وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام ئەگەر شتێکی وامان بێتە بەردەست ئەوا بۆ لایەنی باڵاتر لە خۆمان بەرزی دەکەینەوە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەن".



## ڕاپۆرت

**12720**
**قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەرناگیرێن**

**بارزان محەممەد - ڕووداو-هەولێر**



بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان لە هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند، 39620 قوتابی فۆرمیان بۆ وەرگرتن لە زانکۆ پەیمانگەکان پڕکردووەتەوە، تەنیا 26900 قوتابی وەردەگیرێن، ئەوانیدیکە دەمێننەوەو چاوەڕێی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی خوێندنی باڵادەکەن، گوتیشی "چوارشەممەی داهاتوو ناوی قوتابیانی وەرگیراو لە زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستان ئاشکرا دەکرێن". جوان جەلال، بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان گوتیشی "لەوقوتابییانەی ئەمساڵ دەرچوون، تەنیا 2400 قوتابی داوای وەرگرتنیان بۆ وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگاکان پێشکێش نەکردووە".

### وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان:

# سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان ڕازیبوون موستەشارەکان بدرێنە دادگا



**ئازادکردنی فرۆکەوان تارق ڕەمەزان کارەسات بوو بەڵام هەر دەدۆزرێتەوە**

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە بەغدا ، بە سەرۆکایەتی دادوەر محەممەد عورێبی، کە بە ژمارە (1/ج/ثانیة/2006) لە ڕۆژی 2007/6/24 دەرچووە. لە کەیسی ئەنفالی یەک دا، ئەنفالی وەک "جینۆساید" داناو، بڕیاری لە سێدارەدانی بە سەر عەلی حەسەن مەجید، سوڵتان هاشم، حوسێن ڕەشید تکریتی دا. هەروەها سابر عەبدولعەزیز دووری، فەرحان موتڵەگ جبوری بەزیندانی هەتاهەتایی حوکمدان. لە بڕیارەکەدا هاتووە کە لە 2007/5/16 دادگای لێکۆڵینەوە لە دادگای باڵای تاوانەکان ئاگادارکراوەتەوە بۆ دەستپێکردنی لێپێچینەوە ئامادەکارییەکان بەرامبەر ئەو ناوانەی لە لیستی 423 ناوەکەدا هاتوون کە بەناوی وەفیق سامەڕایی دەستپێدەکات و بەناوی محەممەد سەعید ئەحمەد هارونی کۆتایی دێت.

ئەو تۆمەتبارانە دەستگیر نەکران، بەڵام دکتۆر مەجید حەمەدەمین وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن چالاکڤانانی بەدواداچوونی ئەنفال بە کەسێکی دڵگەرم بۆ بەدواداچوونی کەیسی تۆمەتبارانی ئەنفال دادەنرێ، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاشکرای دەکات کە ئەوان وایانکرد جارێکی دیکە فەرمانی گرتنی موستەشارەکان بنێردرێتەوە بۆ کوردستان و دەڵێ ئەگەر ئەوجارەش نەگیران و نەدرانە دادگا دەست لەکار دەکێشێتەوە:

**ڕووداو-هەولێر**

**ڕووداو: فەرمانی دەستگیرکردنی 258 موستەشار و ئامر مەفرەزەو کەسانی دیکەی تۆمەتبار هەیە کە بۆ وەزارەتەکەی ئێوەش هاتووە، چتان کردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەی لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە بۆ ئێوە هاتووە؟**

**وەزیری شەهیدان:** حەزدەکەم بەڕوونی پێتان بڵێم، ئەو فەرمانە لەسەر داوای ئێمە هات وەک وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان. ئێمە چوار مانگ دەبێ کەیسێکمان کردووەتەوە بەناوی کەیسی ئەنفالی دوو. بەڕاستی حەزم نەکرد ڕاگەیاندن زۆر ئاگاداری ئەوە بێت، بەڵام مەوزوعەکان هەمووی تەقییەوەو ئاشکرابوو، ئێمە ڕایدەگەیێنین مودەعین لەسەر ئەو مەسەلەیە و گوشاریش دەکەین. ئەوە چوار مانگە کار لەگەڵ دادگای باڵای تاوانەکان دەکەین، چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ کردوون بۆ کاراکردنەوەی فەرمانی گرتنی ئەو تۆمەتبارانە. فەرمانی دەستگیرکردنی ئەو 258 تۆمەتبارانە کە لە 2010/8/11 دەرچووە، لە کۆتایی مانگی 8ی 2010 بەدەستی ئێمە گەیشتووە وەک وەزارەتی شەهیدان، هەروەها گەیشتووەتە دەستی وەزارەتی ناوخۆ، سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش. لەسەر ئەوەش گفتوگۆ و ڕاوێژمان لەگەڵ بەرپرسان کردووە.

**ڕووداو: مەبەستت لە کام بەرپرسانە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان یان سەرۆکی حکومەت؟**

**وەزیری شەهیدان:** هەموو لایەنەکان. هەموو لایەنە سیاسییەکان. لێتان ناشارمەوە ئەوە هێندەی پەیوەندی بە سەرکردە سیاسییەکانەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە دەزگا جێبەجێکارەکانەوە نییە.

**ڕووداو: واتە گفتوگۆتان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کردووە؟**

**وەزیری شەهیدان:** بەڵێ ڕاوێژمان لەگەڵ حیزبەکان و حکومەت و ڕاوێژمان لەگەڵ ویژدانی خۆشمان کردووە. ناکرێ ئێمە لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە بەخوێنی شەهیدان و لەسەر ئێسک و جومجومەی خەڵکی کیمیابارانکراو و ئەنفالکراو دروست بووە، یارمەتی تاوانباران بدەین، یارمەتی تۆمەتبارانی ئەنفال بدەین. بۆیە ئێمە ڕۆژی دووشەممە 2010/10/25 نووسراوێکمان ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەت کرد بۆ جێبەجیکردنی فەرمانی گرتنی ئەو 258 تۆمەتبارەو، وێنەشمان لەو نووسراوە داوەتە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ناوخۆ کە فەرمانی گرتنی ئەو تۆمەتبارانە دەبێ جێبەجێبکرێن. با دادگا بڕیاربدات ئەوانە تاوانبارن یان نا. ئێمە ناڵێین هەر 258 کەسەکە خەڵکی خراپن و تاوانیان کردووە، بەڵام بێگومان زۆریشیان تاوانبارن بەکوشتنی خەڵک و بە تەسلیمکردنەوەی خەڵک و لەسێدارەدانی خەڵک. خەڵک بەناو سکاڵای لەسەریان هەیە. بۆنموونە فڵانی کوڕی فڵان کە موستەشار بووە لەفەوجی فڵان، لەفڵانەڕۆژ ئەوەندە کەسی کوشتووە یان تەسلیمی حکومەتی کردوون و کوژراون. ئەمە دەعوایەکی شەخسی ڕەوایە. ڕاستە بەرەی کوردستانی لەساڵی 1991 بڕیاری لێبووردنی گشتی بۆ موستەشارەکان دەرکرد، بەڵام بەرەی کوردستانی لە مافی گشتی عەفووی کردوون، کەسوکاری شەهید حەقیان هەیە لەسەر فڵانەکەس، ئەوە کەس بۆی نییە لێی ببوورێ. کە خەڵک سکاڵایان هەبوو دادگا فەرمانی دەستگیرکردن دەردەکات و کە ئەوەش بوو کەسەکە دەبێ بچێتە بەردەم دادگاو ئیفادەی خۆی بدات، دوایی دادگا تەماشا دەکات ئەگەر تاوانبار بوو دەیهێڵێتەوەو تاوانبار نەبوو ئازادی دەکات. خۆ لەوانەیە هەندێک لەو ناوانە هیچ گوناهێکیان نەکردبێ، بەڵام دەبێ دادگا ئەوە یەکلایی بکاتەوە. ئەوانەی تاوانباریشن دەبێ بگەنە سزای خۆیان.

**ڕووداو: ئەو 258 کەسە هەموویان موستەشارن؟**

**وەزیری شەهیدان:** نەخێر جگە لە موستەشار، هەیە ئامر مەفرەزە بووە، هەیە بەرپرسێکی گەورە بووە لە فەوجێکی دیاریکراو ناوی لەناو ئەو 258 دایە. ئەم 258 کەسە ئەوانەن کە کوردن. ئەوەی ئێوە لە ژمارەی پێشووی (ڕووداو)بڵاوتانکردبووەوە ڕاستە، لە دادگای باڵا لە بەغدا چەند جارێک بە منیان گوتووە، ئێوە هەر دێن عەرەبەکان دادگایی دەکەن، خۆشتان خەڵکێکی زۆرتان هەیە داواکراون لەلایەن دادگاوە، بەڵام لەپاڵ خۆتان داتاناون کە هەندێکیان دەسەڵاتداریشن، باشە بۆ ئەوانە دادگایی ناکەن.

**ڕووداو: کەس لەو 258 تۆمەتبارە هەیە ئێستا دەسەڵاتدار بێت لە کوردستان؟**

**وەزیری شەهیدان:** من بەشەخسی کەسیان ناناسم، بەڵام کەسی وایان تێدایە دەستی دەڕوات. مەرج نییە بەفەرمی پۆستێکی هەبێت لەحکومەت یان لەحیزبێکی دیاریکراو، بەڵام دەستڕۆیشتووە.

**ڕووداو: دەگوترێ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراو، ڕەزامەندی پیشانداوە کە فەرمانی درانە دادگای ئەو تۆمەتبارانە جێبەجێبکرێ و ئێوەش ئاگادارن. ڕاستە؟**

**وەزیری شەهیدان:** بەڵێ، ئێمە ڕەزامەندی فەرمیی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانمان هەیە، لەگەڵ ئەو نووسراوەی لە وەزارەتەوە دەرمانکردووە، نوسخەمان لێ ناردووە بۆ هەموو فەرمانگە پەیوەندیدارەکان.

**ڕووداو: فەرمانی گرتنی ئەوانە کاتی خۆی لە 25ی ئایاری 2007 بەلیستێک دەرچوو، وەکو خۆیشت گوتت ئێوە کارتان لەسەر ئەوەکرد کە دیسان ئەو فەرمانانەتان بۆ بنێرێنەوە، فەرمانەکە لە 2010/8/11 نێردرایەوە بۆ ئێوە، بۆچی لەو دوو مانگەدا بێدەنگیتان لێکرد؟**

**وەزیری شەهیدان:** نەخێر بێدەنگی نەبووە، ئەوەندەی پرس و ڕاوێژکردن بووە ئەوەندە بێدەنگی نەبووە. خۆی بابەتەکە جۆرێک لە حەساسیەتی تێدایە، هەرچەندە پێموانییە یەک کەس لە کوردستان هەبێت نکۆڵی لەوە بکات کە خەڵکێک تاوانبار بێت و دەستی لە ڕشتنی خوێنی خەڵکیدا هەبێت بدرێتە دادگا. خۆشبەختانە هەموو حیزبە سیاسییەکانیش پشتگیریی لەوە دەکەن و خەڵکیش داوای دەکات. خەڵکیش بەو دواییە گوشاری کرد. مومکینە هاتنەوەی قاسم ئاغا مەسەلەکەی تەقاندەوە، بەڵام مەسەلەکە هەر قاسم ئاغا نییە، چەندین قاسم ئاغا لەنێو ئەو لیستەدان لە هەموو لایەک. بەڵام ئێمە بەردەوام بەهێمنی کارمان بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە، بە بەڵگەی ئەوەی ئێستا بۆ نموونە کەیسەکەمان هەیەو 3 پارێزەرمان ئامادەیەو بەرنامەمان هەیەو بەردەوامیش دەگەڕێین بۆ کۆکردنەوەی دۆکومێنت. ئێستا ئێمە وەفدێکی وەزارەتمان ڕاسپاردووەو ناردووە بۆ کۆکردنەوەی دۆکومێنت لەسلێمانی و کەرکووک و گەرمیان و دهۆک دەربارەی ئەو 258 تۆمەتبارەو کەیسی دادگای ئەنفالی دوو.

**ڕووداو: کەمپینی داواکردنی دادگاییکردنی قاسم ئاغا سازکرا و، داوادەکەن بگیرێ، دیارە ناوی ئەویش لەنێو ئەو 258 تۆمەتبارەدایە. ئێوە وەک وەزارەت هەڵوێستتان چییە لەو کەمپینە دژی قاسم ئاغا کراوە؟**

**وەزیری شەهیدان:** من خۆم وەک وەزیری شەهیدان لەگەڵ کەمپینم، چونکە من لێرە سەرکاری ڕاپەڕاندنی کاروباری کەسوکاری شەهیدانم، ئەوە ئەرکی سەرشانی منیشە وەک وەزیری کاروباری شەهیدان. من زۆر لەگەڵ ئەو کەمپینەم، بەڵام حەز دەکەم کەمپینەکە گشتگیر بێت و تەنیا بۆ قاسم ئاغا نەبێت، بۆ هەموو قاسماغاکان بێت.

**ڕووداو: ئەگەر ئیجرائات نەکرا و ئەو 258 تۆمەتبارەی ئەنفال نەدرانە دادگا، وەک ئەوەی لەساڵی 2007یش ناوەکانیان هات و هیچ نەکرا، هەڵوێستی تۆ چ دەبێت؟**

**وەزیری شەهیدان:** ئەوکات وەک عەرەب دەڵێن (لکل حادث حدیث). من تازە باسمکرد کە سەرکاری ئیشی کەسوکاری شەهیدانم، بێگومان ئێمە هەم وەک وەزارەت هەڵوێستمان دەبێت و هەم وەک شەخسی خۆشم هەڵوێستم دەبێ.

**ڕووداو: دەست لەکار دەکێشیەوە؟**

**وەزیری شەهیدان:** گوتم (لکل حادث حدیث). بەڕاستی شانازی بەوە دەکەم لەسەر مەسەلەیەکی وا دەست لە کاربکێشمەوە. شانازی پێوە دەکەم.

**ڕووداو: واتە دەست لەکار دەکێشییەوە؟**

**وەزیری شەهیدان:** بەڵێ شانازی پێوەدەکەم. ئەگەر فەرمانی گرتنیان جێبەجێنەکرا، شانازی دەکەم کە دەست لەکاربکێشمەوە. بەڵام پێموایە سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەمووی هاوڕایە لەسەر ئەوەی ئەوانە بدرێنە دادگا. لەو باوەڕەشدانیم سەرکردایەتی سیاسی یەک بەربەست لەبەردەم دادگاییکردنی تاوانباران دابنێ. کەس ئەزموونی کوردی بەقوربانی قاسماغاکان ناکات.

**ڕووداو: لەو مەسەلەیەدا دوو کەیسی دیکە ئێستا دێتە پێشەوە، یەکێکیان وەک خۆت گوتت لیستی 258 کەسەکەیە کە هەموویان کوردن، کە بەشێکە لە لیستی 423 داواکراو و تۆمەتباری دۆسیەی ئەنفال کە بەناوی وەفیق سامەڕایی دەست پێدەکات. وەفیق سامەڕایی دوای دەرچوونی حوکمی دادگای ئەنفال لە عێراق چووە دەرەوە. ئێوە هیچتان کردووە بۆ ئەوەی وەفیق سامەڕایی کە شوێنی دیارە بهێنرێتەوەو دادگایی بکرێ؟**

**وەزیری شەهیدان:** ئێمە تەنسیقمان لەگەڵ دادگای باڵای تاوانەکان زۆر باشە، تەقریبەن هەموو مانگێک کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆکی دادگا و دادوەرەکان هەیە، ئۆفیسێکی دادگاکەش لێرە کراوەتەوە. ئێستا وەفدێکی دادگا بە هاوکاری ئێمەو ڕەزامەندی سەرۆکایەتی حکومەت دەچێتە هۆڵەندا بۆ کۆکردنەوەی دۆکومێنت لەسەر هەموو کەیسەکان. باوەڕبکەن دۆکومێنتێک ئەگەر لە ئەمریکاش بووبێت گوێمان لێ نەبووە چەند پارە سەرف بکەین بۆ ئەوەی بەڵگە و ڕاستیمان دەستبکەوێ. بەڵام مەسەلەی هێنانەوەی ئەوانە زیاتر پەیوەندی بە حکومەتی فیدراڵەوە هەیە. ئێمە ئیشمان لەسەر کردووەو پێشمانگوتوون دادگای باڵای تاوانەکان کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی عێراق هەیە، تەنسیقیان لەگەڵ بکەن بۆ ئەوەی لەڕێگەی پۆلیسی ئینتەرپۆلەوە کەسانی وەک وەفیق سامەڕایی و نزار خەزرەجی بگیرێن و بیانهێننەوە.

**ڕووداو: شوێنی نزار خەزرەجیتان دۆزیوەتەوە؟**

**وەزیری شەهیدان:** بەپێی زانیارییەکانی ئێمە لە ئیماراتە.

**ڕووداو: تارق ڕەمەزان ئەو فڕۆکەوانەی لە ئاسایشی سلێمانی لە زیندان بوو، پاش ساڵێک ئازادکرا بەپێچەوانەی ئەوەی بە دادگا گوترابوو کە گوایە هەڵاتووە، خۆی بە وێنە بڵاویکردەوە کە ئازادکراوە. ئێوە چ بەدواداچوونێکتان کردووە بۆئەوەی تارق ڕەمەزانیش کە لەکەیسی هەڵەبجەو ئەنفالیشدا بەشداربووە، دەستگیر بکرێتەوە؟**

**وەزیری شەهیدان:** خاڵێک هەیە دەمەوێ بۆ ڕای گشتی ڕوونیبکەمەوە. کە کەیسێک تەواو دەبێ، تۆمەتباران لێی دەرباز نابن. ئێستا کەیسی هەڵەبجە تەواو بووە، بەڵام دانەخراوە بۆ داواکراوان. کۆمەڵێک تاوانبار دادگاییکران، بەڵام کۆمەڵێکی دیکەش هەبوون ئامادە نەبوون لە دادگا. کەیسی ئەنفالیش تەواو بووە وەکو حوکم، بەڵام داشنەخراوە. قاسم ئاغا و نزیکەی 30 کەسی دیکەش هەن کە لەکەیسی ئەنفالی یەکیش تۆمەتباری داواکراون. ئەوانە سەرۆک جاشن و لەکاتی دادگاییەکەدا ناویان هاتووەو خەڵک ناوی هێناون بەتۆمەتبار و دادگاش یەکسەر فەرمانی بانگکردنی داون. ئەوانە زیاتر لە 30 کەسن و نووسراوێکیش هەیە لەساڵی 2007 لەم وەزارەتەی ئێمە کە داوای قاسم ئاغا و ئەوانەی دیکە دەکات. فڕۆکەوان تارق ڕەمەزان، خەڵکێکی زۆر بەدوای کەوت، بەڕاستی ئەگەر ئەو فڕۆکەوانە ئازادکرابێت ئەوە کارەساتە. کەسێک کە فڕۆکەوان بووەو بەشداربووە وەک باسدەکەن لە لێدانی هەڵەبجە، ئەوە باشترین بەڵگەی بەردەستی ئێمە بووە، لەوانەبوو لەڕێگەی ئەوەوە بمانزانیبووایە فڕۆکەوانەکانی دیکە کێ بوون کە بەشدارییان لەو بۆردومانەدا کردووە. هەڵەبجە بەدرێژایی 3 شەو و 3 ڕۆژ بۆردوومان کراوە، هەر چەند دەقیقەیەک نەبووە. لە بۆردوومانی ساڵی 1974ی قەڵادزێ دا ئەو هەموو زیانە بەر قەڵادزێ و زانکۆ کەوت، بەڵام نەمانتوانی کەیسی لە دادگای باڵای تاوانەکان بۆ بکەینەوە، چونکە تایبەتمەندی ئەو دادگایە وایە ناتوانێ بەغیابی حوکم بدات، کە تۆمەتبار دیار نەبێ، دادگاکە بە کەیس قەبوولی ناکات. نەمانتوانی بیکەینە کەیس چونکە نەماندەزانی کێ بوو قەڵادزێی بۆردوومان کرد. بۆردوومانی ئۆردووگای زێوەش، لەبەرئەوەی بەهەمان شێوەیە نەمانتوانی کەیسی بۆ بکەینەوە. کەیسی کانی عاشقانی هەڵەبجە، تاکە تۆمەتبار کە مابوو عەلی حەسەن مەجید بوو، کە لەسێدارەدرا کەیسەکە داخرا. تارق ڕەمەزان کە ئازادکراوە بەڕاستی پێموایە کارەساتێکی گەورەیە و نامەوێ ناوی دیکەی لێ بنێم و هەر ئەوەندە دەڵێم.

**ڕووداو: هەوڵدان هەیە بۆ دۆزینەوەی؟**

**وەزیری شەهیدان:** سوپاس بۆخوا کورد خەڵکی چالاکوانی زۆرە لە جیهاندا و بزرنابێ و هەر دەدۆزرێتەوە.

**ڕووداو:وەزیری پێشووی کاروباری شەهیدان لەسەر مەسەلەی لەسێدارەدانی ئەوانەی لەکەیسی ئەنفالدا بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو وەک عەلی کیمیاوی، سوڵتان هاشم، حوسێن ڕەشید تکریتی. پێداگریی دەکرد کە دەبێ لەسێدارە بدرێن، بەڵام لەلایەکەوە مالیکی کە ئەوەی عەلی حەسەن مەجیدی ئیمزاکرد تائێستا ئەوەی سوڵتان هاشمی ئیمزا نەکردووەو لەلایەکی دیکەش مام جەلال دەیگوت فەرمانی لەسێدارەدانی کەس ئیمزا ناکەم، هەوڵی ئێوە چییە بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە کۆتایی بێت؟**

**وەزیری شەهیدان:** حەزدەکەم شتێک لە ڕێگەی (ڕووداو) بەخەڵک ڕابگەیێنم، سوڵتان هاشم و ئەوانەی لەگەڵ ئەون و لەکەیسی ئەنفال بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە، حوکمەکەیان پلەی قەتعیی وەرگرتووەو یەک کەس لەو دنیایە نەک هەر لەعێراق و کوردستان، ناتوانێ حوکمەکەیان هەڵبوەشێنێتەوە. درەنگ یان زوو لەسێدارە دەدرێن و هیچ مەجالی تێدا نییە. ئەوە عێراقەو هاوکێشەی سیاسی لەوانەیە بتوانێ تا قۆناغێک ڕایبگرێ، یان دەست لەکاروباری دادگا وەربدرێ کە شتی وا هەیە، هەرچەندە دادگا مقاوەمەیەکی باش دەکات و ئێمە بڕوای تەواومان بەدادوەرەکان هەیە، لەوانەیە بتوانن لەسێدارەدانی سوڵتان هاشم هەندێکی دیکە دوابخەن، بەڵام هەر لەسێدارە دەدرێ و کەس ناتوانێ ڕایبگرێ.

**ڕووداو: ئێوە گوشار دەکەن بۆ ئەوەی لەسێدارە بدرێن؟**

**وەزیری شەهیدان:** بەڵێ دەیکەین و گوشارمان بەردەوامە، بەڵام لەوانەیە ئەو مەسەلەیە هێندەی بەدەست ئەمریکییەکان بێت بەدەست عێراقییەکان نەبێت. کە ڕادەستی حکومەتی عێراقیش کراونەتەوە مەسەلەکە لەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێ ڕاوەستاوەو لەگەڵ دامەزراندنی حکومەت سزاکەیان جێبەجێدەکرێ.

**ڕووداو:دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە بۆ دادگاییکردنی سەدام و کاربەدەستانی ڕژێمەکەی دامەزرا، دادگایەکی کاتییەو لەوانەیە زۆر درێژە نەکێشێ، ئێوە کار لەسەر چ کەیسێک دەکەن وەک وەزارەت کە پێتانوابێ دەبێ ئەو کەیسە زووتر بکرێ لەو دادگایەدا؟**

**وەزیری شەهیدان:** ئێمە چەند کەیسێکمان ماوە، هەندێکیان بەرەو کۆتایین وەک کەیسی فەیلییەکان، ڕەنگە کۆتایی ئەم مانگە بڕیاری دادگای پێدەربچێ و لەوانەشە دوابکەوێ. کەیسی بارزانییەکانمان هەیە کە گەڕاندبوویانەوە بۆ لێکۆڵینەوە، وا دەستپێدەکاتەوە. کەیسی پاکتاوی نەژادیمان هەیە کە لە کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان کراوەو دادگای پێداچوونەوە گەڕاندوویەتییەوە و ئێمە تەمیزمان کردووەتەوەو قەناعەتمان بە بڕیارەکە نەبوو. ئەو کەیسانەمان هەن کە ئامادەن، هەروەها کەیسی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینمان هەیە کەوا لەلێکۆڵینەوەدایە. کەیسێکی نوێشمان کردووەتەوە کە کەیسی ڕاگواستنی ساڵی 1989ی قەڵادزێیە، ئەویش لە ئۆفیسی هەولێر لە لێکۆڵینەوەدایە. پێموایە دادگاکە هەتا دوایین کەیسی تەواو نەکات داناخرێ.

**ڕووداو: لەکەیسی بارزانییەکاندا دەگوترێ لەتەسلیمکردنی هەندێ لەو ئەفسەرانەی کە بەشداری پرۆسەی گرتنی بارزانییەکانیان کردووەو ئێستاش لە سوپادان، کێشەیەک هەیەو سوپا ڕادەستیان ناکات؟**

**وەزیری شەهیدان:** هەندێ ئەفسەر بەپلەی نزم بەشدارییان کردبوو لە گرتن و گواستنەوەی بارزانییەکاندا. ئەو ئەفسەرانە ماوەیەک بزر ببوون، بەڵام لەبەرئەوەی پلەکانیان زۆر بەرز نەبووە ئەوکات، ڕۆشنایییەکی ڕاگەیاندنی زۆریان لەسەر نەبوو، بەڵام بەم دواییە ناسرانەوەو ئێستا لەلایەن دادگاوە داواکراون و پێموایە گیراویشن.

**درانە دادگای موستەشارەکان ئەوەندەی پەیوەندی بە سەرکردە سیاسییەکانەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە دەزگا جێبەجێکارەکانەوە نییە**

**فەرمانی دەستگیرکردنی ئەو 258 تۆمەتبارە لە کۆتایی مانگی 8ی 2010 گەیشتووەتە وەزارەتی شەهیدان، وەزارەتی ناوخۆ، سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ناکرێ ئێمە لە حکومەت کە بەخوێنی شەهیدان و لەسەر جومجومەی خەڵکی کیمیابارانکراو و ئەنفالکراو دروست بووە، یارمەتی تۆمەتبارانی ئەنفال بدەین**

**لەسەر درانە دادگای موستەشارەکان گفتوگۆ و ڕاوێژمان لەگەڵ حیزبەکان کردووە**

**وەک وەزیری شەهیدان لەگەڵ کەمپینی بە دادگا گەیاندنی قاسماغام بەڵام حەز دەکەم بۆ هەموو قاسماغاکان بێت**

**داوامان لە دادگای باڵا کردووە وەفیق سامەڕایی و نزار خەزرەجی بە پۆلیسی ئینتەرپۆل بگرن**

## 72 هەزار شەهیدمان هەیە

### سێ شەهیدە زیندووەکە دەدەینە دادگا

**ڕووداو: بەپێی ئاماری شەهیدان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە کابینەی پێشوودا، ژمارەی شەهیدانی کوردستان دەوروبەری 60 هەزار بوو، ئێستا بەپێی ئاماری تازە ژمارەیان چەندە بەشەهیدی سەنگەر و هاووڵاتییەوە؟**

**وەزیری شەهیدان:** بەبێ ئەنفالکراوان ئێستا ژمارەی شەهیدانی کوردستان خۆی لە 56 هەزار دەدات بە شەهیدی هاووڵاتی و سەنگەرەوە. ئەگەر ئەوانەی ئەنفالیش حیساب بکەین بە هەمووی 72 هەزار شەهیدمان هەیە کە لە وەزارەت تۆمارکراون.

**ڕووداو: لەپوختەکردنەوەی ژمارەی شەهیدان و پێداچوونەوەی ئامارەکان، هیچ ڕێکارێکتان دژی ئەوانە گرتەبەر کە زیندووبوون و ناویان بەشەهید تۆمارکرابوو و مووچەیان وەردەگرت؟**

**وەزیری شەهیدان:** بەڵێ بێگومان. چەند جارێک لیستی شەهیدان تەسفیە کراون، جارێک لەسەردەمی کابینەی پێنجەم تەسفیەیەکی زۆر باش کراوەو نزیکەی 6 هەزار کەسی شەهیدی نا شەهید لە لیستەکان دەرهێنران. تەسفیەی دووەم ئێمە دەستمان پێکردووە. کە زانیاریمان بۆ دێت فڵانە کەس شەهید نییە یەکسەر ئیجرائات ناکەین، مووچەکەی ڕادەگرین و لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەچێت دەگەڕێ و ئینجا بڕیاردەدەین. کە دەرکەوت شەهید نییە ناوەکەی دەسڕینەوە. بەوجۆرە زیاتر لە 520 ناومان دۆزیوەتەوە کە شەهید نین و مووچەیان وەرگیراوە، هەندێک شەهیدی زیندووش هەبوون. بۆنموونە لە زاخۆ یەکێک هەبوو زیندوو بووەو مووچەی وەرگرتووە، یەکێک هەیە خەڵکی هەرێمی کوردستانە و لە ئێران دەژی و بەشەهیدیان نووسیوەو مووچە وەردەگرێ. یەکێکی دیکە لە دۆڵی مەلەکان هەیە زیندووەو مووچە وەردەگرێ. ئەوان ئێمە ئیجرائاتمان لەگەڵ کردوون و نووسراومان بۆ دادگاش کردووە، چونکە جیاوازی هەیە یەکێک مردبێ و بەشەهید نووسرابێ، ئەوە تەنیا مووچەی دەبڕین و مووچەی ڕابردوومان لەکەسوکاری وەرنەگرتووەتەوە، بەڵام ئەوەی زیندووەو خۆی بەشەهید نووسیوە ئەوە فێڵکردن (احتیال)ە، دەیدەینە دادگا و قەت لێیان خۆش نابین. ئەوەی کاری وای کردبێ ئێمە لەسەریان دەبینە داواکار، چونکە ئەوە کڵاولەسەرنانە بەکوردییەکەی. ئەوانەی لەم جۆرەن 3 حاڵەتمان بۆ دەرکەوتووە.

**ڕووداو: ئامار و ڕووپێوێک لەسەردەمی کابینەی پێشوودا لەو وەزارەتەدا بۆ قوربانیانی ئەنفال و زیانەکانی کرابوو، چ کراوە بۆ وەرگرتنی ئەو قەرەبووە لە حکومەتی عێراق چونکە هەمیشە دەگوترا مالیکی سەرۆکی حکومەتی عێراق ئامادەنییە ئەو پارەیە بدات؟**

**وەزیری شەهیدان:** ئامارێکی ورد کرا، دەرگا بە دەرگا لەکۆتایی کابینەی پێنجەم دا، ئامارەکە زۆر چاکە و ئێستا بە نامیلکە هەمانە و زۆر قوتابی خوێندنی باڵا دێن سوودی لێوەردەگرن. بەڵام زیانەکان بە مەزندە دیاریکراون کە بە 8 ملیار دۆلار مەزندە کراوە. ئەو 8 ملیار دۆلارە کاتی خۆی پێش ئەوەی ئێمە بێین بەنووسراو بۆ حکومەتی بەغدا نێردراوە، لەوێ ڕەزامەندییەکی زارەکی درابوو کە بدرێ. جگە لەوەش بەنووسراو لە دیوانی سەرۆکایەتی حکومەتی عێراقەوە بۆمان هاتەوە کە دانی پێدادەنێن و دەڵێ ئەو زیانە هەیە، نامەی دووەم ئێمە ناردمان بۆ ئەوەی بتوانین ئەو 8 ملیار دۆلارە لە ماوەی 8 ساڵدا وەربگرین، واتە هەر ساڵەی ملیارێک لە بودجەی گشتیی عێراق وەربگرین و بەپێی قەبارەی زیانەکان بیدەینە ناوچە زیانلێکەوتووەکان، ئەوان بە نووسراو وەڵامی ئێمەیان داوەتەوە، نکۆڵییان لەوە نەکردووە کوردستان زیانێکی زۆری بەرکەوتووە، بەڵام دەڵێن هەر بەتەنیا کوردستان نییە زیانی بەرکەوتووە،دەیانەوێ ئەوراقەکان تۆزێک تێکەڵ بکەن و بڵێن خەڵکی باشووریش زیانی بەرکەوتووە. بۆیە ئەمە پێویستی بەبڕیارێک بوو لە پەرلەمانی عێراقەوە. ئەوەبوو هاوینی ئەمساڵ بڕیاری ژمارە 16ی پێدەرچوو بۆ زیانلێکەوتووانی نێوان 1968 تا 2003 لەلایەن ڕژێمی پێشوو.

**ڕووداو: ئێوە چیتان کردووە بۆ ئەوەی لە بودجەی ساڵی داهاتوو ئەو پارەیە وەربگرن؟**

**وەزیری شەهیدان:** ئێمە کۆنگرەیەکمان بەست، ئێستا لیژنەی کۆنگرەکە خەریکی دانانی میکانیزمێکە بۆ ئەوەی بەپێی ئەوە بجولێینەوە. یەکەم جوولەشمان لەسەر فراکسیۆنی خۆمان کردووە لەبەغدا. ئەو قەرەبووکردنەوەیەش یەکێکە لە 19 خاڵەکەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەگەڵ لایەنەکانی عێراقدا گفتوگۆی لەسەر دەکات. ئێستا دەبێ چاوەڕێی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق بکەین و هەرکاتێک حکومەت پێکهات لەڕێگەی پەرلەمانتارانی خۆمان و دۆستەکانیشمانەوە، بەتایبەتی شیعە کە لەو خاڵەدا هاوڕاین دەست بەجموجوڵ دەکەین، پێموایە لەو مەسەلەیەدا هەڵوێستی نوری مالیکیش خراپ نییە. چونکە مالیکی لەسەر 18 خاڵی ئەو داواکارییانە ڕازیبووە، ئەو خاڵەش یەکێکە لەوان.

**ڕووداو:ئێستا ئەو ناوچانەی ئەنفالکراون، یان تێکدراون گلەییەکی زۆریان لەحکومەت هەیە کە باش هاوکاری نەکراون بۆ ئاوەدانکردنەوە، پێتوایە بە وەرگرتنی ئەو قەرەبووە حکومەت دەتوانێ بەشێوەیەک قەرەبوویان بکات کە گلەییان نەمێنێ؟**

**وەزیری شەهیدان:** دوو جۆرە قەرەبوو هەیە، ماددی و مەعنەوی. هیچ شتێک قەرەبووی پەنجەی شەهیدێک، یان منداڵێکی ئەنفالکراو ناکاتەوە کە بە زیندوویی خراوەتە ژێر خاکەوە، بۆیە ئەوانە هەر چییان بۆ بکەی ناتوانی برینەکانیان ساڕێژبکەی و گلەییان هەر دەبێ. ئەوە تەنیا لای ئێمەش وانییە، ئەوە حاڵی هەموو ئەو گەلانەیە کە دووچاری کۆمەڵکوژی هاتوون وەک ئەرمەن و جولەکە و دارفۆر و بەلقان. بەڵام قەرەبووی ماددی لەوانەیە بەشێک لەبرینەکانیان ساڕێژبکات، دەڵێم بەشێک، ئەگەرنا پێموایە تاوەکو خەلیقەت ماوە ئەو کارەساتە لەبیرناکەن. ئەوەش خاڵێکی ئیجابییە وەک قسەیەکی ئینگلیزان دەڵێ "لەوانەیە ڕۆژێک لەڕۆژان لێی خۆش بین، بەڵام هەرگیز لەبیری ناکەین". قەت لەبیری ناکەین.

## ڕیپۆرتاژ

### چەند کوردێکیش داوایان کردووە ناوی پردێ و دوبز نەگەڕێتەوە



**ڕووداو- کەرکووک**

لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی 140 بە ئیمزای ڕائید فەهمی سەرۆکی لیژنەکە لە 2010/10/17 بڕیاریدا ناوە بەسەردا سەپاوەکان لەسەر شارۆچکەکانی: دوبز (دبس)، ناحیەی سەرگەران (القدس)، ناحیەی قەرەحەسەن (ام المعارک)، ناحیەی قەرەهەنجیر (الربیع) و ناحیەی پردێ (النهرین) لابدات. بەڵام محەممەد خەلیل ئەندامی عەرەبی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایگەیاند ئەو بڕیارە لەسەر داوای ئەوان و تورکمانەکان هەڵوەشاوەتەوە. بەڵام ڕائید فەهمی، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی بڕیارەکە هەڵنەوەشاوەتەوە، بەڵام بەڵام "دانیشتووانی هەردوو شاری دوبس و ئاڵتون کۆپری پێیانگوتین کە ئەو ناوانە پێش ساڵی 1986یش هەر هەبوون، بۆیە گوتمان با وەک خۆیان لێبکرێنەوە،لەنێو ئەوانەی هاتبوون چەند ئەندامێکی کوردی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش هەبوون".

## کاریگەرییەکانی کشانەوەی گۆڕان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان

# وتەبێژی گۆڕان: بێگومان پشتگیری مام جەلال ناکەین ببێتەوە سەرۆک کۆمار



**نەوزاد مەحمود و ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-سلێمانی، هەولێر**

بزووتنەوەی گۆڕان ئێوارەی ڕۆژی هەینی کشانەوەی خۆی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ڕاگەیاند. بەمەش کۆتایی بە یەکگرتوویی کورد هات لە بەرامبەر لیستە عەرەبییەکاندا و گوتیان "کوردیش لەتبوو".

بە دانی ئەم بڕیارە، گۆڕان، وەک گەورەترین و کاریگەرترین پارتی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان، ناکۆکییە سیاسییەکانی، کە لەسەر نزیکەی هەموو مەسەلەکانە، لەگەڵ دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمی کوردستاندا قوڵتر دەکاتەوە.

گۆڕان دەڵێت هۆکاری جیابوونەوەیان لە هاوپەیمانێتییەکە بەهۆی بەجێنەهێنانی بەڵێنەکانی پارتی و یەکێتییە کە پێشتر دابوویان بۆ ئەوەی "ریفرۆم" لە داو و دەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا بکەن. بەڵام سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی (الحره) دا گوتی " ئەو پرۆژەیەمان گوێ لێبووە، بەڵام بۆمان نەهاتووە".

ئەم خۆ کێشانەوەیەی گۆڕان دەکرێ کاریگەری گەورەتر لەسەر پەیوەندییەکانی کورد-بەغدا جێ بهێڵێت، یان لانیکەم گرفت بۆ هیواکانی سەرۆکی عێراق، جەلال تاڵەبانی، دروست بکات لە بەدەستهێنانەوەی پۆستەکەی، دوای ئەوەی گۆڕان بڕیاریدا کە هەشت پەرلەمانتارەکەی دەنگ بۆ دانانەوەی مام جەلال نادەن.

هەروەها ئەوەش دەگوترێت کە ئەم هەنگاوە پێدەچێت گۆڕان بخاتە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی پارتە کوردستانییەکانەوە لە بەغدا، بە تایبەتی لە بارەی مەسەلەکانی نەوت و هێزی پێشمەرگەوە، ئەو دوو مەسەلەیەی کە لە یەکەمیاندا گۆڕان داوای شەفافیەت و لە دووەمیانیشدا داوای سەربەخۆیی دەکات.

محەمەد تۆفیق ڕەحیم، سەرکردەیەکی باڵا و وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێت "دەسەڵات بەڵێنەکانی خۆی بۆ چاکسازی سیاسی و نێوخۆیی جێبەجێنەکرد و ئێمەش کشاینەوە، هەروەک چۆن پێشتر ئاگادارمان کردبوونەوە".

وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت "بێگومان ئێمە کە لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان نەمێنین، پشتگیری مام جەلالیش ناکەین ببێتەوە سەرۆک کۆمار".

سەبارەت بە ئەگەری دانیشتنیان لەگەڵ لیستە عێراقییەکانیش گوتی "لەگەڵ هەر لایەنێک بمانەوێ دادەنیشین و گفتوگۆ دەکەین".

بزووتنەوەی گۆڕان، کە بەرگری لە جیابوونەوەکەی دەکات و دەڵێت بریارێکی دروستیان داوە، هۆکاری سەرەکی جیابوونەوەکە بۆ سووربوونی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان گێڕایەوە کە دەیانەوێ "بە ڕێگەی خۆیان" دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان دروست بکەن، کە لە جیاتی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستان بەڕێوەببات.

سەرکردەیەکی گۆڕان، کە نەیویست ناوی بهێنین، گوتی "هیچ شتێک لێرە سەربەخۆ نییە. کۆمسیۆنێکی لەم شێوەیە ڕێگە بۆ پارتی و یەکێتی خۆشدەکات کە پێشێلکاری زیاتر لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن".

بەڵام سەرکردەیەکی یەکێتی هیچ کاریگەرییەک نابینێ لە کشانەوەی گۆڕان لەسەر دووبارە هەڵبژاردنەوەی تاڵەبانی بە سەرۆک کۆمار، یاخود لە سەر بەهێزی ئیئتیلافی کوردی لە بەغدا.

ئالا تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، گوتی "کێشە دروست نابێت، چونکە هێشتا هەموو لایەنەکانی دیکەی ناو ئیئتیلافەکە بەیەکەوە ماون".

ئالا لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ "تەنیا هەشت کورسییان هەیە. جیابوونەوەی ئەوان و پشتگیری نەکردنیان بۆ مام جەلال تاببێتەوە سەرۆک کۆمار کاریگەری نابێت".

هەرچەندە هەر سێ پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکە خاوەنی بەرەیەکی هاوبەش بوون دژی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە لەسەر نزیکەی تەواوی مەسەلەکان، بەتایبەتیش لە مەسەلەی دروستکردنی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان، بەڵام دوو پارتە ئۆپۆزیسیۆنە ئیسلامییەکە لە دوایین هەڵوێستدا شوێن گۆڕان نەکەوتن. بەوەش ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیان لە هەڵوەشانەوە پاراست، چونکە بە کشانەوەی هەرسێکیان ئەوە ڕوویدەدا.

هەرسێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن لە بەیاننامەیەکدا هەڕەشەی کشانەوەیان کرد. نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی، لەگەڵ پارتە ئۆپۆزسیۆنەکاندا کۆبووەوە. وادیارە نێچیرڤان توانی تەنیا دوو پارتە ئیسلامییەکە ڕازی بکات، بەڵام گۆڕانی پێ ڕازینەکرا کە بمێنێتەوە. بەڵام بەپێی زانیارییەکان هەوڵدانی تازە دەستپێکراون بۆ گێڕانەوەی گۆڕان بۆ نێو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان.

ئێستا هەڵوێستی هەردوو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە دیکەی هەرێمی کوردستان جیاوازە لە گۆڕان، ئەوان دەیانەوێ لە بەغدا بەشێکبن لە ئیئتیلافی کوردی لە گفتوگۆ سیاسییەکاندا لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا، ئەگەرچی لە پەرلەمانیشدا فراکسیۆنی جیاوازبن، ئەوەش ئەوان لەڕووی سیاسییەوە بەهێزدەکات و شانسی وەرگرتنی پۆستی زیاتریشیان بۆ پەیدا دەکات لە بەغدا.

نەجیب محەممەد، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی، (4 کورسی)، گوتی "ئێمە لە بەغدا چارەنووسی قەزیەیەکی گەورەترمان لە بەردەستدایە کە وا پێویست دەکات یەکدەنگ بین نەک ئۆپۆزیسیۆن".

نەجیب گوتیشی"دواتر ئێمە لەگەڵ کێ و لەپێناو چی لەوێ لەگەڵیان درێژە بە ئۆپۆزیسیۆن بدەین".

نەجیب محەممەد، بە هەمانشێوەی ئالا تاڵەبانی هیچ کاریگەرییەکی گەورە نابینێ کە کشانەوەی گۆڕان دروستی بکات و گوتی" بەدڵنیاییەوە کاریگەری دەبێت لەسەر وێنەی یەکگرتووی کورد لە عێراق، بەڵام لەڕاستیدا پێمواننییە هیچ کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی هەبێت".

هەروەها زانا ڕووستایی، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، پێشبینی ناکات کە جیاوازی بۆچوونی ئەمجارەیان لەگەڵ گۆڕان کاریگەری هەبێت لەسەر ئەو پەیوەندییە بەهێزەی کە سێ پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکە لە کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی مانگی تەمموزی 2009 ەوە هەیانبووە.

## گرووپێکی عەرەبی لە کەرکووک

# هەڕەشە لە پارتی دەکات

**ڕووداو – کەرکووک**

دوای ئەوەی پۆلیسی کەرکووک پێنج ئافرەتی دەستگیرکراوی سەر بە ڕێکخراوی قاعیدەی لە کەرکووک ئازادکرد لە بەرامبەر ئازادکردنی دوو کچی کوردی کاکەیی، ڕۆژی 2010/10/30 گرووپێکی چەکداری عەرەب لەناو شاری کەرکووک بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە، کەپڕە لە هەڕەشەکردن لە بەرپرسانی ئەمنی پارتی لە کەرکووک.


لەو بەیاننامەیەدا کە بە ناوی (مجاهدو عرب کرکوک) بڵاوکراوەتەوە، هەڕەشەی ئەوە لەبەرپرسە ئەمنییەکان دەکەن کە لەمەودوا وەڵامی هەموو جموجوڵێکیان دەدەنەوە. عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک، کە پارتییە ئەو هەڕەشانە بە "قسەی هەلەق و مەلەق و هەرزەکارانە" ناو دەبات و دەڵێ" بێگومان ئێمە بەردەوامدەبین لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکی خۆمان و ئەو جۆرە هەڕەشانە ساردمان ناکەنەوە".

ئەو بەرپرسە ئەمنییەی پارتی لە کەرکووک کە چەندین مەدالیا و خەڵاتی ئازایەتی وەرگرتووە گوتیشی"بەیاننامەکەی تیرۆریستان هەڕەشەیە لە هەموو دەزگا ئەمنییەکانی شارەکە، بەڵام بەتایبەت ئاراستەی بەرپرسە ئەمنییەکانی پارتی کراوە لە کەرکووک، چونکە دەزانن ئێمە دەرفەتی کردەوە تیرۆریستییەکانیان نادەین".

محەممەد خورشید، جێگری بەرپرسی لقی 3ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک ئەو هەڕەشەکردنە لە پارتی و بەرپرسە ئەمنییەکانی بەشتێکی نوێ نازانێ و دەڵێ، "پەیوەندی بەوەوە هەیە کە دەزانن پارتی پێداگیری زۆر دەکات لەسەر مەسەلە نەتەوەییەکان لە کەرکووک. ئەو کادیرانەی پارتی کە لەناو هێزە ئەمنییەکاندا کاردەکەن، زۆر چالاکانە کاریان کردووە و زەبری کوشندەیان لە تیرۆریستان داوە". محەممەد خورشید هەروەها ئاماژەی بە هەوڵە نوێیەکانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتی کرد بۆ کۆکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکانی عێراق لە هەولێر و گوتی "بۆیە ئەوان لەزۆر لایەنەوە لە پارتی پەستن و هەڕەشەی ئەوەش دەکەن لە قوڵایی هەولێردا زیان لە پارتی دەدەن، بەڵام ئەمە تەنها قسەی بێ مانا و ترسنۆکانەیە".

سەرچاوەیەکی ئەمنیش لە شاری کەرکووک سەبارەت بەو هەڕەشەیە دەڵێ "ئەوە زیاتر ئاماژەیە بۆ خودی عەمید سەرحەد و ئاسایشی پارتی لە کەرکووک، چونکە پۆلیسی قەزاو ناحیەکان لەو شارەدا بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم تیرۆریستان و پلان وبەرنامەکانیان".

سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ تەقەکردن لە بازاڕی زێڕینگرانی کەرکووک کرد لەلایەن چەکدارەکانی ئەو گرووپانەوەو گوتی"بازاڕەکە چەند مەترێک لە پۆلیسی ناوشاری کەرکووکەوە دوورە، بەڵام لەکاتی ڕووداوەکەدا پۆلیسی قەزاوناحیەکان گەیشتنە سەر ڕووداوەکە و یەکێکیان بە برینداری لێگرتن و دەستیان بەسەر بەڵگەنامەکاندا گرت، کە ئەمە سنووری کاری پۆلیسی قەزاو ناحیەکان نییە". عەمید سەرحەد لەوبارەوە جەختی کردەوە کە ئەوان لەپێناو پاراستنی ئاسایشی شارەکەدا گوێیان لەوە نییە تاکوێ سنووری ئەوانەش، ئەو ڕووداوەش بووەتە پرسیار لای خۆی"نازانین پۆلیس بۆ لەوکاتەدا نەهاتنە سەر ڕووداوەکە و لە حاڵەتی بەرگریدا بوون".



# کەرکووک حاڵی خراپتر دەبێ

**شێرزاد مۆفەری، بەڕێوەبەری پۆلیسی عروبە:**

**بەڵگەمان لایە، ئەو عەرەبانەی دێنە کەرکووک خەریکی کڕینی خانووی تاپۆن بە 60 ملیۆن دینار**



**بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی لەکەرکووک:**

**ئەو تەعریبەی ئێستا لەکەرکووک هەیە، بەعس بە 35 ساڵ نەیتوانی بیکات**

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

بەپێی ئەو بەڵگانەی دەست بەرپرسە ئەمنییە کوردەکانی شاری کەرکووک کەوتوون، بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی شاری کەرکووک لەبەردەم هەڕەشەی گەورەدایە و دژایەتیکردنی کورد لەو شارەدا گەیشتووەتە ڕاددەیەک، کە چەکدارانی سەر بە قاعیدە وگرووپەکانی دیکە وعەرەبە شۆڤێنییەکان لەیەک نزیک بکاتەوە.

پەلاماری ئەو گرووپە چەکدارانە لە کەرکووک لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددامەوە، وەک بەرپرسێکی ئەمنی کەرکووک دەڵێ " 90%یان یەخەی کورد دەگرن و ئەنجامدەرانیشیان عەرەبن"، زۆر لە بەرپرسانی ئەمنی کوردی ئەو شارە ئەوەیان لەبەرچاو گرتووە و ئێستا دەڵێن "ئامانجە هاوبەشەکەی تیرۆریستان و عەرەبە توندڕەوەکانی ناوشاری کەرکووک تەنها کوردە".

شێرزاد مۆفەری، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عرووبەی نێو شاری کەرکووک دەڵێ "ئێستا لە کەرکووک عەرەبی شۆڤینی و تیرۆرست و تورکمانە توندڕەوەکان کۆکن لەسەر دژایەتیکردنی کورد لەکەرکووک. زۆر دەمێکە هاوار دەکەین و دەڵێین با هاتنی بە لێشاوی عەرەب بۆ ناو کەرکووک چارەسەر بکەین، چونکە تائێستا دەیان باندی تیرۆریستیمان دەستگیرکردووە لەو عەرەبە هاوردانەی هاتوونەتە ناو کەرکووکەوە".

شێرزاد مۆفەری، ئەو هەماهەنگییەی لەدژی کورد دروستبووە لە کەرکووک، وەک بەرنامەیەکی پیلان بۆ داڕێژراو دەبینێ و هەروەها دەڵێ " زیاتر لە هەزار ماڵە عەرەب بەناوی کۆچ و کۆچبەرانەوە هاتوون و دەیان باندی تیرۆریستیان تێدایەو هاوکاری و کۆمەکیان بەسەردا دابەشدەکرێت". مۆفەری گوتیشی "زۆر بەڵگەمان لایە، ئەو عەرەبانە خەریکی کڕینی خانووی تاپۆن بە 60 ملیۆن دینار، تیرۆریستیشن، باشە کۆچبەرێک دەتوانێ خانووی تاپۆ بکڕێ، ئەگەر تیرۆریستان هاوکاری نەکەن، هەزار جار گوتمان با ئەوانە لەژێر چاودێری وردی فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەران و پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگا و پۆلیسدا بن، نەکرا".

مۆفەری سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوو لەو "تیرۆریست"ەی دەستگیریان کردبوو. بەپێی زانیارییەکانی مۆفەری ئەویش یەکێکە لەو عەرەبانەی هاتووەتە کەرکووک و ڕۆژی 2010/10/30 دەستگیرکراوەو هەر لەو لێکۆڵینەوەیەدا دانی بەوەدانا کە باندیان هەیە و هاوکارێکی دیکەی هەیە لەبەغدا، مۆفەری ڕایگەیاند "ئەم باندە لەمانگی تەمموز کەسێکیان بەناوی ئەحمەد سەباح کوشتووەو کەسێکیشان بەناوی ڕەحیم والی بریندار کردووە لە کەرکووک". هەروەها گوتی"دوژمنەکانی کورد لە کەرکووک تەنها کۆپتەر و کیمیاییان بەدەستەوە نییە".

لەدوای هاتنە ئارای پرسی سەرژمێری و دواخستنی بە گوشاری عەرەبەکانی موسڵ و کەرکووک، هەروەها دواتر ناڕەزایی توندی کورد بۆ پێشنیازی لابردنی خانەی نەتەوە لە فۆرمی سەرژمێریدا، کردەوە توندوتیژییەکان لە کەرکووک پەرەیان سەندووەتەوە. تەقەکردن لە بازاڕی زێڕینگەران و ڕفاندنی دوو کچی کورد، دوو نموونەی بەدوای یەکدا هاتووی ڕووداوەکانی شارەکەن.

ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو گرووپی ئەنسارولسونە بە سێ ئۆتۆمبێل و 10کەسەوە تەقەیان لە دووکانی زێڕینگەرانی کەرکووک کردو 12کاژێر دوای ئەوەش ژمارەیەک چەکداری دیکە لەگەڕەکی واستی شارەکە هەڵیانکوتایە سەرماڵی ئاغایەکی کوردی کاکەیی و دووکچی ماڵەکەیان ڕفاند، دواتر دادگای کەرکووک بڕیاریدا 5 ئافرەتی دەستگیرکراوی سەر بە قاعیدە ئازاد بکات تاوەکو ئەو گرووپەی ڕێکخراوی قاعیدە ئەو دوو کچە کاکەییە ئازاد بکەن.

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک پێیوایە ئێستا گومان لەسەر تەواوی دەزگا ئەمنییەکانی کەرکووک دروستبووە و هاوکات ئەمەش وەک پەیوەندییەکی نێوان عەرەبە توندڕەوەکانی شارەکە و تیرۆریستان دەبینێتەوە گوتی "دەکرێ بپرسین ئەم تیرۆرستانە چۆن بەو خێراییە پەیوەندییان پێوەکرا، دیارە خەڵکێک لەناو شاری کەرکووک شوێن و ڕێگەیان دەزانن؟".

هەروەها ڕەخنەی لە پۆلیسی شارەکە گرت، چونکە عەمید سەرحەد هێزەکەی خۆی ناردووە بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەو چەکدارانەی تەقەیان لەدووکانی زێڕینگران کرد، لەکاتێکدا بازاڕەکە 100مەتر لەبەڕێوەبەرێتی پۆلیسی کەرکووکەوە دوورە "دووکانی زێڕینگەرەکان 3دەقیقە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس دوور نییە، چۆن نەتوانرا بگەنە شوێنی ڕووداوەکە، زۆربەی ئەفسەرانی پۆلیسی کەرکووک لەوێ بوون بۆ دوای نیو کاژێر گەیشتوونەتە ئەوێ، ئێمە کە شوێنیشمان دوورە، ئەگەر نەچووینایە و ئەو کەسە نەکوژرایە و ئەو بریندارەمان نەگرتایە، کردەوەکە ئاشکرا نەدەبوو".

عەمید سەرحەد پێیوایە ئەو ئاڵوگۆڕ پێکردنە "ئیعتراف کردنە بە تیرۆریستان" و ڕەخنەی لێدەگرێت، هاوکات پرسیار دەکات "3 ئۆتۆمبێل چەکدار چۆن هاتنە ناو شاری کەرکووکەوە، بازگەکان چیان دەکرد، کێ ڕێگەی پێدان بێنە شارەکەوە"، هەر بۆیە داوا دەکات لیژنەی لێکۆڵینەوە دروست بکرێت و لەهەموو دەزگا ئەمنییەکانی کەرکووک بپرسێتەوە.

سەرچاوەیەکی ئەمنی لە شاری کەرکووکەوە بە (ڕووداو)ی گوت "تەنانەت لەناو دەزگا ئەمنییەکانیشدا،ئەوبنکانەی بەرپرسەکانیان عەرەبن، وەک ئەو بنکانە جدی نین کە بەرپرسەکانیان کوردە"، ئەو سەرچاوەیە ئەوەی بە زەنگێکی مەترسیدار دانا.

شێرزاد مۆفەری ئەمە پشت ڕاستدەکاتەوە و دەڵێ "بەڕاستی هەموو بنکەکانی پۆلیس وەک یەک جیدی نین لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس، من بۆخۆم یەکەم کەسم لە پۆلیسی کەرکووک لەلایەن عەرەبە توندڕەوەکانی کەرکووک شکاتم لێکراوەو تەنانەت لەنەتەوەیەکگرتووەکانیش شکاتم لێکراوە"، عەمید سەرحەد ڕاشکاوانەتر قسە دەکات و دەڵێ "باهەموو لایەک بزانن، زۆر بەڕون و ئاشکرایی دەردەکەوێت کە عەرەبە توندڕەوەکانی ناو کەرکووک و تیرۆریستان و قاعیدە پەیوەندیان هەیە بۆ دژایەتیکردنی کورد و هەموو ئەو ڕووداوانەی ڕوویانداوە ئەوە دەسەلمێنن".

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕاگەیاند، ئەندامی عەرەب هەیە لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک "دەیان جار شەڕی لەسەر کەسێک کردووە کەلەسەر کاری تیرۆریستی گیراوە . بەڵگەی مەلموس نییە لەبەردەستمان بیسەلمێنێ ئێستا لەکەرکووک عەرەب و تیرۆریستان دەستیان تێکەڵ بووە، بەڵام ڕووداوەکان ئەوەمان پێدەڵێن، هەڵوێستیان وەک یەکە، هەندێک قسە لەلایەن عەرەبەکانەوە دەبیستین بۆنی ئیرهابی لێدێت، کەسێک بەرگری لە تیرۆر بکات بۆخۆی تیرۆریستە". عەسکەری گوتیشی "ئەندامی عەرەب هەیە لەئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەیان جار چووە، واستەی بۆ بەردانی کەسێک کردووە کە بەئاشکرا کاری تیرۆریستی کردووەو گیراوە، ئەو چووە شەڕی لەسەر کردووەو بەرگری لێکردووە و تیرۆرستە عەرەبەکان پشتیان پێیان قایمە".

بەرپرسە ئەمنییەکانی کورد لە کەرکووک، هۆشداری دەدەنە سەرکردەکانی کوردو بەئاگایان دێننەوە لەوەی کە ئێستا لە کەرکووک دەستی قاعیدە و ڕێکخراوە هاوشێوەکانی ئاڵاوەتە نێو دەستی عەرەبە توندڕەوەکانی شارەکە و ئەو 8 هەزار خێزانەی هاتوونەتە شارەکەش، بوونەتە ڕێگەخۆشکەری چالاکبوونیان لە کەرکووک. لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک لەو بارەیەوە دەڵێ "ئەوە دەبێت سیاسیەکانمان ئیشی لەسەر بکەن، ئێمە تەنها ئەوەندەمان پێدەکرێت ئەمنییەت بپارێزین".

هەڵۆ نەجات، بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی لەکەرکووک ئاماژەیەکی ترسناکی بۆ ئەو پەیوەندییەی نێوان گرووپە چەکدارەکان و عەرەبە شۆڤێنییەکانی کەرکووک کرد و گوتی " ئێستا لەکەرکووک هەماهەنگی لەنێوان تیرۆریستان و هەندێک بەرپرسی سیاسی کەرکووک هەیە بۆ دژایەتیکردنی کورد، بەڵگەشمان لەبەردەستن، بەڵام ناکرێ ئاشکرایان بکەین". هەڵۆ نەجات ئەو هەماهەنگییە زیاتر لە پرۆسەی تەعریبکردندا دەبینێتەوە و دەڵێ "ئەو تەعریبەی ئێستا لەکەرکووک هەیە،سەددام نەیتوانی بە 35 ساڵی حوکمی خۆی بیکات"، هەروەها گوتیشی "ئێمە زۆرجار سەرووی خۆمان لەوە ئاگادارکردووەتەوە کە لە کەرکووک تەباییەکی باش هەیە لە نێوان تیرۆریستان و بەشێک لەعەرەبە توندڕەوەکانی شارەکە و تەنانەت بەرپرسی سیاسی شارەکەش بۆ دژایەتیکردنی کورد، ڕووداوەکانیش شایەتی ئەمە دەدەن".

بەپێچەوانەی ئەو بەرپرسە ئەمنییانەی شارەکەوە، بەرپرسە ئیدارییەکانی شارەکە خەمساردانە لە دۆخی سیاسی و ئەمنی شارەکە دەڕوانن و پێیانوایە دۆخی کەرکووک گرێدراوی هەموو دۆخی سیاسی و ئەمنی عێراقە.

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک پێیوایە ئەو فەوزایەی لە عێراقدا هەیە بەهۆی دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەتەوە، شاری کەرکووکیشی گرتووەتەوە "دۆخێکی گشتییە و هەموو عێراقی گرتووەتەوە"، ڕێبوار تاڵەبانی ڕەتیشیکردەوە هەماهەنگییەک لەنێوان گرووپە چەکدارەکان و عەرەبە شۆڤێنییەکانی شارەکەدا هەبێ بۆ دژایەتیکردنی کورد "تەنها دژایەتی کورد ناکرێ، مەترسییەکە بۆ سەر هەموو نەتەوەکانی شاری کەرکووکە".

## تورکیا عێراقی لە لیستی وڵاتە هەڕەشەکاندا لابرد



**رووداو-ئیستەنبول**

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا MGK، لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە 2010/10/26دا لە ئەنقەرە ئەنجامدرا، بەسەرۆکایەتی عەبدوڵڵا گیول، بڕیاردرا کە ناوی عێراق، رووسیا، ئێران، یۆنان لە کتێبی سووری تورکیا لەجیاتی وڵاتی هەڕەشەکار لەسەر تورکیا ، کرانە وڵاتی هاوپەیمانی تورکیا و وەک هەڕەشەکار نەمان. هەروەها لە بەڵگەنامەی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی تورکیادا دەگوترێ، کە لەبارەی پێکهاتەی کورد لە باکووری عێراق، هەوڵەکانی ئێران لەبارەی وزەی ئەتۆمییەوە، کێشەکان لەگەڵ یۆنان لەسەر دەریای ئیجە بەشێوەیەکی جیا هەڵسەنگێندران.



### بۆزان تەکین، ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی KCK:

# ساڵی 1997 گفتوگۆمان لەگەڵ حکومەتی نەجمەدین ئەربەکان کرد بەڵام هەر زوو لایاندا

- با تورکیاش وەک کەنەدا رێگە بە پێکەوە ژیانی نەتەوەکان بدات
- نێچیرڤان بارزانی لە واقیعەکە گەیشتووە و بۆچوونەکەی گونجاوە
- مام جەلال لە 1993وە ئاگاداری هەموو شتێکە و باش دەزانێ کێ ئاشتی دەوێ و کێ شەڕ دەکات

رووداوەکان لە تورکیا زۆر سەرنجڕاکیشن بۆ جیهان، لەنێو کێشەکانی تورکیادا دروستکردنی سیستەمێکی دیموکراتی تەواو لە تورکیا و چارەسەری کێشەی کورد گەورەترین دوو مژاری جێگەی سەرنجی رای گشتی تورکیا و جیهانن. لە ناوچەی چیای قەندیل لە باشووری کوردستان کە زیاتر لە پەنجا ساڵە بۆ بزووتنەوەی کوردی و ئەو دەوڵەتانەی بەشێکی کوردستانیان لەبندەستدایە بووەتە ناو و ئەدرەسێکی دیار، بۆزان تەکین، ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK باسی دوا گۆڕانکارییەکانی کرد:

**هەڤپەیڤین: مەهدی محەممەد رواندزی**

## دیالۆگ بەوشێوەیە لەگەڵ ئیمرالی تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندنە و بێ مانایە

### ئاگربەست

**رووداو: ماوەی درێژکراوەی ئاگربەست تەواوبوو، ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا لە باکووری کوردستان فراوان بوون. هەڵوێستی تازەی ئێوە چ دەبێ دەست بە هێرشکردنی چەکداری دەکەنەوە یاخود ئاگربەست درێژ دەکەنەوە؟**

**بۆزان تەکین :** ئێستا ئێمە خەریکی گفتوگۆکردنین لەسەر ئەو پرسە، هەڵوێستی ئێمە دوای ئەو ئاگربەستە. تائێستا هیچ بڕیارێکمان نەداوە. بەڵام چۆن درێژە بە ئاگربەستی یەک لایەنە بدەین لەکاتێکدا دەوڵەتی تورک یەک تاکە هەنگاویشی نەناوە کە نیاز پاکی خۆی نیشانبدات بۆ ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا. تائێستا تورکیا ئۆپەراسیۆن دەکات و گەلی ئێمە دەچەوسێنێتەوەو پیلان دژی ئێمە دادەڕێژێ، لەم دواییەشدا سەرۆک ئاپۆ رایگەیاند ئەگەر تاوەکو کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم، هیچ هەنگاوێکی ئاشتیانە لەلایەن تورکیاوە نەنرێن و بەپیر داخوازییەکانی کوردەوە نەچێ من دەکشێمەوەو ئەوجا چ دەبێ با ببێ. دەوڵەتی تورکیا 8ەمین ئاگربەستی ئێمەشی وەکو ئەوانیتر بێ مانا کرد، ئێمە دەمانویست ئاگربەستێکی بێ سنوور رابگەیێنین تاوەکو هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوو، بەڵام لەو ماوەیەدا هەموو شتێک بۆ ئێمە دەرکەوت و زانیمان نیازی حکومەتی تورکیا باش نییە. بۆیە هەر بۆ ماوەی مانگێک درێژمان کردەوە، وەک تاقیکردنەوەیەک کە ئاخۆ حکومەت لەو ماوەیەدا ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکات راستە و هەنگاوی بۆ دەهاوێژێ، کەچی دیسان هیچی نەکرد و پیلان بۆ لەنێوبردنی ئێمە دادەڕێژێ و لەگەڵ ئێران و عێراق و سوریا و ئەمریکاو ئەوروپا و هێزەکانی باشووری کوردستان کۆبووەوە کە چۆن چۆنی ئێمە لەنێوببەن و تەفروتونامان بکەن. بەداخەوە دەوڵەتی تورکیا هێشتا دروشمی (یەک زمان، یەک وڵات، یەک نەتەوە)ی کردووەتە رێنیشاندەری کارەکانی. بزووتنەوەی ئازادیخوازی چەکداری PKK کە وەک پێویستییەک دروستبوو، ئێستا تەمەنی 28 ساڵە. ئەوکات و ئێستاش ئەو بزوتنەوەیە بووەتە هیوای ملیۆنان کورد لە باکووری کوردستان، بۆیە رۆژ بە رۆژ بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی شۆڕشڤانانی کورد بەرچاوتردەبێ. دوایین دەستکەوت ئەوەبوو لە هەڵبژاردنەکانی 29 ی ئازاری 2009دا کورد سەرکەوتنێکی سیاسی گەورەی تۆمارکرد و شارەوانییەکانی لە52 شارەوانییەوە بووە 99 شارەوانی. هەروەها لە ریفراندۆمی دەستووردا لە 2010/9/12دا رێژەیەکی زۆر لە کورد ریفراندۆمەکەیان بایکۆتکرد. دواتریش مندالانی کورد بۆ ماوەی هەفتەیەک چوونە قوتابخانەیان بایکۆتکرد بۆ داواکردنی خوێندن بە زمانی دایک. ئەوەش ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە گەلی ئێمە لە باکووری کوردستاندا چیتر ئامادەنییە لەژێر داگیرکاری تورکدا بژیت. ئێستا 88 ساڵ بەسەر دروستبوونی کۆماری تورکیا تێدەپەڕێ، ئەو کۆمارە بەهاوبەشی لەنێوان کورد و تورک دا دروستکراوە، ئەوکات مستەفا کەمال لەساڵی 1922 دا ئۆتۆنۆمی دیموکراتی کوردستانی لە پەرلەماندا پەسەند کرد، مافی کورد لەوکاتدا بەم شێوەیە دیاریکرا، ئێستا ئێمە لەو خاڵەداین. یەکەم ئاگربەست لەساڵی 1993دا لەلایەن سەرۆک ئاپۆوە راگەیێندرا، ئەوکات کەسانێک دەیانویست کێشەی کورد چارەسەر ببێ، ئەوانیش سەرۆک کۆمار تۆرگۆت ئۆزال، جەنەرال ئەشرەف بتلیس و وەزیر عەدنان قاهوەچی بوون، بەڵام هەموویات کوژران. دوای ئەوە نزیکەی 4 هەزار گوندی کورد تێکدران و 4 ملیۆن کورد کۆچپانکرد بۆ دەرەوەی وڵات و 17 هەزار مرۆڤیش هاتنە کوشتن. ساڵی 1997 کاتێک نەجمەدین ئەربەکان بووە سەرۆک وەزیران، ویستی کێشەی کورد چارەسەر بکات، بۆیەش دیالۆگ لەنێوان ئێمە و حکومەتی تورکیادا دروستبوو، کەچی ئەو هەوڵەش هەر زوو لەباربرا بە کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ئەربەکان، کە ئەو رووداوەش لە مێژووی تورکیادا بە کودەتای 28 ی شوبات ناسراوە. ئینجا لە 1998 دا کاتێک ئەجەوید بووە سەرۆک وەزیران، سەرۆک ئاپۆ لە پیلانێکی هاوبەشی نێوان چەند وەڵاتێکدا دەستگیرکرا و درایە دەست تورکیا. کە پارتی داد و گەشەپێدان AKP حکومەتی بەدەستەوە گرت، لەلایەک بانگەشەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی دەکرد و لەلایەکی دیکەش پیلانی بۆ لەنێوبردنی بزووتنەوەی کورد دادەنا، هەر لە ژەهرخواردکردنی سەرۆک ئاپۆوە تاوەکو چەندان کاری دیکە، بەڵام دیسانیش سەرۆک ئاپۆ نیاز پاکی خۆی بۆ ئاشتییەکی یەکجارەکی و کۆتایهێنان بەشەڕ نیشانداو، جارێکیان داوای گرووپی ئاشتی کرد کە لە قەندیل و مەخمور و ئەوروپاوە بگەڕێنەوە تورکیا، کاتێک گرووپی ئاشتی گەڕایەوە تورکیا پاش ماوەیەک لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەوە دەستگیرکران و ئێستا لەزینداندان. دوایین ئاگربەستی ئێمە ئەوەبوو لە مانگی رەمەزان دا رامانگەیاند، یەک لەبەر بەرۆژووبوونی هاووڵاتیان و هاتنی جەژن، دووەمیش لەبەر ریفراندۆم وتمان با لە کەشێکی ئارامدا بەڕێوەبچێ، کەچی سوپای تورکیا رۆژێک پێش جەژن هێرشیکرد و 9 گەریلای ئێمەی شەهیدکرد. تورکیا کە گەریلایەکی ئێمە شەهید دەکات دەڵێ تیرۆریستێکمان کوشتووە، کاتێک سەربازێکی ئەوانیش دەکوژرێ دەڵێ کوا ئاگربەست. بایکۆتکردنی ریفراندۆم لەلایەن بەشێکی زۆر لە کوردانی باکووری کوردستان، مشتومڕێکی زۆری دروستکرد لەنێو شەقامی تورکیدا و بەسەرکەوتن بۆ کورد هەژمارکرا، بۆیە دەوڵەت بیری لە رێگە چارەیەک کردەوە و لە ئیمرالی لەگەڵ سەرۆک ئاپۆ دانیشت لەپێناو دۆزینەوەی رێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لەو دیدارەدا سەرۆک ئاپۆ گوتبووی دەبێ دوو پرۆتۆکۆل جێبەجێبکرێن: پرۆتۆکۆلێکی سیاسی، گۆڕان لەفۆرمی سەرەکی دەوڵەتدا بکرێن و هەنگاوی باشتر بنرێن بۆ چەسپاندنی دیموکراتییەکی سەرتاسەری لە تورکیا و هیچ ئاستەنگێک لەبەردەم دیموکرات بوون و مافەکانی گەلی کورد نەمێنن. دووەمیش پرۆتۆکۆلی سەربازی، واتە بەهەر شێوەیەکبێ ئاگربەست بەردەوام بێ، ئەگەرنا گفتوگۆیەکان بێ مانا دەبن. ئێمە لەبەر خاتری سەرۆکایەتی و دیداری ئەوان لەگەڵ سەرۆک، ئەوەمان بە گرنگ زانی و لە 30 ئەیلول دا ئاگربەستی هەشتەممان راگەیاند، کەچی ئەم جارە ئۆپەراسیۆنەکان هاووڵاتیانی مەدەنیشی گرتەوەو دژی گەریلاش بەردەوام بوون. بەگشتی لە 13ی ئابەوە تاکو ئێستا نزیکەی 80 ئۆپەراسیۆنی زەمینی دژی گەریلا ئەنجامدراون، 90 هێرش بە تۆپ کراوەتە سەر ئەو شوێنانەی کە گومانی بوونی گەریلایان لێکراوە، لە ئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆن و توپبارانەدا 30 گەریلا شەهیدبوون، سەرەرای سووتاندنی 23 شوێن لە سروشتی جوانی کوردستان و لەنێوبردنی دارو باری ئەو شوێنانە. هەروەها بەبیانووی ئەوەی مندالی BDP ن، چەند منداڵێک کوژراون و دەستدرێژی کرایە سەر منداڵێکی 4 ساڵان و دەیان منداڵ خرانە زیندانەوە. سەرەڕای هەموو ئەو تاوانانە ئێستا دەڵێن با ئاگربەست بەردەوام بێت. چۆن درێژە بە ئاگربەستی یەک لایەنە بدەین لەکاتێکدا دەوڵەتی تورک یەک تاکە هەنگاویشی نەناوە کە نیاز پاکی خۆی نیشانبدات بۆ ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا.

**رووداو : درێژنەکردنەوەی ئاگربەست کاریگەری خراپ ناکاتە سەر گفتوگۆکان لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ئیمرالی؟**

**بوزان تەکین:** دیداری حکومەت و ئیمرالی سەرەتا لە شێوەی دیالۆگ بوو، بەڵام ئەوەی دوایی لەشێوەی پرۆتۆکۆلێکی سیاسی و سەربازی هاتووەتە ئەنجام و یادداشتکراوە، بەڵام ئەوە تەنها هەلخەلەتاندنە و هیچی دیکە نییە، سەرۆکایەتیش دەرکی بەوە کردووەو هەڵوێستی خۆی راگەیاندووە. ئێمە وتمان با زیندانییەکان ئازاد بکرێن، ئۆپەراسیۆن رابگیرێن و دەستوورێکی نوێ دابنرێ، کەچی ئەوانە هیچیان جێبەجێنەکران، بۆیە تۆپەکە لە گۆڕەپانی تورکیایە، ئەگەر تورکیا بیەوێ ئاشتی بکات، دانوستاندن لەهەموو کاتێکدا دەکرێ، بەڵام دانوستاندنێک کە تەنها بۆ چەواشەکردنی رای گشتی دونیا بێت و هیچ بەرهەمێکی نەبێ بێ مانایە.

**رووداو: هەوڵدانەکانی ئێوە دوای ئەو هەنگاوە چ دەبێ بۆ بەردەوامی پرۆسەی هێورکردنەوەی بارودۆخ لە باکووری کوردستان و تورکیا بۆ سازکردنی زەمینەی چارەسەری ئاشتی؟**

**بوزان تەکین:** ئێمە ئێستا لە سەدەی 21 دا دەژین، ئامانج و خەباتی ئێمە لەپێناو چارەسەریەکی یەکجارەکی کێشەی کوردە لەو بەشەی کوردستان. ئێستا خەڵک هوشیاربووەتەوەو دەزانێ کێ ئاشتی دەوێ و کێ شەڕ دەکات. ئەمڕۆ گوێچکەکان تاقەتی گوێگرتن لە دروشمی پڕ لە درۆ و بەڵێنە بێ کردەوەکانی حکومەتیان نەماوە. گەلیش گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە حکومەت هیچ مافێک بە کورد رەوا نابینێ، لەبەرامبەردا خەباتی دیموکراسیانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان درێژە پێدەدات. بۆچی تورکیا وەک کەنەدا و فەرەنسا و ئینگلتەرا نابێت کە چەندین نەتەوە بە ئازادی و بێ تووندوتیژی تێیاندا پێکەوە دەژین. ئەمڕۆ دەیان نموونەی وەڵاتی وا لە جیهاندا هەن. بۆچی تورک رێگە بەوە نادات لە تورکیا جگە لە تورک هیچ نەتەوەیەکی دیکە بۆی نەبێ بڵێ منیش هەم. پێویستە ئەو یەکێتییەی دەوڵەتی تورکیا بەزۆر دروستیکردووە ببێتە یەکێتییەکی بەدڵ، ئەگەر تورکیا دەیەوێ وڵاتێکی دیموکراسی بێت دەبێ مافی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی و بەتایبەت گەلی کورد بە یەکسانی بدات، ئێمە داوای دروستبوونی دەوڵەتمان نەکردووە، داوامانکردووە بە سیستەمی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی بژین.

**رووداو: چۆن دەڕواننە لێدوانێکی نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی کە لە گۆڤاری (گولان)دا گوتی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا رێگەی باش و نزیک ئەوەیە تورکیا دانوستاندنی راستەوخۆ لەگەڵ PKK بکات، چونکە بە پشتگوێخستنی PKK ئەو کێشەیە چارەسەر نابێ؟**

**بوزان تەکین:** ئەوە بۆچوون و تێڕوانینێکی راست و گونجاوە، چونکە ئەو لە واقیعەکە گەیشتووە، ئەوەی بۆ چارەسەری هەوڵدەدات ئێمەین. لە ماوەی 18 ساڵدا هەشت ئاگربەستی یەک لایەنەمان لەپێناو گەیشتن بە رێگە چارەیەکی ئاشتیانە و دیموکراسیانە بۆ کێشەی کورد راگەیاندووە. پێویستە کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان ئەو راستییە باش بزانێ کە ئەوەی بەدوای ئاشتیدا دەگەڕێ ئێمەین و ئەوەی دەیەوێ لە رێگای سوپا و چەکەوە بگاتە ئامانج دەوڵەتی تورکە. گەرەکە هەموو سیاسەتمەدارانمان ئەو راستییەیان لەبەرچاو بێت. بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئەو راستییەی گوتووە کە ئەو دوو لایەنەی شەڕ دەکەن، هەر ئەوانیش دەتوانن بەهەردوولا لەرێگەی گفتوگۆ و دانیشتن شەڕ بەلاوە بنێن و ئاشتی دروستبکەن.

### داواکردن لە بورکای بۆ چوونەوە تورکیا

**رووداو: لەو ماوەیەدا لە رۆژنامەکانی تورکیا باسی ئەوە دەکرا کە لە ئەوروپا دانیشتن لەنێوان PKK و دەزگا ئیستیخباراتی و سیاسییەکانی تورکیا هەبووە، ئەوە راستە؟**

**بوزان تەکین:** نەخێر راست نییە و تائێستا هیچ دانیشتنێکی وا نەکراوە.

**رووداو : بەم دواییە موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆنسەی KCK گوتی تورکیا دەیەوێ بزووتنەوەو حیزبێک لە کەسانی نزیکی PKKو هەندێ کەسی دیکە لە تورکیا و باکووری کوردستان دروست بکات. ئەو کەسانە کێن و تورکیا چ کارێک بەو حیزبە دەکات؟**

**بوزان تەکین:** پێویست ناکات ناوی ئەو کەسانە بێنین، بەڵام ئەو کەسانە دڵنیا دەکەینەوە کە داهاتوو لە بەرژەوەندی تورک دانابێ بەڵکو لە بەرژەوەندی کورد دەبێ. دەوڵەتی تورکیا ناچاربووە هەندێک هەنگاو بهاوێژێ لەپێناو ئەوەی سوود لەکات وەربگرێ و جیاوازی و دووبەرەکی بخاتە نێو ریزەکانی کوردەوە، بۆیە پێویستە ئەو کەسانە تەنازوول بۆ ئەو جۆرە سیاسەتە نەکەن و کەسایەتی خۆیان بپارێزن و نەکەونە ژێر کاریگەری هەندێک قسەی زلی بێ مانا، ئەگەر بشیکەن لێرەوە پێیان رادەگەیێنین کە هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆیان دەست ناکەوێ کە دڵیان خۆشبکات، ریفراندۆم باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو کەسانە کە هەڵسەنگاندن بکەن و بە کارەکانیاندا بچنەوە، بەتایبەت ئەوانەی بە (بەڵێ) دەنگیاندا، دەکرێ لەخۆیان بپرسن ئەرێ چمان دەستکەوت؟. تەنها شەرمەزارییان بۆ مایەوە. لە مێژوودا ئەوانەی خیانەتیان لە نەتەوەکەی خۆیان کردووە چارەنووسێکی باشیان نەبووە،ئەوانەی ئەمڕۆش هەروا دەبن، چونکە بەو کارەیان هەستی شێخ سەعید و سەید رەزا ئازار دەدەن.

**رووداو: بەم دواییانە وەزیری ناوخۆی تورکیا بەشیر ئاتالای بە تەلەفۆن داوای لە کەمال بۆرکای سەرۆکی پێشووی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی باکوور کرد لە سویدەوە بچێتەوە تورکیا، هەروەها ئەردۆغان سوپاسی هەڵوێستی HAKPARی نزیک لە بۆرکای کرد کە بە (بەڵێ) دەنگیدایە ریفۆرمی دەستوور و لەوانەیە لە داهاتوودا هاوکاری سیاسیان زیاتر ببێ. ئێوە چۆن لەو هەنگاوانە دەڕوانن؟**

**بۆزان تەکین:** (بەپێکەنینەوە) بە کورت و کرمانجی ئێمە پیرۆزباییان لێدەکەین. یەعنی ئەوە بەو مانایە دێت کە ئەوان کوردی بەڕووەمەت، کوردی بە ئیرادە قبوول ناکەن، ئەوان کوردێکیان دەوێ تەسلیم ببێ و سەری لەبەردەمیان نەوی بکات. ئەوان بەدوای ئەو کوردانەدا دەگەڕێن. ئەوانە کورد نین، چونکە ئەمڕۆ رووی راستەقینەی کورد دیارە کە هەموویان بەیەکگرتوویی لەبەرخۆداندان و پەیوەستن بەسەرۆکایەتی خۆیان و گەریلاوە. خۆر بەئاسانی لەهەموو کەسەوە دیارە.

### چەکدانان

**رووداو: مام جەلال لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ کەناڵی عەرەبی TRT دا گوتی، من دوو وتارم نووسی و بۆ PKK م نارد و پەیامم بۆ عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش نارد لە ئیمرالی کە سەردەمی شەڕی گەریلایی بەسەرچووەو کاتی ئەوە هاتووە چەک دابنێن، بەڵام PKK دەرفەتی کاری سیاسی نادات. راستە ئێوە رێگەکانی کاری سیاسی ناکەنەوە؟**

**بوزان تەکین :** هەر کەسێک قسە دەکات لەوبارەوە با بیکات، تەنها مام جەلال نەبێ، چونکە مام جەلال لە ساڵی 1993وە لەنێو وەزعەکەدا دەژی و ئاگاداری هەموو شتێکە و باش دەزانێ کێ ئاشتی دەوێ و کێ شەڕ دەکات، بۆچی ئێستا ئەو قسانە دەکات؟ پێویستە ئەو پرسیارە لە مام جەلال بکرێ. مام جەلال هەر کاتێک دەمی دەکاتەوە هەرچی دێتە سەر زمانی دەیڵێ. با کەس داوای چەکدانان و ئاگربەست لە ئێمە نەکات. دوای 8 ئاگربەستی یەک لایەنەی ئێمە چیتر داوا لە PKK و سەرۆکایەتی ئێمە نەکات چەک دابنێین یان ئاگربەستێکی دیکە رابگەیێنین، هەر ئەگەر ئەو داوایەمان لێبکرێ ئەوە بێ ویژدانییە. ئێستا دەیان سیاسەتمەداری ئێمە لە زینداندان و مافی ئەوەیان نییە بە زمانی کوردی قسە بکەن، جا چۆن داوا لەگەریلا و ئێمە دەکەن چەک دابنێین، ئەوانەی لەناو تورکیا سیاسەت دەکەن لەلایەن دەوڵەتەوە گیراون، جا دەبێ هەڵوێستی حکومەت بەرامبەر ئێمە و گەریلا چۆن بێت. ئەوەی مام جەلال دەیڵێ راست نییە، راستی لە مێژوودا تۆمارکراوەو هەموو خەڵک باش دەیزانێ بە مام جەلالیشەوە.

**رووداو: بە چ شێوەیەک ئامادەن چەک دابنێن؟**

**بوزان تەکین:** تاوەکو دەوڵەتی تورک ئۆپەراسیۆنە سیاسی و سوپاییەکانی رانەگرێ، دان بە ئیرادەی گەلەکەمان دانەنێ، سەرۆک ئاپۆ لە زیندان ئازاد نەکات، لە دەستووری تورکیادا مافەکانی کورد نەچەسپێنێ، رێککەوتنێکی دەوڵەتی تورک لەگەڵ نەتەوەی کورد نەبێ، ئێمە دەستبەرداری چەک نابین و بەردەوام دەبین لە شۆڕش دژی ئەو سیاسەتە. تائێستا دەوڵەت دەستی بە خوێنی رۆڵەکانی ئێمە سوورە و رۆژانە ئازاری دایک و باب و خوشک و برای ئێمە دەدات، لەو بارودۆخەدا چۆن گفتوگۆ لەسەر چەک دانان و چەک دانەنان بکەین.

**رووداو: لەو ماوەیەدا راتانگەیاند کە بەشیر ئاتالای وەزیری ناوخۆی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر کار لەسەر ئەوە دەکات کە ناوچەیەکی داخراو لەسەر سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر دروستبکات، ئایا دەتوانن ئەو نەخشەیەی تورکیا هەڵوەشێننەوە؟**

**بوزان تەکین:** بەڵێ شتێکی وا هەیە، تورکیا دەیەوێ بەوشێوەیە سەرهەڵدانەکانی هاوشێوەی جۆلەمێرگ و شرناخ و شوێنەکانی دیکە لەناوچەکانی باکووری کوردستان نەهێڵێ و سنوورێک بۆ تورەیی و سەرهەڵدانی گەلەکەمان دابنێ. هەروەها دەیەوێ بە دروستکردنی شتێکی وا لەسەر سنوور سیاسەتی خۆی لەسەر باشووری کوردستانیش زێدەتر بکات و خۆی بسەپێنێ. ئەوان دەیانەوێ بۆ بەرژەوەندی خۆیان گۆڕانێک لەسنوورەکاندا بکەن و ئەو جێگەیانەی گەریلایان تێدانە بخەنە نێو سنووری تورکیاوە، بەڵام ئەوە هەرگیز سەرناکەوێت.

### "لەبەر جلوبەرگی کوردی نەیانهێشت بچنە ژوورەوە"

**رووداو: دادگاییکردنی 153 سیاسەتڤانی باکووری کوردستان دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، بەتایبەتی کە رێگە نەدرا بە کوردی قسە بکەن. ئێوە ئەوە چۆن لێکدەدەنەوە؟**

**بوزان تەکین:** لەکاتی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکەدا مافی قسەکردن بە زمانی دایک لە سیاسەتڤانانی کورد قەدەخەکرا، نەیانهێشت دایک و خوشکی ئێمە بچنە نێو هۆڵی دادگاییکردنەکە، تەنها لەبەر ئەوەی جلوبەرگی کوردییان لەبەردابوو، بەڵام ئەوە بەلای ئێمەوە شتێکی نوێ نییە چونکە هیچ شتێک بەناوی یاسا لە تورکیادا نییە. کەسانی لیبرال و دیموکرات و چەپ و ئیسلامیش دژی ئەو دادگاییکردنەن، دەوڵەتی تورک هەڵەیەکی زۆر گەورەی کرد بەگرتنی ئەوانە و رێگرتن بە قسەکردن بە زمانی خۆیان. ئەوە دژی هەموو کوردە لەهەر چوار پارچەی کوردستان. تورکیا بەقەدەخەکردنی ئاخاوتن بە زمانی دایک لەو چەند زیندانییە بێ رێزی بەرامبەر هەموو ئەو مرۆڤانە کرد کە لە دەرەوەی دادگا و تورکیاش دەژین و بەم زمانە قسە دەکەن، پێویستە کورد بەرامبەر ئەو بێ رێزییەی تورکیا بێدەنگ نەبێ.

### "کردەوەی فیدایی بەرامبەر گەلەکەت حەرامە"

**رووداو: بەپێی ئەو بەڵگەنامە ئەمریکیانەی لە ماڵپەڕی (ویکیلیکس)دا بڵاوکرانەوە، هێزەکانی ئەمریکا زۆر بە نەرمی مامەڵەیان لەگەڵ گرووپێکی ئێوە کردووە لە فەلوجە و، لەبەرئەوەی ئێوەیان وەک "شەڕوانانی ئازادی" بەناوکردووە لەچەند نووسراوێکیاندا، تورکیا ئێستا رەخنە لە حکومەتی ئەمریکا دەگرێ لەسەر ئەوە. ئێوە ئەوە چۆن لێکدەدەنەوە، هەستدەکەن هاوسۆزییەک لەناو ئیدارەی ئەمریکادا هەبووبێ و ئێستاش هەبێ بەرامبەر ئێوە؟**

**بۆزان تەکین:** من ئاگاداری ئەو بەڵگەنامانە نیم کە بڵاکراونەتەوە، بەڵام ئەوە راستییە و دەیسەلمێنێ کە ئێمە شەڕوانانی ئازادین و هیچ کەسێک ناتوانێ خۆی لەو راستییە لابدات، پێویستە ئەمریکا بەو شێوەیە لە ئێمە بڕوانێ و واز لەو بیروبۆچوونە هەڵانە بێنێ کە PKKی وەک گرووپێکی تیرۆریست دەناساند، چونکە گەلی کورد بەوە دڵخۆش نابێ، ئەگەر شتێکی وا هەبووبێ جێگەی دڵخۆشی گەلەکەمان و ئێمەش دەبێ. دڵخۆشی ئێمە لەوەدەبێ کە ئەمریکا هەڵەیەکی خۆی راستکردووەتەوە. هەرچەندە ئێمە نە بەقسەی ئەوان بووینە تیرۆریست نە بە قسەی هەندێک کەسیش بووینەتە شەڕوانانی ئازادی، ئێمە شەڕوانانی ئازادی گەلی خۆمانین.

**رووداو : لەو ماوەیەدا خۆکوژێکی سەر بە ئەنسارولئیسلام کە لەناوچەی سەرسنووری ئێرانەوە دەریازی ناوچەی قەڵادزێ بوو خۆی تەقاندەوە، هەروەها جموجۆڵی ئەوگرووپە لە ناوچە سنوورییەکان بینراوە. ئێوە هەمیشە دەتانگوت ئەگەر ئێوە نەبن ئەو ناوچەیە لەلایەن گرووپە ئیسلامییە چەکدارە توندڕەوەکانەوە سوودی لێدەبینرێ. چۆن بوو ئەو خۆکوژە توانی دەربازی ناوچەی قەڵادزێ بێت؟**

**بۆزان تەکین:** بێگومان خەڵکانێک هەن دەیانەوێ گەلی کورد بەگشتی لەنائارامیدا بژیت، دووژمنانی گەلی کورد ئێستا لەهەموو کات زیاتر لەهەوڵداندان بۆ دروستکردنی نائارامی لەبەشەکانی کوردستان، یەکێک لەو کارانەش هەوڵە خۆکوژییەکەی قەڵادزێ بوو، دیارە دووژمن دەیەوێ جارێکی دیکەش سیاسەتی کوشتنی کورد بەدەستی کورد دروستبکاتەوە، ئێمە بەو کەسانە دەڵێین کاتێک دەخوازن کارێکی فیدایی بکەن با لەبەرامبەر هاونیشتمانیانی خۆیان نەبێ، پێویستە لەهەمبەر دووژمنی گەلی کوردبێت جا لەژێر هەر ناێکەوە بێت ئیسلامی یان شتێکی دیکە، هێرشی بەوشێوەیە بەرامبەر گەلەکەت بکەی حەرامە. ئێمە سەت لە سەت دڵنیاین ئەو کەسە لە هەرێمی ئێمەوە دەرباز نەبووە بۆ ئەو ناوچەیە، بەڵکو لەشوێنێکی دیکەوە داخیلی ناوچەی قەڵادزێ بووە، ئێمە هیچ کات رێگە بەشتێک نادەین لێرە دەربازببێ کە زیان بە گەلی ئێمە لەباشوور بگەیێنێ.

**رووداو: ئەگەر ئێوە گرووپی چەکدارانی ئەنسارولئیسلام لە ناوچە سنوورییەکان ببینن هەڵوێستان چ دەبێ بەرامبەریان. دەیانگرن؟**

**بۆزان تەکین:** باوەڕناکەم ئەو شوێنانەی ئێمە تێیداین، ئەوان بۆ مەرامەکانی خۆیان بەکاری بێنن، چونکە ئەوان باش ئێمە دەناسن، بۆیە گەلی خۆمان لەباشوور دڵنیا دەکەینەوە هەر لایەنێک یان هەر گرووپێک بیەوێ زیان بە ئارامی باشووری کوردستان یان گەلی ئێمە لە هەر پارچەیەکی کوردستان بگەیێنێ بەهەر نرخێک بێت رووبەڕوویان دەوستینەوە جا چ دەبێ با ببێ، ئێمە هاوکاری هیچ کوردێک ناکەین کە خزمەتی دوژمنی کورد بکات، ئەو جۆرە کەسانە لەروانگەی ئێمەوە خیانەتکارن و سزای خیانەتکار چ بێت بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین.

## ئەو خۆکوژەی لە ناوچەی قەڵادزێ خۆی تەقاندەوە بە ناوچەی ئێمەدا دەرباز نەبووە

## دەمانویست ئاگربەستێک تاوەکو هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوو رابگەیێنین بەڵام زانیمان تورکیا نیازی باش نییە



### بۆزان تەکین

- ساڵی 1962 لە شاری رووحا (ئۆرفا)ی باکووری کوردستان لەدایکبووە.
- لە 1978دا پەیوەندی بە رێکخستنەکانی PKK وە کردووە.
- ساڵی 1980 لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە گیراوەو 20 ساڵ لە گرتووخانەدا بووە.
- دوای ماوەیەکی کورت لە ئازادبوونی روو دەکاتە شاخ.

# کاروباری سیاسی

شیعە و کورد دەستپێشخەرییەکەی شای سعودیە ڕەتدەکەنەوە



ڕووداو- ڕۆیتەرز

هاوپەیمانی نیشتمانی کە لە هەردوو لیستی سەرەکی شیعە (دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافی نیشتمانی) پێکهاتووە کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات، لە بەیاننامەیەکدا سەبارەت بە داوەتکردنی سەرکردەی لیستە عێراقییەکان بۆ سعودیە لە پاش کۆتایی هاتنی حەج، ڕایگەیاند" لەگەڵ ئەوەی ئێمە سوپاسی نیگەرانییەکانی سعودیە دەکەین دەربارەی بارودۆخی عێراق و ئامادەییان بۆ یارمەتیدان، بەڵام ئێمە دەمانەوێ دووپاتی بکەینەوە کە سەرکردەکانی عێراق بەردەوامن لەکۆبوونەوەکانیان بۆ گەیشتن بەچارەسەرێک". بەپێی قسەی حەسەن سونەیەدیش کە بەرپرسێکی باڵای هاوپەیمانییەکەیە، هاوپەیمانی کوردستانیش پشتیوانی ئەو بەیاننامەیان کردووە.



# پسپۆڕانی ڕۆژئاوایی: هەلێک بۆ کورد ڕەخساوە مەرجەکانی بەسەر ئەمریکادا بسەپێنێ

## ستیڤن وۆڵف، پرۆفیسۆر لە زانکۆی بێرمینگهام: پێویستە کورد گوشار بخاتە سەر ئەمریکا بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری لەکاتی خۆیدا

هاوار عەبدولڕەزاق
ڕووداو-هەولێر

لەکاتێکدا کورد بوونەتە یاریکەری یەکلاکەرەوە لە هاوکێشە و تەنگژەی سیاسی ئێستای عێراقدا، پسپۆڕانی ڕۆژئاوایی پێیانوایە ئێستا باشترین هەلە بۆ کورد تاوەکو مەرج و داخوازییەکانی خۆی لەسەر ئیدارەی ئەمریکی بسەپێنێ کە خوازیارە هەرچی زووترە حکومەتی نوێی عێراقی فرە لایەن پێکبێنێ.

ڕۆژنامەی (لۆس ئەنجلس تایمز)، هەفتەی ڕابردوو بڵاویکردەوە، کە جۆ بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکا داوای لە کورد کردووە "پەلە نەکەن" لە پشتیوانیکردنی نوری مالیکی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ ، بەمەبەستی دروستکردنی حکومەتێک کە لایەنەکانی دیکەش تێیدا بەشداربن.

ڕۆژنامەکە ئاماژە بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی ئەمریکییەکان دەکات کە حکومەتێکی پێکهاتوو لە ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا و ڕەوتی سەدر، بەبێ بەشدارییەکی کارای عەرەبی سوننە لە بەرژەوەندی ئێراندا دەشکێتەوە، بۆیە ئیدارەی ئەمریکا گوشار دەخاتە سەر لایەنی کوردی تاوەکو نەبێتە بەشێک لەو هاوپەیمانییەو بەپێچەوانەوە کار بۆ هێنانە ئارای حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانیی بکات بە بەشداریی هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی شیعە، سوننە و کورد. بەرپرسێکی ئەمریکی کە نەیویستوە ناوی ئاشکرا بکرێ، بە (لۆس ئەنجلس تایمز)ی ڕاگەیاندووە "باشترە کورد دەستنیشانکردنێکی ڕاست و دروست بکەن، لەوەی بەپەلە بڕیار بدەن".

ستیڤن وۆڵف پرۆفیسۆر لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بێرمینگهامی بەریتانی، لەو بڕوایەدایە کە ئێستا هەلەکە بۆ کورد لەبارە سیاسەتێکی زیرەکانە لەگەڵ ئەمریکا بکات، ئەویش گوشارخستنە سەر ئیدارەی ئەمریکایە بۆ دوانەخستنی سەرژمێریی دانیشتووان کە بڕیارە لە 2010/12/5 دا بەڕێوەبچێت. ئەو پرۆفیسۆرە لە وەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو)دا دەڵێ "ستراتیژییەکی گونجاو لەبەرامبەر ئەمریکییەکان ئەوەیە گوشاریان بخەنە سەر بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری لەکاتی خۆیدا، ئەمە چانسێکی ڕاستەقینە دەداتە کورد بۆ دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکییەکان، هەروەها هەنگاوێکی گرنگیشە بەرەو جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور".

مارینا ئۆتەوەی، بەڕێوەبەری بەشی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەسەنتەری کارینگی بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی، هۆشداری دەداتە کورد کە پشتیوانی حکوومەتێک نەکەن سوننەی تێدا نەبێت، لەوبارەوە بۆ (ڕووداو) گوتی "زۆر گرنگە کە کورد پشتیوانی لە هاوپەیمانێتی مالیکی- سەدر نەکات، چونکە لەوانەیە لەمەودای کورتدا چەند پۆستێکی حکومی وەربگرن، بەڵام لەمەودای دووردا هیچیان دەستناکەوێ و لەگەڵ ئەوەشدا عەرەبی سوننە لەخۆیان تووڕە دەکەن".

ستیڤن وۆڵف ئاماژە بە ترسی کورد دەکات لەوەی کە ڕەنگە لەحکومەتی هاوبەشی نیشتمانیدا بە بەشداریی کارای سوننە تەنیا ببنە هاوپەیمانێکی بچووکی نێو حکومەتی داهاتووی عێراق کە ئەوەش کاریگەری لەسەر جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان دەبێت "ترسی کورد لەوەیە کە ڕەنگە لەم هاوپەیمانییە، چیدی هێندە گرنگ نەبێت و ئەمەش وا بکات هیچ لەداواکارییەکانیان جێبەجێ نەکرێت".

بەڵام دانیاڵ سێروار جێگری سەرۆکی پەیمانگای ئاشتی ئەمریکی و شارەزا لە کاروباری عێراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێیوایە کورد لەبەرامبەر بەجێهێنانی ئەو داخوازییەدا کە بەتەنیا خواستی ئەمریکییەکان نییەو بگرە داوای تورکیاو وڵاتانی عەرەبیشە، باشترە کورد داوا لە واشنتن بکات، هێزەکانی خۆی جارێ لەو ناوچانە نەکێشێتەوە کە ناکۆکییان لەسەرە. لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کورد دەتوانێ داوا لە لایەنی ئەمریکی بکات کە لەمەسەلەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ڕۆڵێکی چالاکتر بگێڕێ، داوایان لێبکەن کە هێزەکانیان لەو ناوچانەی باکووری عێراق نەکێشنەوە هەتا چارەسەرێکی گونجاویان بۆ دەدۆزرێتەوە".

# دەستپێشخەرییەکی بە مردوویی لەدایکبوو



هیوا مەحمود عوسمان

دەستپێشخەرییەکەی شای سعوودیە بۆ کۆبوونەوەی لیستە عێراقییەکان لەریاز لە دوای حەج، کۆمەڵێک پرسیار دێنێتە ئاراوە و چەندین زەنگی مەترسیداریش لێدەدات لەبارەی داهاتووی عێراق. هەروەها وەبیرهێنانەوەیەکە بۆ ئەو مەترسییە ڕاستەقینانەی کە لە بەردەم عێراقی نوێ دان.

ڕۆژی شەممە، 30ی تشرینی یەکەمی 2010، لەوکاتەی لیستە جیاجیاکانی عێراق لە خۆئامادەکردندا بوون بۆ کۆبوونەوە لە هەولێر و بەغدا بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ قەیرانی پێکهێنانی حکوومەت، شا عەبدوڵڵای سعوودیە بانگهێشتی سەرۆک تاڵەبانی و سەرکردەکانی دیکەی عێراقی کرد کە لە دوای جەژنی قوربان لە ریاز کۆببنەوە.

جێگەی سەرنج و سەرسوڕمان ئەوەیە کە وڵاتێک کە قەت هەڵبژاردنی بەخۆیەوە نەبینیووە و ڕێگە بەبوونی هیچ شیعەیەک نادات، یاخود هیچ کەمینەیەکی نییە یان دانی پێدانانێت، هەوڵدەدات کێشەکانی ئەزموونێکی دیموکراسی نوێ چارەسەر بکات کە دانیشتووەکەی زۆرینەی شیعەیە و ژمارەیەکی زۆری کورد و تورکمان و کلد و ئاشووری تێدایە.

شێوازی پێشکەشکردنی پێشنیازەکە، دەیسەلمێنێ کە سعوودییەکان هیچ زانیارییەکیان لەبارەی عێراقی نوێ نییە و بەهیچ شێوەیەکیش مەبەستیان چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتەکە نییە.

پێشنیازەکە بەناو ئاماژە بە سەرۆک تاڵەبانی دەکات لەگەڵ "سەرجەم پارتەکانی دیکە کە بەشداریان لە هەڵبژاردندا کردووە"، هەر بەوشێوەیەی کە کێشەکە لەنێوان سەرۆک تاڵەبانی و پارتەکانی دیکەدابێ، یاخود کێشەکە لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار بێت یان لەنێوان کورد و عەرەبدابێ. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە ناکۆکییەکە لە نێوان عەرەبەکاندایە. ڕۆژێک لە نێوان شیعەکاندایە، ڕۆژێکی دیکە لە نێوان سوننەکاندایە و ڕۆژێکی دیکەش لەنێوان شیعە و سوننەدایە.

بەوەی لە پێگەیەکی بێ لایەندان، کورد خەریکی ڕێگە خۆشکردن بوون بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە. زۆر لە عێراقییەکان پێیانوایە کە ئەم پێشنیازەی سعودیە هەوڵێک بوو بۆ ڕێگەگرتن لەو هەوڵە و هەروەها بۆ فراوانکردنی بۆشاییەکەی نێوان کورد و عەرەبی عێراق بوو لەلایەک و لەلایەکەی دیکەش بۆ قووڵکردنی ناکۆکییەکانی نێوان شیعە و سوننە بوو. سروشتی سیاسی سعوودیە نایکاتە لایەنێکی گونجاو بۆ نێوبژیوانیکردن لە عێراق، یاخود تێگەیشتن لە وردەکاری شوێنەکە.

هەڵوێستی هەمیشەیی ئەوان، هەڵوێستێکی دژە شیعەیە. لەوەتەی نوری مالیکی، کە شیعەیە، بووەتە سەرۆک وەزیرانی عێراق، تەنیا یەک جاریش بۆ سعوودیە بانگهێشت نەکراوە، باشە چۆن سعوودیە دەتوانێ بەیەک شەو ببێتە نابژیوانی شیعە و سوننەکان؟ کاردانەوەی عێراقییەکان بەرامبەر بەو بانگهێشتە ئەو هەستانەی سەلماند. شیعە و کورد ڕەتیانکردەوە و سوننەکانیش پێشوازیان لێکرد.

ناوە ناوە عێراقییەکان گوێبیستی قسەی ناشرینن کە لەلایەن وتاربێژانی سعوودییەوە بەرامبەر بەسومبولەکانی شیعە دەکرێن، وەکو ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی و بیروباوەڕی شیعە لەنێو مزگەوتەکانی سعوودیە و لەسەر کەناڵە ئاسمانییەکانەوە کە لەلایەن سعوودیەوە پشتیوانی دەکرێت. زۆرینەی عێراقییەکان پێیانوایە کۆتایی هێنان بەم کردەوانە هەڵوێستێکی باشترە پێش ئەوەی یارمەتیدەربن لەپێکهێنانی حکوومەت.

بەپێچەوانەی ئەوەی ڕایدەگەیێنن کە دەستپێشخەرییەکەیان بۆ هەموو عێراقییەکانە بەمەبەستی پێکهێنانی حکوومەت. باشتربوو سعوودییەکان ڕاشکاوانەتر بوونایە و ڕاستگۆتر بوونایە، بەوەی نیگەرانی خۆیان دەربڕیبووایە دەربارەی پێگەی عەرەبی سوننە. هەروەها ئەوان دەیانتوانی کراوەتر بوونایە لەدەربڕینی نیگەرانییەکانیان دەربارەی کاریگەری و دەستتێوەردانی ئێران لە عێراق.

سەرەڕای ئەوەی دەستپێشخەرییەکە دەتوانرا باشتر ئامادە بکرایە، بەڵام ئێستاکە پێدەچێت کە ئەوان هەلی چوونی لیستی عێراقییەیان بۆ نێو حکوومەتی داهاتوو کەمتر کردەوە. ئەوان بوونە هۆی نزیکبوونەوەی شیعە و کورد و فراوانکردنی ڕۆڵی ئێران لە عێراق.

ئەگەر سبەینێ مەحموود ئەحمەدینەژاد کە لەڕابردوودا سەردانی عێراقی نوێی کردووە، دەستپێشخەرییەکی وەک ئەوەی شا عەبدوڵڵا، کە هێشتا باڵیۆزیشی لەعێراق نییە، ڕاگەیاند، بێگومان ژمارەیەکی زۆرتری عێراقی، بە سوننەکانیشەوە ، بەشداری لە کۆبوونەوەکەی تاران دەکەن لەوەی بەشداری لەکۆبوونەوەی ریاز بکەن، بەڵام ئەو بەئاشکرا شتی واناکات، لەبەرئەوەی پێدەچێت ئەو شارەزایی دەربارەی عێراقی نوێ زیاتربێت لە سعوودییەکان.

حەوت مانگی ڕابردوو ئەوەی سەلماندووە کە هەر دەستتێوەردانێک لە پێکهێنانی حکوومەتدا، تەنیا بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات.

کاتێک عێراقییەکان ڕوویان کردە سندوقی دەنگدان بۆ دیاریکردنی حکوومەتی نوێ، ئەوان ئەو کارەیان کرد بەو تێگەیشتنەی کە تەنیا عێراقییەکان بۆیان هەیە حکوومەتی نوێ پێکبێنن و تاکە شوێنیش کە ئەو حکوومەتەی لێ پێکبێت عێراقە. بلۆکە سیاسییەکانیش بەرپرسیارن لەوەی کە ئەم کارە ئەنجام بدرێت.

hiwaosman@yahoo.com
twitter: hiwaosman
facebook: hiwa osman

## سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان:

# هێڵە سوورە نەتەوەییەکان دادەنێین

### نەخشە ڕێگە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دادەنێین

### هیچ کام لە وڵاتانی دەوروبەر لەگەڵ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد نین



ڕووداو-هەولێر

سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ڕایگەیاند بەنیازی سازدانی کۆبوونەوەیەکن بۆ داڕشتنی نەخشە ڕێگەیەک بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، کە هەوڵدەدرێ لە داهاتوودا ببەسترێ و گوتی "بۆ ئەو مەبەستە قسە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان دەکەین".

ڕۆژی 2010/10/24 یەکێتی پەرمانتارانی کوردستان دەستیکرد بە هەنگاونان بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەکی لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و، لە بناری قەندیل لەگەڵ موراد قەرەیلانی سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری پارتی کرێکارانی کوردستان PKK و سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان KCKدانیشتن.

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە 17ی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە، ئێستا 500 ئەندامی هەیە. کە چەند پەرلەمانتارێکی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ئەندامن لەو یەکێتییە.

نیعمەت عەبدوڵڵا، ئەندامی خوولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان سەبارەت بە دانیشتنەکەیان لەگەڵ قەرەیلان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە جگە لە مەسەلەی درێژکردنەوەی ئاگربەست و تاوتوێکردنی مەسەلە گشتییەکان، مەبەستی سەرەکی سەردانەکە بەشێک بووە لە ئامادەکاری بۆ بەستی کۆبوونەوەیەکی لایەنە سیاسییەکان "بۆ داڕشتنی نەخشەی ڕێگە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد".

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان پێشنیازیان بۆ PKK کردووە، دوای تەواوبوونی ئاگربەست ڕاینەگەیێنن، کە ئەوان شەڕیان دەستپێکردووەتەوە "ئەوان ئەو پێشنیازەیان پێ زۆر گرنگ بوو، بەڵێنیان دا کە دوای ئاگربەست تەنیا بەرگری بکەن".باسی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابدوو، لە سێ ساڵی ڕابردوودا ئەو باسە گەرم بووەوە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام تائێستا کۆنگرەی نەتەوەیی هەر پرۆژەی بێ کردەوەیە. بە بۆچوونی سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان جگە لە هێزە سیاسییە کوردستانییەکان، پیلانگێڕی وڵاتانی دەوروبەریش هۆکاری نەبەستنی ئەو کۆنگرەیەن.

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان نەخشە ڕێگەکە لە کۆبوونەوەکەیاندا بۆ لایەنە سیاسییەکان دایدەڕێژن. وەک نیعمەت عەبدوڵڵا گوتی "لەو کۆبوونەوەیە هەوڵدەدەین متمانەیەک لەنێو هێزە سیاسییەکانی کوردستان دروستبکەین و ئەو کۆسپ و تەگەرانە نەهێڵین کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم بەستنی کۆنگرە، هەروەها هێڵە سوورە نەتەوەییەکان دادەنێین، مەبەست لە هێڵی سووریش ئەوەیە کە چوار پارچەکەی کوردستان کارێک نەکەن بە زیانی یەکتری تەواو ببێ".

سەبارەت بە کاتی کۆبوونەوەکەش، سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان گوتی "جارێ کاتی کۆبوونەوەکە دیار نییە، ئێستا سەردانی لایەنە سیاسییەکان دەکەین، سەردانی PKKمان کردووە، هەروەها لە ڕێگەی ئەندامانی ئەو حیزبە سیاسییانەی ئەندامیان هەیە لە یەکێتی پەرلەمانتاران، لایەنەکانمان ئاگادارکردووەتەوە، بەنیازین لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دابنیشین".

نیعمەت عەبدوڵڵا ، کە لەگەڵ کەریم بەحری جێگریدا سەردانی قەرەیلانی کرد ، ڕەتیکردەوە کە سەردانەکەیان بۆ قەندیل لەسەر داواکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان یان تورکیا یان لایەنێکی سیاسی بووبێ و گوتی "ئێمە ڕێکخراوێکی سەربەخۆین و بە قسەی لایەنێک کار ناکەین، بەڵکو بە ئەرکی نەتەوەییمان زانی ئەو کارە بکەین".

سەبارەت بە بەشداریکردنی PKKەش لە کۆبوونەوەکەدا، ناوبراو گوتی "بەڵێ نوێنەری PKKەش لە کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکاندا بەشدار دەبێ، بەڵام مەرج نییە ئەوانەی بەشداری کۆبوونەوەکە دەکەن لە ئاستی باڵادا بن و دەکرێ لە ئاستی پەیوەندییەکانیشدا بن". لەبارەی بۆچوونی PKKەش گوتی "ئەوان بەردەوام قسەی دووەمیان بەستنی کۆنگرەیە، دیارە ئەوان مەبەستی خۆیان هەیە، هاوئاهەنگییەکی کوردی بۆ مەسەلەی باکوور بۆ پشتگیری خۆیان و دواتریش مەسەلەی نەتەوەیی پەیدا بکەن".

ئەحمەد تورک، سیاسەتمەداری ناسراوی باکووری کوردستان و سەرۆکی کۆما جڤاکێن دیموکراتی KCD ، لە دوا سەردانیدا بۆ باشووری کوردستان گوتی لەوانەیە سەرەتای ساڵی داهاتوو کۆنگرەی نەتەوەیی ببەسترێ. بەڵام نیعمەت عەبدوڵڵا دەڵێت هیچ کام لەو وڵاتانەی کوردیان تێدایە لەگەڵ بەستنی ئەو کۆنگرەیەدا نین، بۆیەش نەتوانراوە تاوەکو ئێستا ببەسترێ.

سەید عەزیم حوسێنی، کونسولی گشتیی ئێران لە هەولێر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) کە دوو ژمارە پێشتر بڵاوکرایەوە، لەبارەی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییەوە هوشداریدا کە"بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بەڵێنیان بە ئێمە داوە، خاکی کوردستان دژ بە ئێران بەکارنەهێنرێ، بۆیە ئەگەر کەسێک بیەوێ لەکوردستان دژ بە ئێران کۆببێتەوە گوتوومانە ئەوە لەچوارچێوەی دراوسێیەتی دەچێتە دەرەوە".

سەبارەت بە قسەکردن لەگەڵ کونسولی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان لەسەر بەستنی ئەو کۆنگرەیە، نیعمەت عەبدوڵڵا گوتی "گرفتەکە لەوەدایە زۆرجار دەتەوێ قسە لەسەر مەسەلەیەک بکەی، بەڵام خەڵکانێک دەیانەوێ کۆنترۆڵی بکەن و دەڵێن ئەوە ئیشی سەرکردایەتییە یان فڵان حیزبە قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکات، بەڵام ئەوە مەسەلەیەکی نەتەوەییە دەبێ هەموو لایەنەکان قسەی تێدا بکەین". گوتیشی "لە ئایندەدا سەردانی کونسولخانەکانیش دەکەین و مەبەستی کۆنگرەیان بۆ ڕووندەکەینەوەو پێیاندەڵێین ئەو مەبەستەمان نییە وڵاتانی دەوروبەر لێمان بترسن، ئێمە وەکو نەتەوەیەک دەمانەوێ نێوماڵی خۆمان ڕێکبخەین".



کامەران قەرەداخی*

karadaghi@gmail.com

# داوا لە کوردی "برا بچووک" دەکرێ ڕۆڵی "برا گەورە" بگێڕێ

## کاتی ئەوە هاتووە کە لایەنی کورد داوای بەرامبەرێکی گونجاو بکات لە بەرامبەر ئەو ڕۆڵەی

لەهەر چوارلاوە گوشار دەخرێتە سەر لایەنی کوردی بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە تەنگەبەر دەربازبکرێ پاش شکستی لایەنەکانی لەسەر پێکهێنانی حکومەتێک ئەگەرچی پتر لە حەوت مانگ بەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا تێپەڕیوە. ئەمە یەکێکە لە سەیروسەمەرەترین پارادۆکسەکانی عێراقی نوێ کە داوا لە کوردی "برا بچووک" دەکرێ ڕۆڵی "برا گەورە" بگێڕێ.

لەلایەک ئەمریکا و ئێران و تورکیا و هەندێ وڵاتی عەرەبی قسەڕۆیشتوو لەنێو عێراق کە ئەجێنداکانیان هاوجووتە یانیش یەکدیبڕە، بەگوێرەی ئەو بەرژەوەندییانەی بژارەکانیان بەسەریاندا دەیسەپێنن. لەلایەکی دیکەشەوە کە ئەمەیان ئاریشە گەورەکەیە، برا عێراقییەکان کە ناکۆکییە ئەختەبووتییەکانیان ڕێگە لەڕێککەوتنیان دەگرێ: ناکۆکی شیعی- سوننی ، شیعی- شیعی و سوننی- سوننی. هەر لەو چوارچێوەیەشدا بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتەکان بەریەک دەکەون، ئەوە سەرباری هەڵوێستی لێک جیاوازیان بەرامبەر لایەنی کوردی بەو سیفەتەی لێرەدا "برا بچووک"ە! هەڵوێستێک کە مامەڵەی دۆستانەو تێگەیشتوو لە کورد دیاریدەکات، کە ئەمەیان کەمە، یانیش پێچەوانەکەی، واتە هەڵوێستێک کە لە ڕق و کینەی ڕەگداکوتاوەوە سەرچاوەی گرتووەو هەندێجار بەئاشکرا دەردەبڕدرێ و هەندێ جاریش بەهۆی هەندێک ئیعتیبار کە دۆخەکە سەپاندوویەتی بەژێر لێوەوە دەگوترێ، کە ئەمەیان زۆرترە. بەڵام جەوهەرەکە ئەوەیە کە هەمووان لایەنی کوردی بەرەوڕووی گوشاری زیاتر دەکەنەوە.

پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی لە عێراقی نوێ دا، هەرکاتێک پرۆسەی سیاسی گەیشتە ڕێگایەکی داخراو، داوا لەلایەنی کوردی دەکرێ ڕۆڵی "برا گەورە" بگێڕێ و هەر کە کارەکەش بەجێهات پشتی تێدەکرێ و بەبیری دەهێنرێتەوە کە ئەو "برا بچووک"ەو دەبێ سنووری خۆی بزانێ؟

بەشبەحاڵی خۆم، بەحوکمی پۆستە فەرمییەکەم لە نووسینگەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی لەنێوان ساڵانی 2005 ـ 2007، شاهیدی زیاد لە حاڵەتێکی لەم جۆرەم. لەسەروەختی داڕشتنی دەستووردا لەساڵی 2005، زۆر لایەنی پەیوەندیداری نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و بێگومان عێراقیش، داوایان لەلایەنی کوردی دەکرد بەوپێیەی تاکە لایەنی یەکگرتوو بوو، کە "گەورە" بێت و هەندێ فۆرمولە و داڕێژراوی دیاریکراو قبووڵ بکات و ڕۆڵەکە بەجۆرێک بگێڕێ کە لایەنە دەمارگیرەکان پێی ڕازیبن، لەبەرامبەریشدا هەندێ لە داواکارییەکانی جێبەجێ بکرێن، بەڵام هەر کە قەیرانەکە تێپەڕی. دواتر تەنانەت هەندێ لە نزیکترین هاوپەیمانەکانیشی خۆیان لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان بۆ "برا بچووک" بەبیانووی جۆراوجۆر دەدزیەوە. ئەمە لە پێکهێنانی ئەو حکومەتەشدا دووبارە بووەوە کە بەپێی دەستووری نوێ لە هەڵبژاردنەکانی 2006 کەوتەوە، دواتر لە دابەشکردنی پۆستەکان و هەروەها لەچەندین بۆنەی دیکەی هاوشێوەدا. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە لایەنی کوردی داوای بەها و بەرامبەرێکی گونجاو بکات لە بەرامبەر ئەو ڕۆڵەی.

ئایا لایەنی کوردی لەنێو ماڵی خۆیدا هیچ ناکۆکی و کێشەیەکی نییە تا پشتگوێی بخات و خۆی بۆ چارەسەری کێشەی خەڵکانی دیکە تەرخان بکات؟ بێگومان بەڵێ. نەخشەی سیاسی هەرێمی کوردستان لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دووجاران ئەوەی بەدیارخست. جارێک لەهەڵبژاردنی پارێزگاکاندا و جاری دووەمیش لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەم دواییە. بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئەوەی ئاماژەمان پێکرد ڕێگەی لە لایەنە کوردییەکان نەگرت لەنێو خۆیاندا بگەنە ڕێککەوتن کاتێک مەسەلەکە گەیشتە هەندێ هەڵوێستی ئەوتۆ کە پەیوەندییان بەکوردەوە هەبوو وەک قەوارەیەکی خودان دوو بەرژەوەندی تەریب و هاوسەنگ: بەرژەوەندی نیشتمانی کوردی و بەرژەوەندی نیشتمانی عێراقی. جگە لەوەش کورد تەماشایان کرد دونیا سەرەوبن نابێ ئەگەر حکومەتێک هەبێت نوێنەرایەتی زۆرینە بکات و ئۆپۆزیسیۆنێکیش هەبێ نوێنەرایەتی کەمینە بکات لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا. بەم شێوەیەش حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن توانییان بگەنە ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی ئیئتیلافێک کە هەردوولا لەخۆبگرێ لەپێناو یەکخستنی هەڵوێست لەهەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەت لەبەغدا.

دەتوانین بێ هیچ زیادەڕۆییەک بڵێین لایەنی کوردی تاوەکو ئێستا لەو هەڵوێستە ڕاگەیێندراوە لانەداوە کە کورد بەشێکن لەچارەسەر نەوەک کێشەکە. ئەوان پێداگیربوون لەسەر گێڕانی ڕۆڵی یاریزانێکی میانگیر لەنێوان قەوارە سیاسییە براوەکانی هەڵبژاردندا بەشێوەیەک کە نوێنەرایەتی پێکهاتە سەرەکییەکان زامن بکات. ئەوە لەکاتێکدا کە ئەگەر کورد هەڵوێستێکی خۆپەرستانەیان وەرگرتبایە (وەک ئەوەی زۆر لە "برایان"ی عەرەب کوردی پێ تۆمەتبار دەکەن) دەیانتوانی قورسایی خۆیان بخەنە لای یەکێک لە لایەنەکانی ململانێی بەدەستهێنانی دەسەڵات لەسەر حیسابی لایەنەکەی دیکە بەوپێیەی هەریەک لەوان پێویستی بە دەنگی کوردە بۆ مسۆگەرکردنی زۆرینەی پێویست لەنێو پەرلەماندا. خۆ هەتا لایەنە پێکهێنەرەکانی حکومەت کەمترین نوێنەرایەتی کورد زیاتر دەبێت و تا زیاتریش بن نوێنەرایەتیان کەمتر دەبێتەوە.

بەم جۆرە کورد بەهۆی ئەو بارە قورسەی خراوەتە سەر شانیان خۆیان لە دۆخێکدا دەبیننەوە کە مایەی حەسودی پێ بردن نییە. دیارە هۆکار و فاکتەر و بارودۆخی زۆر هەن کە کوردی عێراق ناچار دەکەن لەجیاتی دووژمنکاری خەریکی دروستکردنی پەیوەندیی دۆستانە بن، هەر ئەوەش فێری کردوون لەسەر حەبلی بەرز گەمە بکەن نەک هەر لەسەر ئاستی عێراق بەتەنیا، بەڵکو لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش. لەم ڕووەوە تەنیا نموونەی ئەو هەوڵ و تەقەلایە بەسە کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا دایان تاوەکو تورکیای دراوسێیان وا لێکرد لەخانەی دووژمنەوە بێتە خانەی دۆستەوە. لەگەڵ توندبوونەوەی قەیرانی پێکهێنانی حکومەتیشدا دڵەڕاوکێی ئەو لایەنە دەرەکیانەش زیادی کرد کە خۆیان بە پەیوەندیداری پرسی عێراق دەزانن، هەر لایەک بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی کە تەبا یان ناتەبایە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەوانی دیکە. بێگومان پێویست ناکات لێکدانەوە بۆ ئەو هەڵوێست و بەرژەوەندییانە بکەین مادام زۆر ئاشکران و خاوەنەکانیان بەئاشکرا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، یان لەکاتی سەردانیاندا بۆ عێراق و یانیش لەکاتی پێشوازییاندا لەمیوانانی عێراقی باسیدەکەن.

لەبەر ئەم هۆیانەیە کە هەموو لایەنەکان وەکو دۆست و وەک تاکە بێلایەن مامەڵە لەگەڵ کورد دەکەن. لایەنێک کە دەتوانن داوای یارمەتی لێبکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو لە گۆشەنیگای هەموو لایەنەکانەوە. ئەم سیفەتەش لە لایەنە عێراقییەکانی دیکەدا نییە کە سروشتی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەم یان ئەو لایەنی دەرەکی جیاوازە. دۆخێکی زەحمەتە ئەمەی برا بچووکی کورد خۆی تێدا دەبینێتەوە کاتێک داوای لێدەکرێ لە هاوکێشەی فرەئاڵۆزەکەی عێراقدا ڕۆڵی برا گەورە بگێڕێ. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ئیدی چاوەکان لەسەر هەولێر دەبن نەوەک بەغدا.

بەڵام ڕۆڵێکیشە، پێدەچێ کورد ناچاربن بیگێڕن، پێیان خۆش بێت یان نا. گرنگ لەوەدا ئەوەیە کە بتوانن ئەم ڕۆڵە بەجۆرێک بگێڕن زامنی بەدیهێنانی بەرژەوەندی عێراق بکات بەبێ زیان گەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی کورد، بگرە بەپێچەوانەوە پێویستە بەبێ شەرم کار بۆ پایەدارکردن و جێگیرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن. چونکە دواجار دەبێ نرخ و بەهایەک هەبێت لەبەرامبەر ئەو بارە قورسەی دەیخەنە سەرشانی برا بچووک کاتێک داوای لێدەکەن ڕۆڵی برا گەورە بگێڕێ.

***کامەران قەرەداخی، ئەم گۆشەیە بە عەرەبی لە ڕۆژانی یەکشەمماندا لە ڕۆژنامەی (الحیاة)ی بەریتانیدا بڵاودەکاتەوە و ڕۆژی دواتر وەرگێڕدراوە کوردییەکەی بە ڕێککەوتن لەگەڵ نووسەر لە (ڕووداو)دا بڵاودەکرێتەوە.**



عەبدولڕەحمان سدیق *
prdcenter@yahoo.com

عێراقییە کە دەیگوت 140 ئیکسپایەر بووە، ئێستا دەڵێ دەبێ جێبەجێبکرێ

# دەستپێشخەرییەکەی شای سعودیە جێگەی دەستپێشخەرییەکەی بارزانی نەگرتەوە

## سەرکردەیەکی هاوپەیمانیی نیشتمانی شیعە : بەپیر دەستپێشخەرییەکەی بارزانییەوە دەچین، بەڵام تێبینیمان لەسەر ئەوەی شای سعودییە هەیە

## راوێژکاری لیستی عێراقییە: هەردوو دەستپێشخەرییەکە پێکەوە دەتوانن عێراق لە ئاڵۆزترین کێشەی سیاسی دوای رووخانی سەدام رزگار بکەن

هێمن بابان رەحیم
رووداو-هەولێر

هانی عاشوور، راوێژکاری لیستی عێراقییە بە (رووداو)ی راگەیاند لیستی عێراقییە هیچ رێگرییەکی بۆ هیچ داواکارییەکی کورد نییە، بەتایبەت "جێبەجێکردنی ماددەی 140 و وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و جێبەجێکردنی یاسای نەوت و غاز و بودجەی پێشمەرگە".

دیندار نەجمان دۆسکی، ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە لیستی یەکگرتووی ئیسلامی، ئاماژە بۆ "نەرمبوونی هەڵوێستەکانی لیستی عێراقییە و سەرکردەکانی لە وتویژەکانیاندا لە هەولێر" دەکات و دەڵێت "سەرکردەکانی لیستی عێراقییە لەزۆر لە بۆچوونە نێگەتیڤەکانی پێشوویان لەبارەی کوردەوە پەشیمان بوونەتەوە"، لەبارەی گرنگترین ئەو کێشانەش کە عێراقییە هەڵوێستی لەسەر نەرمکردووە، دۆسکی گوتی "بەتایبەت لە کێشەی یاسای نەوت و غاز گوتیان ئامادەین لە پەرلەماندا تێیپەڕێنین و هیچ کێشەیەکمان لەسەری نییە، هەروەها لە مەسەلەکانی دیکەی وەک دارایی و بودجەی پێشمەرگە و بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لیستی عێراقییە هەڵوێستی نەرمیان هەبوو و بەوانە رازیبوون"، لەبارەی لیستی 19 داواکارییەکەی کوردیشەوە دۆسکی دەڵێت "عێراقییە گوتیان کێشەمان لەگەڵ داواکارییەکانی کورد نییە".

دۆسکی هاتنی هەر یەک لە ساڵح موتڵەگ و ئوسامە نوجێفی، کە دوو سەرکردەی لیستی عێراقییەن و زۆرترین رەخنە و دژایەتی کورد و داواکارییەکانیان کردووە، بە"هەنگاوێکی پۆزەتیڤ و پەیامێک بۆ کورد" دەزانێ بۆ ئەوەی کە "هەڵوێستی ئەو سەرکردانە و لیستی عێراقییە بەگشتی بەرامبەر بە کورد گۆڕاوە".

داواکارییەکانی کورد لە 19 خاڵ پێکدێت، هەرچەندە تائێستا هیچ لیست و هاوپەیمانییەک بەفەرمی وەڵامی خۆی لەسەر رازیبوون و رەتکردنەوەیان بە نووسراو نەداوەتە لایەنی کوردی، بەڵام هاوپەیمانیی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی مالیکی دەستپێشخەربوو لە راگەیاندنی رازیبوونی بە "زۆرینەی داواکارییەکانی کورد"، بەڵام کورد بۆ راگەیاندنی هەڵوێست و هاوپەیمانێتی بەستنی چاوەڕوانی وەڵامی فەرمییە.



شای سعودیە لەکاتی پێشکەشکردنی ویسامی سعودیە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان

هانی عاشوور، راوێژکاری لیستی عێراقییە، لە لێدوانێکدا رایگەیاند کۆبوونەوەکانی شاندەکەی لیستی عێراقییە لەچەند رۆژی رابردوودا لەگەڵ سەرکردایەتی کورد لە هەولێر "ئەنجامی باشی هەبووە"، ئەو کۆبوونەوانەش بە یەکلاکەرەوەی "%70ی کێشەکان و چارەسەرکردنیان لەگەڵ کورد" دەزانێت و، پێیوایە "زۆربەی ناکۆکییەکانمان لەگەڵ کورد یەکلایی کردەوە"، لەبارەی ئەو %30یەش کە ماونەتەوە عاشوور لەرێگەی تەلەفۆنەوە لە شاری عەمانی پایتەختی ئوردنەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "لە کۆبوونەوەکانی چەند رۆژی داهاتوومانداا ئەوەی ماوەش چارەسەر دەکەین و بەم پێیەش لە پێکهێنانی حکومەت نزیک دەبینەوە".

راوێژکارەکەی لیستی عێراقییە لەبارەی گرنگترین ئەو خاڵانەی پێشتر تێبینیان لەسەر هەبووەو ئێستا کێشەیان لەسەر نەماوە لەگەڵ ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بریتین لەوەی "داننان بە ماددەی 140 وەک ماددەیەکی دەستووری کە پێویستە جێبەجێ بکرێت، نەبوونی هیچ رێگرییەک لەلایەن لیستی عێراقییەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار لەلایەن کوردەوە، ئەگەر تەوافوقی لەسەربکرێت، کێشەی نەوت و غاز و بودجەش هیچ ناکۆکییەکمان لەسەر نەماون". پێشتر لیستی عێراقییە لەرێگەی چەندین سەرکردەیەوە ئەوەی راگەیاندبوو کە ماددەی "140ی دەستووری عێراقی ماددەیەکی ئێکسپایەرە و کاتی بەسەرچووە و قابیلی جێبەجێکردن نییە".

بەپێی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە رەوشی وتویژەکانی شاندی کوردی لەگەڵ لیستە براوەکانی دیکەی عێراق، وا بڕیارە بەم نزیکانە کورد هەڵوێستی خۆی یەکلایی بکاتەوە لەسەر عێراقییە و هاوپەیمانی نیشتمانی، هاوکات وا بڕیاریشە بەم نزیکانە کۆبوونەوەی هەموو لایەنەکانی عێراق لەسەر دەستپێشخەریی سەرۆکی هەرێم بەڕێوەبچێت و ئەگەری هەیە "ئەو کۆبوونەوانە یەکلایی کەرەوە بن".

عیزەت شابەندەر، یەکێک لە سەرکردەکانی لە لیستی دەوڵەتی یاسا لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "هاوپەیمانی نیشتمانی و ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەم نزیکانە رێککەوتن ئیمزا دەکەن و گەیشتن بە رێککەوتنیش لەگەڵ کورد زۆری نەماوە"، هاوکات گوتیشی کە "نەرمبوونی لیستی عێراقییە راستەقینە نییە، چونکە هێشتا چەندین سەرکردەی ئەو لیستە لەناخەوە باوەڕیان بە داواکاری و مافەکانی کورد نییە".

عاشوور هاتنی ساڵح موتڵەگ و ئوسامە نوجێفی، دوو سەرسەختترین سەرکردەی عێراقییە بەرامبەر بە داواکارییەکانی کورد بە "نیاز پاکی و جیدییەتی عێراقییە لە وتوێژ و رێککەوتن لەگەڵ کورد" دەزانێت. هێمای بۆ ئەوەشکرد کە کورد "بەبێ بەشداریکردنی لیستی عێراقییە بەشداری هیچ حکومەتێک ناکات"، هاوکات ئاشکراشی کرد کە "لیستی عێراقییەش بەبێ هاوپەیمانیی نیشتمانی و لیستی دەوڵەتی یاسا، حکومەت پێکناهێنێت".

مەلیک عەبدوڵڵای شای سعودیە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەستپێشخەرییەکەی بارزانی چووەتە قۆناخی کار لەسەرکردنی، دەستپێشخەرییەکی راگەیاند، بە داوەتکردنی لیست و لاینە عێراقییەکان بۆ کۆبوونەوە لە سعودیە لەژێر سێبەری کۆمکاری عەرەبیدا دوای کۆتایی هاتنی حەج. بەپێی راپۆرتێکی ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا، پەرلەمانتاری کورد مەحموود عوسمان دەڵێ" ئێمە هیوادارین کە قەیرانەکە پێش جەژنی قوربان چارەسەر بکرێت، ئەگەر تا ئەوکات چارەسەر نەبوو، ئەوا بیر لەپێشنیازەکەی شای سعودیە دەکەینەوە".

پێشنیازەکەی شای سعودیە، دوورە لە کردەییبوونەوە، چونکە بەپێی بڕیاری دادگای فیدرالی دەبێ پەرلەمانی عێراق لە هەفتەی داهاتوودا کۆببێتەوەو سەرۆکی پەرلەمان و کۆمار هەڵبژێرێت.

بەڵام هانی عاشوور بە (رووداو)ی راگەیاند "پێشوازی لێدەکەین و بەهەنگاوێکی دەزانین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئومێدیشمان پێیە. پێکەوەبەستنی هەردوو دەستپێشخەرییەکەی بارزانی و شای سعودییە رەنگە دەروازەیەک بێت بۆ دەرچوون لە ئاڵۆزترین کێشەیەکی سیاسی کە رووبەرووی عێراق بووەتەوە پاش رووخانی سەدام".

بەڵام بەڵقیس گولی محەممەد، سەرکردە لە هاوپەیمانیی نیشتمانی، هێما بۆ ئەوە دەکات کە هێشتا بڕیاریان لەسەر دەستپێشخەرییەکەی شای سعودییە نەداوەو، بە (رووداو)ی راگەیاند "بەگشتی لەگەڵ دەستتێوەردانی نێودەوڵەتی و هەرێمی نین لە دۆخی ناوخۆی عێراق، ئێمە پێشوازی لە دەستپێشخەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین، بە پیریشییەوە دەچین، بەڵام تێبینیمان لەسەر دەستپێشخەرییەکەی شای سعودییە هەیە و رەنگە بەقەد دەستپێشخەرییەکەی بارزانی بۆ ئێمە گرنگ نەبێت".

# بەرەو دامەزراندنی ئەنجوومەنی هاوبەشی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

پاش پەسەندکردنی رێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ساڵی 2003 لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان،کە زیاتر لە 140 دەوڵەت قبوڵی کردووەو کاری پێدەکەن، عێراقیش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە چووەتە نێو رێککەوتننامەکەوە پاش ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ئابی 2007دا بەزۆرینەی دەنگ رێککەوتننامەکەی پەسەند کرد.

جا لەبەرئەوەی دەزگاو لیژنەی زۆر هەن لە عێراقدا کاری چاودێریی و لێپرسینەوە لە گەندەڵی دەکەن و، زۆر جاریش بێئاگان لەکاری یەکدی، چونکە جیا لەیەکتر کاردەکەن، بۆیە بەمەبەستی هاوئاهەنگی لەنێوان ئەو دەزگا جیاوازانەدا ئەنجوومەنێک پێکهێنرا بەنێوی (ئەنجوومەنی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی).

ئەو ئەنجوومەنە سەر بەئەنجوومەنی وەزیرانەو،بەسەرۆکایەتی ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی وەزیران و، ئەندامێتی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی و، سەرۆکی کۆمیسیۆنی نەزاهە و، نوێنەرێکی دەسەڵاتی قەزایی.

کاری ئەم ئەنجوومەنە دروستکردنی هاوئاهەنگییە لەنێوان دەزگاکانی تایبەت بە چاودێری دارایی و دانانی ستراتیژییەتێکی پێنج ساڵی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و،دانانی شێواز و رێوشوێنی گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

عێراق بۆ پێنج ساڵی نێوان 2010 هەتا 2014 ستراتیژیەتییەتێکی گونجاوی ئامادە کردووە، لەبواری چاکسازیی ئیداری و سەروەری یاساو چاککردنی خزمەتگوزاری و گەشەپێدانی شێوازی چاودێری و، بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری دەستپاکیی و نەزاهە و شەفافییەت، کەبەم کارەی دەبێتە دووەم وڵات لەپاش ئوردن، کەستراتیژییەتێکی گونجاوی لەگەڵ پێوەرەکانی نەتەوە یەککرتووەکاندا دانابێت.

ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا دەتوانین ئەم ئەنجوومەنەمان هەبێت و، ئەندامێکی دیکەیشی بخەینە ناو، کە ئەویش سەرۆکی (دەستەی رێکخستنی بازاڕەکانی دراو و بۆرسە)یە، ئەم دەستەیەش لەگشت وڵاتانی کەنداودا هەیەو، دوا دەوڵەتیش کوێت بوو، کە بە یاسای ژمارە 7ی ساڵی2010 ئەم دەستەیەی دامەزراند لە کەسانی پسپۆڕ لە بوارەکانی یاساو ئابووریی و ژمێریاری، بەمەبەستی پاراستنی بۆرسەو بازاڕی دراو لە گەمەپێکردن.

لای ئێمەش لە هەرێمی کوردستان لەوانەیە لە ساڵی داهاتوودا بۆرسەی هەولێر یان بازاڕی هەولێر بۆ کاغەزە داراییەکان دەست بەکاربێت، جا بۆ ئەوەی هەڵەی وڵاتانی پێش خۆمان دووبارە نەکەینەوەو، ئەم بازاڕە نەکەوێتە ژێر رەحمەتی گەمەکارانی نایاسایی بازاڕی دراو، چونکە ئەم بازاڕە پشکی زۆر لە ژووری بازرگانی پارێزگاکان و کۆمپانیاکان و بانکەکان و زانکۆکان و تەنانەت هەندێک لە وەزارەتەکانیشی تێدا دەبێت، کە ئامانجیان بەگەڕخستنی سەرمایەکانیانە، بۆیە پێویستە لەئێستاوە پەرلەمانی کوردستان یاسای (دەستەی سەربەخۆی رێکخستنی بازاری دراو) دەربکات، بەسوود وەرگرتن لە یاسای وڵاتانی خاوەن ئەزموون.

هەروەها پێویستە سەرۆکی ئەم دەستەیەش لەپاڵ هەر یەک لە سەرۆکی دەستەی نەزاهە و، سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی و نوێنەرێکی دەسەڵاتی قەزایی، ئەو ئەنجوومەنە هاوبەشە پێکبێنن، کەسەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بێت و،دەکرێت سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانیش بەرپرسیان بێت.

ئەوسا هەرێمی کوردستانیش بەم ئەنجوومەنە هاوبەشە دەتوانێ هاوئاهەنگی لەنێوان دەزگا جیاجیاکاندا دروست بکات و، دەشتوانێ ستراتیژیەتی پێنج ساڵەی خۆی هەبێت، کە ئەمەش داوای نەتەوە یەکگرتووەکانە لە عێراق، بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

*** سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی پرد و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق دوای رووخاندنی رژێمی سەدام.**

# چ پێوەرێک دابنرێ بۆ پێدانی بودجە بە حیزبەکان؟



## با سێ کورسی یەکەم بە 150 ملیۆن دینار بن

بیلال سلێمان*

دوو پرۆژە یاسا لەسەر بودجەی حیزبەکان کە پێشکەشی پەرلەمان کرابوون لەلایەن لیژنەی یاسایی و ناوخۆ لێکدراو و کۆبوونەوەیان لەسەر کردووە ئەو دوو لیژنە خۆیان رێککەوتبوون لەسەر دابەشکردنی بودجە بەپێی کورسی، کە بۆ هەر کورسییەک 25-50 ملیۆن دینار دابنرێ، بەڵام بۆ پارەکە رێک نەکەوتن، ئەوە بۆچوونی لیژنەکان بووە. یاساکە تەنها بە بۆچوونی دوو لیژنە پەسەند ناکرێت، لە ماوەیەکی نزیکدا کە رۆژەکەی دیارینەکراوە پرۆژەکە دەخرێتە بەرنامەوەو لە دانیشتنی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

حیزبە بچووکەکان قسەیان هەیە و ئەوە قبوڵ ناکەن، چونکە بەم بودجە کەمە ناتوانن پەرە بە حیزبەکەیان بدەن، بۆیە دانانی یاسای دابەشکردنی بودجەی حیزبەکانە دەبێت بەشێوەیەکی گشتی هەموو حیزبێک بگرێتەوە و پێوەر هەبێت، ئەو حیزبانەی مۆڵەتی یاساییان هەیە لانیکەم مانگانە 10 ملیۆنیان پێبدرێ، چونکە رێگە پێدراو و مەرجی حیزبیان تێدایە، ئەوانەی بەشداری هەڵبژاردن بوون و کورسییەک کەمتریان هێنا رێژەیەکیان بۆ دیاری بکرێت.

بە بۆچوونی ئێمە بودجەکە بەمشێوەیە دیاری بکرێت بۆ کورسییەکان، کورسیەک تا سێ کورسی بودجەی هەر کورسییەکی 150 ملیۆن دینار بێت، لە کورسی سێیەمەوە تا شەشەم هەر کورسییەک 100 ملیۆن دینار، ئینجا هەر کورسییەک ببێتە 50 ملیۆن تا کورسی دەیەم، لە کورسی دەیەم بۆ خوارەوە بودجەی هەر کورسیەک 25 ملیۆن دینار بێت مانگانە. بەم شێوەیە لە یەکسانییەوە نزیکە و هەموو حیزبێک بودجەی بەردەکەوێت.

بودجەی حیزبەکان وادەکات پرۆسەی سیاسی و ئازادی فرەحیزبی و دیموکراتی لە وڵات بەرەو پێش بباتە و خزمەتی زیاتر بە پرۆسەی سیاسی بکرێت، تا حیزبەکان لەسەر پێی خۆیان بوەستن و چاو لەدەستی حکومەت و حیزبی لایەنی دیکە نەبن، پێویستە لە بودجەدا ئۆپۆزیسیۆن گرنگی پێ بدرێت، لەهەندێ وڵاتی پێشکەوتوو ئەو حیزبانەی لە حکومەت بەشداری دەکەن بودجەیان پێنادرێت، چونکە ئەجێندای سیاسەتی خۆیان لە کاری حکومەت جێبەجێدەکەن، لە بەریتانیا تەنها حیزبی ئۆپۆزیسیۆن بودجەی هەیە، ئێمە دەڵێین با هەموو حیزبەکان بودجەیان هەبێت بە پێوەرێک هەموویان بگرێتەوە.

***ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی**



## با بە هەڕەمەکی نەبێ

شێروان حەیدەری*

بەگوێرەی یاسای پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کە ساڵی 1993 دەرچووە پێویستە پێوەری بودجەی حیزبەکان لەلایەن پەرلەمانەوە دیاری بکرێت، ئەم پرۆژە یاسایەش دەمێکە هەیە و کاری لەسەر نەکراوە. ئەمساڵ دوو پرۆژە پێشکەشی پەرلەمان کران و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کرا، لیژنەی یاسایی و ناوخۆ کۆبوونەوەیان لەسەر کرد، زۆربەی رایەکان لەسەر ئەوە کۆکبوون کورسی پەرلەمان ببێتە بنەما بۆ دیاریکردنی بودجەی هەر حیزبێک، واتە هەر حیزبێک کورسی هەبێت لە پەرلەمان بودجە وەردەگرێت ئەوەی کورسیشی نەبێت بودجە وەرنەگرێت، ئەو حیزبانەش نیو کورسیان هێناوە حسابی کورسیەکیان بۆ بکرێت بۆ مەسەلەی کۆتاش رێژەیەک دابنرێ. تائێستا یەکلایی نەبووەتەوە هەر کورسیەک چەندی بدرێتێ، چەند رایەک هەیە کە لە 25 ملیۆن بۆ 100 ملیۆن دینار، ئەگەر راپۆرتەکان پێشکەشی پەرلەمان کران دواتر لەنێو هۆڵی پەرلەمان یەکلایی دەبێتەوە بۆ هەر کورسیەک چەند دیاری بکرێت، چونکە بابەتەکە داراییە، ئەندامانی دیکەش رای خۆیان هەیە. ئەوەی ئێمە کردوومانە ئەوەیە حیزبەکان لەسەر بنەمای موئەسەساتی پارە وەربگرن نەک لەسەر بنەمای هەڕەمەکی.

ئەو حیزبانەی کورسیان زۆرە رازین بە دابەشکردنی بودجە بەپێی کورسی، بەڵام ئەو حیزبەی زەرەریەتی پێی ناڕازییە. پێویستە بودجە بە کورسی بێت، چونکە حیزب هەیە ئەو پارەیەی وەریدەگرێت زۆر زیاترە لەوەی بە کورسیەکە بۆی دیاریدەکرێت، لەهەمانکاتدا حیزبێکی زۆر بچووکە و کورسی نییە لە پەرلەمان کەچی 500 ملیۆن دینار وەردەگرێت ئەوەش ناعەدالەتییە، لە زۆربەی وڵاتان بەپێی کورسی بودجە دەدرێتە حیزبەکان ئەوەی کورسی نییە ئیعتماد دەکاتە سەر ئیشتراکاتی ئەندامەکانی یان وەبەرهێنانی حیزبەکەی و مینحەیەکیشی لە حکومەت هەیە.

حیزبە مۆڵەتپێدراوەکانیش تائێستا یەکلایی نەبووەتەوە بودجەیان بدرێتێ یان نا، رای جیاواز هەیە لەم بارەوە، بەڕای من ئەوەی کورسی هێناوە حەقی خۆیەتی پارەکەی بەپێی کورسی بۆ دابنرێت، ئەوەی کورسی نەهێناوە و بەشداری هەڵبژاردنی کردووە بەپێی رێژەی دەنگەکان پارەیەکی بۆ دابنرێت بۆ هەر دەنگێک مەبلەغێک دیاری بکرێت و لێکدانی دەنگەکان بکرێت.

***ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان**



## لە 60 ملیۆن دینار کەمترنەبێ

غەفوور مەخمووری*

ماوەیەکە لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستان خەریکی گفتوگۆکردنن لەسەر پرۆژە یاسای هاوکاری دارایی حیزب و قەوارە سیاسییەکانی کوردستان، تائێستاش نەگەیشتوونەتە هاوڕاییەک لەسەر ئەم پرۆژەیە.

بەر لە هەر شتێک پرۆژە یاساکە پرۆژەیەکی ناکامڵ و نادادپەروەرانەیە، بۆیە بووەتە جێی ناکۆکی لایەنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان. ئۆپۆزیسیۆن دەیەوێ پرۆژەکە لە بەرژەوەندی خۆی تەواو بکات و دەسەڵاتیش تائێستا وەک سەیرکار سەیری پرۆژەکە دەکات و بڕیاری خۆی نەداوە. هەیە دەڵێ پێدانی هاوکاری دارایی لەسەر بنەمای کورسی بێت، هەشە دەڵێ بەپێی رێژەی دەنگی وەدەستهاتوو بێت. ئەم پێوەرانەش پێوەری دروست نین، لەبەرئەوەی رێژەی دەنگ و ژمارەی کورسی هەر لایەنێک لە هەڵکشان و داکشاندایە، واتە کەم و زۆر دەبێت. بەڕای من ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی لە گۆڕەپانی کوردستاندا هەن و بەشدارییان هەبووە لەژیانی سیاسی کوردستان و خودان مۆڵەتی کارکردنن، هاوکاری مانگانەیان 60 ملیۆن دینار بۆ دابنرێ و رەچاوی ساڵی دامەزراندن و خەبات و تێکۆشان و راگەیاندن و پەیوەندییەکانی حیزبەکانیش بکرێ، پاشتر هەر حیزبە و بەپێی ژمارەی کورسییەکانی مەبلەغێکی بۆ بخرێتە سەر 60 ملیۆن دینارەکە.

ئەو بۆچوونانەی ئێستای بەشێک لە پەرلەمانتاران کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر ژیانی سیاسی و کاری حیزبی دەبێ لە کوردستان، بۆیە دەبێ رەچاوی تایبەتمەندی کوردستان و کاری حیزبی لە کوردستان بکرێت. جێگەی داخە هەندێ لایەن دەیانەوێ بۆ موزایەدەی سیاسی و بەرژەوەندی خۆیان هێڵی راست و چەپ بەسەر هەموو کارەکانی کوردستان دابێنن، بەڵام ئەو لایەنانەش لای خەڵکی کوردستان راستییەکانیان ئاشکرا بووە کە بە چ مەبەستێک ئەو کارە دەکەن . ئێمە چاوەڕێی ئەوە دەکەین یاسایەکی دادپەروەرانە بۆ ئەم پرسە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان دەربچێت، کە خزمەت بە رەوشی سیاسی کوردستان بکات نەک ببێتە هۆی دووبەرەکی و کار لە یەکڕیزی هێزە سیاسییەکان بکات.

***ئەندامی خوولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و سکرتێری یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**



## با بەپێی کورسی بێت

نەریمان عەبدوڵڵا*

ئێمە رازین بودجەی حیزبەکان بەپێی کورسی دابەش بکرێت، هەندێ پێوەریش دانراوە کە هیچ لایەن و حیزبێک بێبەش نەبێت. راپۆرتی کۆتایی نێوان لیژنەی یاسایی و ناوخۆ و دارایی دانراوە کە بەپێی راپۆرتەکە مانگانە هەر کورسییەک 25 بۆ 50 ملیۆن دیناری بۆ حساب بکرێت، رایەکیش هەیە دەڵێت 100 ملیۆن بێت.

چوار پێوەر هەیە کە لە پرۆژەکە باسکراوە بۆ دابەشکردنی بودجەکان لەلایەن لیژنەکانەوە کە زۆریان لەسەری کۆکن. پارە بەپێی کورسییەکان دابەش بکرێت، ئەو حیزبانەش کە بایی نیو کورسی دەنگیان هێناوە نیوەی پارەی کورسییەکیان پێبدرێ، ئەوەی چارەکە کورسییەکی هێناوە، چارەکی پارەی کورسییەکی بدرێتێ، ئەوەی کە کورسی نەهێناوە و حیزبێکی رێگە پێدراوە مەبلەغێکی پێبدرێ، بۆ کورسییە کۆتاکانیش ئەگەر ئەو دەنگانەی بۆ کورسییەکی کۆتا پێویستە هێنابێتی کە دوو هەزار دەنگە ئەوە نیوەی پارەی کورسیەکی پێدەدرێ. بەم جۆرە بودجەی کۆتاش دیاریدەکرێت. بەمەش هیچیان بێبەش نابن لە بودجە و بەشێوەیەکی دادپەوەرانە بودجە دابەش دەکرێت، چونکە ئەگەر حیزبێک یەک کورسی هەبێت قەبارەی جەماوەری و خەرجی ئەوەندە دەبێت و پارەکە بەشی دەکات، ئەوەی 20 کورسی هەبێت قەبارەی حیزبی زیاترە و خەرجیشی زیاترە.

لەماوەی ساڵانی رابردوودا پارە بەپێی خواستی حیزبەکان بەتایبەت لایەنەکانی دەسەڵات تەخشان و پەخشان کراوە، بەم یاسایە ماف بۆ هەموو لایەک دەگەڕێتەوە و لەوانەیە بودجەیەکی زۆریش بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، حیزبیش تاچەند لەرووی داراییەوە سەربەخۆبێت دەتوانێ پرۆژەی باشتر پێشکەش بکات، بەمەش حیزبەکان گەشە دەکەن و دیموکراسی کارا دەبێت، لەهەمانکاتدا حیزبەکان پەنا نابەنە بەر وڵاتان و کەسانی دیکە، ئەگەر وابکەن وڵاتان بەکاریاندەهێنن بۆ سیاسەتی خۆیان دەست لە کاری سیاسیمان وەردەدەن، ئەوەش کاریگەری دەبێ لەسەر بارودۆخی ئەمنی هەرێمی کوردستان.

هەندێ حیزب هەیە کە پێشتر پارەیەکی زۆری وەرگرتووە ئێستا کورسی کەمە یان نیەتی ناڕازییە بەم پرۆژە یاسایە و حەزناکات پارەکە ببێتە کورسی، دەرچوونی یاساکە یەکسانی دەگەڕێنێتەوە بۆ دابەشکردنی بودجە.

***ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان**

# ئابووری

## 72000 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون مۆڵەتیان وەرگرتووە



بەپێی زانیارییەکانی دەستەی وەبەرهێنان، ژمارەی ئەو مۆڵەتانەی بۆ دروستکردنی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون دراونەتە کەرتی تایبەت لە دروستبوونی دەستەکەوە تاوەکو 2010/10/21، بەگشتی بریتییە لە 83 مۆڵەت، بۆ دروستکردنی 72 هەزار و 845 یەکەی نیشتەجێبوون. لەنێو ئەو 83 مۆڵەتەدا، 36 پرۆژە سندوقی نیشتەجێبوون دەیانگرێتەوە کە ژمارەی یەکەکانی 22 هەزار و 310 یەکە دەبێت، کە حکومەت لەجیاتی کریار بڕی 25 هەزار دۆلار دەدات، ئەگەر کەسەکە لە خوار تەمەن 30 ساڵ بێت، ئەگەر لەسەروو ئەو تەمەنەش بێت 15 هەزار دۆلاری لەجیاتی دەدات.

| | |
|---|---|
| $100 = 118700 | $560 = 1تەن شیش |
| €100 = 165000 | $125 = 1تەن چیمەنتۆ |

# هەرێمی کوردستان نایەوێ لەگەندەڵی دا لەگەڵ عێراق حیساب بکرێ



بەڕێوەبەری ئۆفیسی حوکمڕانی و دەستپاکی لە کوردستان:

## داوامان لە ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی کردووە لەڕیزبەندییەکانیدا کوردستان لە عێراق جیابکاتەوە

**سەلام سەعدی**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرلەنوێ عێراق لەریزبەندی دەوڵەتە گەندەڵەکانی جیهانـــدا پێگەیەکی ئابڕووبەری گـــرت. لە ڕاپۆرتی ســـاڵی 2010ی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیدا کـــە بنکە ســـەرەکییەکەی لە بەرلینـــی پایتەختی ئەڵمانیایە، پاش سۆماڵ کە لەکلکەی لیستەکەدایە و میانمار و ئەفغانســـتان کە پێکـــەوە پلەی پێش کۆتایی لیستەکەیان گرتووە، عێراق لە پلەی سێیەمی پێش کۆتایی دێت. ئەمەش دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە دەخاتە دۆخێکی شپرزەوە کە چاویان بڕیوەتە هاتنی بەلێشـــاوی وەبەرهێنەرانی بیانـــی تاوەکو ژێرخانی داتەپیـــوی وڵاتەکە بنیاتبنێنەوە. لەوەش تراژیدیتر، ئـــەم ڕیزبەندییە نێوبانگی هەرێمی کوردســـتانیش دەزڕێنێ کە بێهوودە لە هەوڵی ئەوەدایە خۆی وەک (عێراقەکەی دیکە) پێشـــانی جیهان بدات. هەربۆیە دەیانـــەوێ ڕێکخراوەکە بەچاوێکـــی جیاواز لەعێراق ڕەوشی هەرێمی کوردستان هەڵبسەنگێنێ.

لە ڕاپۆرتی ئەمســـاڵی ڕێکخراوی شـــەفافیەتی نێودەوڵەتیـــدا کە نێوەڕاســـتی هەفتـــەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە، ڕێکخراوەکە هۆشدارییەکی توونـــد دەداتە حکومەتەکان کە 75%ی وڵاتانی جیهان لە ئافاتی گەندەڵییـــەوە ئاڵاون، بەتایبەتیش ئەوانەی جەنگ و توندوتیژی تێیاندا بەردەوامە وەک ئەفغانســـتان و عێراق. هەروەها ڕایگەیاند کە گەندەڵی هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە لە هەوڵەکانی پشتگیریکردنی بازاڕەکانی دراو و بەرەنگاربوونەوەی هەژاری و پەنگخواردنەوەی گەرمی دەکات.

لەریزبەندی ئەمساڵی دەوڵەتە خاوێنەکاندا لەڕووی گەندەڵی کە 178 دەوڵەتـــی گرتووەتەوە، هەریەک لە دانیمارک، نیوزیلەند و سەنگافورە پێکەوە پلەی یەکەمیان گرتووەو لەکلکەی لیستەکەشدا عێراق پلەی 175ەمینی گرتووەو تەنیا ئەفغانســـتان، میانمار و سۆماڵ لە عێراق گەندەڵترن بەپێی ئەو ڕیزبەندییە.

لەریزبەنـــدی ســـاڵی 2009ی ڕێکخراوەکەشـــدا عێراق پلەی چوارەمی پێش کۆتایی گرتبوو لەپێش ئەفغانستان و میانمار و سۆماڵ. بەم پێیەش، عێراق بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، لەبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا هیچ پێشقەچوونێکی بەخۆوە نەبینیوە.

ڕیزبەندی ئەمساڵ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان شـــتێکی چاوەڕواننەکراو بوو کە لەساڵی ڕابردووەوە لەهەوڵـــی ئەوەدایـــە ڕێکخراوەکە بـــۆ ڕاپۆرتەکانی داهاتووی، تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرێ. بەتایبەتیش کە لەتەمووزی ساڵی 2009وە پرۆگرامێکی چڕی بەناوی (ســـتراتیژی حوکمڕانیی دروســـت و شـــەفافیەت) بـــۆ بەرەنگاربوونـــەوەی گەندەڵـــی دارشـــتووەو دەیـــەوێ ئـــەم پرۆگرامە بەهاوکاری کۆمپانیایەکی وەک (Pricewaterhouse Coopers-PWC) جێبەجێ بکات کە کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتییەو لەبواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا خزمەتگوزاریـــی ڕاوێـــژکاری پێشکێشـــی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات.

### حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاپۆرتی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بە گومانە

نسار نوری تاڵەبانی ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت و بەڕێوەبەری ئۆفیسی حوکمڕانی و دەستپاکی کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ PWC کاردەکات، لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بە "گومان"ە.

نسار تاڵەبانی لەبارەی ڕاپۆرتی ساڵی ڕابردووی ڕێکخراوەکە، دەڵێت "پاش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکە لێکۆڵینەوەیەکـــی وردمان لەگەڵ کـــردن بۆ ئەوەی بزانین بۆچی و لەســـەر چ بنەمایەک عێراق چوارەم وڵاتە لە خوارووی لیســـتەکەوە، بۆمـــان دەرکەوت هیچ بنەمایەکی نەبوو". ئەو دەڵێت لە کۆی نزیکەی 13 لێکۆڵینـــەوە کـــە دەبووایە بکرێـــن، "تەنیا 3 لێکۆڵینەوەیان کردووە لەبارەی عێراق و لەو سێیەش هیچیان لە هەرێمی کوردستان نەبووە. لێکۆڵینەوەکان کۆمپانیای بیانی لەدەرەوەی عێراقەوە کردوویانن. لە ئینتەرنێت گەڕاون و ئـــەو ئەنجامەیان دەرکردووە و بەوشێوەیە عێراقیان لە خوارووی لیستەکە داناوە". هەروەها گوتی "ئێمە تەماشـــامان کـــرد لە وڵاتانی دیکە وایان نەکـــردووە، تیمەکانی خۆیان چوونەتە وڵاتەکە. گوتمان ئێـــوە دەڵێن ناچینە عێراق لەبەر ڕەوشی ئەمنی، باشە وەرنە هەرێمی کوردستان، ئێمە خۆمان داوەتتان دەکەیـــن وەکو حکومەت، خۆتان وەرن ڕەوشی هەرێمی کوردستان ببینن و بڕۆن لەگەڵ خەڵک قسەبکەن".

نسار تاڵەبانی لەگەڵ ئەوەی پێیوایە گەندەڵی لە عێراق بەو قەبارەیە نییە کە ڕێکخراوی شـــەفافیەتی نێودەوڵەتی باســـی دەکات، بەڵام دەشـــڵێت "لەو ڕووەشەوە قســـەمان لەگەڵ ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی کـــردووە کە ئایا ئێمـــە وەک هەرێمی کوردســـتان دەتوانین کەمێک خۆمان جیابکەینەوە لەو سیســـتەمە خراپەی عێراق ئەگەر سێیەم وڵاتی گەندەڵی جیهان بێت؟". چونکە بەبڕوای ئەو "حاڵی هەرێمی کوردستان هێندە خراپ نییە".

ڕاوێژکارەکەی ســـەرۆکی حکومەت ئاشکرای کرد کە داوایەکی لەوجۆرەیان پێشکەشـــی ڕێکخراوەکە کردووەو گوتیشی "ئەوە ســـاڵێکە کار لەسەر ئەوە دەکەین. داوەتنامەشـــمان بۆ ناردوون کە سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن".

### کۆنفرانسێکی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە کوردستان دەکرێ

وەک نســـار تاڵەبانی باسیکرد، ســـەردانی ئەو ڕێکخراوە بۆ کوردســـتان شتێکی نیمچە حەتمییە، چونکـــە جگە لەو مەبەســـتەش، وابڕیارە لە مانگی ئاداری ساڵی داهاتوو کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردســـتان ســـازبکرێ. نســـار تاڵەبانی گوتـــی "هەوڵدەدەین ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی یەکێک بێت لەو لایەنانەی سپۆنسەری کۆنفرانسەکە دەکەن".

ئەو کۆنفرانســـە کـــە بەپشـــتیوانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتـــووەکان بەڕێوەدەچێـــت، وابڕیـــارە ڕێکخـــراوی شـــەفافیەتی نێودەوڵەتـــی و زانکۆی هارڤـــاردی ئەمریکی و چەندین پرۆفیســـۆری بواری یاســـای نێودەوڵەتی و حوکمڕانیی دروســـت تێیدا بەشداربن.

نســـار تاڵەبانی دەڵێت "ئامانج لەو کۆنفرانســـە ئەوەیە بەدونیا ڕابگەیێنین کە هەرێمی کوردســـتان خەریکی کارکردنە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی".

گوتیشـــی "لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە قســـەمان کـــردووەو ئامادەیـــی خۆیـــان دەربڕیـــوە کە بێن، بەتایبەتی زانکۆی هارڤارد و ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی و نووسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کە پەیوەندیمان لەگەڵیان بەردەوامە".

ئۆفیسی حوکمڕانی و دەستپاکی کە بارەگاکەی هەر لەنێو ئەنجوومەنی وەزیراندایە، بەشـــێوەیەکی بەردەوام چەند پسپۆڕێکی سەر بە PWC کاری تێدا دەکەن، ســـەرباری تیمێکی 200 کەســـی لەهەردوو ئۆفیســـی دژایەتی گەندەڵی لەنیویۆرک و واشـــنتن کـــە کاریان لەگەڵ دەکەن و پەیوەندییان لەگەڵ ئەو ئۆفیسەی هەولێر بەشێوەیەکی ڕۆژانەیە.

ئەم ئۆفیسە باوەڕی بەچاکسازییەکی لەسەرەخۆ، بەڵام لەهەمانکاتدا هەمەلایەنی نەک هەر داوودەزگاکانی حکومـــەت بەتەنیا، بەڵکو تاکەکانی کۆمەڵگەشـــە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ئاگادارکردنەوەیان لەمەترســـییەکانی گەندەڵی و ئەو سزایەی چاوەڕێی سەرپێچیکاران دەکات. نســـار تاڵەبانی لەو ڕووەوە دەڵێـــت "کاری یەکەمی ئەم ئۆفیســـە داڕشـــتنی ڕێســـای ڕەفتارکردنـــە بـــۆ هەمـــوو فەرمانبەرانی حکومی لەســـەرۆکی حکومەتەوە تا فەرمانبەرێکی خوارەوە. زۆربەی بڕگەکانی ئەو ڕێســـایە لە (قانون انضباط موظفي الدولە)ی عێراقی وەرگیراوە کە هیچ ناتەبابییەکی لەگەڵ سیســـتەمەکە نییە. لەهەنگاوی دووەمـــدا پرۆگرامامان ئامادەکردووە بۆ ڕاهێنان، ئەم ڕاهێنانە لە وەزیرەکانەوە تاوەکو خوارەوە دەگرێتەوە. دیسان دەســـتپێدەکەینەوە کە دەســـتپاکی چییە و فەرمانبەر ئەگەر بەرتیلی وەرگرت ســـزاکەی چی دەبێت. من خۆم ئێستا نازانم ئەگەر بەرتیلم وەرگرت ســـزاکەم چییە. ئەمە پێویستی بەڕوونکردنەوەیە و دەبێ هەمووفەرمانبەر و کاربەدەستانی حکومەتی لێ ئاگادار بکرێنەوە، ئەگەرنا چۆن دوایی فەرمانبەرێک سزا دەدەی".

### دەبێ کاربەدەستان سامانەکەیان ئاشکرا بکەن

کارێکی دیکەی ئەم ئۆفیســـە ئەوەیە کە بەنیازە فۆرمی ئاشکراکردنی سەروەت و سامان ئامادە بکات بۆ سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکانی وەکو قۆناغی یەکەم. نسار تاڵەبانی دەڵێت "ئەوەمان ئامادەکردووە، بەڵام دوای ئەوەی ڕێسای ڕەفتارکردنەکە پەسەندکرا ئەوە بەرنامەی داهاتوومان دەبێت و دەبێ کاربەدەستانی باڵای حکومەت سامانی خۆیان ئاشکرابکەن".

بەبـــڕوای ئـــەو، ئـــەم ڕێگایانـــە گونجاوترن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی نەک تۆقاندن و ڕاوەدوونان وەک ئەوەی ئێستا لەبەغدا پەیڕەو دەکرێ "ئێمە لەگەڵ ئەوە نەبووین هەرێمی کوردستان چاو لەبەغدا بکات و ڕاستەوخۆ دەستەی نەزاهە دابمەزرێنێ. پێمان باش بوو جارێ ئۆفیسێک دابمەزرێ بۆ حوکمڕانیی دروست و شـــەفافیەت لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە ئەوە وەکو ڕێپیشـــاندەرێک بێت بۆ فەرمانبەران. ڕێســـایەکی ڕەفتارکـــردن بۆ هەمـــوو فەرمانبەرانی حکومەت دابنێ کە چـــۆن کاربکەن. جارێکی دیکە پێناســـەی دەســـتپاکی بکەینەوە لەڕووی ئایینی و یاســـایی و کولتوورییەوە. تەنانەت لە پرۆگرامەکانی خوێندندا لەسەرەتاییەوە تاوەکو زانکۆ بخوێندرێ".

200 ملیار دیناری لە بودجەی ئەمساڵ دا بۆ تەرخانکرابوو و بڕیاربوو حکومەت بەبێ پێشینە بیداتە هاووڵاتیان

# حکومەت پڕۆژەی دروستکردنی 7000 یەکەی نیشتەجێبوون جێبەجێناکات



سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لە پەرلەمانی کوردستان:

## لێپێچینەوە دەکەین و ئەگەر پێویستی بە دادگا هەبێت، پەنا دەبەینە بەر دادگاش

**هێمن بابان ڕەحیم**
**ڕووداو-هەولێر**

هەرچەندە لە بودجەی پەسەندکراوی ساڵی 2010 دا بـــڕی 200 ملیار دینار (170ملیۆن دۆلار)، بـــۆ دروســـتکردنی 7 هـــەزار یەکەی نیشـــتەجێبوون تەرخانکرابوو، بەڵام تائێستا ئەو پرۆژەیە جێبەجێنەکراوە. بەپێی لێدوانی نەورۆز مەولود، بەڕێوەبەری گشـــتی یاسایی و کارگێڕی و دارایی لە دەســـتەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان " بەشێکی ئەو پارەیە لە پابەندبوونی دەســـتە خەرجکـــراوە، بۆیە ئەو پرۆژەیە ساڵی داهاتوو جێبەجێدەکرێ".

حەمەسەعید حەمەعەلی، ســـەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنـــەوە لـــە پەرلەمانی کوردســـتان دەڵێت" داوای ڕاپۆرتـــی فەرمیمان کردووە و بەداداچوونی بۆ دەکەین".

ســـەرۆکی لیژنـــەی ئاوەدانکردنـــەوە و نیشـــتەجێکردن و هاوچەرخکردنـــی لادێ لـــە پەرلەمانـــی هەرێمی کوردســـتان لەگەڵ ئـــەوەی پێداگری لەســـەر ئـــەوە دەکات کە دەبووایـــە ئەو 200 ملیار دینـــارە پەرلەمانی کوردســـتان بۆ پرۆژەی دروستکردنی 7000 یەکەی نیشـــتەجێبوون بڕیاری لەسەردابوو بۆ دروســـتکردنی یەکەی نیشـــتەجێ بوون تەرخانبکرابـــا وەک لـــە بودجـــەدا هاتووە"، گوتیشـــی " سەرۆکی دەســـتەی وەبەرهێنان مافی گواســـتنەوەی پارەی نییە لە بڕگە یان پرۆژەیەکەوە بۆ پرۆژەیەکی دیکە".

ئەو پرۆژەیە لەســـەرووبەندی دانانی بودجە و پاش پەســـەندکردنی لەلایەن حکومەتەوە بە یەکێک لە گرنگترین پرۆژەکانی نەهێشتنی کێشەی نیشـــتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت باســـدەکرا، چونکە هاووڵاتیانی کەم دەرامەت، بەبێ پێشینە دەتوانن ببنە خاوەنی ئەو خانووانە، کەچی جێبەجێنەکرا.

حەمەسەعید حەمەعەلی کە لە لیژنەکەیەوە لە پەرلەمان چاودێری پـــرۆژە ئاواکارییەکان دەکات، گوتی" لەو ماوەیەدا لەگەڵ بەرپرسان لە دەستەی وەبەرهێنان کۆبووینەوە، لەبارەی ئەو 200 ملیارەوە گوتیان کە کورتهێنانیان لە پرۆژەکانی ســـاڵانی ڕابردوو هێناوە و هەندێک پارە کە لەسەریان کەڵەکەببوو لەو 200ملیارە داویانەتەوە، ئەوەی ماوەتەوەش بۆ یەکەکانی نیشتەجێکردن تەرخاندەکرێ". بەڵام سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە دەڵێ " ئێمە ئەوەمان ڕەتکردەوە و داوامانکرد کە ئەو مەسەلەیە بە ڕاپۆرتێکی فەرمی یەکلایی بکەنەوە و هەموو خـــەرج و تەرخانکردنەکان دیـــاری بکەن، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی تێدا بکەین "، گوتیشی دواتر بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە دەکەن " لێپێچینەوە دەکەین و ئەگەر پێویستی بە دادگا هەبێت، پەنا دەبەینە بەر دادگاش".

جگە لە 7000 یەکە لە شارو شارۆچکەکان، ئـــەو 200 ملیـــار دینـــارە 4 هـــەزار یەکەی نیشـــتەجێبوونی لە گوندەکانیش دەگرتەوە، بەڵام بەپێی قســـەی لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەو پرۆژەیە ئەمساڵ جێبەجێ ناکرێ، بەشێک لـــەو پارەیەش بۆ دانەوەی قەرزی دەســـتەی وەبەرهێنان ڕۆیشتووە.

پەیـــام ئەحمـــەد، ئەندامـــی لیژنـــەی ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ دەستەی وەبەرهێنان تاوەکو ماوەیەکی نزیکی پێش ئێستاش فەرمانی خەرجکردنی ئەو 200 ملیار دینارەیان بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبوون نەبوو، دەڵێـــت" دەســـتەی وەبەرهێنان 70 ملیاریان لەو 200 ملیارەی بۆ پرۆژەی یەکەی نیشـــتەجێکردن تەرخانکرابوو، بـــۆ دانەوەی قەرزەکانیـــان تەرخانکردووە، هەروەها دەڵێن ئـــەو بڕە پارەیـــەی ماوەتەوە لـــە یەکەکانی نیشتەجێبوون خەرج دەکرێ".

ڕای پەیام ئەحمەد لە فراکسیۆنی گۆڕان وایە کە دەستەی وەبەرهێنان پێویستی بەو پارەیە نەبوو، "بۆیە ئەو بڕە پارەیەیان تا ماوەیەکی نزیکی پێش ئێستاش خەرج نەکردبوو، ئەگەرچی مەســـەلەکە لەلای ئەنجوومەنی وەزیران بوو". هەروەها ئەویش جەخت لەســـەر ئەوە دەکات کە"دەبووایە ئەو 200 ملیارە بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون خەرجبکرابا".

نەورۆز مەولود محەممەدئەمین، بەڕێوەبەری گشتی یاسایی و کارگێڕی و دارایی لە دەستەی وەبەرهێنان لەو بارەوە " بودجەکە کێشـــەی تێدابوو، لە ســـندوقی نیشتەجێکردنی یەکەم مۆڵەتی زۆر درا، ئیشـــی زۆرکرا، زیاتر لە 71 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە دروستکردندان، بۆیە ویستمان هەڵوەســـتەیەک بکەین و ئەو پرۆژەیە بۆ ساڵی داهاتوو دوابخەین، چونکە لە سندوقی یەکەمی نیشتەجێکردن پابەندبوونی داراییمان زۆر لەسەر مابوو، ئەو پابەندبوونەمان پێ تەواوکرد".

بەپێی دوایین توێژینەوەی فەرمی حکومەت، کە وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردســـتان ئەنجامیداوە، لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەی ئەو یەکانەی پێویســـتن بـــۆ کەمکردنەوەی کرێنشـــینی و چارەســـەرکردنی کێشـــەی نیشـــتەجێبوون بریتین لە 135 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون (شوقە یان خانوو).

نەهرۆ ئەکرەم جەمیـــل، بریکاری وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشـــتەجێکردنی حکومەتی هەرێمـــی کوردســـتان، لـــە لێدوانێکـــدا بۆ (ڕووداو) ئاشـــکرای کرد کـــە وەزارەتەکەی ئەوان هیچ پرۆژەیەکی نیشـــتەجێکردنی نییە "وەزارەتـــی ئاوەدانکردنـــەوە چیتـــر یەکەی نیشـــتەجێکردن دروســـت ناکات"، لەبارەی هۆکاری ئەوەش ڕوونیکردەوە "دروســـتکردنی یەکەی نیشتەجێکردن لە سیاسەتی حکومەتدا نەماوە، لەبەرئەوەی ناتوانێ بەردەوام یەکەی نیشـــتەجێبوون بـــۆ خەڵک دروســـت بکات، بۆیە مەسەلەکە ئێســـتا بە کەرتی تایبەت و دەســـتەی وەبەرهێنان ســـپێردراوە، ئێستا لەڕێگەی ســـولفەی عەقار و سندوقی نیشتەجێبوون حکومەوت دەســـتبەرداری ئـــەوە بـــووە". جەختیشیکردەوە کە " وەزارەتی ئاوەدانکردنـــەوە هیچ پلانێکی بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون نییە".

گرێبەستەکەی لەگەڵ حکومەت بایی 158 هەزار دۆلارە

# کۆمپانیایەکی ئێرلەندی شۆفڵ و کرێن دێنێتە کوردستان

وەزیری کاری ئێرلەندای باکوور:

## هەرێمی کوردستان پڕی هەلی بازرگانییە

**ڕووداو- هەولێر**

کۆمپانیایەکی ئێرلەندای باکـــوور لە ماڵپەڕەکەیەوە ڕایگەیاندووە کە گرێبەستێکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆر کردووە، بۆ هێنانی کەلوپەلی بیناسازیی بۆ هەرێمی کوردستان.

کۆمپانیـــای ئاناکۆنـــدا ئیکویپمێنت ئینتەرناشـــناڵ Anaconda Equipment Internationalی ئێرلەندای باکوور، گرێبەستێکی بەبڕی 100 هەزار پاوەن کە دەکاتە 158،780 دۆلار، لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردســـتان مۆر کردووە، بەمەبەستی هێنانی شۆفڵ، کرێن و ئامێری دیکەی بیناسازیی بۆ کوردستان.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (Belfast Telegraph)ی ئێرلەندی، ئەوگرێبەستە تایبەتە بەدابینکردنی 10 ئامێری گواستنەوە و کۆکردنەوەی خۆڵ و لم و چەو.

کۆمپانیای ئاناکۆندا تایبەتە بەدروســـتکردنی ئامێری بیناســـازیی و هەڵکەندن و گواستنەوەی خۆڵ و خاشاک و لە ســـاڵی 2005 لەژێر ناوی Quality Fabrications Ltdی دامـــەزراوە، بـــەڵام لەســـاڵی 2008 دوای ئەوەی دەستی گەیشتە نێو بازاڕەکانی ئەمریکا، ناوی کۆمپانیاکە گۆڕا بۆ ئاناکۆندا.

ئالستەر فرۆیستی بەڕێوەبەری ئیدارەی ئەو کۆمپانیایە لەبارەی ئەو گرێبەســـتەوە دەڵێ" ئەمە گرێبەســـتێکی دڵخۆشکەرە بۆ ئێمەو لە بازاڕێکدایە کە زۆر هەلی کارکردن بە ئامێرەکانی ئێمە دەبەخشـــێ. ســـەرمایەگوزارییەکی گەورە لە کوردستان لە ئارادایە بەمەبەستی پەرەپێدانی بواری ئابووری کوردستان".

هەروەها فرۆیســـتی گوتیشی" ئێمە چاوەڕێ دەکەین کە هەلی زیاترمان لەو ناوچەیە دەســـت بکەوێ. ئێستا کوردستان هەرێمێکی سەقامگیرە و بایەخ بە پێشکەوتنی ئابووری دەدات. سیاسەتی سەرمایەگوزاری ئێرلەندیش زۆر یارمەتیدەر بووە بـــۆ کۆمپانیاکەمان کە بتوانێ بچێتـــە بـــازاڕی ناوچەکانی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـت و یارمەتیدەریـــش بووە لـــەوەی بتوانیـــن پەیوەندییە بازرگانییەکانمان پتەوتر بکەین".

لەدرێژەی قسەکانیدا بەڕێوەبەری ناوبراو دەڵێ" هەروەها سیاسەتی سەرمایەگوزاری ئێرلەندی یارمەتیدەرمان بووە لە وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەســـەر کوردستان، بەوەی چەندین ســـیمیناری لەگەڵ بەرپرسانی ئەو حکوومەتە بەســـتووە. هەروەها ئەو هەرێمەش پڕیەتی لەســـامانی سروشتی بەتایبەتی نەوت و گاز".

هـــەر لەوبـــارەوە ئارلین فۆســـتەر، وەزیـــری کاری ئێرلەندای باکوور لەبارەی ئەو گرێبەستەوە گوتی" ئەمە دەســـتکەوتێکی گرنگە بۆ ئاناکۆندا کـــە توانی بچێتە بازاڕێکی پڕ هەلی وەک کوردســـتان، بەتایبەتی بۆ ئەو کۆمپانیانەی تایبەتن بە پرۆژەی بیناسازی".

هەروەها وەزیری ناوبراو ئەوەشی ڕاگەیاند کە لەسەرەتای ئەمساڵ کاربەدەســـتانی هەرێمی کوردستانی بینیووە و باســـیان لە هەلی وەبەرهێنان کردووە لە کوردســـتان و گوتی" لەسەرەتای ئەمساڵدا لەگەڵ سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان لە بێلفاست کۆبووومەوە، بەمەبەستی قسەکردن لەســـەر هەلی وەبەرهێنان و هاندان بۆ دەســـتپێکردنی بازرگانی لەگەڵ ئێرلەندای باکـــوور، لەو کۆبوونەوەیەدا ئاماژەم باسی ئاستی بەرزی کۆمپانیاکانـــی ئێرلەنـــدای باکوورم بۆکردن، بەتایبەتی لە بوارەکانی بیناسازی و IT و تەندروستی".





لەدرێـــژەی قســـەکانیدا فۆستەر ئەوەشی ڕاگەیاند" زۆر خەڵک لە کوردســـتان بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن و ئامادەن لەگـــەڵ کۆمپانیاکانـــی ئێرلەندای باکوور دەست بە بازرگانی بکەن".

لەبـــارەی ئـــەو پـــرۆژەوە (ڕووداو) پەیوەنـــدی بـــە هەرســـێ وەزارەتـــی ئاوەدانکردنـــەوەو شـــارەوانی و بازرگانـــی کرد، بەڵام بێ ئاگایی خۆیان لەو گرێبەســـتە نیشاندا.

کۆمپانیای ئاناکۆندا لەزۆر وڵات کاری بازرگانی دەکات و لەوانە ئەمریکا، ئوسترالیا، هیندستان، سیرا لیۆن و ئێستاکەش هاتووەتە کوردستان و عێراق.

لەوبارەوە کـــۆن کالیگەری بەڕێوەبەری فرۆشـــیاری کۆمپانیاکە بە ماڵپەڕی BBCی ڕاگەیاند" ئێمە خۆشحاڵین کە توانیومانـــە خۆمان بگەیێنینە بازاڕی کوردســـتان، ئەمساڵ ساڵێکی زۆر باشە بۆ کۆمپانیاکەمان، لەبەرئەوەی توانیومانە بچینە نێو بازاڕی وڵاتانی وەک ئوستورالیا".



هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عێراق:

# قەزافی لە کۆنگرەی سێرت دا گوتی کورد مافی یەکبوون و سەربەخۆیی هەیە

هوشیار زێباری، کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراقەوە لە پۆستی وەزیری دەرەوەی عێراقدایە، هەمیشە لە سەردان و بەشدارییە بەردەوامەکانیدا لە کۆبوونەوە دەوڵەتییە دووقۆڵی و نێودەوڵەتییەکاندا لە میدیای جیهانیدا لەبەرچاوانە و، کەمتر لە کوردستان و ڕاگەیاندنی کوردیدا دەردەکەوێ.
لەو هەڤپەیڤینەیدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی تەنگژەی دروستکردنی حکومەتی عێراق دەکات، هەروەها دەستپێشخەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەنگژەیە. هەروەها بۆ یەکەم جار لە (ڕووداو)دا باسی هەڵوێستێکی دیکەی موعەممەر قەززافی سەرۆکی لیبیا دەکات، لە پشتیوانیکردنی لەسەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کوردستان لەبەردەم هەموو وەزیرانی دەرەوەی عەرەب دا:

**ڕووداو-پیرمام**

**ڕووداو: هەست بە جۆرێک لە جیاوازی دەکرێ لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق ، یەکێتی زۆر لە دەوڵەتی یاساوە نزیکە و پارتیش جەخت لەسەر بەشداری لیستی عێراقییەش دەکات. بەڕاستی تێڕوانینی کورد بۆ حکومەتی داهاتووی عێراق چییە؟**

**هوشیار زێباری:** ئێستا دوو سکە هەیە بۆ دامەزراندنی حکومەت. سکەی پەرلەمان کە دادگای فیدراڵی بڕیارێکی مولزەمی داوە کە دەبێ پەرلەمان لەماوەی دوو هەفتەدا کۆببێتەوە. ئەم سکەیە بەرەو ئەوە دەچێت کە بەپێی زۆرینەی دەنگ چارەسەرێک فەرز بکرێ بۆ دامەزراندنی حکومەت. ئەگەر حکومەتیش دروستنەبێ هیچ نەبێ سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرێ ، سەرۆک کۆماریش هەڵبژێردرێ، بۆ ئەوەی سەرۆک کۆمار پاڵێوراوێک بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕابسپێرێ. سکەی دیکە، دەستپێشخەرییەکی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کە پێویستە لیست و ئیئتیلافە براوەکانی هەڵبژاردن هەموو پێکەوە کۆببنەوە. دیارە کە ئەوانە تائێستا پێکەوە کۆنەبوونەتەوەو دانوستاندنەکان هەر دووقۆڵی بوون پاش هەشت مانگ لە هەڵبژاردن. ئەو حکومەتەش کە پێکدێت پێویستە حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی بێت و هەموو تێیدا بەشداربن. ئەم دەستپێشخەرییە لەسەر ئەو بنچینەیە. ڕۆژی 27ی مانگ ئەو دەستپێشخەرییە کەوتە کارەوە. کۆبوونەوەی یەکەم لەبەغدا کرا. دەستپێشخەرییەکە بەدوو قۆناغە، قۆناغی یەکەم لەسەر ئاستی شارەزاو لێزانەکانی هەر قەوارەیەک کە خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەم قەوارانە بدۆزنەوە. دیارە هەرلایەک وەرەقەو داخوازی خۆی هەیە، دەبێ ئەوانە لێکبدرێن و شتێکی هاوبەشی لێ دروستبکرێ و ئەوەی جێگەی ناکۆکییە بیهێڵنەوە، مەسەلەی پۆستەکان و ئەو شتانە بۆ قۆناغی دووەم لێگەڕێن. دەبێ کۆبوونەوەیەکی لووتکە بکرێ و سەرکردەکان هەموو پێکەوە دانیشن و بڕیارێک لەبارەی دامەزراندنی حکومەت بدەن. ئەو هەردوو سکەیە ئێستا وا دەستیان پێکردووەو پێکەوە دەڕۆن . ئەگەر ئەم دوو سکەیەش بگەنە یەک، دەبنە یارمەتیدەری یەکتر. واتە دوو سکەی جیاواز نین.

## کۆشکی سپی و UN پشتیوانی دەستپێشخەری بارزانی دەکەن

**ڕووداو: ئەمریکا لەگەڵ کامیانە؟**

**هوشیار زێباری:** ئەمریکا لەگەڵ هەردووکیانە. ئەوان ڕایان وایە کە چیدی مایەی قبووڵ نییە حکومەت نەبێت، چونکە ئەوانیش زۆر ئیلتیزامیان لەسەرە، بۆیە پێیانباشە زوو حکومەت دروستبکرێ. لەلایەکی دیکەوە پشتگیریی لە دەستپێشخەری سەرۆک بارزانیش دەکات و کۆشکی سپی بەیاننامەی دەرکرد کە ئەوان پشتگیریی لەو دەستپێشخەرییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن، هەروەها نەتەوەیەکگرتووەکان پێشوازی لێکرد. وەزیری دەرەوەی میسر تەلەفۆنی بۆ کردم و پشتیوانی فەرمی خۆیان بۆ دەستپێشخەرییەکە نیشاندا. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە دەستپێشخەرییەکە هەنگاوێکی سەرکەوتووانە بوو. بنچینەی بەهێزی ئەم دەستپێشخەرییەش ئەوەیە کە جەنابی سەرۆک چاوی نەبڕیوەتە هیچ پۆستێک و لەم کێشەیەدا لایەن نییە لەو ململانێیەی لەسەر پۆستەکان هەیە، هەروەها دەستپێشخەرییەکی عێراقییەو لەدەرەوە نەهاتووە.

**ڕووداو: واتە ئەوە ئەجێندای ئەمریکا نییە؟**

**هوشیار زێباری:** نەخێر. خاڵی بەهێزی دەستپێشخەرییەکە ئەوانەیە کە باسمکرد، کە گرنگترینیان ئەوەیە عێراقییە. لەماوەی ڕابردوودا، ئەنقەرە و تاران و دیمەشق و قاهیرە و عەممان و ڕیازیش تا ڕاددەیەک، ئەمانە وێستگەکانی سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بوون نەک بەغدا. بەڵام

## حکومەتی عێراق کەمتەرخەمبوو لە جێبەجێکردنی مادەی 140 بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی کوردیش لە بەغدا کەمتەرخەمیان کرد

ئەمەیان دەستپێشخەرییەکە لەناو عێراقەوە هاتووەو لەسەرکردەیەکیشەوەیە کە بەرژەوەندیی تایبەتی نییەو بەشێک نییە لەململانێ لەسەر پۆستەکان. جگە لەوەش پشتیوانی لێدەکرێ لەسەر ئاستی عێراق و نێودەوڵەتی. ئینجا حکومەت کەی دروستدەکرێ بەڕاستی زەحمەتە پێشبینیی ئەوە بکەی، بەڵام وابزانم ئێستا قۆناغی بڕیاردان دەستپێکردووە بەنیسبەت هەموو شتێکەوە.

**ڕووداو: یەکێتی لەگەڵ ئەو دەستپێشخەرییەدایە؟**

**هوشیار زێباری:** بەڵێ لەگەڵیدایە. د.فوئاد مەعسوم کە نوێنەری یەکێتییە خۆی لەکۆبوونەوەکە دانیشتبوو.

**ڕووداو: هەندێ جار دەگوترێ کە ئەمریکا دەیویست لەڕێگەی تورکیاوە گوشار بکات بۆئەوەی ئیئتیلافی عەللاوی لەحکومەت بەشداربێت، بۆیە ڕەنگە ئەو دەستپێشخەرییە هەندێکی ئەمریکی و هەندێکی تورکی بێت، جگە لەوەی کە قەناعەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆشیەتی؟**

**هوشیار زێباری:** ئەمریکا هیچ دەستپێشخەرییەکی نییە، ڕاستە هەوڵیداوە قسە لەگەڵ هەموو لایەک بکات و کەس لەسەر کەس تەفزیل نەکات، بەڵام دەستپێشخەری نەبووە. ئەمریکا پشتگیری دەستپێشخەری جەنابی سەرۆک بارزانی دەکات چونکە خۆی هیچی نەبووە، هەروەها لەبەرئەوەش چونکە ئەم دەستپێشخەرییە یارمەتی چارەسەرکردن دەدات.

**ڕووداو: واتە دەتوانین بڵێین ئەمریکا لەگەڵ ئەوە نییە شیعەو کورد بەتەنیا حکومەت پێکبێنن؟**

**هوشیار زێباری:** هەندێ شتی بنەڕەتی هەیە. هەر حکومەتێک لەعێراق دابمەزرێ دەبێ هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکە (کورد، شیعە، سوننە)ی تێدا بەشداربێت بەپێی ئیستیحقاقی خۆیان، چونکە ئەگەر ئەوە نەبێت، دەنگدان و دیموکراسی هیچ مانایەکیان نییە. بۆیە چ ئەمریکا و چ وڵاتانی دەوروبەریش پێداگیریی لەسەر بەشداریکردنی ئەو سێ لایە دەکەن. خۆی گرێیەکەش ئالێرەدایە.

**ڕووداو: ئەی گەمەی دیموکراسی و مافی دەنگدەر و لایەنی زۆرینە و کەمینە؟**

**هوشیار زێباری:** بارودۆخی عێراق ئەوە قبووڵ ناکات. هیچ کەسێک بەبێ تەوافوق ناتوانێ لە عێراق حوکم بکات.

**ڕووداو: هەتا کەی؟**

**هوشیار زێباری:** هەتا ئەم میللەتە دەگاتە ئاستێکی وەها لەتێگەیشتن و لەدیموکراسی کە ئۆپۆزیسیۆن هەبێت و دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەبێت و تادوایی. پرەنسیپی "ئەوەی سەربکەوێ هەمووی بۆ ئەوە"، ئەوە لە عێراق ناخوات. هەر لەعێراق نا ڕەنگە لەزۆر شوێنی دیکەش. تەنانەت لە وڵاتانی زۆر دیموکراسیش دەبینی پۆست و پلەو پایە دەدەنە کەسێک کە لەحیزبێکی دیکەیە. کەواتە، یەکەم دەبێت عێراق بەتەوافوق حوکم بکرێ ، دووەم هەر حکومەتێک دروستبکرێ دەبێ هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی تێدا بێت. سێیەم، ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە حکومەتی داهاتوو سەرۆک وەزیرانەکەی شیعە دەبێت.

## ئەگەر عێراقییە بەشدار نەبێ کێشە دروستدەبێ

**ڕووداو: پێش هەڵبژاردن لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)دا گوتت ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنی خەڵکی عێراق نییە، بەڵکو هەڵبژاردنێکی وڵاتانی ئیقلیمییە..**

**هوشیار زێباری:** وانەبوو؟ وا دەرنەچوو؟

**ڕووداو: کەواتە هەر حکومەتێک دروستبکرێ دەتوانین بڵێین حکومەتی وڵاتانی ئیقلیمییە؟**

**هوشیار زێباری:** ئاخر ئەگەر حکومەتەکە یەک لایەنە بوو، حکومەتی هاوبەشی نیشتمانیی نەبوو ئەوکات دەتوانین بڵێین بەڵێ حکومەتی ئیقلیمییە نەک عێراقی. بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمای بەشداریکردنی هەرسێ پێکهاتەکە دروستبوو، بەڵێ دەڵێین حکومەتەکە عێراقییە. دەستپێشخەرییەکەش داکۆکی لەو خاڵە دەکات.

**ڕووداو: زۆرجار باسی ئەوە دەکرێ کە ئەگەر عێراقییە بەشداربێت چانسی کورد لەبەدەستهێنانەوەی پۆستی سەرۆک کۆمارو وەزارەتی زیاترکەم دەبێتەوەو ئەوە بەزیانی کوردە؟**

**هوشیار زێباری:** ئەگەر ڕاستیت دەوێ عێراقییە دەبێ بەشداربێت. ئەگەر بەشدارنەبێ کێشە دروست دەبێت. توندوتیژی زیاتر دەبێت ئەمە حەقیقەتە.

**ڕووداو: کورد چی دەستدەکەوێ لەو بەشدارییە؟**

**هوشیار زێباری:** کورد ئێستا پێگەی زۆر بەهێزە. ئێستا ئێمە بووینەتە یەکلاکەرەوە و کلیلەکان بەدەستی ئێمەیە، بەهەر لایەکدا بشکێنین ئەو لایە سەردەکەوێ. ئێستا ئەگەر بچینە پاڵ مالیکی بەدوو ڕۆژ حکومەت ڕادەگەیێنین. یان ئەگەر بچینە پاڵ عێراقییە ئەوا بە بەشداریی ئەنجوومەنی باڵا سەبەی حکومەت پێکدێنین. ئەوە بەهیچ لایەنێکی دیکە ناکرێ. بۆیە بەدڵنیاییەوە ئێمە بەشی خۆمان وەردەگرین. ئێمە هەر لەسەرەتاوە کە ئەو وەرەقە 19 خاڵییەمان ئامادەکرد ئەوە پێوەرە بۆ هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ ئەم لا یان ئەولا.

## هەڵوەشانەوەی حکومەت بەکشانەوەی لایەکی لە ئەورووپاش هەیە

**ڕووداو: مام جەلال لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێ مالیکی هەموو داخوازییەکانی کوردی قبووڵ کردووە و بە تەلەفۆن ئەوەی پێگوتووە؟**

**هوشیار زێباری:** زۆربەی زۆری قبووڵ کردووە، بەڵام هەندێ شت ماون هێشتا قبووڵ نەکراون.

**ڕووداو: وەکو چی؟**

**هوشیار زێباری:** خاڵی 18 وەرەقەکەی ئێمە کە دەڵێ ، ئەگەر لایەنی کوردی کشایەوە دەبێ حکومەت هەڵوەشێتەوە. ئێمە تەجروبەمان هەیە. بۆنموونە ئێستا لە وڵاتێکی ئەورووپیش وەختێک دوو حیزب هاوپەیمانێتی دەکەن، دەبنە شەریک لە پێکهێنانی حکومەت و سیاسەتدا، ئەگەر لایەک کشایەوە ئەویدیکە ناتوانێ حوکم بکات. ئەمە یەکێکە لە داواکارییەکانی ئێمە کە هێشتا قبووڵیان نەکردووە دەڵێن با ئەو خاڵە بەفۆرمێکی دیکە بێت. بەڵام بەڕاستیش دەوڵەتی یاسا لەهەموو ئەوانیدیکە زیاتر لەداواکانی ئێمە هاتوونەتەپێشەوە. لە عێراقییە زیاتر.

**ڕووداو: بەڵام گرنگەکەش خاڵی 18یە کە مالیکی تائێستا قبوڵی نییە. چونکە ئەوە گرەنتی هەر 18 خاڵەکەی دیکەیە؟**

**هوشیار زێباری:** ڕاستە، ئێمەش لەبەرئەوە ڕێککەوتنی کۆتاییمان نەکردووە. لە سیاسەت و لەهاوپەیمانێتی مەسەلەی گرەنتی شتێکی گرنگە.



## ئەمریکا هیچ دەستپێشخەرییەکی نییە بۆ چارەسەری تەنگژەی حکومەتی عێراق

بەڵام ئەگەر ڕاستیشتان دەوێت و ڕای من دەپرسن، لەسیاسەتدا گرەنتی و زەمانەت نییە. گرەنتی یەکێتیی ڕیزەکانی تۆ و سەنگی هێزەکان و جموجوڵ و ڕۆڵی تۆیە.

**ڕووداو: تۆ ئەزموونت لەگەڵ عەللاوی و مالیکیش هەبووە، لەو ئەزموونەوە پێت باشە کورد هاوپەیمانی لەگەڵ کامیان بکات؟**

**هوشیار زێباری:** ڕاستییەک هەیە و دەبێ واقیعی بین لەگەڵی. ئێمە بەڕاستی بمانەوێ یان نا، ئەمڕۆ شیعە زۆرینەن لە پەرلەمان. تۆ ئەگەر بەشداریی لە حکومەت، دەبێ لەگەڵ حکومەتێک بیت کە توانای بەردەوامبوونی هەبێت. بەدڵنیاییەوە دەبێت سوننەش لەو حکومەت بەشداربن، بەڵام مەحەک ئەوەیە کێ لە داخوازییەکانی ئێمە نزیکترە ئەوە دەبێتە پێوەر. مەسەلە بۆچوونی شەخسی ئەمە باشە و ئەوە خراپە.

**ڕووداو: لەنێو ڕای گشتی خەڵکی کوردستاندا گلەییەکی زۆر هەیەو پێیانوایە ئەو حکومەتەی مالیکی حکومەتی ئێمە نەبووە، چونکە هەرچەند مالیکی هەمیشە باسی ئەوەیدەکرد کە جێبەجێنەبوونی ماددەی 140 خەتای ئەو نەبووە و دەبووایە دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار سنووری ئیداری پارێزگاکان بگۆڕێ، بەڵام خەڵک ئەوەش دەزانن کە لە ماوەی چوارساڵی سەرۆکایەتی ئەودا ماددەی 140 جێبەجێنەکراو و نە سەرژمێری کرا؟**

**هوشیار زێباری:** ئەوە ڕاستە، کەمتەرخەمی زۆر کرا بەڕاستی، وەنەبێ هیچیش نەکرابێ . بەدڵنیاییەوە کەمتەرخەمییەکەش حکومەتی بەغدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی کوردیش لە بەغدا کردیان. هەندێک ئیش هەیە دەبێ هەموو تێیدا بەشداربن، ئەمە بەتەنیا ئیشی چەند نوێنەرێک یان لیژنەی باڵای ماددەی 140 نییە. بڵێی چەند نوێنەرێکمان لە بەغدا هەن ، دەبێ ئەوان بیکەن. ئەمە ئیشێکی نیشتمانییەو دەبێ هەموو لایەک پێکەوە هەوڵی بۆ بدەن.

**ڕووداو: حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبووایە چی بکات بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 ؟**

**هوشیار زێباری:** حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی زۆری هەبوو، دەیتوانی ڕۆڵی هەبێت لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخ لەو ناوچانەو یارمەتیدان و گرنگیدان بەگوزەرانی خەڵکی ئەو ناوچانە.

## نەدانی پۆستی سەرۆک کۆمار بە کورد سەرەتای لێوەرگرتنەوەی مافەکانە

**ڕووداو: ئەی سەرۆکایەتی کۆمار کە دەڵێن نەیدەتوانی بڕیار بدات بەهۆی ئەوەی جێگرەکانی مافی ڤیتۆیان هەبوو؟**

**هوشیار زێباری:** سروشتی حوکمڕانی خۆی وابوو، ئەگەر ڕاستیت دەوێت سێ سەرۆک کۆمار هەبوون نەک یەک. تەنانەت جارێک بەڕەسمی موخاتەبەی ئێمەیان کرد کە بابەتی تەشریفاتی و ئەو شتانە دەبێت وەک سەرۆک کۆمار مامەڵەمان لەگەڵ بکرێ. هەریەک لەوان ڤیتۆی هەبوو. دیارە ئەم قۆناغەی داهاتوو بەوجۆرە نابێ و تەنیا یەک سەرۆک کۆمار دەبێت، بەڵام دەسەڵاتەکانیشی کەمتر دەبن. پاشان زۆر کێشە ماون کە چارەسەر نەبوون. بەڕاستی ئێمە هەموو هیواو ئومێدمان ئەم دەستوورەیە کە تائێستا بەتەواوی نەچەسپاوە.

**ڕووداو: پێداگری کورد لەسەر ئەوەی کە مام جەلال ببێتەوە بە سەرۆک کۆمار، تۆ پێتوایە ئەم جارە کە عێراق سەرۆک کۆمارێکی کوردی دەبێت و دووی دیکەی نابێت یەکێکی سوننەو یەکێکی شیعە، ئەوە بۆ کورد شتێکی باش دەبێت؟**

**هوشیار زێباری:** ئەم بابەتە زۆر باسدەکرێ کە ئایا سەرۆک کۆمار بۆ کورد دەبێت یان لایەنێکی دیکە. هەتا ئێستاش هەڵوێستی ئێمە و سەرۆک بارزانی هەر ئەوەیە کە سوورین لەسەر کاندیدکردنی مام جەلال بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، لەبەر زۆر هۆکار: یەکەم مەترسی ئەوە هەیە کە ئەمە هەنگاوی یەکەم بێت بۆ وەرگرتنەوەی هەموو ئەو مافانەی کورد بەدەستی هێناون یەک لەدوای یەک. بەڵام لەوەوە دەستی پێدەکرێ. بەڕاستیش نابێ ئەو هەستە دروستبکرێ کە کورد مافی نییە ببێتە سەرۆک کۆمار یان وەزیری فڵانە وەزارەت. ئەم دەستوورە لەسەر بنەمای هاوواڵاتیبوونی یەکسان دارێژراوە کە هەموو خەڵکی عێراق وەکو یەکن. بۆیە ئێمە دەبێ وریابین و دەستبەرداری ئەو مافە نەبین نە ئێستا ، بەڵکو لەداهاتووشدا.

**ڕووداو: یەک لە ڕاوێژکارەکانی مام جەلال نووسیبووی کە جۆ بایدن لەسەردانەکەیدا بۆ عێراق پێشنیازی ئەوەی کردبوو مام جەلال ببێتە نوێنەری عێراق و بەوڵاتاندا بگەڕێ و لەجێگەی ئەو یەکێکی سوننە ببێتە سەرۆک کۆمار، ئێستا دەتوانین بڵێین ئەو پێشنیازە لەئارادا نەماوە؟**

**هوشیار زێباری:** خۆی بەڕاستی خەڵکێک هەیە کە چاوی لەو پۆستی سەرۆک کۆمارە، عێراقییەو سوننەی عەرەب بەئاشکرا لە گفتوگۆکاندا داوای دەکەن، وەنەبێ بە نهێنی بێت. بەڵام هەڵوێستی ئێمە یەکگرتووە و پێداگرین لەسەر وەرگرتنەوەی.

## وەزارەتی دەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە

**ڕووداو: مەسەلەی وەرگرتنەوەی وەزارەتی دەرەوە کە ئەو چەند ساڵە بەدەستی کوردەوە بوو، ئێستا لە داخوازییەکانی کورددا زۆر زەق ناکرێتەوە، تەنانەت دەگوترێ کورد ئەم جارە داوای ناکاتەوە. لەکاتێکدا زۆر کەس پێیوایە ئەگەر وەزارەتی دەرەوە لەدەستی کورد نەبووایە لەوانەبوو لەسەر ئاستی ئیقلیمی زۆر پیلانی مەترسیدار دژی کورد دابڕێژرێ وەک چۆن لەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە هەندێ ڕێککەوتنی نهێنی لەگەڵ تورکیا کران لەسەردەمی ئیبراهیم جەعفەری، واتە ئەم وەزارەتە لەکاتێکدا کە زۆر گرنگە بۆچی کورد زۆر پێداگیری لەسەر ناکات؟**

**هوشیار زێباری:** ئێستا شەڕەکە لەسەر ئەوە نییە، بەڵکو لەسەر سێ پۆستەکەی دیکەیە. واتە هێشتا نەهاتووینەتە سەر ئەوەی وەزارەتەکان چۆن دابەش بکرێن. هیچ دانیشتن لەوبارەوە نەکراوە.

**ڕووداو: بەڵام لایەنی کوردی ئێستا دەڵێن وەزارەتی نەوت یان دارایيمان دەوێ؟**

**هوشیار زێباری:** ئاخر خۆ هەموو شتێک بەدەست ئێمە نییە. کێ دەڵێ شیعە ئامادەیە وەزارەتی نەوت بداتە کورد کە سەرچاوەی داهاتی هەموو عێراقە. ئێمە هێشتا نەهاتووینەتە سەر ئەو گفتوگۆیە، بەڵام بەدڵنیاییەوە چونکە هەڵوێستی ئێمە بەهێزو یەکگرتووە، زەرەر ناکەین و لە وەزارەتە سیادییەکان بەشی خۆمان دەبەین. وەزارەتی دەرەوەش نەک لەبەرئەوەی من لەوێ وەزیرم، بەڵام بەدڵنیاییەوە وەزارەتێکی زۆر گرنگە، پەیوەندی زۆری بەهەرێمی کوردستانەوە هەیە، خۆی مەسەلەی کورد و مەسەلەی هەرێمی کوردستان مەسەلەی سەرەوەرییە، ئەو وەزارەتانەی پەیوەندیدارن بەسەروەری بۆ دەرەوە وەزارەتی دەرەوەیە و بۆ ناوەوە وەزارەتی ناوخۆیە.

**ڕووداو: بەڵام زۆر ڕەخنە لەنێو کوردەوە لە وەزارەتی دەرەوە دەگیرێن، لەکاتێکدا لەوانەیە ئێوە دەورێکی زۆرتان گێڕابێ لە قبوڵکردنی هەرێمی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا؟**

**هوشیار زێباری:** بێگومان کارێکی زۆرمان لەو بوارەدا کرد. بەڵام جارێ کاتی باسکردنی ئەو شتانە نییە و ڕۆژێک دێت ئەوانە باسدەکەین.

**ڕووداو: گوتت لەوانەیە سەرۆکایەتی کۆمار هەنگاوی یەکەم بێت بۆ لێستاندنەوەی هەموو ئەو مافانەی کورد بەدەستیهێناون، هەفتەی ڕابردووش کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی هاتبوو بۆ لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە بەیاننامەکەی سەرۆکایەتی هەرێمدا وا نیشاندراوە کە باراک ئۆباما بەڵێن دەدات دەستکەوتەکانی کورد پارێزراو دەبن و کوردستان دەپارێزێ. ئایا کوردستان هەڕەشەکی هێندە گەورەی لەسەرە وەک ئەوەی لەسەر لێواری 1975ێکی دیکە بین؟**

**هوشیار زێباری:** نا ڕەوشەکە زۆر گۆڕاوە. ئێمە خۆمان ڕۆڵێکی گەورەمان هەبووە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی ناوچەکە کە ئەم مەترسییە کەم بکەینەوە کە کورد جیاخواز نین و دروستکەری کێشە نین و حەز لەشەڕو ئاڵۆزی ناکات. هێشتا ڕەوشی عێراق بەتەواوی نەچەسپاوە، هێشتا دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی سروشتی نییە و لە گۆڕاندایە. ئەمریکا دەکشێتەوەو، ئەم وڵاتانەی دەوروبەریش گەورەن و زۆر بەهێزن. کورد لەم ناوچەیەدا ئەم ئەزموونەی خۆی بەپشتگیری دەرەوە دروستکردووە، هەر لە دروستکردنی نەوای ئارام و هێڵی 36 و ڕێگرتن لەسەدام بۆ هێرشکردنە سەر کورد. هەمیشە ئەو مەترسییە هەیە کە لایەنێک هەبێت ئەم ئەزموونەی پێ مەترسی بێت، یان گۆڕانکارییەکانی عێراقی پێ باش نەبێت و بیەوێ دۆخەکە وەک جاران لێبکاتەوە، بۆیە کورد هەمیشە پێویستی بەدڵنیابوون و ئیلتزاماتی پاراستنیەتی لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە. ئەم ئیدارەیەش دەڵێن ئێمە پابەندین بەپاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و مەشقکردن بە پێشمەرگە و هاوکاری، ئەوەش بەڕای من شتێکی باشە.

**ڕووداو: وەک ئەوەی کە وەزیری دەرەوەی عێراقیت و بەردەوام لەوڵاتانیت و بەشداری کۆبوونەوە نێودەوڵەتییە گرنگەکانت کردووە بەناوی عێراقەوە، هەستت کردووە کە ئەم دەوڵەتە دەوڵەتێکی عەرەبی نییەو عێراقێکی جیاوازە وەک ئەوەی لەدەستووردا پێناسە کراوە؟**

**هوشیار زێباری:** خۆی عێراق ناوی ناوچەیەکی جوگرافییە نەک قەومی، عیچراق تەنیا عەرەبی تێدا نییە. ئەوە بەنیسبەت کوردیش کەمێک زەحمەتە ڕوونبکرێتەوە. عێراق نوێنەرایەتی هیچ نەتەوەیەک ناکات، ئەگەر ناوەکەی (کۆماری عەرەبی عێراق ) بووایە ، ئەوکات شتێکی دیکەبوو ، بەڵام وانییە و ناوی (کۆماری عێراق)ە. وەک سوریا نییە کە ناوی (الجمهوريه العربيه السوريه)یە یان تورکیا، کە ناوەکەی گوزارشت لە نەتەوەی تورک دەکات. بەڵام بێگومان زۆرینەی خەڵکی عێراق عەرەبن. عێراق لەدامەزرێنەرانی کۆمکاری عەرەبییە. هەمیشە لەمەسەلەکانی تایبەت بەعەرەبدا هەڵوێستی هەبووە. تەنانەت کاتی خۆی کێبڕکێیەکی توند هەبوو لەنێوان عێراق و میسر لەسەر ڕێبەرایەتیکردنی جیهانی عەرەبی.

## هەڵوێستی قەزافی و کاردانەوەی سووریا لەسەر سەربەخۆیی کوردستان

**ڕووداو: وەکو کوردێکی وەزیری دەرەوەی عێراق باش شارەزای هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان بووی، پێشتریش هەر خەریکی کاری سیاسی بووی وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی . هەستدەکەی زەمینەیەک هاتووەتە پێشەوە یان دێتە پێشەوە چ بەهۆی فاکتەری بەستنەوەی بێت لەگەڵ ئەورووپا بەهۆی نەوت وغازەکەیەوە، یان بوونمان بەدراوسێی یەکێتی ئەورووپا لەڕێگەی بەئەندامبوونی تورکیاوە، یانیش بەهۆی چڕبوونەوەی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لەم ناوچەیەدا، زەمینەی ئەوە بڕەخسێ کە دەوڵەتێکی کوردیی لێبکەوێتەوە؟**

**هوشیار زێباری:** مافی چارەی خۆنووسین وەکو ماف مافێکی ڕەوای هەموو گەلانە و لەدەستووری نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا هەیە. ئەم جارە بۆ زانیاریتان کە لە لووتکەی وڵاتانی عەرەبی بووین لە لیبیا لە سێرت، دانیشتنێکی وەزیرانی دەرەوەمان هەبوو. موعەممەر قەززافی هاتە ژوورەوە پرۆژەیەکی هەبوو بۆ پەرەپێدانی کۆمکاری عەرەبی (الجامعه العربيه) و یەکخستنی وڵاتانی عەرەبی و گۆڕینی ناوی کۆمکاری عەرەبی، زۆر باسی ئەوەیکرد کە دەبێ ئێمە وەکو یەکێتی ئەورووپا بین ، وەکو تورکیا بین و لانیکەم وەکو ئێران بین و خەڵک ڕێزمان لێبگرن، گوتی ئێمە لەوان بەهێزترین و بەپارەترین، بەڵام ئەو ئیرادەیەمان نییە. گوتی وەختێک من ئەمە دەڵێم مانای ئەوە نییە میللەتی دیکە نین و مافیان نییە، دەقاو دەق گوتی: نەتەوەی کوردیش هەیە کە نەتەوەیەکی گەورەیە و دراوسێی ئێمەن، ئەوانیش مافی یەکبوون و مافی سەربەخۆییان هەیە. دیارە من وەکو وەزیری دەرەوەی عێراق لەوێم و ناتوانم زۆر گفتوگۆی ئەو بابەتە بکەم. کە قەززافی قسەکانی تەواو کرد، نۆرەی من بوو قسەبکەم وەکو سەرۆکی کۆبوونەوەکە. بەخێرهاتنم کرد، بەڵام بەبێ باسکردنی ئەوەی کە ئێمە لەو لیژنەیەداین و ئیشێکی باش کراوەو ئەوانە، لە دوور و نزیک باسی ئەوەم نەکرد. پاشان ئەوانیدیکە بەخێرهاتنیان کردو قسەیان کرد، کەس تەعلیقی لەسەر قسەکانی نەبوو لەبارەی نەتەوەی کورد. هاتە سەر وەزیری دەرەوەی سوریا وەلید موعەلیم ، کە ئەویش دۆستێکی خۆشەویستی ئێمەیە، گوتی ئێمە تێبینیمان نییە لەسەر هیچ لەو شتانەی باستانکرد، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئێمە لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی نین. قەززافی وەڵامی دایەوە گوتی باشە ئێوە بەعسین، دروشمی بەعسیش ڕوون و ئاشکرایە کە دەڵێت (وحده. حريه. اشتراكيه) ئازادی لای ئێوە ئازادیی مرۆڤە یان میللەتان، ئەگەر ئێوە ئیعتراف بەوە نەکەن ، واتە ئێوە ڕاستگۆنین تەنانەت لەگەڵ بیروباوەڕ و بنەماکانتان. منیش لەو کاتەدا چەپڵەیەکی بەهێزم بۆ لێدا. خەڵکە ئامادەبووەکە هەموو دەستیان بەپێکەنین کرد. ئینجا وەزیری دەرەوەی سوریا کە لە تەنیشت من دانیشتبوو، گوتی ها خۆت ئاشکراکرد؟ گوتم من هەر ئەوەم، بەڵام ئێوە خۆتان فەزحکرد. کابرا باسی دەوڵەتی کوردی ناکات لە عێراق یان لەسوریا، ئەو باسی مافی میللەتێک دەکات کە ئەو مافە لە دەستووری نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا هەیە و لە هەموو پەیماننامەکانی دنیادا هەیە. بەڵام تۆ بۆ ئەوەندە بەو قسەیەی قەززافی تێکچووی، مانای وایە ئێوە باوەڕتان بەو پرەنسیپە نییە.

**ڕووداو: لە ئەمریکییەکان و ئەوانیدیکە هیچ جارێک شتی هاوشێوەی وات گوێ لێبووە؟**

**هوشیار زێباری:** بێگومان خەڵک هەیە بۆچوونی وای هەیە بەدڵنیاییەوە. بەڵام با من ڕای خۆمت پێ بڵێم ، من پێموایە ئەو دروشمی فیدراڵییەی ئێمە بەرزمانکردووەتەوە باشترین دروشمەو بەرهەمیشی هێناوە. تەماشابکە ئەوانەی دروشمی سەربەخۆییان هەڵگرتبوو چییان لێهات. تەماشای ئەزموونی هەرێمی کوردستانیش بکە بە بەراورد لەگەڵ هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان، ئێستا وەک قیبلەی هەموویانی لێهاتووە. ئەمە بۆچی؟ چونکە خەڵک تێیدەگات و قبوڵی دەکات. ڕەوشی کوردیش وەک ڕەوشی خەڵکی دیکە نییە، بۆنموونە وەک باشووری سوودان نییە کە ڕەنگە لەم ڕیفراندۆمەی بڕیارە بکرێ جیاببنەوە. دۆخی ئێمە بەوجۆرە نییە، جیۆپۆلیتیکی ئێمە جیاوازەو دژوارترە لەچاو خەڵکی دیکە، بۆیە دروشمی فیدراڵی و دیموکراسی لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا شتێکی باشەو پێموایە ئێمە سوودمان لێ بینیوەو زەرەرمان لێ نەکردووە.

## وەزیری دەرەوەی سووریا بە قەزافی گوت ئێمە دژی دەوڵەتی کوردین قەزافیش پێیگوت کەواتە ئێوە ڕاستگۆنین لەگەڵ دروشمەکەتان

## عێراقییەو سوننەی عەرەب بەئاشکرا لە گفتوگۆکاندا داوای پۆستی سەرۆک کۆمار دەکەن

# هونەر

## لەبەر کۆنسێرتی بڵند عارف 25 هەزار دۆلاری زەرەر کرد



تایبەت بە رووداو

دەزگا ئەمنییەکانی سووریا رێگەیان نەدا هونەرمەند بڵند ئیبراهیم لە شاری حەلەب ئەو کۆنسێرتە ساز بکات، کە بڕیاربوو لە 2010/10/22 لە هۆڵی ڤینیسیای شاری حەلەب سازی بکات. بڵند ئیبراهیم لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند "پێموایە مەسەلەی راگرتنی کۆنسێرتەکەی من مەسەلەیەکی ئەمنی بێت، نەیاندەویست لە شارێکی وەک حەلەب ئاهەنگێکی کوردی سازبکرێ و هەزاران کورد کە لە شارەکانی عفرین و کۆبانێشەوە هاتبوون لە حەلەب کۆببنەوە". بڵند گوتیشی ئەو بەڵێندەرەی گرێبەستی سازکردنی ئەو کۆنسێرتەی لەگەڵ کردبوو ، کوردێکی شاری حەلەبە و ناوی عارفە، کە بەهۆی رێگە نەدان بە کۆنسێرتەکە زیاتر لە 25 هەزار دۆلاری زیان لێکەوت. بڵند ئاماژەی بەوەشدا "ماوەی دوو ساڵە بە بڕیاری دەزگا ئەمنییەکانی سووریا رێگەم پێنادرێ کۆنسێرت لە قامشلۆش بگێرم کە پێشتر بە ئاسایی کۆنسێرتم لێدەکردن".

## دیانا کەرەزۆن بە 3 مانگ زیندان حوکم دەدرێت

# "خاڵوانم کوردن و بەدیتنی هەولێر شانازیم بەکوردبوونیانەوە کرد"

**رووداو-هەولێر**

شەوی 2010/11/25 لە هۆتێلی خانزاد لە هەولێر، ئاهەنگێک بەبۆنەی راکێشانی بلیتی براوەکانی تاتلیسەس بینگۆ بەڕێوەچوو، تێیدا ئیبراهیم تاتلیسەس و کۆمەڵێک ئەکتەر و هونەرمەندی ناسراوی عێراقی و عەرەبی بەشداربوون، لەگەڵ تیپی فۆلکلۆری هەولێر و گۆرانیبێژانی کورد عەزیز وەیسی، لۆکە، دەشنێ، بڵند ئیبراهیم.

یەکێک لە بەشدارانی ئاهەنگەکە، گۆرانیبێژی نێوداری ئوردنی دیانا کەرەزۆن بوو. ئەو لە ئاهەنگەکەدا گوتی : "خاڵوانم کوردن"، هەروەها زۆر پەسنی شاری هەولێریدا و گوتی جلوبەرگی لە ماجیدی مۆڵ کڕیوە و گوتیشی ، بەبینینی هەولێر زۆرتر شانازی بە خالوانییەوە دەکات.

ئەکتەری نێوداری میسری عایدە ریاز لەکاتی ئاهەنگەکەدا گوتی "لەو سەردانەماندا بۆ هەولێر وەک سەردانی شوێنەکانی دیکەمان نەکرد، کە زۆربەی کاتەکانمان لەنێو هۆتێل بەسەر ببەین، بەڵکو چووینە شوێنە خۆشەکانی ئەو شارە جوانە و شەوی رابردووش لەگەڵ خاتوو دیانا کەرەزۆن چووین بۆ ماجیدی مۆڵ و جلوبەرگمان کڕی".

بەڵام لەو ئاهەنگەدا زیاتر کەشێکی عەرەبی زاڵ بوو، هەروەها گۆرانیبێژ سەلاح عەبدولغەفوور کە لەسەردەمی رژێمی سەدام دا گۆرانی بەسەر سەدامدا هەڵدەگوت، هەرپەسنی یەکێتی نەتەوەی عەرەبی دەدا، هەرچەندە دەگوترێ ئەویش بە بنەچە کوردی فەیلییە. بەڵام تاتلیسەس زیاتر بە کوردی قسەی کرد و گۆرانی گوت.

سامان ناسیح، کە بەهەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی ئاهەنگەکەی پێشکێش دەکرد، لەبارەی ئاهەنگەکەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "زۆربەی ئەو میوانانەی لە ئاهەنگەکەدا ئامادەبوون پەسنی شاری هەولێر و هەرێمی کوردستانیان دەدا، ئەگەرچی بەرامبەر وەرگرتنی بڕێک پارە داوەتی هەولێر کرابوون، بەڵام لەسەر داوای خۆیان دەچوونە نێو بازاڕ و شوێنە ناسراوەکانی شار و حەزیان دەکرد لە نزیکەوە خەڵکەکە بناسن".

سامان ئاماژەی بەو لێدوانەی عایدە ریاز کرد کە لە ئاهەنگەکەدا ئاماژەی بەوەدا دەیەوێ لە شاری هەولێر ڤێلایەک بکڕێ و پشووەکانی خۆی لێرە بەسەرببات، لەمبارەوە گوتی "ئەگەر ئەو بەڕاستیش ڤێلا لە هەولێر نەکڕێ، ئەوا شایەتیدانێکە بۆ ئەوەی هەولێر شارێکی خۆش و ئارامە و شایەنی ئەوەیە خەڵکی لە وڵاتانی عەرەبی رووی تێبکەن و تێیدا بژین".

### دادگا خوارزای کوردی سزادا

بەڵام لەگەڵ ئەو خۆشییەی دیانا کەرەزۆن لەهەولێر، هاوکات دادگایەکی شاری عەممانی پایتەختی ئوردن سزای سێ مانگ زیندان، یان 100 هەزار دیناری ئوردنی بەسەردا سەپاند، هەروەک بەرهەمهێنەری پێشووی بەرهەمەکانی دیانا کەرزۆن، محەممەد مەجالی بە ماڵپەڕی (ایلاف)ی راگەیاند.

مەجالی، روونیکردەوە ئەگەر ئەو 100 هەزار دینارەی نەداتێ، کە لە گرێبەستی نێوانیاندا لەسەری رێککەوتوون، دەبێ سێ مانگ بچێتە زیندانەوە. ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو بڕیارە دوای ئەو تێهەڵچوونەوەیە هات کە دیانا بەر لە ماوەیەک دژ بە بڕیاری دادگا پێشکەشی کردبوو، بڕیاری بەندکردنەکەش کۆتاییە و قابیلی رەتکردنەوە نییە.





مەجالی روونیکردەوە کە دیانا کەرزۆن ناتوانێ بچێت بۆ وەرگرتنی خەڵاتی "گۆڵدن ئۆورد" لە ئوردن، چونکە ناوی دراوەتە هەموو فڕۆکەخانەکان، هەر لەگەڵ گەیشتنی دەسگیردەکرێ.

گوتیشی کە دیانا کەرەزۆن دوو سکاڵای سەبارەت بە تۆمەتی جنێودان و زەمکردن و سووکایەتیکردن لەسەرە. سکاڵای یەکەم بەهۆی ئەو لێدوانانەی لە هەردوو رۆژنامەی (الدستور) و (المسا و)ی میسر دابوونی، دووەمیشیان سەبارەت بەو قسانەی کە لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی نایل لایفدا کردوونی.

مەجالی ئەوەشیگوت کە دیانا لەسەر هەریەک لەو دوو سکاڵایە، لەوانەیە ساڵێک تاوەکو سێ ساڵ زیندانی بکرێ.

محەممەد مەجالی راشیگەیاند کە لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا لە کەناڵی (مەزیکا)، هەموو راستییەکان دەخاتەڕوو، هەروەها ئەو بەڵگەنامانەش پێشاندەدات کە تۆمەتەکانی دیانا هەڵدەوەشێنێتەوە لەبارەی ئەوەی کە گوتبووی مەجالی دەستدریژی کردووەتە سەری.

هەروەها گوتی کە ئەو رێ بە کەرزۆن نادات لە میسر و لە دەرەوەی میسریش گۆرانی بڵێ. هەروەها هەوڵدەدات بڕیارێکیش لە سەندیکای موزیکڤانانەوە دەربچێ کە رێگەی گۆرانی گوتنی لێبگرێ، تاوەکو یەکلاییبوونەوەی کێشەکەی نێوانیان.

## ئاینوور دۆغان:

# کە وشەیەکی نوێی کوردی فێر دەبم یان لە دایکم دەیبیستم وا دەزانم خەزێنەیەکم دۆزیوەتەوە





**سەردار عەگید**
**رووداو- ئەڵمانیا**

"ئەگەر ئێوە لە تورکیا بژین و لەڕووی رەگەزییەوە ژن بن و لەڕووی ئاینییەوە عەلەوی و خەڵکی دێرسم و کوردیش بن، ناکرێ رووبەڕووی گیروگرفت نەبووبنەوە" ئاینوور دۆغان، هونەرمەندی نێوداری کورد کە لە دوو هەفتەی رابردوودا لە چەند شارێکی ئەڵمانیا کۆنسێرتی سازکرد، ئاوا کێشەکانی ژنبوون و کوردبوون و هونەرمەندبوون لە تورکیا پێکەوە گرێدەدات تاوەکو پێشانیبدات کە ئەو و ئەوانەی وەک ئەون چ رەوشێکی زەحمەتدا گوزەریان کردووە.

ئاینوور دۆغان، لەساڵی 2004 و پاش بڵاوبوونەوەی دووەمین ئەلبوومی بەناوی (کەچا کورد) نێوبانگێکی زۆری پەیداکرد. دوای ئەو ئەلبوومەش جارێکی دیکە بە گۆرانی (دار حەژیرۆکێ) دەرکەوتەوە، بەڵام ئەم جارەیان لە فیلمێکدا بەناوی (گونەل یاراسی) واتە برینی دڵ، کە هونەرمەندانی نێودار شەنەر شەن و مەلتەم جومبول لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی بوون. ئەوەش یەکەمین جار بوو کە گۆرانییەکی کوردی لە فیلمێکی تورکیدا بڵاوبکرێتەوە. هەر لەبەر ئەوەش کۆمپانیا تورکییەکان و زۆر لەسینەماکان ئامادە نەبوون بڵاوی بکەنەوەو نمایشی بکەن.

دۆغان پاش تەواوبوونی کونسێرتەکەی لە شاری بوخووم لە باکووری رۆژئاوای ئەڵمانیا، قسەی بۆ (رووداو) کرد. ئەویش وەک زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەندانی باکووری کوردستان، لە وەڵامی هەر پرسیارێکی هونەریدا دەپەڕێتەوە نێو سیاسەت و کێشەی زمان و کێشەی بوونی نەتەوەیی و هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لەو چوارچێوەیەدا تووشی هاتوون. لەوبارەوە دەڵێت "ئەو ماندووبوون و تەنگوچەڵەمانەی کە زۆر کەس دیتوویانە، منیش دیم. منیش لە ژیانی هونەری خۆمدا تووشی ئاستەنگ هاتووم، وەک هەموو کەمینە نەتەوەییەکان، هەموو مرۆڤە بێ مافەکان، منیش کۆسپ و ئاستەنگم بینیون".

گۆرانی گوتن بەزمانی دایک، بۆ ئاینوور دۆغان ئەو خاڵە پۆزەتیڤەی تێدابووە کە لەلایەن بنەماڵەکەیەوە نەک هەر رێگری لێ نەکراوە بگرە بووەتە مایەی شانازیش "بەهۆی ئەوەی کە من گۆرانی کوردی دەڵێم، بنەماڵەی من هیچ کاتێک دژایەتییان نەکردم، بەڵام هەندێک جار دەترسان لەوەی کە تووشی کێشە و گیروگرفت ببم، بەڵام هەرگیز نەبوونە کۆسپ لەبەردەمم. دەتوانم بڵێم کە هەمیشە هاوکارییان کردووم و شانازییان پێوەکردووم. .بەڵام کاتێک ماڵی خۆمان بارکرد بۆ ئیستەنبوڵ، کەمێک ترسیان بۆ دروست بوو، چونکە ئێمە چووینە شارێکی گەورە و نەماندەزانی چیمان بەسەر دێت".

### ئاینوور خەمی زمانی هەڵگرتووە

ئاینوور دۆغان چەند خەمی هونەرەکەیەتی و پێیەوە سەرقاڵە ، ئەوەندەش لە خەمی زمانی کوردیدایە و دەڵێت "ئێستاش کە وشەیەکی نوێی کوردی فێر دەبم، یان لە دایکم دەیبیستم، وەکو ئەوەیە خەزێنەیەکم دیتبێتەوەو زۆر پێی خۆشحاڵ دەبم، پێویست بوو ئەو شتانەمان لە مێژەوە زانیبا، بەڵام زمان و کولتوورمان قەدەخە کران، پێویستە ئێمە بۆ پێشخستنی زمان و کولتوورەکەمان رانەوەستین و خەبات بکەین. بەپێی توانای خۆم هەرشتێک لە دەستم بێت لەو رووەوە دەیکەم و بەردەوامیش دەبم لەسەری".

هەر لە درێژەی ئەو باسەدا دەڵێت "دەبینم کە سیما و رووخساری زۆر شتمان وەک دینامیکی کولتوورەکەمان ون کردووە. کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە زۆر نارەحەت و دڵگران دەبم و دڵم پارچە پارچە دەبێت. ئەگەر پەروەردە بە زمانی دایک نەبێت، زمانەکەمان پێش ناکەوێت. دەبێ بە کوردی قسە بکرێ، پەروەردەکردن بە کوردی هەبێت، دەبێ زمانمان خۆشبوێت و فراوانی بکەین تاوەکو زمانەکەمان پێشبکەوێ. پێویستە ئەم زمانە لە ژیانی رۆژانەدا بەکاربهێنرێ، دیالێکتی کورمانجی کەمێک پێشکەوتووە، بەڵام بارودۆخی دیالێکتی زازاکی زۆر باش نییە".

### تاوەکو تەمەنی 7 ساڵی کوردیم نەدەزانی

ئاینوور دۆغان خۆی یەکێکە لەوانەی هەرگیز بەزمانی کوردی نەیخوێندووە، بۆیە لە زیندوو راگرتنی زمانەکەیدا، خۆی بە قەرزاری بنەماڵەکەی دەزانێ "هەتا تەمەنی 7 ساڵی پێش ئەوەی برۆمە قوتابخانە، تورکیم نەدەزانی. تەنیا بە کوردی قسەم دەکرد، کاتێک کە چوومە قوتابخانە و پەروەردەم بە زمانێکی بێگانە دیت، کەسێک لە تەمەنی منداڵییەوە بە زمانێکی بێگانە بخوێنێ و پەروەردە بکرێ لە زمانی خۆی دوور دەکەوێتەوە و لەبیری دەکات، بۆیە ئێستاش لە زمانی کوردیدا هەندێک جار تووشی کێشە دێم".

ئاینوور دۆغان بەهۆی ئەوەی خەڵکی شاری دێرسیمە، جگە لە کێشەی زمان، وەکو خەڵکی رەسەنی ئەو شارە خۆی بەخاوەنی کێشەیەکی مێژوویش دەزانێ کە کێشەی کۆمەڵکوژییە دەرحەق بەدانیشتووانی شارەکەی.

ئەو تاوانە ئەگەرچی لەپاش ئەنجامدانییەوە لەساڵانی سییەکانی سەدەی رابردوو بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە نکۆڵی لێکراوە، بەڵام بۆ یەکەمین جار رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیا، گوتی کە بەڵێ "لە دێرسم کۆمەڵکوژی کراوە". ئاینوور دۆغان دەڵێت "ئەوە شتێکی گرنگە، بەڵام گۆڕانکاری بە قسە ناکرێ، پێویستە بە کردەوە بکرێن. ئەگەر تەنیا لە چوارچێوەی قسەکردندا بمێنێتەوە، واتا کەسەکە سیاسەت لەسەر ئێش و ئازاری نەتەوەکان دەکات . ئەمە تاوانێکی مێژووییە، پێویستە قوربانیانی کۆمەڵکوژی دێرسم قەرەبوو بکرێنەوە. لە بنەماڵەی ئێمەش زۆر کەس لە کۆمەڵکوژیی دێرسیم کوژراون، بۆیە ئێمە باش دەزانین کە کۆمەڵکوژی چییە".

ئاینوور باسی دژواری ئەنجامدانی کاری هونەری بۆ هونەرمەندی کورد دەکات و بەتایبەتیش ئەگەر ژن بێت " کاتێک ژنێکی کورد بیت و خەریکی موزیک بیت ، ئەوکاتە کێشە تایبەتییەکان سەرهەڵدەدەن. ئێمە بەرهەمەکانمان لە کەشوهەوایەکی زۆر ئەستەم و دژواردا دروستدەکەین. چونکە لە قاڵبی موزیکی کوردیدا، تاکو ئێستاش زۆر شت جێگەی خۆیان نەکردووەتەوە. وەزارەتی رۆشنبیری تورکیاش هیچ هاوکارییەکی هونەرمەندانی کورد ناکات، لە تورکیا بازاڕی موزیک بەرەو پلاتفۆرمی دیجیتاڵی دەڕوات، موزیکی تورکی خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە گونجاندووە، بەڵام موزیکی کوردی نا. پێویستە موزیسیێنەکانی کورد لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و بۆ بەدەستخستنی مافی بڵاوکردنەوە خەبات بکەن . بۆ بەردەوامبوونی موزیکی کوردی ئەمە خاڵێکی بنەڕەتییە. پێویستە هونەرمەندانی کورد پرسیار لە بەرپرسانی دەوڵەت بکەن، بۆچی مافی بڵاوکردنەوە نادەنە هونەرمەندانی کورد".

**وەزارەتی رۆشنبیری تورکیا هاوکاری هونەرمەندانی کورد ناکات**

**ئەگەر لە تورکیا بژین و ژن بن و عەلەوی بن و کورد و خەڵکی دێرسم بن ناکرێ بێ گیروگرفت بن**

ئاینوور دۆغان کە دەڵێت "یەکێک بووم لەو هونەرمەندانەی هێرش بۆ سەر ROJ tv م شەرمەزار کرد". ئازادیی راگەیاندن و چاپەمەنی هاوتای ئازادی زمان و ناسنامەی کوردی دەبینێ و پێیوایە نابێ ئەو مافە بکرێتە بابەتی دانوستاندن. ئەو دەڵێت "قسەکردن بە زمانی دایک مافی سروشتیی منە. ئەمە مافی مرۆڤایەتییە، بۆچی دەبێت من بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە شەڕ بکەم و بۆچی پێویستم بە ئاشتی هەبێت، پێویستە ئێمە مافی خۆمان نەکەینە بابەتی وتووێژ".

**من باش دەزانم کۆمەڵکوژی یانی چی چونکە لە دێرسم زۆرکەسی بنەماڵەی ئێمەش کوژراون**



## تاراوگە

### 80 کورد لە نزیک ئیتاڵیا دەستگیرکران

ڕووداو- adnkronos.com

نزیکەی 80 پەناخوازی کورد لە لایەن پۆلیسی ئیتاڵییەوە دەستگیرکران، دوای ئەوەی گەمییەکەیان لە هەرێمی کالابرای باشووری ئیتاڵیا دەستی بەسەردا گیرا. ژمارەیەکی زۆر لەو پەناخوازە کوردانە، ئافرەت و هەرزەکارن. هەروەها سەرچاوەیەکی لە پۆلیسی ئەو ناوچەیە ڕایگەیاند کە چەند ئافرەتێکی دووگیان لەنێو ئەو پەناخوازانەدان و ئێستاکەش لەکامپێکی نزیک دەریاکە نیشتەجێکراون و لەژێرلێکۆڵینەوەدان.

### پۆلیسی لەندەن دەڵێ 90%ی بازرگانی هێرۆیین لە بەریتانیا بەدەست ئەوەوەیە

# دادگایەکی بەریتانی "کوردە ترسناکەکە"ی بە بێ تاوان دانا



**ڕووداو- لەندەن**

دادگایەکی شاری لەندەن (عەبدوڵڵا بایباشین)ی گەورە بازرگانی کوردی زیندانیکراوی بە بێ تاوان ناساند و بڕیاری ئازادکردنیدا، بەڵام حکومەتی بەریتانیا ئازادی ناکات و بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی داوە.

ڕۆژی 2010/10/22 دادگای Woolwich Crown Court لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بڕیارەکەی دەرکرد. بەڵام چەند کاژێرێک دواتر وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا ڕایگەیاند کە (بایباشین) بۆ زیندانێکی کاتی دەگوێزێتەوە بە مەبەستی دیپۆرتکردنەوە بۆ تورکیا. بەپێی لێدوانی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا "مانەوەی بایباشین لە بەریتانیا جێگەی مەترسییە بۆ ئەو وڵاتە و تەناهی وڵات دەخاتە مەترسییەوە."

بایباشین کە لەساڵی 2006 بە 22 ساڵ زیندانیکردن حوکم درابوو، لەلایەن پۆلیسی بەریتانیاوە بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە 90%ی بازرگانی هێرۆین لەو وڵاتەدا لە دەست ئەودایە. میدیاکانی بەریتانیاش وەک "پیاوە ترسناکەکە" دەیناسێنن. بەڵام دوای بە بێ تاوان ناساندنی لەلایەن دادگاوە، لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانی بایباشین دەست پێدەکات.

### برا لە هۆڵەندا و بنەماڵە لە بەریتانیا

خێزانی بایباشینەکان پێشتریش ببوونە جێگەی بایەخی میدیا ئەوروپاییەکان، ئەویش دوای دەستگیرکردنی (حوسێن بایباشین)ی برای عەبدوڵڵا و حوکمدرانی لەساڵی 2001 لە هۆڵەندا بە 20 ساڵ زیندان. حوسێن لە ئەوروپا وەک "ئیمپراتۆری هێرۆین" دەناسێندرا. هەروەها سەرداری بنەماڵەی بایباشینەکانیش بوو، کە بەپێی لێدوانی پۆلیسی بەریتانی و هۆڵەندی، تۆڕێکی فراوانی بازرگانیکردن بە مادده بێهۆشکەرەکانیان لە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دامەزراندووە.

بایباشینەکان کە لە بنەڕەتدا خەڵکی شارۆچکەی (لیجە)ی سەر بە شاری ئامەد (دیاربەکر)ی باکووری کوردستانن، لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە ڕوویان لە بەریتانیا کردووە و لە لەندەن نیشتەجێبوون. لەو ماوەیەدا، بەهۆی کارە بازرگانییەکانیان و پشتیوانیکردنیان لە چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ببوونە نێوێکی دیار لەو شارەدا. کەناڵی BBC لە ڕاپۆرتێکیدا دەربارەی بایباشینەکان وا دەیانناسێنێ کە "تۆڕێکی فراوانی مافیاییان دروستکردووە کە لە سەرتاسەری ئەوروپادا چالاکە."

پاش گیران و حوکمدرانی حوسێن بایباشین، عەبدوڵڵای برای وەک جێگرەوەی هاتە پێشەوە. لە ساڵی 2004دا حکومەتی بەریتانیا مافی پەنابەری سیاسیی دایە عەبدوڵڵا و ئەندامانی بنەماڵەی بایباشین. ئەوکات لە میدیاکاندا وا بڵاوبووەوە کە عەبدوڵڵا لەبەردەم دادگایەکی بەریتانیدا ئەوەی ئاشکراکردووە کە پێدانی مافی پەنابەرێتی سیاسی بەو بنەماڵەیە لەسەر بنەمای پێکهاتنێک بووە کە حوسێنی برای لە زیندانەوە ئەنجامیداوە، کە بەهۆیەوە بڕیار دراوە حکومەتی بەریتانیا "نەوایەکی ئارام" بۆ بایباشینەکان دابین بکات و ئەویش لەبەرامبەردا وردەکاری تێوەگلانی گەورە کاربەدەستانی حکومەتی ئەوکاتی تورکیا لە بازرگانیکردن بە مادده بێهۆشکەرەکان لە ئەوروپادا ئاشکرا بکات. بەڵام دواتر لە ساڵی 2006دا عەبدوڵڵا حوکمدرا و جگە لە تۆمەتی بازرگانیکردن بە هێرۆین، تۆمەتی کوشتن و بازرگانیکردن بە مرۆڤیشی درایە پاڵ.

ئێستا پاش بێ تاوان دەرچوونی عەبدوڵڵا بایباشین، پارێزەرەکانی لە هەوڵدان بۆ ئەوەی "بڕیارە نادادپەروەرانەکەی حکومەتی بەریتانیا" لەڕێگەی یاساییەوە بەتاڵ بکەنەوە. لە کاردانەوەیەکیشدا ئەحمەد بایباشین (43 ساڵ)، کە یەکێکە لە براکانی حوسێن و عەبدوڵڵا، بە ڕۆژنامەی The Timesی بەریتانی ڕاگەیاند: "ئەوە تۆمەتبارکردنێکی زاڵمانەیە کە دەڵێن براکەمان 90%ی بازرگانی هێرۆینی لە بەریتانیادا لەدەستدا بووە. دادگاش سەلماندی کە ئەو بێگوناحە. بۆیە ئێستا چاوەڕێ دەکەین ئازادی بکەن و بگەڕێتەوە ناو ئێمەوماڵەکەی."



بنەماڵەی خدۆییڤ لەلایەن هۆڵەنداوە هەڕەشەی دیپۆرتکردنەوەی لێدەکرێ

# "حکومەتی ئەرمەنستان بەشێوەیەکی سیستماتیک کورد دەچەوسێنێتەوە"

**ڕووداو- هۆڵەندا**

خێزانێکی کورد لە هۆڵەندا هەڕەشەی بەزۆر ناردنەوەی لەسەرە بۆ ئەرمەنستان. ئەندامێکی خێزانەکە دەڵێت: "نازانم بۆ دەماننێرنەوە بۆ ئەوێ. من لە کوردی و هۆڵەندی زیاتر هیچ زمانێکی دیکە نازانم. ئەرمەنستان وڵاتی من نییە". گرووپێک لە هاووڵاتیانی هۆڵەندیش بڕیاریانداوە ڕێگری لە بەزۆر ناردنەوەی ئەو خێزانە بکەن.

خێزانی خدۆییڤ کە کوردن لە شارۆچکەی دیرکس هۆرن لە باکووری هۆڵەندا دەژین. وەک خۆیان دەڵێن، لەلایەن حکومەتی ئەرمەنستانەوە ڕاوەدوونراون. ئەو خێزانە پێنج کەسییە کە لە دایک و باوکێک و دوو کوڕ و کچێک پێکدێن، ئێستا ڕۆژان دەژمێرن و چاوەڕێن بەزۆر بنێردرێنەوە بۆ ئەرمەنستان.

کاتێک لەساڵی 2000دا بنەماڵەی خدۆییڤ هاتنە هۆڵەندا و داوای مافی پەنابەرییان کرد، هۆکاری بەجێهێشتنی ئەرمەنستانیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "حکومەتی ئەرمەنستان بەرنامەیەکی سیستماتیکیی هەیە بۆ ڕاوەدوونانی کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتە"، ئەو خێزانە پۆلیسی ئەرمەنستانیان بەوە تۆمەتبار کردبوو کە کورد دەچەوسێنێتەوە و "لە هەموو مافێک بێبەشیان دەکات"، بەقسەی خێزانەکە هەر بەهۆی ئەو چەوساندنەوەیەشەوە ئەندامێکی خێزانەکە بەنێوی جیهانگیر، لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئەرمەنستان بە ئەشکەنجە کوژراوە.

وەزارەتی کۆچبەران و گونجاندنی هۆڵەندا IND لە ساڵی 2003دا بڕیاری ڕەتکردنەوەی داواکاری دانی مافی پەنابەری بەو خێزانەدا. بەڵام تاوەکو ساڵی 2006 ئەو خێزانە لە چاوەڕوانی پێداچوونەوە و دەرکردنی بڕیارێکی نوێ بوو لەلایەن ئەو وەزارەتەوە دەربارەی خۆیان. بەڵام کاتێک لە ساڵی 2006دا بڕیاری لێبووردنی گشتی بۆ ئەو پەناخوازانەی لە هۆڵەندان و داواکانیان ڕەتکراوەتەوە دەرچوو، خێزانی خدۆییڤ یەکێکبوو لەو خێزانە کەمانەی کە بڕیارەکە نەیدەگرتنەوە.

هۆکاری قبوڵنەکردنی داخوازینامەی ئەو خێزانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێشتر لە ساڵی 1999دا لە ئەڵمانیا و دواتریش لە بەلجیکا داوای مافی پەنابەرییان کردبوو، بەڵام داواکانیان ڕەتکرابووەوە. حکومەتی هۆڵەنداش، بەپێی ڕێککەوتنێک کە لەنێوان وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا مۆری کردووە، بۆی نییە پەناخوازێک وەربگرێ کە پێشتر لە وڵاتێکی دیکەی یەکێتی ئەوروپادا داوای پەنابەریی کردبێ و داواکەی ڕەتکرابێتەوە. بۆیەش بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی ئەو خێزانە کوردەی داوە.

پاش ئەوەی حکومەتی هۆڵەندا بە فەرمی داوای لە باڵیۆزخانەی ئەرمەنستان لە هۆڵەندا کرد بۆ ئەوەی خێزانی خدۆییڤ وەربگرێتەوە و بینێرێتەوە ئەرمەنستان، ئەو باڵیۆزخانەیە داواکەی ڕەتکردەوە. ئەمەش لەلایەن هاوڕێ هۆڵەندییەکانی بنەماڵەی خدۆییڤەوە وەک هەلێک قۆزراوەتەوە بۆ ئەوەی داوای مافی مانەوە لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی بۆ ئەو خێزانە بکەن. ئەو دۆستە هۆڵەندییانەی بنەماڵەکەی کورد لە سەرەتای ئەمساڵەوە تەواوی خەرجییەکانی نیشتەجێبوون و خواردن و خواردنەوەی خێزانەکەیان گرتووەتە ئەستۆی خۆیان و خانوویەکیان بۆ بەکرێ گرتوون.

لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا پۆلیسی بێگانەکانی هۆڵەندا هێرشیکردە سەر ماڵی خدۆییڤ، بۆئەوەی ئامادەیان بکات بۆ ناردنەوە. هەرچەندە ئەو پلانە نەچووە سەر، بەڵام ئەندامانی خێزانەکە دەڵێن پۆلیس سووکایەتی پێکردووین. گولستان، کە کچی جەمال و زادە خدۆییڤە، بە میدیاکانی هۆڵەندای ڕاگەیاند: "لە ساڵی 1992 پۆلیسی ئەرمەنستان بەهەمان شێوەی ئێستا سووکایەتییان پێکردین و هەرچی هەمانبوو بردیان. تەنیا گوناهیشمان ئەوەبوو کە کوردبووین. پۆلیسی هۆڵەندیش هەمان کاری لەگەڵ کردین. بەچاوی خۆم بینیم کە دایکمیان بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشا و لە ماڵەکەمان دەیانهێنایە دەرەوە."

وەزارەتی کۆچبەران و گونجاندنی هۆڵەندا IND تائێستا هیچ کاردانەوەیەکی نوێی دەربارەی ئایندەی ئەو خێزانە کوردە نەبووە، بەڵام هاوڕێ هۆڵەندییەکانی خدۆییڤەکان دڵنیان لەوەی کە ناهێڵن هاوڕێ کوردەکانیان هۆڵەندا بەجێبهێڵن.

### ئیسماعیل دەیەوێ کەنارییەکانی بێنێتەوە کوردستان

# دوو ساڵە کەنارییەکانی ئیسماعیل لە پێشانگای دانیمارکدا یەکەم دەبن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

لە کۆڵانە تەنگەبەرەکەی سابوونکەران، 29 ساڵ لەمەوبەر ئیسماعیل دوو جوچکە کەناری بە 30 دیناری سویسری کڕی، بەڵام ئێستا باڵندەکانی ئەو، لە پێشانگاکانی وڵاتی دانیمارک دوو خەڵاتی یەکەمیان بردووەتەوەو ئێستا دەیانەوێ بگەڕێنەوە کوردستان "دەمەوێ کارێک بکەین، عەرەب و ئەوروپییەکان بێنە کوردستان کەناری بکڕن".

بۆ یەکەمجار، ئیسماعیل لە تەمەنی 15ساڵیدا عەشقی کەناری دەکەوێتە دڵیەوە، کاتێک کەنارییەکانی شێخ عومەری چاپچی دەبینێ، کە ڕۆژانە لەناو چاپخانەکەدا دەخوێنن و یاری دەکەن "گوتم کاک شێخ منیش جووتێک کەناریم دەوێ بەچەند پێم دەفرۆشی، گوتی بە 30دینار". بەڵام لەبەر ئەوەی شێخ عومەر ویستویەتی هێلکەی کەنارییەکانی پێ بفرۆشێ، پێنج مانگ چاوەڕوانی هەڵاتن و گەورەبوونی جوچکەکان بووە، "لەڕاستیدا ئەو جوچکە کەناریانە ژیانی منیان گۆڕی".

ئیسماعیل عومەر ساڵح، تەمەن 44 ساڵ، کاتێک کەنارییەکان دەباتەوە ماڵ، بەشێوەیەک سەرنجی ڕادەکێشن، بڕیار دەدات کەناری زیاتر بکڕێ "دەستم کرد بەدروستکردنی قەفەز و کڕینی کەناری زیاتر، لە ژووری نوستنەکەمدا دامنابوون تا هەمیشە چاوم لێیان بێت و دەنگە خۆشەکەیان ببیستم"، ئیدی لەوێوە بڕیار دەدات، بۆ هەمیشە ژیانی خۆی بۆ ئەو مەلە دڵڕفێن و جوان و ناوازەیە تەرخان بکات و چەندین کەناری لە ئێرانەوە دێنێ.

ئەو دوو ساڵەی سەرباز بووە لە چوونە سەربازی هەڵاتبوو، دەرفەتێکی باش بوو تاوەکو ئیسماعیل بتوانێ لە ماڵی خۆیان قەفەز دروست بکات و بیفرۆشێت و کەنارییەکانی باشتر پەروەردە بکات "قەفەزەکانم دەفرۆشتە ئەو خوێندکارانەی لە هەولێر و موسڵ دەیانخوێند، ئەوانیش بە قازانج دەیانفرۆشتنەوەو خەرجی خوێندنی خۆیان لێ پەیدا دەکرد".

> **ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتیم بدات زۆر قازانج دەکات**
> ئیسماعیل عومەر

پێکهێنانی ژیانی هاوسەری، خەونەکەی لە ئیسماعیل تێکنەدا "هاوسەرەکەم کە زانی من زۆر حەز لە بەخێوکردنی کەناری دەکەم، بووە یارمەتیدەرێکی دڵسۆزم". ئێستا هاوسەری ئیسماعیل، ڕۆژانە 2 تاوەکو3 کاژێر بە سرنج، خواردن دەخاتە نێو دەمی 130بێچووە کەنارییەوەو هەست بەبێزار بوونیش ناکات "هەندێک لە دایکەکانیان تەمبەڵن و بە ئیهمالی خواردن دەکەنە دەمی بێچووەکانیانەوە، بۆیە دەبێ خۆمان باشتر تێریان بکەین".

ساڵی 1998، ئیسماعیل لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی، ژیانی تاراوگەنشینی هەڵدەبژێرێ و سلێمانی جێدەهێڵێت "ماوەیەک لە سووریا و لوبنان ماینەوە، بەڵام لەو ماوە کورتەشدا نەماندەتوانی بەبێ کەناری بژین، بۆیە هەر خەریکی پەروەردەکردنی کەناری بووین تاوەکو گەشتینە دانیمارک".

ئەگەر ئیسماعیلی کەناری دۆست، نەگەشتبایە ئەوروپا، هەرگیز بەوشێوەیە بە کردەوە پەیوەندییە بەتینەکەی نێوان مرۆڤ و سروشتی نەدەبینی "بەڵام ئێستا ئێمە دەتوانین لە کوردستان لە ڕێگەی کەنارییەوە دیسان پێش بکەوین".

لە شاری ئیسبێرگ لە دانیمارک، ڕۆژانە دانیمارکییەکان پەیوەندی بە ئیسماعیلەوە دەکەن و سەرسامی خۆیانی پێڕادەگەیێنن لەبارەی توانا زۆرەکەی بۆ ڕاگرتن و پەروەردەکردنی کەناری، چونکە ئەو توانی بۆ دووساڵ لەسەر یەک خەڵاتی یەکەمی پێشانگای کەنارییەکانی دانیمارک بباتەوەو لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەشدا، سەتان دانیمارکی بەدەم چەپڵەڕێزانی گەرمەوە خۆشەویستی خۆیان پێشکێش دەکرد "کەنارییەکەم بووە شاجوانی کەنارییەکانی دانیمارک".

ئیسماعیل عومەر، ئەندامی گرووپی بەخێوکەرانی کەنارییەکانی دانیمارکە، کە گرووپێکی 700 ئەندامییە و 42 ساڵە دامەزراوە ساڵانە لە شاری سیلکەبۆرکی دانیمارک پێشانگای کەنارییەکان بە بەشداری زۆر لە وڵاتانی ئەوروپا دەکاتەوە، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا ئیسماعیل و فەلەستینییەک ئەندامی ئەو گرووپەن، جگە لە خەڵاتی یەکەم، ئیسماعیل چەندین خەڵاتی دیکەی لەو پێشانگایە بردووەتەوە.

ئێستا کەنارییەکانی ئیسماعیل ، کە ژمارەیان لە 200 تێپەڕیوە، دەیانەوێ بگەڕێنەوە کوردستان "دەمەوێ حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریم بکات تاوەکو پێشانگایەکی کەناری بکەمەوەو ئیتر خەڵک لە کوردستان پێشانگای کەناری ببینێ".


ئیسماعیل لە خۆی ڕادەبینێ زیاتر لە 200 قەفەزی ستانداردی ئەورووپی دروست بکات ، بەو پێشانگایە کوردستان بکاتە تاکە وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە پێشانگای کەناری تێدا بکرێتەوە "بەڵام پێویستم بە هاوکاری داراییە".

ئیسماعیل عومەر، لەو بڕوایەدایە کەشوهەواری کوردستان بۆ کەناری گونجاوە، ئەگەر هاوکاریش بکرێ دەتوانێ کێڵگەی پێگەیاندن و پەروردەکردنی کەناری بکاتەوە لە کوردستان، "ئەوکات حکوومەتی هەرێمی کوردستان قازانجێکی زۆر دەکات ، چونکە هەر کەسێک لە وڵاتانی دەرەوە بێت و کەناری بکڕێ، دەبێت باج بداتە حکومەت". بەڵام ئیسماعیل بەهۆی ساڵانێک دووری لە نیشتمانەوە، دڵنیا نییە لەوەی بەرپرسانی کورد تا چەند بایەخ بە کارەکەی دەدەن "کەناری، پاکترین و جوانترین باڵندەیە لە جیهاندا".

لەماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا کە ئیسماعیل گەڕاوەتەوە کوردستان، لە سلێمانی دەیان گەنجی بینیوە کە وەک خۆی شەیدای کەنارین، هەر ئەمەش وای لێکردووە بیرۆکەی دروستکردنی گرووپی کەنارییەکانی کوردستان بکەوێتە مێشکییەوە "بەڵام ئەگەر هاوکاری نەکرێم، هیچم پێناکرێ و دەبێ بەدەستی خاڵی بگەڕێمەوە بۆ دانیمارک".

پرۆژەی کەنارییەکانی ئیسماعیل دەتوانن وەک بازرگان و سەرمایەدار و کۆمپانیاکانی بیناسازی و ئاواکاری بەشداری لە بەرەوپێشبردنی هەرێمی کوردستاندا بکەن و لە ڕێگەی باڵندە سەرنجڕاکێشەکانیەوە، کوردستان زیاتر لە جیهان نزیک بکاتەوە "سەتان ئەورووپی هەن سیاسەت ناکەن، بەڵکو ژینگە دۆست و باڵندە دۆستن و بەپێشانگای کەناری لەخۆمانیان نزیک دەکەینەوە"، گەڕانەوەی کەنارییەکانی ئیسماعیل پەیوەندی بەئاستی ڕۆشنبیری و ژینگە دۆستی بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هەرچەندە ئیسماعیل ئەگەر بێتەوە، دەبێتە یارمەتیدەرێکیش بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێ کەناری بەخێوبکەن "فێریان دەکەم چۆن پەروەردەی بکەن و بەچ شێوەیەک هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن".

ئیسماعیل سەتان کەناری لە هەولێر و سلێمانی بینیوە کە لەبازاڕەکاندا دەفرۆشرێن "بەڵام ئەوانە کەناری پاک و تەندروست نین، چونکە لە وڵاتانەوە دەهێنرێن و تیشکی پشکنینیان نەخۆشیان دەخات، من دەمەوێ کەناری پاک بێنمەوە".









**کچێک دوای ساڵێک لە سووتانی خوشکی، بە سووتان گیانی لە دەستدا**

**رووداو- تۆبزاوە**

لە ناحیەی رزگاری سەر بە هەولێر، کچێک بەناوی روقییە .ر.ح کە تەمەنی 26ساڵ بوو، رۆژی 2010/10/27 بەسووتان گیانی لەدەستدا. بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەیەک لەو کاتەی کەسیان لە ماڵ نەبووە، روقییە بەهۆی کێشەیەکی خێزانی خۆی سووتاندووەو ساڵی رابردوویش خوشکەکەی خۆی سووتاند. بەڵام نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "روقیە لە ئیفادەکەیدا دەڵێت، لەکاتی نانکردن بە قەزاو قەدەر سووتاوم. سکاڵای لە دژی کەس نەبووە، ساڵی رابردووش خوشکەکەی گوتی بە قەزاوقەدەر سووتام".

# قەزاو قەدەری ژنان درۆ دەرچوو

## بە هەڵدانەوەی گۆڕی ژنێک دەرکەوت کوژراوەو بەقەزاو قەدەر نەسووتاوە

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو-هەولێر**

بەدواداچوونی کوشتنی ژنان گەیشتە گۆڕ هەڵدانەوە، کە ئەوەش بە پێشکەوتنێکی تازە دادەنرێ لە بەدواداچوونی کەیسەکانی کوشتنی ژنان لە کوردستان، لە ئەنجامی ئەوەشدا هەشت حاڵەت کە وەک قەزاو قەدەر تۆمارکرابوون ، دەرکەوت کە کوژراون.

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان کاری لەسەر چەند کەیسێکی کوشتن و سووتانی ئافرەتان کردووەو بۆی دەرکەوتووە بەشێک لەوانەی کە دەڵێن بە قەزاو قەدەر سووتاون، لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژراون یان خنکێنراون و سووتێنراون و، لەو ماوەیەدا گۆڕی ئافرەتێکیان لە ئاکرێ هەڵداوەتەوە.

کوردۆ عومەر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتیی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ، بە (رووداو)ی راگەیاند، ئێستا توانیویانە هاوئاهەنگییەکی زۆر لەگەڵ دەزگا حکومییەکان دروستبکەن بۆ بەدواداچوونی ئەو کەیسانەی گومانیان لەسەرە "زۆرجار لەلایەن خەڵکەوە ئاگادار کراوینەتەوە لە رووداوێکی کۆن. ژنێک سووتاوە یان خنکاوە یان کوژراوە گوتوویانە بە قەزاو قەدەر بووە، بەڵام ئەو سەرچاوەیە گوتوویەتی قەزاو قەدەر نەبووە، دوای وەرگرتنی زانیارییەکان بەدواداچوونمان بۆ کردووە، توانیومانە بگەینە دەرئەنجام"، کوردۆ عومەر گوتی لەوبارەوە "چەند نموونەیەکمان هەیە، لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی".

یەکێک لە نمونەی کوژراوەکان ژنێک بووە، لە ئاکرێ وا بڵاوکرایەوە کە بە قەزاو قەدەر سووتاوە، بەڵام دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیس، خاتوو کوردۆ عومەر دەڵێت بەدواداچوونیان کردووەو زانیارییان وەرگرتووە، بۆ بەدواداچوونی دۆسیەکەیش بڕیاری دادوەریان وەرگرتووە بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەکەی "ئەوێ ناوچەیەکی عەشایرییە، کێشەیەکی زۆرمان بۆ دروستبوو هەتا گۆڕەکەمان هەڵدایەوە، چەندین جار هەڕەشەیان کرد تاوەکو گۆڕەکە هەڵنەدەینەوە، دواتر بۆمان دەرکەوت لەلایەن کەسوکارییەوە کوژراوە، تۆمەتبارانیش دەستگیرکران".

لەو بەدواداچوونانەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بۆ 8 حاڵەت گەیشتوونەتە ئەنجامی جیاواز لەوەی کە پێشتر وا تۆمارکراوە کە بە قەزاو قەدەربووەو دەرکەوتووە تاوانێکیان بەرانبەر بە ژنەکە ئەنجامداوەو گوتوویانە قەزاو قەدەر بووە.

کوردۆ باسی ژنێک دەکات لە چەمچەماڵ کە گوتوویانە بە قەزاو قەدەر سووتاوەو ناشتبوویان و واش تۆمارکرابوو لەلای پۆلیس "بەڵام ئێستا دەرکەوت ئەو ژنە خنکێنراوەو ئینجا سووتێنراوە، شوێنی لێدانیش بەجەستەیەوە دیاربووە". هەروەک کوردۆ عومەر گوتی





**کوردۆ عومەر ، بەڕێوەبەری گشتیی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان: لاپەڕە کۆنەکان هەڵدەدەینەوە**

تۆمەتبارانی ئەو رووداوە دەستگیرکران، بەڵام ئەو بەڕێوەبەرە ئامادە نەبوو ناوی ژنە خنکێنراو و سووتێنراوەکەی چەمچەماڵ ئاشکرا بکات.

لە 2010/3/3 تەرمی کچێک بەسووتاوی لەنزیک بنەسڵاوە دۆزرایەوە، ئەوکاتە بەهۆی دیارنەمانی کچێک وایانزانی تەرمی ئەو کچەیە، چونکە بەهۆی شێواوی تەرمەکە نەناسرایەوە، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت ئەوە تەرمی کچێکە بەناوی (ش.ع) کە لەلایەن براو باوکییەوە کوژراوەو پاشان سووتێنراوە، ئێستا باوک و برای ئەو کچە دەستگیرکراون، کوردۆ گوتی "ئێستا دانیان بە تاوانەکەیان داناوە".

بەبڕوای کوردۆ عومەر ساڵ بەساڵ خەڵک زیاتر متمانە بە پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەکەن، بەهۆی هۆشیاربوونەوەی خەڵک و کارکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان "بەدواداچوونەکان کاریگەری هەیە، ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین بکوژی ژنان دەستگیر بکەین، ئەوە زانیاری هەبێت دەربارەی کوشتنو سووتانی ژنان یان دەربارەی شوێنی تۆمەتباران بە جیدی بەدواداچوونی بۆ دەکەین، هەوڵدەدەین لاپەڕە کۆنەکان هەڵدەدەینەوە، هەوڵی دۆزینەوەی راستییەکان دەدەین، تەنانەت وێنەی تاوانبارانیشمان بڵاوکردووەتەوە، ئەوانەی هەڵاتوون".

کچێک لە ناحیەی قادرکەرەمی سەر بە قەزای چەمچەماڵ بەناوی ک.م ،34 ساڵ، لە 2009/6/1 کوژرا، ئەو رووداوە هەر بە نهێنی مایەوە، پۆلیس بەردەوام بەدواداچوونی بۆ دەکرد، تاوەکو لە 2010/10/13 کوڕێک دەستگیرکرا، کە پێشتر پەیوەندی لەگەڵ کچەکە هەبووەو، چووەتە داخوازی، بەڵام ماڵی کچەکە رازی نەبوونە بیدەنێ، بۆیە ئەو کوڕەش لە دەرفەتێک کچەکەی رفاندووەو کوشتوویەتی. بەڵام دواتر دەسگیرکراو دانی بە تاوانەکەی دانا.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی کوردۆ عومەرە، ئەو گۆڕانەیە کە لە بۆچوونی حیزبەکاندا دروستبووە و ئێستا پەنای ژنکوژان نادەن، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆربەی بکوژان دەستگیربکرێن "ئەمە بەو واتایە نییە کەس نەماوە نەگیرێت، بەڵام رێژەیەکی بەرچاو دەستگیرکراون، مەگەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بن، زۆرجار لەلایەن خەڵکەوە ئاگادار کراوینەتەوە کە فڵان بکوژ لە فڵان شوێنە، پۆلیسی ئەو شوێنەمان لێ ئاگادار کردووەتەوە تا دەستگیری بکەن، ئەوەی فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوویێت، لەهەر شوێنێکی کوردستان بن دەسگیر دەکرێن، تەنانەت ئێستا لەرۆژی کوشتنی ژنەکە دەسگیر دەکرێن".

بەڕێوەبەری گشتیی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ، باسی حاڵەتێکی دیکەی کرد، کە ژنێکی خەڵکی هەولێر بزربووە، دواتر هەواڵیان پێداون لە مەخموور کوژراوە "لەبەرئەوەی لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان کوژراوە، لەرێگەی پۆلیسی هەولێرەوە بە پۆلیسی مەخموور گوتراوە، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەداوەتەوە".

# چرۆ لە داخی ژنهێنانی پیاوەکەی خۆی سووتاند

## 4 منداڵ و منداڵێکی بێ ناو لەپاش چرۆ بەجێماون



**سنوور مەجید**
**رووداو-سلێمانی**

منداڵێک کە هێشتا ناوی لێنەنراوە، کە گەورەبوو زۆر خەفەت بۆ دایکی دەخوات کە خۆ سووتاندنەکەی بووە چیرۆکێکی ناخۆش بۆ ئەو، جگە لەوەی دەبێتە دەردەسەری بۆ چوار خوشک و براکەشی. دوای ئەوەی خەیاڵی هێنانی ژنی دووەم کەوتە مێشکی مێردەکەی و مارەی کرد، چرۆ ئۆقرەی نەما و خۆی سووتاند.

ماوەی 10ساڵ لەمەوبەر، چرۆ شووی بەکوڕێکی خزمی خۆی کرد بەناوی کامەران، ژیانی ئارامی ئەوان تەنیا دووساڵ بوو، چونکە دوای ئەوە بەردەوام کێشەیان هەبوو. کامەران دەیەوێت ژنی دووەم بێنێ.

لەتیف کەریم باوکی چرۆ دەڵێ "چەند ساڵ بوو هەر لە کێشەدابوون ، چەندین جار چرۆی لە ماڵ دەرکردو چەندین جاریش لێیدا".

باوکی چرۆ، دەڵێ هەر کە هاوسەری چرۆ دەوڵەمەندبوو ژیانیان کێشەی تێکەوت "تەنیا دوو ساڵی سەرەتای ژیانیان خۆشبوو، چونکە هەژاربوون، بەڵام کاتێک مێردەکەی دەوڵەمەند بوو، فێری گەڕان ببوو، پەیوەندی لەگەڵ چەند کچێک دروستکرد". کەسوکاری چرۆ ئاماژە بەوە دەدەن کە هەر جارێک کامەران لەچرۆی دابێت و دەریکردبێ، کچەکەیان لەبەر منداڵەکان و خۆشەویستی بۆ کامەران گەڕاوەتەوە بۆلای.

یەکێک لە خزمەکانی چرۆ، کە شایەتحاڵی مەینەتی و تۆرانە زۆرەکانی چرۆ بووە دەڵێ باوکی هەموو جارێک پێیدەگوت مەڕۆوە بۆ لای، بۆ خۆت لە ماڵی خۆمان دابنیشە "بەڵام ئەو هەر دەگەڕایەوە بۆ لای کامەران و دەیگوت خەمی منداڵەکانمە".

چرۆ لەتیف کەریم، 26 ساڵ، لە تەمەنی 16ساڵیدا شووی بە کامەران کرد. کچێکی نەخوێندەوار بوو و لە کۆمەڵگەی نەسر، کە 15 کیلۆمەتر لە شاری سلێمانییەوە دوورە نیشتەجێبوون. خاوەنی 5 کوڕ و کچێک بوو. بەناوەکانی (محەممەد،شادی، شاهۆ، شابان)، یەکێک لە منداڵەکانیشی کە چەند رۆژێک بەر لە خۆسووتاندنەکەی لەدایکبووە، هێشتا ناوی لێنەنراوە.

ماوەیەک بوو چرۆ بە تۆراوی لە ماڵی باوکی بوو، بەڵام دیسان گەڕایەوە بۆ لای کامەران. هەرچەندە کەسوکاری دەنزانی کامەران کچێکی دیکەی مارە کردووە، بەڵام چرۆ ئاگای لەوە نەبووەو پێشیان نەگوتووە، باوکی چرۆ دەڵێ "رۆژێک کامەران تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی وەرە کچەکەت ببەوە، من ژن دێنم، ئەگەر منداڵەکانم رێگر بن لەبەردەم ژنهێنانەکەم بە فیشەک دەیانکوژم". باوکی چرۆ زۆر هەوڵیداوە لەگەڵ کامەران، بەڵام سوودی نەبووە "ئیتر کە چرۆ زانی سوورە لەسەر ئەوەی ژن بێنێ، پێیگوت رازیم بەمەرجێک جیای بکەیەوە، بەڵام کامەران دەیگوت دەبێ هەردووکتان بەیەکەوە بژین و چرۆش بەوە رازینەدەبوو".

چیای برای چرۆ، کامەرانی بە "ئاژاوەگێڕ" ناوبرد و گوتی "خوشکەکەم 10رۆژ بوو منداڵی ببوو، بەڵام کامەران وازی لێنەدەهێنا و بەردەوام شەڕی پێدەفرۆشت، هەمیشە بیانووی پێدەگرت"، وەک چیا باسیدەکات، چرۆی خوشکی کەسێکی فەقیرحاڵ و نەخوێندەوار بووەو بەهەموو شێوەیەک رازیبووە لەگەڵ کامەران بژی "بەڵام کامەران چرۆی نەدەویست".

دوای ئەوەی لەتیف کەریمی باوکی ناچار بووە بڕوات و چرۆ بێنێتەوە ماڵی خۆیان، چەند رۆژێک ئارامی گرتووە. بەڵام باوکی دەڵێ "لەبەر ئەوەی منداڵەکانی لەلای خۆی نەبوون، زۆر بیری منداڵەکانی دەکردو بێتاقەت بوو، ئیتر ماڵی باوکی کامەران هاتن و چرۆیان بردەوە"، ئەوە دواگەڕانەوەی چرۆ بووە بۆلای کامەران، چونکە رۆژی پاشتر، 2010/10/16 چرۆ لەداخی کەللەرەقی هاوسەرەکەی خۆی سووتاند.

مولازم ئاسۆ عومەر، بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی لەبارەی رووداوەکە گوتی "لاشەی چرۆ سەت لەسەت سووتا بوو، سکاڵای دژی کەس نەبوو، بەڵام دواتر چیا لەتیفی برای سکاڵای دژی کامەران تۆمارکردووەو ئێستا کامەران بەند کراوە".

## پیاوەکە ژنێکی دیکەشی هەبوو

# فرسەت و شنۆ لە هەولێر هەڵاتن و لە ئاکرێ کوژران

**رووداو-ئاکرێ ،هەولێر**

ژن و پیاوێکی خەڵکی هەولێر دوای سێ مانگ پێکەوە رۆیشتن لە نیوەشەوێکدا، لە گوندێکی شارۆچکەی ئاکرێ دەکوژرێن، بەپێی لێدوانی پۆلیس، فەرمانی گرتنی 4 کەس دەرچووە، بەڵام تا ئێستا کەس لە سەر کوشتنیان دەستگیر نەکراوە.

کاژێر 1:30ی شەوی 2010/10/14 پیاوێک بەناوی فرسەت ج.ن 28 ساڵ، لەگەڵ کچێک بەناوی شنۆ 20 ساڵ، لە گوندی سیدیکەی شێخ عەتۆی ناوچەی گردەسین لە قەزای ئاکرێ کوژران. فرسەت و شنۆ دانیشتووی هەولێر بوون و سێ مانگ بوو پێکەوە سەری خۆیان هەڵگرتبوو.

فرسەت دانیشتووی ناحیەی رزگاری هەولێر (30کیلۆمەتر لە هەولێر دوورە)، پێشمەرگەی زێرەڤانی بوو، پاسەوانی بانکێک بووە، هەر لەوێ چاوی بە کچێک دەکەوێت بەناوی شنۆ و پەیوەندی دەبەستن. شنۆ دانیشتووی گوندی سۆربەشی ناحیەی شەمامکی نزیک هەولێرە.

بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەکی پۆلیس لە ناحیەی شەمامک، فرسەت لەبەر ئەو کچە دەچێتە ئەو گوندە "رۆژێک برایەکی شنۆ، فرسەت لەگەڵ خوشکەکەی پێکەوە دەگرێت و دەبێتە شەڕیان، شنۆ و فرسەت لە برای شنۆ دەدەن، فرسەت بە دەمانچە گوللەیەک لە پێی برای شنۆ دەدات، بریندار دەکات".


بەگوێرەی قسەی ئەو سەرچاوەیە، دوای ئەو رووداوە، شنۆ و کوڕەکە پێکەوە بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵدێن "برای شنۆیش سکاڵا تۆماردەکات، ئەوەی یەکجار بێزاری کردبوون ئەو پیاوە خێزاندار بوو، کە شنۆی هەڵخەڵەتاندووە". برینی برای شنۆ سووک بووەو هەر زوو لە نەخۆشخانە دەرچووە.

فرسەت و شنۆ بەرەو دەڤەری بادینان دەچن، لە گوندێک خانووێک بە کرێدەگرن، لە شەوێکدا بە سەریاندا دەدەن و هەردووکیان پێکەوە دەکوژن، سەرچاوەیەکی پۆلیس لە ئاکرێ بە (رووداو)ی راگەیاند "فرسەت سێ مانگ بوو ئەو کچەی هەڵگرتبوو، بەنهێنی لەو گوندە دەژیا، بەڵام بەوردی چاودێری کرابوون، دەستێک هەبووە ئەوانی ئاشکرا کردووە، بەسەریانداداون و دەستڕێژێکی زۆریان لێکردوون".

نەقیب تەحسین شەرۆ ئەحمەد، بەرپرسی نووسینگەی ئاکرێی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، بە (رووداو)ی راگەیاند، دوای کوشتنی ئەو دوو کەسە دەستیان کردووە بە لێکۆڵینەوە " دوو مانگ بوو لەو گوندە وەکو ژن و مێرد دەژیان، لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەیەکتر مارە کرابوون، دوای کوشتنیان فەرمانی گرتنی 4 کەسی نزیکی کچەکە دەرچووە، بەڵام کەس دەستگیر نەکراوە چونکە هەڵاتوون و شوێنیان نادیارە".

هەرچەندە (رووداو) پەیوەندی کرد بە ماڵی کوڕە کوژراوەکەوە، بەڵام ئامادە نەبوون لەو بارەوە هیچ قسەیەک بکەن، ماڵی کچە کوژراوەکەیش هەڵاتوونو شوێنیان دیار نییە.

کوشتن لەسەر رەدووکەوتن دیاردەیەکی بەربڵاوە لە کوردستان . دوو شەو بەر لەو رووداوە، لە هەولێر پیاوێک بەناوی رێبوار.ک 25ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی سێتاقانی هەولێر، لەگەڵ کچێک بەناوی ن.ن 16ساڵ، دوای 25رۆژ رەدووکەوتن کوژران. کوڕەکە ماوەی پێنج ساڵ بوو ژنی هێنابوو، باوکی دوو کچ بوو، ژنەکەی دوای کوژرانی مێردەکەی بۆ (رووداو) دەیگوت "رازی نەبووم مێردەکەم چوو کچێکی هەڵگرت، کچەکەیش تەمەنی بچوک بوو هەڵخەڵەتا، کچەکە قوربانی یەکەم بوو".



# کۆمەڵایەتی

## عەبدوڵڵا ئاگری لە خۆی و ماڵەکەیان بەردا



ڕووداو-هەولێر

ڕۆژی 2010/10/26 لە گەڕەکی شۆڕشی هەولێر، گەنجێک بەناوی عەبدوڵڵا ئەحمەد،19ساڵ، ئاگری لە ماڵی خۆیان بەردا، لە ئەنجامدا خۆیشی سووتاو ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئیمرجنسی کرا. سەرچاوەیەک لەو نەخۆشخانەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بە هۆی زۆری ڕێژەی سووتانی عەبدوڵڵا لە نەخۆشخانە گیانە لەدەستدا . هەروەها گوتی "عەبدوڵڵا نەخۆشی دەروونی هەبوو".

10هاووڵاتی هەرێمی کوردستان تووشی ئایدز بوون، دووانیان مردن

# ژمارەی تووشبووان بە نەخۆشییە سێکسییەکان لەهەرێمی کوردستاندا دەگاتە 10 هەزار کەس



### د.خالس قادر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی :

### هەندێ نەخۆشی سێکسی هەیە، هیچ ئامارێکمان لەبارەی تووشبووانییەوە نییە، لەکاتێکدا تووشبووانی زۆرن لە کوردستان

هێمن بابان ڕەحیم

ڕووداو-هەولێر

بەپێی خەملاندنەکانی وەزارەتی تەندروستی کە کێشەی ئاماری لە نەخۆشییە سێکسییەکاندا هەیە، تووشبووان بە نەخۆشییە سێکسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە زیادبووندان . عیماد ناجی، پسپۆڕ لە زیندەوەرە بەزەرەبین بینراوەکانیش ئەوەی بۆ (ڕووداو) ئاشکراکرد کە "هەفتانە حاڵەتێکی تووشبوونمان بە نەخۆشییە سێکسییەکان لەلا دەردەکەوێت".

بەڵام هەرچۆنێک بێت بەپێی خەملاندنەکان ژمارەی ئەو تووشبووانە نزیکەی 10 هەزارکەس دەبێت. د.خالس قادر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تائێستا 76 حاڵەتی هەڵگری ڤایرۆسی ئایدز لە هەرێمی کوردستاندا تۆمارکراوە، کە 10 یان هاووڵاتی ناو هەرێمی کوردستان بوون"، هەروەها دەڵێت" 2 لەوانە گیانیان لەدەستداوە".

### هۆکارەکانی تووشبوون لە کوردستان

د.خالس قادر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی بەدڵنیاییەوە ئاماژە بۆ "زیادبوونی ڕێژەی نەخۆشییە سێکسییەکان لە کوردستاندا" دەکات و، 8 هۆکار بە هۆی ڕاستەقینەی پشت ئەو زیادبوونە دادەنێ ئەوانیش بریتین لە : زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان، کرانەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، تێکەڵاوبوونی زیاتر لەگەڵ خەڵک، زیادبوونی دیاردەی لەشفرۆشی، زیاتربوونی هاتووچۆی خەڵکی کوردستان بۆ دەرەوە، زیادبوونی بەکارهێنانی مادده بێ هۆشکەرەکان، هێنانی کرێکاری بیانی، گەشتوگوزار.

### زۆربەی تووشبووان گەنجن

بەپێی لێکدانەوەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ ژمارەی تووشبووان بە نەخۆشییە سێکسییەکان و هەڵگرانی ڤایرۆسەکانی ئەو نەخۆشییانە لە هەرێمی کوردستاندا، ژمارەیان لەنێوان 5000 بۆ 10000 کەس دەبێت. بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی ئەو ژمارانە بە"ئاسایی" ناودەبات، قسەی مەلا و هەندێ لێکۆڵەری بوارەکانی پەیوەست بە ژنانەوە کە زۆر جار هۆشداری دەدەن لە زۆربوونی دیاردەی لەشفرۆشی و تووشبوون بە نەخۆشییە سێکسییەکان بە "گەورەکردن" دەزانێ و دەڵێت" هەندێ لەو مەلایانە لە خۆیانەوە قسە دەکەن، مەرج نییە زۆربوونی دیاردەی لەشفرۆشی بکاتە زۆربوونی نەخۆشییە سێکسییەکان بە پلەیەکی زۆر زیاتر". لەگەڵ ئەوەشدا د.خالس قادر ئەوە ڕووندەکاتەوە کە "زۆرینەی تووشبووان بە نەخۆشییە سێکسییەکان و هەڵگرانی ڤایرۆسەکانی ئەو نەخۆشییانە لە کوردستان لە گەنجان و توێژە گرنگەکانی کۆمەڵگەی کوردستانن".

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی تووشبووان بە نەخۆشی هەوکردنی جگەر لە جۆری B و C، بەتایبەت یەکەمیان کە بەهۆی ئەنجامدانی کاری سێکسییەوە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، دووەمیشیان بەهۆی گواستنەوەی خوێنەوە، زۆرترین ڕێژەی تووشبووان بە نەخۆشییە سێکسییەکان پێکدێنن لە هەرێمی کوردستاندا و ئەم نەخۆشییە بەربڵاوترینە لەنێو نەخۆشییە سێکسییەکانی دیکەدا.

### سەیەلان بەربڵاوترین نەخۆشییە لە کوردستاندا

د.عیماد ناجی عەبدوڵڵا، مایکرۆبیۆلۆجی لە تاقیگەی فارما بۆ پشکنین و شیکاری نەخۆشییەکان، لەگەڵ ئەوەی هاوڕایە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیدا سەبارەت بە زیادبوونی ژمارەی تووشبووان و هەڵگرانی ڤایرۆسەکانی نەخۆشییە سێکسییەکان لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە هەمانکاتدا دەڵێ " ئێمە کە تاقیگەیەکی ئەهلین ڕۆژانە حاڵەتێکی تووش بوون بە نەخۆشییە سێکسییەکانمان لەلا دەردەکەوێت".

ئەو پسپۆڕە کە دیبلۆمی باڵای لە زیندەوەرە بەزەرەبین بینراوەکاندا هەیە، لەبارەی بەربڵاوترین نەخۆشی سێکسی لەهەرێمی کوردستاندا دەڵێت "نەخۆشیی سەیەلانە. ئەو نەخۆشییە بەهۆی بەکتیریای گۆنۆکۆکاییەوە تووشی مرۆڤ دەبێت، ئەمەش لەڕێگەی ئەنجامدانی سێکسی ناشەرعییەوە دەگوازرێتەوە، ڕەنگە هەندێک جار لەڕێگەی سێکسی شەرعییشەوە لە پیاوێک یان ئافرەتێکی تووشبوو کە لە دەرەوەی خێزانیش پەیوەندی سێکسی دیکەی هەیە بگوازرێتەوە بۆ هاوسەرەکەی، بۆیە فەرامۆش نەکردنی پاکوخاوێنی ئافرەت زۆر گرنگە".

لەبارەی نیشانەکانی ئەو نەخۆشییەشەوە دەڵێت " ئەم نەخۆشییە تووشی پیاو دەبێ، بەیانیان لەکاتی هەستان لەخەو مرۆڤ هەست بە بوونی دەرهاویشتەیەکی زەرد لە کۆ ئەندامی زاوزێیەوە دەکات، هەندێ جاریش خوێنی لێدێ". هەروەک ئەو پسپۆڕە دەڵێ "ئەو نەخۆشییە پاشان دەبێتە هۆی مردن".

### ئایدز لەسێ ساڵی داهاتوودا لە کوردستاندا دەردەکەوێ

ئەو پزیشکە هۆشداری دەدات لەوەی زۆربوون و تەشەنەکردنی زیاتری نەخۆشییە سێکسییەکان، بەتایبەت ئایدز، پاش سێ ساڵی دیکە لەهەرێمی کوردستان بەدەردەکەوێت، چونکە" تووشبووان بە نەخۆشی ئایدز لە پاش سێ ساڵ دەردەکەوێ کە تووشبوون، ئەمەش کارەسات دروستدەکات، بۆیە ڕەنگە پاش سێ ساڵی تر ببینین کە کێشەکە گەورەترە".

هەر بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی کە بەتایبەت دراونەتە (ڕووداو) ژمارەی تووشبووان بە نەخۆشی هەوکردنی جگەر لە جۆرەکانی B و C لە ساڵی 2007 بریتی بوون لە 621 نەخۆش لە جۆری یەکەم و 283 حاڵەت لە جۆری دووەم. بەڵام ئەو ژمارەیە لە ساڵی ڕابردوودا زیادیکردووە، ژمارەی تووشبووانی هەوکردنی جگەر لە جۆری B گەیشتە 1370 نەخۆش، لە جۆری C یش گەیشتە 446 نەخۆش.

دکتۆرە سەبا عەلی ڕەشید، پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی پێست، سەربارى زۆربوونی هاتووچۆی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە و هاتنی بیانییەکان بۆ هەرێمی کوردستان، ڕای وایە "جۆری هەندێ لە کارەکانیش هۆکارن بۆ تووشبوون بە نەخۆشییە سێکسییەکان و گواستنەوەیان"، هەروەها دووربوونی ماوەیەکی زۆری پیاو لە هاوسەرەکەی بە هۆکارێکی دیکەی تووشبوون دادەنێ و دەڵێت" بەتایبەت ئەو بازرگانانەی زوو زوو ماڵیان بەجێدێڵن و دوورن لە ماڵەوەیان ئەمە ڕێگە خۆشکەرە بۆ تووشبوونیان بەو نەخۆشییانە"، بەپێی قسەی ئەو پزیشکە باڵوکەی سێکسی زۆرترین و بەربڵاوترین جۆرەکانی نەخۆشییە سێکسییەکانە کە تووشی ئافرەتان دەبێ لەهەرێمی کوردستاندا، بەڵام دەڵێ زۆربەی تووشبووان" ئافرەتانن، کچان کەمتر تووش دەبن"، د.سەبا پێشبوایە تووش بوون بە شێرپەنجەی کۆ ئەندامی زاوزێی ئافرەتان بەهۆی تووشبوونیانەوەیە بە نەخۆشییە سێکسییەکان کە دواجار"مردنی لێدەکەوێتەوە".

> د.عیماد ناجی عەبدوڵڵا، مایکرۆبیۆلۆجی لە تاقیگەی فارما:
> **ئێمە کە تاقیگەیەکی ئەهلین ڕۆژانە حاڵەتێکی تووش بوون بە نەخۆشییە سێکسییەکانمان لەلا دەردەکەوێت**

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان کە دراوەتە (ڕووداو)، تائێستا 76 حاڵەتی هەڵگری ڤایرۆسی ئایدز لە هەرێمی کوردستاندا تۆمارکراوە، لەنێویاندا 10 حاڵەتی لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا هەبووە کە 2 لەوانە گیانیان لەدەستداوە. ئەو 66 کەسەی دیکەش لەدانیشتووانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوون.

د.خالس قادر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی لە بارەی ژمارەی هەڵگرانی ڤایرۆسی ئایدز لەهەرێمی کوردستاندا دەڵێت "تائێستا 76 حاڵەت و نەخۆش تۆمارکراون، 66یان لەو بیانییانە بوون کە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، 10 حاڵەتیشیان لە کورد بوون، کە دووان لەوانە مردن"، ڕوونیشیدەکاتەوە کە ئامارە ڕاستەقینەکانی تووشبووان بە نەخۆشییە سێکسییەکان زۆر زیاترە لەوەی لەبەردەستی ئەواندان " هەندێ نەخۆشیی سێکسی هەیە، هیچ ئامارێکمان لەبارەی تووشبووانییەوە نییە، لەکاتێکدا تووشبووانی زۆرن". بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی ئاشکرای دەکات کە "کێشەی ئامارمان لە نەخۆشییە سێکسییەکاندا هەیە، چونکە زۆر لە تووشبووان یان سەردانی کلینیکەکان دەکەن، یان سەردانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکەن و نایێنە نەخۆشخانە حکومییەکان، بۆیە ئامارەکانمان بەتەواوی دروست نین، بەڵام لە ئایدزدا تەواوە و زۆر زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە، چونکە هەموو ئامارەکانی ئەم نەخۆشییە دێنە لای ئێمە".

سەبارەت بە پارێزگاریکردنی تەندروستیش لە کوردستان، کە بە وڵاتێکی پاک دادەنرا لەڕووی ئەو نەخۆشیانەوە، د.خالس قادر دەڵێت ساڵانە 100 هەزار پشکنین بۆ نەخۆشییە سێکسییەکان لەهەرێمی کوردستان دەکرێ و بەتایبەت لەو کەسانەی کە گومانیان لەسەرە" لەوانەی زۆر خوێن دەدەن، بۆ ئەوەی بزانین کە ئایا ئەو کەسانە هەڵگری ڤایرۆسەکەن یان نا، ئەوانەی زۆر گورچیلە دەشۆن، ئەوانەی لەسەر کرداری سێکسی دەستگیردەکرێن، ئەوانەی لەدەرەوە دێنە ناو کوردستان، جگە لەو کرێکارانەی لە شوێنە گشتییە گەورەکان کاردەکەن، بەندکراوەکان، بەتایبەت ئەوانەی لەسەر کرداری سێکسی دەگیرێن، ئەوانەی نەخۆشی هەوکردنی جگەریان هەیە، ئەوانەی نەخۆشی سیلیان هەیە".



تامان شاکر

tamanshakir@yahoo.de

## ژنانی کۆنگرە

ماوەی بیست ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی ژنان سەرقاڵی دۆزینەوەی چارەسەر و کەمکردنەوەی توندوتیژی نێو خێزان و، مافەکانی ژنانن. بەسەدان کۆڕ و سەمینار و کۆنفرانسیان بەستووە، کەچی کێشەکە ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە، کەواتە بە هەمووان نەیانتوانیووە ڕێگە چارەیەکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، کە ژن ببێتە ئەندامێکی کارا لە کۆمەڵگەو ماف و ئەرکەکانی دیاری بکرێ.

ژنانی کورد بە بەراورد لەگەڵ ژنانی هەندێک وڵاتی عەرەبی دەمێکە مافی دەنگدانیان هەیە، بەڵام مافی خۆکاندیدکردن دەبێ بە پاڵپشتی کەس و لایەنێک بێت هیچ ژنێک ناوێرێ یان ناتوانێ خۆی کاندید بکات، چونکە دڵنیایە ڕێژەی دەنگی پێویست ناهێنی بەبێ پشتیوانی.

کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سیستەمی کۆتا شانسی دایە بەشداریکردنی کۆمەڵێک ژن لە کۆنگرە و سەرکردایەتی ئەو حیزبە، ماوەتەوە کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە کۆمەڵێک ژن داوای کۆتا دەکەن، بۆ ئەوەی بچنە کۆنگرەو بگەنە سەرکردایەتی. هەروەک ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی باسیدەکەن ئەم کۆنگرە کۆنگرەی نوێبوونەوەیە، کەواتە ژنان مافی بەشداریکردنیان هەیە، چونکە هیچ نوێکردنەوەیەک بەبێ بەشداری ژن ناکرێ. بەڵام ئافرەتان کۆتاش زۆر فریایان نەکەوت و ماوەتەوە سەر تەزکیە بۆئەوەی ژمارەیەکی بەرچاویان ببنە ئەندامی کۆنگرە. لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە باوەڕی بەتواناکانی ژنان نییە.

سیستەمی کۆتا هەموو جارێک دوو شەش ناهێنێ. ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو شاهیدی ئەوەن. گرنگ نییە بە کۆتا کورسیەک پڕبکەیەوەو بڵێی ئەندامی ژنمان هەیە، دەبێ ژنانێک هەڵبژێری کە بتوانن هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و لە ئاست گۆرانکارییەکاندا بن. هەندێک هەن دەڵێن ژنان ناتوانن و نازانن سیاسەت بکەن، باشە ئەوانە بهێننە پێشەوە کە دەتوانن فێر بن و لە کولتووری پارتییەوە نزیکن. نەک کەسانێک بچنە کۆنگرە تەنها بیر لە بەرژەوەندی شەخسی خۆیان بکەنەوەو بەهەموو شێوەیەک هەوڵیان هەر بۆ ئەوەبێت، لە کاتێکدا ڕۆژێک پەیوەندییان بە پارتی و کولتووری پارتییەوە نەبووە، بەتایبەتیش لە ڕۆژە سەختەکان و نەبوونیدا. ئەگەر پارتی حیزبەکەی شاخ بووایەو پارەو دەسەڵاتی نەبووایە، ئەوانە هەرگیز نەدەبوونە پارتی و بەشان و باڵیان هەڵنەدەگوت. بۆیە نوێکردنەوە بە مانای گۆڕینی هەندێک دەموچاو و دانانی هەندێکی دیکە لە ڕەگەزی مێینە ناکرێ، بە ناوی یەکسانی و بەشداری ژن لە کۆنگرە، بەڵکو بە گۆڕینی عەقلیەتی کارکردن و بەرەوپێشبردنی سیستەمی حیزبایەتی و دانانی کەسانی شیاو لە شوێنی شیاو دەبێت.

ئەزموونی پەرلەمانی کوردستان و عێراق لە ساڵانی ڕابردوو ئەوەی نیشاندا کە دانانی هەندێک ژن لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق باش نەبووە ئەگەر خراپ نەبووبێ، زۆر لەوانە لە ماوەی چوار ساڵ دا تاکە جارێکیش نەیانگوتووە لەل، تاکە باشییەک بۆ ئەوان ئۆتۆمبێل و مووچەیەکی باشی خانەنشینی و پارچە زەوییەک بوو کە تامردن دەتوانن پاڵی لێبدەنەوە. بۆیە ئێستا ژنانی کوردستان دەبێ، بیر لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بکەنەوە، چونکە بیرۆکەی یەکسانی لەئەمڕۆدا بۆ کۆمەڵگەی ئێمە بەردێکی گەورەیە، هەڵگرتنی بەردی گەورەش نیشانەی لێنەدانە و ڕەنگە سەریشمان بێشێنێ و بیشکێنێ.

# نزار بە گوللە گیانی لەدەستدا

## باوکی نزار: پۆلیس نزاری کوشت و دەیاندەمە دادگا

فەرمان چۆمانی

ڕووداو- قەڵادزێ

نزار ماوەی سێ مانگ بوو فەرمانی گرتنی هەبوو، پۆلیس بەدوایدا دەگەڕا دەستگیری بکات، ئەو ڕۆژەی نزار لە سەفەر گەڕایەوە، پۆلیس یەکسەر بەسەر ماڵیاندادا، لەوکاتدا نزار بە چەکەکەی گوللەیەکی بەرکەوت و گیانی لەدەستدا. هەرچەندە پۆلیس دەڵێن بەخۆی خۆی کوشت، بەڵام باوکی نزار کە بە نیازە سکاڵا لە دژی پۆلیس تۆمار بکات دەڵێت "پۆلیس کوڕەکەی منیان کوشت".

کاژێر 5ی ئێوارەی 2010/10/28 لە گەڕەکی شەهیدانی تازەی شارۆچکەی قەڵادزێ، گەنجێک بەناوی نزار ئیبراهیم،27ساڵ، کە باوکی منداڵێکی پێنج مانگە کوژرا. نزار کە فەرمانی گرتنی لە لایەن دادگای پشدەرەوە بۆ دەرچووبوو، ئەوکاتەی پۆلیس ویستیان دەستگیری بکەن بە گوللە گیانی لەدەستدا. نزار دوو ژن و منداڵێکی پێنج مانگی بەناوی کیان لەدوای خۆی بێ سەرپەرشت بەجێهێشتن.

لە دووەم ڕۆژی پرسەکەیدا، ئیبراهیم حسێن،42ساڵ، کە پێشمەرگەیەکی کەمئەندامە و باوکی نزارە قسەی بۆ (ڕووداو)کرد. ئیبراهیم باسی سەرەتای کێشەی، نزاری کرد و گوتی سێ ساڵ بوو ژنی هێنابوو، بەڵام وەک باوکی دەڵێت لەگەڵ ئەو ژنەی کێشەیان هەبووەو نزار ناردوویەتییەوە ماڵی باوکی " ساڵی ڕابردوو ژنەکەی



شوێنی کوشتنی نزار (فۆتۆ: ڕووداو)

سکاڵای لەسەر نزار تۆمارکرد و داوای مارەیی و نەفەقەی کردبوو، نزاریش باری مادی خراپ بوو، لەسەر ئەو کێشەیە وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، دادوەر فەرمانی گرتنی بۆ دەرکرد".

ساڵ و نیوێک لەمەوبەر نزار ژنێکی دیکەی هەڵگرت، بەڵام باوکی نزار دەڵێت ئەو کێشەیان چارەسەر کردبوو "پەیوەندیمان لەگەڵ ماڵی باوکی ژنە تازەکەی هەیە".

لەبەر فەرمانی گرتنی نزار پۆلیس بەدوایەوە بوو بیگرێ. ڕۆژی کوژرانەکەی، نزار چەند خولەکێک بوو لە سلێمانی گەڕابووەوە ماڵەکەی. باوکی دەڵێت "بەر لە هەموو شت نزار منداڵەکەی لە باوەشکرد و، بانگی ئامۆزایەکیشی کردبوو، تا بەسەرهاتی سەفەرکەی بۆ بگێڕێتەوە . لەوکاتەدا کە دوای دەوام بوو، مەفرەزەیەکی پۆلیس دەوری ماڵەکەیان گرتبوو، مفەوەزێک بە جلی مەدەنییەوە بەزۆر خۆی بە ماڵەکەیاندا کردبوو، چووبووە ژوورەوە، پۆلیسەکان دەمانچەیان پێبوو، نزاریش تفەنگی ڕاکێشابوو، بەڵام مفەوەزەکە هێزی زیاتر بوو، تفەنگەکەی لە دەستی هەڵسوڕاندووەو تەقاندی و کوڕەکەمی کوشت".

سۆران ڕەسول،23ساڵ، ئامۆزای نزار، کە تاکە شایەتی ڕووداوەکەیە، باسی لەوە کرد نزار تازە گەیشتبووە ماڵ، مەفرەزەیەکی پۆلیس هاتنە ماڵیان "گوتم نزار لێرە نییە، بەڵام ئەوان گوتیان بینیومانە، لە کاژێر 3ی دوا نیوەڕۆوە چاودێری دەکەین، مفەوەزەکە خۆی بە ژووردا کرد، لەگەڵ نزار خۆیان پێکدادا، پۆلیسەکە هێزی زیاتر بوو، بینیم کە تفەنگەکەی بە سینگی نزاردادا، لەو حاڵەتەدا لەنێوان هەردووکیاندا تەقی، جا نازانم کێ تەقاندی، بەڵام ئەو تفەنگ ڕاوەشاندنە هۆکاربوو بۆ تەقینی گوللەکە".

بەگوێرەی قسەکانی سۆران، نزار ئەو مفەوەزەی دەناسی "کە پۆلیسەکە هاتە ژوورەوە، نزار وتی لێرەش وازم لێناهێنی سەگباب. وادیارە جاریتر ئازاریداوە، ئەوە دوایین قسەی نزاربوو، پاشان پۆلیسەکان ڕایانکرد، برای نزار سێ گوللەی بە ئاسماندا تەقاند، دواتر ئاسایش هات، پۆلیسەکان تائێستا نەهاتوونەتەوە، ئەفسەری ئێشکگر خۆیشی وتبووی ئاگاداری ئەو دەرچوونە نەبووە".

سۆران ئاماژەی بەوەشدا نزار چووبووە بەردەم دادگا و، زیاتر لە سێ مانگ بوو بە کەفالەت ئازادکرابوو "هەر کاتێک ویستباین نزار دەچووە بەردەم دادگا".

کەسوکاری نزار بڕیاریانداوە سکاڵا لە دژی پۆلیس تۆمار بکەن بە تۆمەتی کوشتنی نزار. باوکی نزار گوتی "ڕێگای یاسایی دەگرمەبەر، ئەگەر یاسا نەبوو بە عەشایری دەیکەین، لە خوێنی نزار خۆش نابین، داواکارم لە حکومەت چاوپۆشی لەو تاوانانە نەکات، چۆن دەکرێ پۆلیس بە جلی مەدەنی بچێتە سەر ماڵان و لەکاتی دەوامیشدا نەبێ، بێ ئەوەی فەرمانی گرتن پیشان بدات".

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی پشدەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، نزار لە دادگای پشدەر سکاڵای لەسەر بووە لەلایەن هاوسەرە کۆنەکەی، داوای نەفەقەی کردووە، چونکە بەبێ ڕەزامەندی ئەو ژنی دووەمی هێنابوو، بە کافەلەت بەربوو "دادوەر دەیویست بێتەوە بەردەم دادگا، چەند جارێک بەدوایدا نارد، ئاگاداری کردەوە هەر نەهات، بۆیە بووە فەرمانی گرتن و ماوەی سێ مانگ بوو بەدوایدا دەگەڕاین، برای ژنە تازەکەیشی هاتە بنکەی پۆلیس و گوتی نزار دەیەوێت ژنەکەی بباتە ئێران بە فێڵ لەوێ بیکوژێ".

وەک ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی پێدا مەفرەزەی پۆلیس مۆڵەتی لە ئەفسەری ئێشکگر وەرگرتبوو بۆ چوونە ماڵی نزار و، ویستوویانە بە خۆشی بانگی بکەن، پۆلیسەکان چەکیشیان پێنەبووە، بەڵام "نزار نەهات، دەرگای لەسەر خۆی داخستبوو، دوو گوللەی لەخۆیداو خۆی کوشت، چووینە شوێنی ڕووداوەکەش، خۆمان نادزینەوە لەو ڕووداوە، ئەگەر مفەوەزەکەی ئێمە خۆی بە نزار دادابا گوللەکە بەر سینگی دەکەوت، نەوەک بەر چەناگەی، هەموو بەڵگەیەکمان لایە بۆ بێ تاوانی پۆلیسەکانمان، ئەگەر سکاڵایان هەبێت ئێمەش سکاڵامان دەبێت، چونکە تەقەیان لە مەفرەزەی ئێمە کردووە".





# سەدام لەڕێگەی ئوردنەوە نەوتی بۆ ئیسرائیل دەنارد

## سەدام سیخوڕی سێکسی بەسەر دیپلۆماتکارە بیانییەکانەوە دەکرد

**هێمن بابان ڕەحیم**
**ڕووداو-هەولێر**

نووسەرێکی عێراقی لە چەند کتێبێکدا کە بەم نزیکانە چاپ دەکرێن، چەند لایەنێکی نهێنیی ژیانی سەدام حوسێن و ڕژێمی پێشووی عێراق ئاشکرا دەکات. یاس خزەیر ئەلعەلی، لە دیدارێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، باس لەوە دەکات چۆن سەدام حوسێن سیخوڕی سێکسی بەسەر دیپلۆماتکارە بیانییەکانەوە لە عێراق کردووە، هەروەها چۆن نەوتی عێراقی لە ڕێگەی ئوردنەوە ڕەوانەی ئیسرائیل کردووە.

### سیخوڕیی سێکسی

یاس خزەیر ئەلعەلی، بەشانازییەوە دەڵێت "زۆر شتم لەسەر کورد بەتایبەت لە ماڵپەڕی بی بی سی نووسیوە". ئەو کە لەکاتی سەربازیدا لە لیوای 847ی سوپای عێراق بووە، گوتی " نانی کوردم خواردووە". گوتی ئەو ماوەیەی لە کوردستان سەربازبووە " نە کارەبا و نە ئاو و نە تەلەڤزیۆن نەبوو، وەکو ئەوەی لە سەردەمی سەدەکانی نێوەڕاست دا بژین".

ئەلعەلی کە خۆی بە ڕۆژنامەنوس دەناسێنێ، لەبارەی سیخوڕیکردنی سێکسی لەلایەن سەدام حوسێنەوە بەسەر دیپلۆماتکارە بیانییەکانەوە لە عێراقدا و ئەتک کردنیان دەڵێت" سەدام حوسێن لە ڕێگەی دەزگای هەواڵگری و سیخوڕەکانییەوە، سیخوڕی سێکسی بەسەر ژمارەیەک لە دیپلۆماتکارە عەرەب و بیانییەکانەوە دەکرد، هەندێک لەو سیخوڕانە ئافرەتی ئەو وڵاتەی دیپلۆماتکارەکانیان لە عێراق بوو بۆ لە تەڵەخستنی ئەو دیپلۆماتکارانە بەکاردەهێنان، ئەویش بە وێنەگرتنیان بەڕووتی لەگەڵ ئەو دیپلۆماتکارانە یان لەکاتی سێکسکردندا، لەبەرامبەردا پاشان ئەو ئافرەتانە بەپۆستی بەڕێوەبەر پاداشت دەکردن". ئەو نموونە بە ئافرەتێک دەهێنێتەوە کە لە وەزارەتی پیشەسازی کرایە بەڕێوەبەر، هەروەها بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی دواناوەندی لە گەڕەکی ئەعزەمیەی بەغدا " ناوی ئەوانە ناهێنین، نەبادا لەڕووی یاساییەوە توشی لێپێچینەوە ببین، بەڵام دۆسییەی هەموو ئەوانە و وردەکارییان ماوە و لەبەردەستدان، ئەمە جگە لە هاوسەری عەمید روکنێک لەگەڵ لەتیف نسەیف جاسم وەزیری ڕاگەیاندن کە ماڵی لە گەڕەکی مەنسوور بوو. دوای چوونی پیاوەکەی بۆ بەرەکانی جەنگ لەگەڵ ئێران، بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرا، جگە لەمانە چەندین چیرۆکی دیکە هەن کە خوێن لە جەرگی مرۆڤ دێنن، کەچی کە سەدام حوسێن کوێتی داگیرکرد گوتی ئەوە بۆ بەرگریکردنە لە شەرەفی ئافرەتە عێراقییەکان".

### پلانی کوشتنی قەزافی

ئەلعەلی کە چەند کتێبێکی لەژێر چاپدایە ، بە وردی باسی پلانێکی سەدام دەکات بۆ تیرۆرکردنی موعەممەر قەزافی سەرۆکی لیبیا. ئەو سیخوڕیکردنی سێکسی دەزگای هەواڵگریی سەدام حوسێن لەسەر فەرمانبەرێکی بالیۆزخانەی لیبیا لە عێراق بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە" ئەندامانی دەزگای هەواڵگری سەدام دزەیان کردە نێو بینای دیپلۆماسی لیبیا لە گەڕەکی مەنسوور لە ڕۆژئاوای بەغدا و لەڕێگەی پەیوەندی سێکسی نێوان فەرمانبەرێکی دیپلۆماسی لیبی و سستەرێک بەناوی هەنا عەبدوڵڵای عێراقی کە ئێستا لە نەخۆشخانەی زەعفەرانییە کاردەکات، ئەوکات لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون بوو، بووە بیانوو بۆ هێرشەکە. هەنا ماددەیەکی بێ هۆشکەری خستبووە نێو چایەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەندامانی دەزگای هەواڵگریی سەدام بە ئاسانی بچنە نێو بیناکە و ئامێری تۆمارکردنی دەنگ و چەندین ئامێری دیکەی سیخوڕیکردن بچێنن".

هەروەها چیرۆکی هەوڵی سەدام حوسێن بۆ تیرۆرکردنی موعەممەر قەزافی، سەرۆکی لیبیا لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و ڕاکێشانی دکتۆر یوسف زەیاتی کە پزیشکێکی لیبی بوو و قایلکردنی بە کوشتنی قەزافی دەگێڕێتەوە.

زەیاتی کە ساڵی 1985 خۆی لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرەی میللی لیبیادا پاڵاوت،لەلایەن دەزگای هەواڵگری سەدام حوسێنەوە لەڕووی داراییەوە پشتیوانییەکی بێ وێنەی لێکرا و پۆستەرەکانی بۆ چاپکران، لەو پۆستەرەدا کە زەیاتی چاکەت و پانتۆڵ و بۆینباخێکی لەبەردایە، هەروەها چاویلکە پزیشکییەکەی لەچاو بوو و سمێڵ و ریشی تاشرابوو. جگە لەوە ملیۆنان دۆلاری پێبەخشرا لەلایەن سەدامەوە بۆ تیرۆرکردنی قەزافی. ئەلعەلی هەروەها دەڵێ " پێشتر لە کتێبەکەمدا (یاداشتەکانی دیپلۆماتکارێکی عێراقی) کە لەساڵی 2010 بڵاوکرایەوە وردەکاری زیاتریم بڵاوکردووەتەوە لەسەر ئەو ئەفسەر و دیپلۆماتکارانەی سەرپەرشتی ئەو



کردەوەیان دەکرد، لەنێویاندا دیپلۆماتکارێکی مەسیحی لیبی هەبوو کە سەدام حوسێن هەڵیبژاردبوو و بەهیچ شێوەیەک موعەممەر قەزافی خۆشنەدەویست ناوی (جۆرج زاخۆیی) بوو، کە خەڵکی زاخۆ بوو و لە دەزگای هەواڵگری سەدام کاریدەکرد و چەند ساڵێک لە لیبیا ژیاوە و ماڵی لە گەڕەکی کەڕادەی ڕۆژهەڵات بوو لە ناوچەی ئەبو ئەقلامی نزیک وێستگەی سوتەمەنیی داخل، لە شەقامی ڕەسامین لە بەغدا".

یاس خزەیر ئەلعەلی، لە درێژەی قسەکانیدا هەوڵی کودەتاکردن لەسەر ڕژێمی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح لەلایەن سەدام حوسێنیش باسدەکات و ئەو 5 ملیۆن دۆلارەی لەوپێناوەدا خەرجیکرد " سەدام حوسێن 5 ملیۆن دۆلاری بەخشییە سەعد بەزاز، سەرنوسەری ڕۆژنامەی زەمانی لەندەنی و بەرپرسی کەناڵی شەرقییەی عێراقی، بۆ ئەوەی بیداتە یەمەنییەکان لە پارێزگای عەدەنی یەمەن، بۆ کوشتنی عەلی عەبدوڵڵا ساڵحی سەرۆکی یەمەن، بەڵام بەزاز کە لە شاندی وەزیرانی ڕاگەیاندنی عەرەبدا بوو پارەکەی برد و رایکرد بۆ بەریتانیاو، هیچیشی لە بارەی مەسەلەکەوە باس نەکرد".

### سەدام نەوتی بۆ ئیسرائیل دەنارد

ئەو ڕۆژنامەنووسە عێراقییە دەڵێت لەو کتێبانەیدا کە ئامادەیکردوون، دوو کتێبی گرنگی نووسیون لەسەر (نوکتەی سیاسی لە سەردەمی سەدام حوسێندا) و (سیخوڕی سێکسی ڕۆژانی ڕژێمی سەدام)، کە بەپێی قسەکانی خۆی چەندین بەڵگەنامەی دەگمەنیان تێدایە لەبارەی ئەو پڕۆپاگەندەیەی سەدام پێیدەگوت نوکتەی سیاسی لە دژی خۆی،

جگە لە نهێنی قوتابخانەکانی سیخوڕیکردنی سێکسی سەدام و چۆنیەتی بەکارهێنانی چەندین ئافرەتی عێراقی و ڕێزی لە پۆستە باڵاکانیان نەدەگرت و بێ ڕێزی بەرامبەر بە پیاوەکانیان دەکرد، لەکاتێکدا بەبیانووی بەرگریکردن لە ئافرەتانی عێراقی کوێتی داگیرکرد". هەروەها دەڵێ کتێبێکی دیکەشی هەیە بەناونیشانی (سەدام سامانی عێراقی بەقاچاخ برد) لەبارەی دزینی سامان و داهاتی نەوتی عێراق بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتدارێتییەکەی بۆ دەرەوەی عێراق و کڕینی پشک لە کۆمپانیا بیانییەکانی وەک میتسوبیشی و بلۆک لە بانکە نێودەوڵەتییەکان، دەڵێت"زۆر لە پشکەکانی سەدام لەو پڕۆژە بازرگانیانە و خانووبەرە و دەزگا نێودەوڵەتیانەی بەنێوی کەسە نزیک و هاوڕێکانییەوە بوون، هەروەها چەندین کۆمپانیا و کارگەی فڕۆکەی لە ئەڵمانیا کڕی"، لەبارەی حوسێن کاملی زاواشییەوە دەڵێت" حوسێن کامل 18 ملیار دۆلاری بۆ ئوردن برد و ئێستا لەسەر ناوی خێزانەکەیەتی".

سەدام کە هەڕەشەی لەنێوبردنی ئیسرائیلی دەکرد و چەند موشەکێکی دوورمەوداشی ئاراستەکرد ، یاس خزەیر ئەلعەلی دەڵێ " سەدام حوسێن بەشێک لە نەوتی عێراقی بەناوی ڕەوانەکردنی بۆ ئوردن ڕەوانەی ئیسرائیل دەکرد، ئەمەش لەڕێگەی ئوردنەوە و بە تانکەری کۆمپانیای عێراقی-ئوردنی بۆ گواستنەوەی زەمینی، هەروەها لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو چەند کۆمپانیایەکی دیکەی بۆ هەمان مەبەست دامەزراند وەک کۆمپانیای بوراق".

# حکومەتی عێراق و کوردستان: بەدواداچوون بۆ بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس دەکەین

## بەرپرسانی ئەمریکی : بەڵگەنامەکان ژیانی 300 هاوکاری عێراقی دەخاتە مەترسییەوە






جولیان ئاسانج دامەزرێنەری ماڵپەڕی ویکیلیکس

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

جولیان ئاسانج، دامەزرێنەری ماڵپەڕی ویکیلیکس کە تائێستا دەیان هەزار بەڵگەنامەی سەربازی و نهێنیی تایبەت بە جەنگی عێراق و ئەفغانستانی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکردوەتەوە، بەرگریی لەو کارە کردو ڕایگەیاند کە ئامانج لە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان ئاشکراکردنی وردەکارییەکانی ئەو دوو جەنگەیە بۆ ڕای گشتیی جیهان.

بەشێک لەو بەڵگەنامانەی ماڵپەڕەکە لەبارەی جەنگی عێراق بڵاویکردوونەتەوە، وا پێشاندەدەن کە سەرکردایەتی سەربازیی ئەمریکا لەعێراق ئاگاداری پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و ئەو ئەشکەنجەیە بوون کە لەزیندانەکاندا لەدژی بەندکراوان پەیڕەوکراوە، بەڵام هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان لەبارەوە نەکردوون.

وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (پێنتاگۆن) ڕەخنەی توندی ئاراستەی ویکیلیکس کرد بەهۆی ئاشکراکردنی ئەو بەڵگەنامانە کە لەمێژووی سەربازیی ئەمریکادا بە گەورەترین پرۆسەی دزەکردنی بەڵگەنامەی نهێنی دادەنرێ، ئەوە سەرباری دووبارەبوونەوەی هەمان پرۆسە لەماوەی تەنیا چەند مانگێکدا پاش ئەوەی هەمان ماڵپەڕ لەمانگی تەمووزی ڕابردوودا پتر لە 70 هەزار بەڵگەنامەی تایبەت بەجەنگی ئەفغانستانی بڵاوکردەوە.

بەرپرسانی ئەمریکی وا ڕادەگەیێنن کە بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە ڕەنگە ژیانی سەربازانیان بخاتە مەترسییەوە، ئەوە سەرباری 300 هاوکاری عێراقی کە کاریان لەگەڵ ئەمریکییەکان کردووە، ژیانیان لەمەترسیدایە.

هیلاری کلینتن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەوبارەوە ڕایگەیاند کە ئەو کارەی ویکیلیکس ژیانی هەزاران کەس بەرەوڕووی مەترسی دەکاتەوە. گوتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکاش ڕایگەیاند کە "ئاشکراکردنی بەڵگەنامەکان یارمەتی دووژمنانی ڕۆژئاوا دەدات".

جولیان ئاسانج لەوەڵامی ئەو لێدوانانەدا، ڕۆژی شەممەی ڕابردوو کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی لەشاری لەندەن بەست و گوتی "ئەو وێنەیەی بەڵگەنامەکان لەبارەی ڕووداوە ڕۆژانەییەکانی عێراق پێشانمان دەدات، بیرۆکەیەکمان دەداتێ سەبارەت بە قەبارەی ئەو کارەساتەی لەجەنگی دژی عێراق کەوتووەتەوە".

ئاسانج بەپشتبەستن بەو گوتەیەی کە "قوربانیی یەکەمی جەنگەکان هەمیشە ڕاستییە"، گوتی "هیوادارین هەندێک لەو زیانانەمان قەرەبووکردبێتەوە کە بەهۆی هێرشەکەوە بەر ڕاستی کەوتن".

بەپێی ئەو بەڵگەنامانە لەماوەی نێوان 2004 تا 2009 پتر لە 109 هەزار عێراقی بوونەتە قوربانیی جەنگ. لەو ژمارەیەش 66.081 کەسیان خەڵکی سیڤیل بوونە و 15196 کەسیش سەر بەهێزەکانی سوپا و پۆلیسی عێراق بوون. ئەوەش لەبەرامبەر 23984 کەس کە بە دووژمن ناوبراون و لەریزی سەربازانی هێزە هاوپەیمانەکاندا 3771 کوژراو هەبوون.

ئەم ئامارانە تەواو پێچەوانەی لێدوانی بەرپرسانی ئەمریکایە کە هەمیشە دەیانگوت هیچ ئامارێکی وردیان لەبارەی ژمارەی قوربانیانی عێراقی لەبەردەستدا نییە.

ڕۆژی 25ی تشرینی یەکەم حکومەتی عێراق بڕیاریدا لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتیمانییەوە، کە هەردوو سەرۆکایەتی کۆمار و وەزیران دەگرێتەوە و ئەو وەزارەتانەش تێیدا ئەندامن کە پەیوەندییان بە ئاسایشەوە هەیە، لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی وەزیری داد پێکبهێنرێ بۆ بەدواداچوونی ئەو بەڵگەنامانەی ماڵپەڕی ویکیلیکس بڵاویکردوونەتەوە، کە ژمارەیان نزیکەی 400 هەزار بەڵگەنامەی نهێنیی سوپای ئەمریکایە لەبارەی شەڕی عێراقەوە، کە باس لە ئەنجامدانی پتر لە 300 حاڵەتی ئەشکەنجەدان و تووندوتیژی دەکەن کە هێزی هاوپەیمان دەرهەق بە دیلەکان کردوویەتی. هەروەها بەڵگەنامەکان باس لە هەزاران حاڵەتی کوشتن لە سەر دەستی هێزەکانی عێراق دەکەن، کە لە ماوەی نێوان کانوونی دووەمی 2004ەوە تاوەکو 13ی کانوونی یەکەمی 2009 ڕوویانداوە. هەروەها لەو بەڵگەنامانەدا هاتووە کە سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری مالیکی تیمی مەرگ و ئەشکەنجەدان بەڕێوە دەبات . ماڵپەڕەکە لەبارەی مالیکییەوە نووسیویەتی"ڕوویەکی شاراوەی هەیە کە سەرکردایەتی بەتالیۆنی سەربازی دەکات و ئەوانیش فەرمانەکانی ئەو بەجێدەگەیێنن و خەڵک دەکوژن و دەیانگرن". ویکیلیکس ئاشکرای دەکات کە ئێران ڕۆڵێکی کارای هەیە لە چەکدارکردنی میلیشیاکانی شیعە وەک بەشێک لە "شەڕی شاراوە" دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەر خاکی عێراق.

لە بەڵگەنامەکاندا باسی ئەوە کراوە کە سێ کەسە گیراوەکەی ئەمریکا لەناوچەی سنووری هەورامان، ئێران لەنێو خاکی هەرێمی کوردستاندا گرتوونی و ، هەروەها ئەوەش هاتووە کە ئەوکاتەی ئەسیل نوجێفی پارێزگاری موسڵ ویستوویەتی بچێتە ناوچە کوردییەکان لە باشیک و دەوروبەری ئاسایش فەرمانی داوەتە پێشمەرگە کە ئەگەر نوجێفی هات تەقەی لێبکەن و هەروەها بەرپرسانی کورد لەوبارەوە بەرپرسانی ئەمریکاشیان ئاگادار کردووەتەوە.

گوتەبێژی حکومەتی کوردستان کاوە مەحموود بە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی ڕاگەیاند کە "حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو بڕگانە دەکات کە پەیوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هەڵوێستی خۆشی سەبارەت بەو تۆمەتانەی ئاراستەی ئەوان کراون ڕووندەکاتەوە، هەرچەندە ئەو تۆمەتانە ناهەق و ناڕاستن، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی فەرمی خۆی لەبارەی ڕاپۆرتەکەوە ڕادەگەیێنێ".

له توركیا

# (مۆزەخانەی دیموکراسی) لەسەر دوورگەی ملهوڕی دروستدەکرێ

**ڕووداو- اخبار العالم**

تاوەکو ساڵی 1960 هیچ تورکێک دوورگەیەکی بە ناوی (یاسی ئەدەنە) نەدەناسی، کە لە ناوجەرگەی دەریای مەڕمەڕەیە لە ئیستەنبووڵ. لەگەڵ بەرپابوونی کودەتای سەربازی لەساڵی 1960 دژ بە یەکەمین حکومەتی هەڵبژێردراوی دیموکراتی، کە ماوەی 10 ساڵی بەردەوام دەسەڵاتی لە دەستدابوو، ئیدی سبەینان و ئێواران ناوی دوورگەکە لە کۆڕ و دانیشتنی تورکاندا ببووە بنێشتە خۆشەی سەر زمان.

ئەو دوورگەیە بووە شوێنی زیندانیکردنی قوربانیانی کودەتا سەربازییەکە، هەروەها بارەگایەکیش بوو بۆ دادگاییکردنی سەربازی، هەر لەوێش سەرۆک وزیرانی تورکیا عەدنان مەندریس و، وەزیری دەرەوە و، وەزیری دارایی ئەوکات لەسێدارەدران، بەڵام حوکمی لە سێدارەدانی سەرکۆمار جەلال بەیار بۆ بەندکردنی هەتاهەتایی سووک کرا.

بۆ یەکەمین جارە لەسەردەمی پارتی داد و گەشەپێدان AKP، وەزارەتی کولتوور و گەشتوگوزار داوا دەکات ئەو دوورگەیە کە وەزارەتی بەرگری لەساڵی 1960ەوە سەرپەرشتی دەکات، بدرێتەوە دەست ئەوان بۆ ئەوەی بۆ مەبەستی مەدەنی بەکاربهێنرێ. لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (زەمان)ی تورکی، وەزیری کولتوور و گەشتوگوزاری تورکیا ئەرتوغرول گۆنای گوتی کە چاوەڕوانی وەڵامی وەزارەتی بەرگرییە بۆ وەرگرتنەوەی دوورگەکە. گوتیشی کە وەزارەت دوو پرۆژەی بنەڕەتی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە وەک پارکێکی گەشتیاری قەشەنگ ئامادە بکرێ بە هۆی شوێنی تایبەتی لە ناوجەرگەی دەریای مەڕمەڕەدا. دووەمیان دامەزراندنی "مۆزەخانەی دیموکراسی" بۆ ئەوەی هەموو جۆرە چەوسانەوە و زوڵمێک کە لە خەڵکی سیڤیل لە دوای کودەتاکە کرا، لەوێ نمایش بکرێ، هەروەها پیشاندانی دانیشتنەکانی دادگاییکردنی سەربازی، تاوەکو لاوانی تورک تەماشای بکەن و فێر ببن و پەندی لێوەربگرن.

بۆ نیوە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا

# ئۆباما هیوای بە ڕەشپێستەکانە

**ڕووداو- ایلاف**

ئاستی بەشداریکردنی دەنگدەرانی ڕەشپێست لەنیوە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی ئەمریکیدا کە سبەی 2010/11/2 بەڕێوەدەچێت، دەبێتە کلیلی سەرکەوتن یان دۆڕاندن بۆ دیموکراتەکان و بەتایبەتیش سەرۆک ئۆباما. میدیای ڕۆژئاوا پێیانوایە ئەگەر تەنیا ئابووری وەک تاکە فاکتەری زاڵ لە نیوە هەڵبژاردنی داهاتوودا ڕەچاو بکرێ، ئەوا دیموکراتەکان دەکەونە قەیرانێکی گەورەتر لەوەی ئێستایان، چونکە ئەو توێژەی بە دەست نەهامەتی ئابوورییەوە دەناڵێنن بەپلەی یەکەم لە ڕەشپێستەکانن.

کاتێک باراک ئۆباما هەڵبژێردرا، ڕێژەی بێکاری لە نێو ڕەشپێستە بەڕەگەز ئەفریقییەکاندا 11،1% بوو، کەچی ئێستا گەیشتووەتە 16،1% کە ئەوەش دوو هێندەی ڕێژەی بێکارییە لە نێو سپی پێستاندا. هەروەها داخستنی دەرگاکانی کار پتر کاریگەری لەسەر ڕەشپێستان هەیە نەک خەڵکی دیکە، ئەمەش وایان لێدەکات کە زۆر گەرموگوڕ نەبن بۆ چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

ئەم هەستکردن بە گوشارە کە ڕەشپێستەکان بەدەستییەوە دەناڵێنن، لە مانگی ئەیلوولی ڕابردوودا بەڕوونی دەرکەوت کاتێک ئافرەتێکی ڕەشپێست بەناوی فیلما هارت بەرەوڕووی ئۆباما بووەوەو گوتی "من ماندووم، ماندوو بووم بەدەست بەرگریکردن لە ئیدارەکەت و لەو سیمبوڵی گۆڕانەی دەنگم پێدا، بەڵام ئێستا هەست بە بێئومێدییەکی قووڵ دەکەم بەهۆی ئەو دۆخەی پێیگەیشتین".

وێڕای جۆرێک لە بێ ئومێدی بەرامبەر ئۆباما، بەڵام ڕەشپێستانی ئەمریکا هەموویان بەم جۆرە تەماشای مەسەلەکان ناکەن و 97%یان لە ساڵی 2008دا دەنگیان بە ئۆباما دا، سەرباری ئەو دەنگۆیەی کە گوایە زۆر لە ڕەشپێستەکان لێی کشاونەتەوە، بەڵام بەشی هەرە زۆریان هەر وەک لایەنگری دیموکراتەکان دەمێننەوە.

لە ڕاپرسییەکی نوێدا کە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست) ئەنجامیداوە، دەرکەوت کە 80%ی ڕەشپێستانی دیموکرات بایەخ بە هەڵبژاردنی ئەمساڵ دەدەن بە هەمان شێوەی ساڵی 2008. لەوەش زیاتر ڕاپۆرتێکی سەنتەری هاوبەشی توێژینەوەی سیاسی و ئابووری، ئاماژەی بە وێکچوونێک کرد لە نێوان بەشداری زۆری ڕەشپێستان لە هەڵبژاردنی ئەمساڵ لەگەڵ بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنێکی دیکە کە لە ساڵی 1986دا بەڕێوەچوو، کە دوو ساڵ بەسەر خۆ پاڵاوتنی (جیسی جاکسۆن)ی ڕەشپێست بۆ پۆستی سەرۆکایەتی تێپەڕ بوو. لە ئەنجوومەنی پیراندا لە سێ ویلایەتی پەنسلڤانیا و ئەلینۆس و نیڤادا، کە ڕێژەی دەنگدەرانی ڕەشپێست 10%یە، ئۆباما دوا بە دوای یەک ڕێژەی 95% و 96% و 94%ی دەنگدەرانی ڕەشپێستی بەدەست هێنا. لە نیوە هەڵبژاردنی داهاتووشدا ڕەنگە ئەو دەنگانە وا بکەن ئەنجامەکە جیاواز بێت لەوەی پێشبینی دەکرێ. هەر بۆیە دەنگدانی ڕەشپێستانی ئەمریکا ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی دیموکراتەکان بە جیاوازییەکی کەم یان بە جیاوازییەکی زۆر سەرکەون، سەبارەت بە ئەنجوومەنی نوێنەرانیش دەبێتە دۆڕاندنێکی مام ناوەندی بۆ دیموکراتەکان پتر لەوەی بەزینێکی حەیابەرانە بێت لەسەر دەستی کۆمارییەکان.

بەڵام بەدیوێکی دیکەدا، زۆر لە شرۆڤەکاران پێیانوایە کە شکستی ئۆباما و دیموکراتەکان لەم هەڵبژاردنەدا شتێکی نیمچە حەتمییە. هەربۆیە لەئێستاوە دەستیان کردووە بە لێکۆڵینەوە لە هۆیەکانی ئەو هەڵگەڕانەوە لەناکاوەی دەنگدەری ئەمریکی لەماوەی تەنیا دوو ساڵی حوکمڕانیی ئۆبامادا دروستبووە.

لەگەڕان بەشوێن ئەو هۆکارانەدا، مایکل بارۆن، شرۆڤەکاری ئەمریکی لەڕۆژنامەی (دەیلی تەلیگراف)ەوە دەڵێت کە تووڕەیی دەنگدەری ئەمریکی بەرامبەر دەستتێوەردانی حکومی لەکاروباری ئابووری، لە پێشەوەی هەموو هۆیەکانەوەیە. ئۆباما لەهەڵبژاردنەکانی 2008دا ڕێژەی 53%ی دەنگەکانی بردەوە لەبەرامبەر 46%ی دەنگەکانی ڕکابەرە کۆمارییەکەی. لەنێو سەرکردە دیموکراتەکانیشدا تەنیا ئەندرۆ جاکسۆن و فرانکلین ڕۆزفێلت و لیندن جۆنسۆن توانیویانە ئەو ڕێژەیە بەدەستبێنن. بەڵام زۆربەی ڕاپرسییەکان وا پێشاندەدەن کە ڕەنگە لەنیوە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی کۆنگرێسدا ئەنجامەکان تەواو پێچەوانە ببنەوە، چونکە جەماوەری ئۆباما ڕووی لە کەمبوون کردووە.



هەر 200 قوتابی توێژەرێکی کۆمەڵایەتییان پێویستە

# وەزارەتی پەروەردە داوای دامەزراندنی 290 توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی دەکات



**بارزان محەممەد**
**رووداو-هەولێر**

کۆمەڵـەی کۆمەڵناسـان و دەروونناسـانی کوردسـتان داوای دامەزراندنی ئەو 290 توێژەرە کۆمەڵایەتییـە دەکات، کـە بەڵێنیـا پێدرابـوو بۆیـان دابمەزرێنن، سـەرۆکی کۆمەڵەکە دەڵێت "ئەگـەر فەرمانـی دامەزراندنیـان نەگەڕێتەوە، هەموو جـۆرە چالاکییەکی مەدەنی و ڕێکخراوەیی ئەنجامدەدەین".

بەپێی دوایین راسپاردەی کۆنگرەی پەروەردە، کە لەسـاڵی 2007 بەسـترا، دەبێ بۆ هەر 200 قوتابی لـە قوتابخانەیەکدا توێژەرێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەبێ، بەڵام هەندێک لە قوتابخانەکان تائێستا توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتییان نییە.

لەسـەر داواکاری کۆمەڵەی کۆمەڵناسـان و دەروونناسـانی کوردسـتان، وەزارەتی پەروەردە نووسـراوێکی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ناردووە کە داوای دامەزراندنی 290 توێـژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی دەکات بۆ قوتابخانەکانی کوردستان، بەڵام تائێستا ئەو داواکارییەی وەزارەتی پەروەردە وەڵام نەدراوەتەوە. جەزا حەمە ساڵح، سەرۆکی کۆمەڵەی ناوبـراو دەڵێ "ئەگـەر فەرمانـی دامەزراندنیان نەگەڕێتەوە، هەموو جۆرە چالاکییەکی مەدەنی و ڕێکخراوەیی دەکەین بۆ دامەزراندنیان".

جـەلال هەمـزە کاکەشـین، بەڕێوەبـەری سەرپەرشـتیاری ئامادەیی لە پەروەردەی هەولێر، بـاس لە گرنگی و پێویسـتی توێژەری دەروونی و کۆمەلایەتی دەکات، چونکە هاوکارێکی باشـی قوتابیانن لەکاتی بوونی هەرکێشەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونـی "لەبەر پێویسـتی قوتابخانەکان بەو توێژەرانە وەزارەتی پـەروەردە داوای دامەزراندنی کردوون".

لە سـنووری پارێزگای سلێمانی 550 توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان دامەزراون، بەڵام لە هەولێر ژمارەیان دیار نییە. جەلال هەمزە کاکەشین دەڵێت "ژمارەیەکی دیاریکراومان نییە، بـەڵام زۆربەی قوتابخانەکانـی هەولێر توێژەریان هەیـە". بەپێـی داواکاری وەزارەتی پـەروەردە پێویستە توێژەرەکە دەرچووی بەشی دەروونی یان کۆمەڵناسی بێت.

قوتابیان پێیان شتێکی زۆر باشە کە توێژەری دەروونـی و کۆمەڵایەتیـان هەبێـت، چونکـە دەڵێن یارمەتیدەرێکی باشـە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان. هێرش ئەحمەد، 20 ساڵ، پۆلی 12ی وێژەییـە لە ئامادەیی کوردسـتانی کوڕان دەڵێت "پێویستە بەردەوام توێژەرەکان ڕێنماییەکان بدەنە قوتابیان بە تایبەت لە کاتی تاقیکردنەوەکان، بۆ ئەوەی قوتابی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی نەمێنێ، کە لەکاتی تاقیکردنەوەکان بۆی دروست دەبێ".

نەبیل حەسەن، سەرپەرشـتیاری ئامادەیی و پسپۆڕی دەروونزانی دەڵێ قوتابیان بەردەوام داوا دەکـەن، کە توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتیان بۆ بنێردرێ، چونکە لەکاتی بوونی هەر کێشـەیەک یارمەتییەکی زۆری قوتابیـان دەدەن، بە تایبەت لەکاتـی تاقیکردنـەوەکان. نەبیـل دەڵێت "ئەو قوتابیانەی کە توێژەری کۆمەڵایەتیان هەیە، کێشەی کۆمەڵایەتیـان زۆر کەمە و ڕێـژەی زیرەکیان لەو قوتابخانانـە زیاترە کـە توێژەریان نییە، چونکە کە قوتابی کێشـەی نەبـێ، بیری لەلای وانەکانی دەبێ".



وەزارەتی پـەروەردە بڕیاریـداوە کە هەرچی توێژەری کـچ هەیە لـە قوتابخانەکانـی کوڕان بگوازرێنـەوە قوتابخانەکانی کچان، چونکە کوڕان هەندێک کێشـەیان هەیە ناتوانن لەلای توێژەری ئافرەت باسـیان بکەن. جەلال کاکە شین دەڵێت "بڕیارمانـداوە توێژەری کوڕ بـۆ کوڕان دابنێین و کچیش بۆ کچان".

توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان هاوکاری قوتابیان لە دەرەوەش دەکەن، ئەگەر کێشەیان هەبێت. جەلال هەمزە، دەڵێ "ئەگـەر قوتابییەکان لە ماڵەوەش کێشـەیان هەبێت، توێـژەرەکان دەچن و لەگەڵ خێزانەکانیان دادەنیشـن و بـاس لە چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکان دەکەن".

# کرێکارانی بیانی: گەنجانی کوردستان کار ناکەن

## بەڕێوەبەرایەتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی: گەنجانی بیانی زۆر زیاتری گەنجانی کوردستان بۆ دۆزینەوەی کار دێنە لامان

**بارزان محەممەد**
**رووداو-هەولێر**

ئەگەر مستەفا بەهائەددین، 32 ساڵ، لـە بەنگلادیش مانگانـە 200 دۆلاری دەسـتبکەوتایە، نەدەهاتە کوردستان بە بنێشت فرۆشتن لە ترافیکلایتەکان مانگانە 400 دۆلار پەیدا بکات. مستەفا کـە ژنەکـەی و دوو منداڵەکەی لە بەنگلادیش جێهێشـتوون دەڵێت "ئەگەر بەنگلادیش وەک کوردستان کاری زۆربووایـە هەرگیـز بەجێم نەدەهێشت، کەچی گەنجانی کورد بـە بیانـووی نەبوونـی کار دەچنـە دەرەوە".

مسـتەفا ئەوروپـای نەدیوە، بەڵام دەڵێ "کوردستان هێندەی وڵاتێکی ئەوروپی کاری تێدایە".

ئـەو کرێکارە ئاسیاییانەی لە وڵاتانـی وەک بەنگلادیـش، فلیپیـن و ئە سـیو پیا روویـان لـە کو ر د سـتا ن کردووە رەخنە لـە گەنجانی کور د ستا ن د ە گـر ن، کە "کار ناکـەن"، لە کاتێکدا دەرفەتی کار لە کوردستان زۆرە هەروەک ئەوان دەڵێن. ئەو کرێکارە بیانیانە پێیانوایە زۆربـەی ئـەو گەنجە کوردانـەی روو دەکەنە وڵاتانی ئەوروپا لەبەر نەبوونی هۆکارەکانی خۆشی ژیانی گەنجانە نەک کار کردن، دەچن.



شایلەش تۆلا، 31ساڵ، خەڵکی هیندستانەو لە سیتی سەنتەری ماجیدی مۆل کار دەکات، ئەو گەنجە هیندییە سەرباری حاڵی خۆی دڵی بـە گەنجانی کورد دەسـووتێ و دەڵێت "ئێمە لە هیندستان کە کارمان تەواو دەبوو، دەچووینە سینەما یان دیسکۆ، بـەڵام گەنجانـی کوردسـتان کـە کاریان تەواو دەبێ دەچنـەوە مـاڵ، چونکە سـینەما و دیسـکۆ لێرە نییە". بۆیە تۆلا پێیوایە "گەنجانی کو ر د سـتا ن حەزیـان لـە دیسـکۆ و کچـی جوانە، نەک پارەو دەوڵەمەند بوون، بۆیـەش دەچنە ئەوروپا.".

زا نیا رییە کا نـی بە ڕێو ە بە را یە تـی کارودەستەبەریکۆمەڵایەتی ئامـاژە بەوە دەدەن، کە لە هەرێمی کوردستان گەنجانی بیانی زیاتر بـە دوای کاردا دەگەڕێن و ئامادەن هەموو کارێـک بکـەن و بە هەر نرخێـک بێت، بـەڵام گەنجانی کوردسـتا ن هە مـو و کا رێک ناکەن.

دلاوەر ئەنوەر، جێگری بەڕێوەبەری کارودەسـتەبەری کۆمەڵایەتـی لـە لێدوانێکدا بـۆ (رووداو) ئاماژەی بەوەدا کـە زۆربەی کرێـکارە بیانییەکان زۆر دەچنە لای ئـەوان بۆ دۆزینەوەی کار، "بـەڵام گەنجانی کورد زۆر کەمتر دێن، کەچی سـەدان گەنجی خۆمان دەچنە دەرەوەو لەوێ هەموو کارێک دەکەن".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کار و دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی، لە ماوەی 9 مانگی رابردوودا تەنیا 660 گەنجی کورد داوایان کردووە کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، کە 172 کەسیان چوونەتە سەرکار، بەڵام 1642 گەنجی بیانی لە کوردستان داوای کاریان لەو بەڕێوەبەرایەتییە کردووەو، هەمووشیان خراونەتە سەر کار.

بـەڵام هەندێک لـە گەنجانی کورد پێیانوایە دەرفەتی کار لە کوردسـتان بەو جۆرە نییە کـە کرێکاری بیانی و بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسیدەکەن.

ئامانج میرزا، 27 سـاڵ، کە ساڵی رابردوو بەشـی ژمێریـاری لە زانکۆی سەلاحەددین تەواو کردووە و ئێستا لە بازاڕی لەنگەفرۆشانی هەولێر کاردەکات دەڵێت "پێم ئاسـاییە لە کۆمپانیایەک کار بکەم، بەڵام کە کۆمپانیایەک داوای کارمەند دەکات مەرجەکانی زۆر زۆرن، بۆ نموونە پێویسـتی بـە ژمێریارێکە دەبێ لە کۆمپیوتەر فول بێت و زمانی ئینگلیزی و عەرەبیش بە نووسـین و قسەکردن بە باشی بزانێت. بەو مەرجانە تەنیا مەبەستیان ئەوەیە گەنجی کورد وەرنەگرن، چونکە کرێکارە بیانییەکان بە پارەیەکی کەمتر کاردەکەن". ئامانج گوتیشـی "بۆ گەنجێکی وەک من زۆر قورسـە کە کۆلێـژم تەواوکردووە بچم ببمە پاککەرەوەی شـەقامەکانی شار، هەرچەنـدە کارێکی ئاسـاییە، بەڵام گەنجی ئێمە ناتوانێ ئەم کارە بکات".

لە بارەی دۆزینەوەی کار بۆ گەنجانی کوردسـتان، دلاوەر ئەنـوەر، ئاماژەی بەوەدا، کە گەنجی کورد هەموو کارێک نـاکات، بەڵام گەنجی بیانی تەنیا بڵێن کار هەیە لە هەر شـوێنێک و چۆن بێ کار دەکات، ئەمەش زیان بە کوردستان دەگەیێنێ "چونکە ساڵانە دەیان هەزار دۆلار لە کوردسـتان لەڕێگەی ئەو کرێکارە بیانیانە دەچێتە دەرەوە بەبێ ئەوەی سوودێکی وامان پێبگەیێنـن و کارێکی وا بکەن، کە بە گەنجی ئێمە نەکرێ".

لە هەرێمی کوردستان 55 هەزار قوتابی لە قوتابخانەکانی ئێواران دەخوێنن

# 80%ی قوتابیانی ئێواران فەرمانبەر و پێشمەرگە و پۆلیسن



هەندێک لە پۆلەکانی قوتابخانەکانی ئێواران 100 قوتابی تێدایە (فۆتۆ: رووداو)

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

ئـارەزووی بـوون بە مامۆسـتاو بەدەستهێنانی بڕوانامە، دوای 23 ساڵ دابـڕان لە خوێندن، نەجات عەبدوڵڵای گەڕاندەوە پۆلەکانـی قوتابخانە، ئەو دوو ساڵە گەڕاوەتەوە و ئێستا قوتابی قۆناخی 10ی وێژەییە و دەڵێ "تا نەبمە مامۆستا واز لە خوێندن ناهێنم".

ئەوانەی پێشتر لەبەر هەر هۆیەک لە خوێندن دابڕاون، ئێستا زۆریان روویان لـە قوتابخانەکانی ئێواران کردووە، کە بەشـی زۆریان فەرمانبەر و پۆلیس و پێشـمەرگەن، زۆربەیان ئامـاژە بەوە دەدەن بەهـۆی خراپی باری ئابووریان پێشتر وازیان لە خوێندن هێناوە.

نەجـات عەبدوڵـڵا، 41 سـاڵ، پیاوێکی گەنم رەنگی باڵا مامناوەندییە، فەرمانبـەرە لەبەڕێوەبەرایەتـی دابەشـکردنی کارەبای هەولێر، هەموو ئێوارەیەک پەرتووکەکانی هەڵدەگرێت بەرەو قوتابخانە بەڕێدەکەوێت. نەجات زۆر داخ بـۆ ئـەوە دەخـوات کـە لە قوتابخانە دواکەوت کاتی خۆی بەهۆی خراپی بـاری ئابـووری خێزانەکەی، کاتێک لە پۆلی 3ی ناوەندی دەرنەچوو ناوی لە سـەربازی گەڕایەوەو نەیتوانی درێژە بەخوێندن بـدات. ئەو قوتابییە رەتیکردەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە لەپێناو زیادبوونی مووچەکەی ئێسـتا گەڕابێتـەوە قوتابخانە "تەنیا دەمەوێ ببمە مامۆستا لە گوندەکەی خۆم".

بەپێـی ئامـاری بەڕێوەبەرایەتـی فێرکردنـی ئێـواران، لـە هەرێمـی کوردسـتان 190 قوتابخانەی ئێواران هـەن، کە زیاتر لـە 55 هەزار قوتابی لەسەرجەم قۆناخەکان تێیاندا دەخوێنن، بەرپرسانی پەروەردە دەڵێن رۆژ بە رۆژ قوتابی تـازە روودەکەنەوە خوێندن و پێویسـتیان بە کردنەوەی قوتابخانەی زیاتری ئێوارانە.

ئیبراهیـم رەزا، بەڕێوەبـەری فێرکردنی ئێواران، رایگەیاند هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتییەکەیـان لـە ماوەی 7 سـاڵی رابـردوودا توانیویەتی ژمارەی قوتابخانەکانـی ئێواران لـە هەرێمی کوردسـتان لـە 20 قوتابخانەوە زیاد بـکات بـۆ 190 قوتابخانـە، بـەڵام "هێشتا پاڵەپەسـتۆیەکی زۆر لەسەر قوتابخانەکانی ئێواران هەیە و ناتوانین فریای لە خۆگرتنی لێشـاوی گەڕاوەی قوتابیان بکەوین".

ناوبراو، ئەو گەڕانەوە بە "لێشاو"ەی گەڕاندەوە بـۆ باشـبوونی گوزەرانی خەڵک و دووبارە گرنگی پەیداکردنەوەی بڕوانامـە و دەڵێ "قوتابـی لەهەموو ئاسـتەکانی تەمەن بۆ بەرزکردنەوەی بڕوانامەکانیان روو لەخوێندنی ئێواران دەکەن، بۆیە پاڵەپەستۆیەکی زۆرمان لەسەرە، قوتابخانەی وامان هەیە زیاتر لەهـەزار قوتابـی تێدایە". بە گوێرەی ئامـارەکان پشـکی شـێر لـە زۆری قوتابخانەی ئێواران بەر پەروەردەکانی ناوشاری هەولێر کەوتووە، لە کۆی 60 قوتابخانەی سـنووری بەڕێوەبەرایەتی گشـتی پـەروەردەی هەولێـر، 27 قوتابخانەیـان (18 قوتابخانـەی بنەڕەتی، 9 قوتابخانەی ئامادەیی) بەر پەروەدەی هەولێـر کەوتوون کە زیاتر لـە 12040 قوتابی تێدا دەخوێنن، بە تەنیا لەساڵی رابردوو بەهۆی زۆربوونی ژمارەی قوتابیان 8 قوتابخانەی بنەڕەتی ئێواران لەسـنووری پارێزگای هەولێر کراونەتەوە.

ئامادەیی زەردەشتی ئێواران، کە 12 پۆلە و 1100 قوتابی هەیە. لەبەرئەوە ژمارەی قوتابیانی هیچ پۆلێکی لە 75 قوتابی کەمتر نییە، لەهەندێک پۆلیش ژمارەکە لە 100 قوتابی تێدەپەڕێ.

عەبدولسەتار محەممەد، بەڕێوەبەری ئامادەیی زەردەشـتی ئێواران، دەڵێت بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابیان بەناچاری هۆڵـی قوتابخانەکانیـان کردووەتـە پـۆل و زیاتر لـە 100 قوتابیان تێدا جێکردووەتەوە، گوتیشی "لەسەر بڕیاری پەروەدە لە1/10 وەرگرتنی قوتابیانمان راگرتـووە، بـەڵام بـەردەوام قوتابی سەردانمان دەکەن بۆ وەرگرتن".

لەبارەی ئاستی تەمەنی قوتابییەکان، بەڕێوەبەری ئامادەیی زەردەشتی ئێواران گوتی "تەمەنیـان لە نێـوان 25-50 ساڵیدایە، نزیکەی 80%یان فەرمانبەر و پۆلیس و پێشـمەرگەن، بەشێوەی گشتی ئاستیان لاوازە، چونکە زۆربەیان تەنیا بۆ وەرگرتنی بڕوانامە گەڕاونەتەوە بەر خوێندن".

ناوبـراو ئاماژەی بەوەشـدا گرفتی سـەرەکی قوتابخانەکەیـان کەمـی مامۆسـتای میـلاک و زۆری ژمارەی قوتابی و نەبوونی شوێنە، گوتیشی "لە کۆی 21 مامۆسـتا تەنیا 5 مامۆستای میلاکمان هەیـە، ئەوانیدیکە وانەبێژن ئەگەر بەهـۆی برادەرایەتی و خاترانە نەبـێ بەهۆی کەمی پـارەی وانەبێژی کەسیان ئامادەنین وانە بڵێنەوە".

عەبدوڵخالـق سـاڵح، یاریدەدەری سەرپەرشـتیاری یەکەمـی ئامادەیی لـە پـەروەردەی هەولێـر رایگەیاند بەهـۆی کەمی میلاک و کەموکورتی لە قوتابخانەکانی بەیانیان لەتوانایاندا نییە وەک پێویسـت مامۆسـتای میلاک بۆ قوتابخانەکانی ئێواران دابین بکەن، بۆیە پشت بە مامۆستای وانەبێژ دەبەستن، گوتیشی "کێشـەی سەرەکیمان کەمی پـارەی وانەبێژییە، چونکـە پارەکە بەڕادەیەک کەمە مامۆسـتای وانەبێژی ئێواران ئەگەر چوار وانەش بڵێتەوە تەنیا پارەی هاتووچۆکـەی بۆ دەمێنێتەوە، بۆیە ئەگەر پارەی وانەبێژی زیاد نەکرێ، لەئایندەیەکی نزیکدا ناتوانین کێشەی کەمی مامۆستا لەقوتابخانەکانی ئێواران چارەسەر بکەین".

سەبارەت بە چارەسـەرکردنی ئەو گرفتانەی رووبەڕووی خوێندنی ئێواران دەبێتـەوە، ئیبراهیم رەزا، بەڕێوەبەری فێرکردنی ئێـواران، لە بەڕێوەبەرایەتی گشـتی پەروەردەی هەولێـر دەڵێت بەڕێوەبەرایەتییەکەیـان لـە هەوڵـی بەردەوامدایـە بـۆ بەدەسـتهێنانی رەزامەنـدی وەزارەتـی دارایـی بـۆ زیادکردنی کرێ وانەبێژی.


# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک مەسعود بارزانی

سڵاوو ڕێزو حورمەت

پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەرموێت: ( اطلب العلم ولو فی الصین )

ئێمە خەڵکی وڵاتێکین دەمانەوێت پێ بگرین و بەرەو پێش بڕۆین و شان بە شانی وڵاتانی دیکەبین و لە کاروانی زانست دوانەکەوین.

بۆیە لێرەدا بەڵام من دەپرسین ئایا شیاوە ئێمە کە کۆمەڵێک قوتابین و مۆڵەتی ڕەسمی خوێندنمان هەیە و سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابوورین و هەندێکمان لە قۆناغەکانی کۆتایی خوێندنداین ئێستا بە بڕیارێکی لەناکاو، کە لە 2010/10/21 دەرچووە، تێیدا ئاماژە بکرێت کە مۆڵەتی خوێندنی هەموومان لە 2010/11/1 هەڵدەوەشێتەوە.



گوایە بریکاری وەزارەتی دارایی لە یەکێک لە فەرمانبەرانی تووڕە بووە کە خزمەتی نییە و داوای مۆڵەتی خوێندن دەکات، بۆیە ئەو بڕیارە دەرکراوە.

ئێمە ئەو کۆمەڵە کەسە هاووڵاتی ئەو کوردستانەین و مافی ئەوەمان هەیە بخوێنین، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەین فریامان بکەون، بۆ ئەوەی دواڕۆژمان نەفەوتێت.

تکایە داوای ڕێگە چارەیەک دەکەین

لەگەڵ ڕێزماندا

کۆمەڵێک قوتابی کۆلێژ و فەرمانبەری مۆڵەت وەرگرتوو لە وەزارەتی دارایی

---

دوای بڵاوبوونەوەی لە (ڕووداو)

# داواکاری گشتی داوای بەدواداچوون بۆ گۆشتی سووری بازاڕەکان دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێک لەبارەی بوونی دەیان جۆری گۆشتی قوتوبەندی قەدەخەکراو لەبازارەکانی کوردستان، کە مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی شێتی مانگایان لێدەکرێت لە (ڕووداو)دا، سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بەنووسراوی فەرمی داوا لە وەزرەتی تەندروستی دەکات لەڕێگەی تیمەکانی چاودێری تەندروستی دەست بەسەر ئەو گۆشتانەدا بگرن لەبازاڕەکانی کوردستاندا و فرۆشتنیان قەدەخە بکرێت.

نووسراوەکەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی کە وێنەیەکی لێدراوەتە (ڕووداو) واژۆی سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی پێوەیە بەژمارە 935/5 لە 2010/9/29 دەرچووە، تێیدا هاتووە "لەپێناو ڕێگە گرتن لەبڵاو بوونەوەی نەخۆشی (BSE) شێتی مانگا و پاراستی هاووڵاتیانی کوردستان لەو نەخۆشییە داواکارین لەوەزارەتی تەندروستی لەڕێگەی تیمەکانی چاودێری تەندروستی ڕێگە بگیرێ لە فرۆشتنی گۆشتی سووری قوتوبەندی ئەو 25 وڵاتە، کە لە دوکان و بازاڕەکانی کوردستان هەن، دەستیش بگرێت بەسەر ئەوەی کە لەبازارەکان هەن".

سەرەرای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێرتنەری بە نووسراوی فەرمی لە ڕۆژی 2010/5/10 بەیتەرەکانی هەریەک لەپارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و ئیدارەی گەرمیانی ئاگادار کردووەتەوە لەقەدەخەکردنی فرۆشتنی ئەو گۆشتانە، بەڵام بەپێی بەدواداچوونێکی مەیدانی (ڕووداو) کە لەژمارەی 129ی ڕۆژی 2010/9/6 بڵاوکرایەوە، دەرکەوت هیچ بەدواداچوونێک بۆ نووسراوەکە لەلایەن ڤێرتنەرییەکان و تیمەکانی چاودێری تەندروستی و چاودێری بازرگانی نەکراوە، دەیان جۆر لەو گۆشتانە لەبازارەکانی کوردستان دەفرۆشرێنە هاووڵاتیانی کوردستان.



---

# ئێستا زانیم بۆ نەخۆشەکانمان دەمرن



**ئیحسان تاهیر**
**عەممان**

من پزیشک نیم تاوەکو خەڵکێک وا تێبگات کە من دوای توێژینەوەیەکی زانستیی پزیشکی داهێنانێکی نوێم دۆزیوەتەوە، یان بە ئەنجامێکی زانستی زۆر گرنگ گەیشتووم. من تەنیا بە یاوەریکردنی نەخۆشێک بۆ وڵاتی ئوردن زۆر بەئاسانی و تەنیا بەخستنەبەرو بەراوردکردنێکی بارودۆخی نەخۆشخانەو نۆرینگە پزیشکیەکانی کوردستان و ئەو وڵاتە زانیم بۆچی نەخۆشەکانمان لە کوردستان ئەوەندە بەئاسانی دەمرن.

ئەو وڵاتە سەرەڕای ئەوەی هێشتا هاووڵاتیانی عەممانی پایتەخت بەپارەیەکی زۆر ئاو و کارەبایان دەستدەکەوێت، بووەتە خاوەنی باشترین خزمەتگوزاری تەندروستی لەهەموو ناوچەکەدا، کە عەرەبەکانی کەنداویش بە پارە زۆرەکانیانەوە بۆ چارەسەری ڕوو لەو وڵاتە دەکەن، ئەوەش تەنیا لەبەر هۆکارێکی زۆر بچووک، ئەویش ئەوەیە کە ئەوان لەوە تێگەیشتوون ژیانی مرۆڤ چەندە گرنگە، بۆیە ئەو بوارەیان وەپێش هەموو بوارەکانی دیکە خستووە. مرۆڤ کە دەچێتە نەخۆشخانەیەکی ئەو وڵاتە بەدڵێکی پڕ لەخەفەتەوە بەجێیدەهێڵێت، چونکە خەفەت بۆ نەخۆشخانەکانی کوردستان دەخوات. هیچ نەخۆشخانەیەکی ئوردن نییە کە لە هەر ڕوانگەیەکەوە تەماشای بکەی پلەی نایابی نەدەیتێ، من نامەوێ باسی بیناو ئامێرە پزیشکییە پێشکەوتووەکانیان بکەم، تەنانەت شارەزایی پزیشکەکانیشان، بەڵکو لەوە گرنگتر ئەو مامەڵە جوانەیە کە کارمەندانی نۆرینگەو نەخۆشخانەکانیان لەگەڵ نەخۆش دەیکەن، هەر نەخۆشێک بچێتە سەردانیان لە یەکەم چرکەوە هەست بەدڵنەوایی دەکات، حەزدەکات بەردەوام ڕێگەی نەخۆشخانە بگرێت، چونکە ئەگەر بەهۆی جلوبەرگیان نەبێت ناتوانێ پۆلیسی بەر دەرگەو پزیشکەکە لێک جیابکاتەوە، کە هەردووکیان بە یەک شێوازی جوان پێشوازی لەنەخۆش دەکەن، کەچی لای خۆمان بێجگە لەوەی بۆنی پیس لەهەموو نۆرینگەو نەخۆشخانەکانماندا دیارترین جیاکەرەوەیە، مامەڵەی پزیشک و کارمەندانی نەخۆشخانەش نەخۆشەکان بێزارتر دەکەن، کە هێشتا پۆلیسی بەر دەرگە سۆزی لەهەندێ لە پزیشکەکانمان زیاترە، بێجگە لە گیانی "خۆ بەگەورە زانین و بەکەمزانینی نەخۆش"، کە زۆربەی پزیشکەکانی خۆمان تا سەر ئێسقان بڕوایان پێیەتی.

هەڵوێستی پزیشکێکی ئوردن، هەڵوێستی پزیشکێکی کوردستانی بەبیرهێنامەوە. لە ئوردن بەناوبانگترین پزیشکی هەموو ناوچەکە بۆ دۆزینەوەی دەزگایەکی باشی تیشک، سێ جار بەمۆبایلی خۆی تەلەفۆنی بۆ کردم، کەچی لەهەولێر هاوڕێیەکم دووجار بۆ نەخۆشییەک بەهەڵە چووبووە لای پزیشکێک، کەپسپۆڕی نەخۆشییەکەی ئەو نەبوو، کەچی بۆ جاری سێیەم کاتێک پێمگوت "نەخۆشییەکەی ئەو بەستەزمانە لە پسپۆڕێتی تۆ نییە، بۆچی چارەسەرت بۆ نووسیوە"، بەرگەی قسەکەمی نەگرت و بە تووڕەبوونەوە گوتی "کە خۆتان گەمژەو نەزان بن من چیبکەم".

لەسەر دیواری زۆر نۆرینگەو نەخۆشخانەی ئوردن نووسراوە "نەخۆش، نەخۆش، ئینجا نەخۆش"، چونکە ئەوان دەڵێن نۆرینگەو نەخۆشخانە تەنیا بۆ خزمەتی نەخۆش دانراون، تەنانەت پزیشکیش هەر لەو پێناوەدا بووەتە پزیشک، کەچی ببورن ئەگەر بڵێم پێویستە لەسەر دیواری نۆرینگەو نەخۆشخانەکانمان بنووسرێت "پزیشک، پزیشک، ئینجا پزیشک"، چونکە هەموو شتێک بۆ خزمەتی ئەوە، نەخۆش تەنیا بۆ ئەوە باشە مانگانە پارەیەکی زۆر کۆبکاتەوەو لە کۆتایی مانگدا بیخاتە گیرفانی پزیشک، کە ئەمیان بۆی هەیە بەئارەزووی دڵی خۆی لەنێو نەخۆشخانەیەکی وێران و نۆرینگەیەکی گەرم و ساردی پڕ لەبۆن و پیسایدا سووکایەتی بەنەخۆش بکات، لە ڕۆژێکدا 70 نەخۆش بەڕێبکات و لەیەککاتدا پشکنین بۆ 3 نەخۆش بکات، بۆی هەیە ئەگەر پزیشکی ددانیش بێت چارەسەری بۆ نەخۆشێکی شێرپەنجە بنووسێت، لەکاتی نەشتەرگەریشدا ئاساییە مەقەست وچەقۆیەکانی لەناو ورگی نەخۆشدا جێبهێڵێت، لەسەر کورسیش خۆی بەئیمپراتۆر بزانێت و سڵاویش وەڵام نەداتەوە، ئەگەر هەر شتێکی نەخۆشەکەشی بەدڵ نەبێت بەئارەزووی خۆی تێیهەڵدات. ئا لەبەر ئەوەیە نەخۆشەکانمان بوونەتە دوژمنی پزیشک و نەخۆشخانەکان، زۆر بەئاسانیش دەمرن.

---

کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دەڵێن:

# ئەمڕۆ بۆ سەرۆک جاشەکان ڕۆژی یەومولحیسابە



ئاسکە عەلی و عەبدولکەریم حوسێن کە هەر دوو گیان دەیان کەسیان ئەنفالکراوە

(فۆتۆ : ڕووداو)

**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- گەرمیان**

کەسوکاری ئەنفالکراوان و ئەو کۆمەڵەیەش کە بۆ داکۆکی لەوان دامەزراوە، دەڵێن ئیتر یەومولحیسابی موستەشارە تۆمەتبارەکانەو، چیتر ڕازینابن نەدرێنە دادگا.

عەبدولکەریم حوسێن، 80 ساڵ، کە 12 منداڵ و نەوەی ئەنفالکراون، زۆر بەباشی شتەکانی وەبیر نایێتەوە، گوتی "لەو ڕۆژەی ئەنفال کراین لە گوندەکەی خۆمان فەتاح بەگم بینی دەسەوەسان دانیشتبوو، هاوارم لێکرد هیممەتێک بکات، کەچی ئەو گوتی تازە هیچم پێناکرێ، خۆ هەر ئەوبوو بەخەڵکەکەی گوت وەرن خۆتان تەسلیم بکەن، حکومەت ئۆردوگاتان بۆ دەکاتەوە". عەبدولکەریم ئێستا لە ناحیەی ڕزگاری، دوا ساڵەکانی تەمەنە پڕ لەنەهامەتییەکەی بەڕێدەکات.

فەتاح بەگ، ناوی ئەو کۆنە مستەشارەیە کە زۆر لە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال لەسنووری گەرمیان، لەسەر زاریانە، جگە لەفەتاح بەگ کە ئێستا ماڵی لەباشووری ڕۆژئاوای کەلارە، ڕیزێک ناوی دیکە دێنن کە خۆیان دەڵێن ئەوانیش چاوساخی سوپای عێراق بوون لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی ئەنفالدا.

پرسی هاتنەوەی قاسم ئاغا بۆ باشووری کوردستان و ناردنەوەی فەرمانی گرتنی 258 موستەشار و ئامر مەفرەزەی کورد لە بەغداوە بۆ کوردستان، جارێکی دیکە گلۆڵەی مستەشار و سەرۆک جاشەکانی سەردەمی بەعسی خستەوە لێژی و، قوربانیانی دەستی ئەو ڕژێمە داوای دادگاییکردنی هەموو ئەو تۆمەتبارە کوردانە دەکەن کە لە پرۆسەی هێرشەکانی ئەنفالدا، پێشڕەو و کەواسووری بەر لەشکری بەعس بوون.

بۆ جێبەجێکردنی ئەو داوایەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، کۆمەڵەی داکۆکیکار لەمافی قوربانیان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان کە بارەگایان لە ناحیەی ڕزگارییە، کەمپینێکیان ڕاگەیاندووەو خوازیاری جێبەجێکردنی هەرچی زووتری ئەو فەرمانەن. کۆمەڵەکە لە ڕاگەیێنراوێکدا بەناوی کەمپینەکەوە دەڵێ "چیتر ئۆقرە ناگرین و بێدەنگ نابین".

هاوڕێ پێشڕەو ڕەشید، سەرۆکی کۆمەڵەی داکۆکیکار لەمافی قوربانیان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان گوتی "ئەوە پەیامی خەڵکی مەینەتدیدەی ئەنفالە، خەڵک نایەوێ چیتر بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ پرسی ئەنفال وسەرۆک جاشەکان بکرێ، ئەگەر گوێمان لێنەگیرێ دۆخەکە بەئاراستەی دیکەدا دەچێ".

سەرباری فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ جاری دووەم، کەچی پاشماوەو کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال، بێ ئومێدن بەرامبەر، خستنە نێو قەفەسی سەرۆک جاش و کۆنە مستەشارەکانی سەردەمی بەعس، هەر بەوەی کە زۆربەیان هێشتا پارەدار و خۆ بەدۆستکردووی یەکێک لەحیزبەکانی باشووری کوردستانن "هیچ کەس ئەوانە ناگرێ، ئەوان ئێستاش هەر ئاغایانە لێدەخوڕن کێ پەنجەیان بۆ دەبات" پیاوێک وا دەڵێ خاوەنی دەرزەنێک کەسوکاری ئەنفالکراوە.

ئاسکە عەلی حەمەمین، 62 ساڵ، کۆشێک منداڵی بەهەتیوی بەخێوکرد دوای ئەوەی مێردەکەی کەوتە بەر شاڵاوی ئەنفال، جگە لە یەکێک لە کوڕەکانی، دەڵێ 45 کەسی دیکەشی ئەنفالکراوە، ئێستا کە ئاسکە دەبیستێ فەرمانی گرتنی سەرۆک جاش و کۆنە مستەشارەکان سەری هەڵداوەتەوە بە "گەورەترین دیاری" دادەنێ بۆخۆی و دەڵێ "خوازیارم ئەوانە شەرمەزار بکرێن، حکومەت و حیزبەکان خۆیان نەکەنە خاوەنیان، کێ بێ بەری و پاک دەرچوو با لە دادگا بیسەلمێنێ، کێش تاوانبار با سزا بدرێ، شوورەییە ئەگەر حیزبەکان بیانەوێ پاساو بۆ موستەشاری ئەنفالچی بێننەوە".

ئەوکەسانەی حەشری ئەنفالیان بینی، کۆنە موستەشار و سەرۆک جاشەکانی کوردیش بە بەرپرسیار دەزانن لەو جیۆسایدە، ئەوان باس لە چاوساخی و دەسگرتنی سوپای عێراق بۆ قوڵایی دەشتە بەرینەکەی گەرمیان دەکەن، ئاسکە گوتی "ئەگەر ئەوان عەرەبیان نەهێنایەتە وڵاتی ئێمە، عەرەب لەکوێ وڵاتی ئێمەیان دەبینییەوە؟، هەر کات ئێمە جەیشی عێراقمان بینیبێ جاشی کورد لەپێشییەوە بووە، ئەوان کەوا سووری بەرلەشکربوون، جاشەکان بەقۆنتەرات لادێ وچیاکانیان بۆ بەعس دەگرت، پێشبڕکێیان بوو لەسەر سەرو ماڵی ئێمە".

بۆ پاشماوەو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، ئەمڕۆ "یەومولحیسابە" تا حەقی 23 ساڵ لەمەوبەریان لەو جاشە کوردانە بکەنەوە کە بەسەتان هەزار کوردی بێ چەک و لادێنشینی دایە دەستی سووپای دڕندەی بەعس. بەدەنگێک کە پڕی لە حەزی تۆڵەکردنەوەیە، بورهان حەمەخان وایگوت و دەڵێ "حیزبەکان لێگەڕێن ئەو کەسانەی لەڕابردوو بۆ دووژمن چاوساخ و نۆکەربوون، ئێستا ببرێنە بەردەم لێپرسینەوەو هەڵواسین، کێ تاوانبار دەرچوو سزای خۆی، کێیش پاک وبێ گەردبوو، با پاکی بۆ خەڵکە داخ لەدڵەکە دەربخات"، بورهان کە لەخێزانێکی 13کەسی تەنیا خۆی ماوە، ئەو مافە بەهیچ سەرکردەیەکی کورد نادات لەجیاتی قوربانیانی دەستی سەرۆک جاش وئەنفالچییەکان، لێبووردنیان بۆ دەربکات "ئەگەر مام جەلال یان کاک مەسعود کوڕو کچی خۆیان لەو پرۆسەیەدا لەناوچووبایە، دڵنیام هەرگیز پەنای ئەو سەرۆک جاش و تاوانبارانەیان نەدەدا، ئازاری ئێمە زۆر سەختە هەرگیز ڕازی نابم ئەوانە چیتر بە ئازادانە بە بەرچاومانەوە بێن و بچن، بەبێ ئەوەی لێیان بپرسرێتەوە".

---

وشکبوونی دارەکان لە هەولێر لە ڕێژەی ئاسایی تێپەڕی

# هاووڵاتییەک کێشەی دارە وشکبووەکانی هەولێر دەوروژێنێ

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەبێ ئەوەی کەس ڕایسپاردبێت، هاووڵاتییەکی کەمئەندامی شاری هەولێر بەدواداچوون بۆ دارە وشکبووەکانی شۆستەوشەقامەکانی شاری هەولێر دەکات و تائێستاش وێنەی 110 داری وشکبووی بە کامێراکەی خۆی گرتووەو لایەنی پەیوەنداری لێ ئاگادار کردووەتەوە، ئەو هاووڵاتییە دەڵێت "کە دارێکی وشکبوو دەبینم وا دەزانم منداڵێکی خۆم تینوویەتی و ئاوی دەست ناکەوێ".

عەبدولقادر گەردی، 69 ساڵ، قاچێکی بەهۆی نەشتەرگەری لەدەستداوەو خانەنشینە، بەڵام کەمئەندامییەکەی نەبووەتە ڕێگر لە بەدواداچوونی بۆ کێشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، لەوانەش دارە وشکبووەکانی سەر شۆستەی شەقامەکانی شاری هەولێر.

عەبدولقادر گەردی بەردەوام لە ڕێگەی تەلەفۆن بەشداری لە بەرنامە ڕاستەخۆکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنە نێوخۆییەکان دەکات و ڕاشکاوانە ڕای خۆی لەسەر گرفتەکان دەخاتەڕوو.

عەبدولقادر تائێستا وێنەی 110 داری وشکبووی گرتووە و دەڵێت "کاتێک دارێکی وشکبوو دەبینم وا هەستدەکەم منداڵێکی خۆمە تینوییەتی و کەس نییە ئاوی بداتێ، بۆیە ویستم لەڕێگەی گرتنی ئەو وێنانە و بڵاوکردنەوەیان لە ڕاگەیاندنەکاندا لایەنە پەیوەندیدارەکانیان لێ ئاگادار بکەمەوە".

عەبدولقادر گەردی پێیوایە بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکان بەرپرسیاری سەرەکی وشکبوونی دارەکانە "بەڕێوەبەرایەتی ئەندازی پارکەکان تەنیا گرنکی بە خزمەتکردنی داری ئەو شەقامانە دەدات کە بەرچاون، بۆیە سەتان داری شۆستەی شەقامە لاوەکیان وشکبوون".

ئەو هاووڵاتییە ڕەتیکردەوە، گرتنی ئەو وێنانەی بۆ تاوانبارکردنی کەسێک بێ "ئەو کارەم بۆ خۆدەرخستن نەکردووەو نامەوێ کەسیشی پێ تاوانبار بکەم، بەڵکو دەمەوێ ئاوێنەی شار نیشانی حکومەت و لایەنە پەیوەندارەکان بدەم".

تاهیر عەبدوڵڵا، جێگری پارێزگاری هەولێر، ڕایدەگەیێنێ کە ئەوانیش ئاگاداری وشکبوونی ئەو دارانەن و گوتی" هەستمان کردووە ئەمساڵ ڕێژەیەکی یەکجار زۆری داری سەر شۆستەکان وشکبوون، کە لە ڕێژەی ئاسایی تێپەڕیوە، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانمان ڕاسپاردووە لە ڕێگەی ئەندازیارانی کشتوکاڵییەوە هۆکاری وشکبوونی ئەو دارانە دیارییبکەن".

جێگری پارێزگاری هەولێر، ڕوونیکردەوە بەپێی ئەو ڕاپۆرتە سەرەتاییانەی بەدەستیان گەیشتوون، دەرکەوتووە هۆکاری وشکبوونی ئەو دارانە بەهۆی بەرزبوونەوەی زۆری پلەی گەرما بووە لەمساڵدا، گوتیشی "جگە لە پلەی گەرمی جۆری دارەکان و شوێنی چاندنیان و نەشارەزایی لەخزمەتکردنیان هۆکاری پشت وشکبوونی ئەو دارانەن".





عەبدولقادر گەردی

نزار عومەر، بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان، دەڵێ ئەوان هەوڵیاندا بۆ پاراستنی دارەکان لە وشکبوون، بەتایبەتی کە بینیانبوو لە مانگەکانی تەمموز و ئاب ڕێژەی وشکبوونی دارەکان ڕۆژ بەڕۆژ ڕووی لەزیاد بوونە، بۆ لێکۆڵینەوە لەوە " داوامان لە هەموو ئەندازیارە کشتوکاڵییەکانی خۆمان کرد لە هۆکاری وشکبوونی دارەکان بکۆڵنەوە، لە ئەنجامدا بۆمان دەرکەوت 80%ی هۆکاری وشکبوونی دارەکان دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، بەشێک لە وشکبوونەکانیش بۆ کێشەی هونەری چاندن، لەبار نەبوونی شوێنی چاندن، خراپی خۆڵەکە، نەشارەزایی کرێکاران لە ئاودانیان دەگەڕایەوە، بۆیە بڕیارمانداوە ئەو دارانەی زۆر لە قیری شەقامەکان نزیکن دووریان بخەینەوە و پشتێنەیەکی سەوزایی بە دەوری دارەکاندا بچێنین". نزار عومەریش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە وشکبوونی دارەکان لە شاری هەولێر لە ڕێژەی ئاسایی تێپەڕی.

کاردۆ نورەدین، مامۆستای بەشی دارستان و ڕەزگەری لە کۆلیژی کشتوکاڵ، کە توێژینەوەی لەسەر وشکبوونی دارەکانی هەولێر کردووە، هۆکارەکانی پشت وشکبوونی ئەو دارانە ڕووندەکاتەوەودەڵێت "بەشێکی وشکبوونی دارەکان بەهۆی ئەنجامنەدانی کارە کشتوکاڵییەکانی وەک چاندن و ئاودان و پەینکردن بووە بەشێوەی زانستی". ئەوەشی ڕوونکردەوە کە هەندێک لەو دارانەی لەشاری هەولێر چێندراون لەگەڵ کەش و هەوای هەرێمی کوردستان ناگونجێن، وەک دارەکانی (چناری ڕۆژئاواو جۆریک لە ڕوبینیاو داری براختیتونیا). کە نەیانتوانی بەرگەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ئەمساڵ بگرن، بۆیە بەشی زۆریان وشکبوون.

کاردۆ نورەددین، بەپێویستی دەزانێ ستافێکی زانستی لە ئەندازیارانی کشتوکاڵی و مامۆستایانی پسپۆڕ پێکبهێندرێ بۆ سەرپەرشتیکردنی چاندن و ئاودان و پاراستن و هەڵپاچینی دارەکان، گوتیشی "پێویستە ئەو دارانەی لە دەرەوە دەهێنرێن لەسەر بنەمای زانستی بهێنرێن و ڕەچاوی گونجانیان بکەن لەگەڵ کەش و هەوای هەرێمی کوردستان".



## پەرییەکەی حەمەڕەئوف ئامادەیە

**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند حەمەڕەئوف کەرکوکی گۆرانییەکی تازە بەنێوی (پەری) تۆمار و کلیپ دەکات.لەوبارەوە حەمەڕەئوف کەرکووکی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لەو ماوەیەدا گۆرانییەکی تازەی بەنێوی (پەری) بەشێوەی سینگل تۆماری کردووە "ویستم کارێکی باش و جوانی بۆ بکەم، چونکە کارکردن بۆ کۆمەڵێک گۆرانی لەئەلبوومێکدا ئەستەمە و بارێکی گرانە بۆ هونەرمەند لەو کاتەدا". کەرکووکی ئاماژەی بەوەدا کە گۆرانییەکە لە هۆنراوەی (جەمال شارباژێری)یە و ئاوازی (خەلیل عەبدوڵڵا)یە، هەروەها کاری تۆمارکردنی دەنگ و میکس و ماسترینگیشی لەلایەن ستۆدیۆی کاوان لەشاری سلێمانی ئەنجامدراوە. حەمەڕەئوف گوتیشی "لەم ڕۆژانەدا کاری کلیپکردنی ئەو گۆرانییە لەلایەن ستافێکی بەتوانا ئەنجامدرا، ئەرکی سەرجەم کارەکانی ئەو گۆرانییە لەلایەن کەناڵی ئاسمانی کوردسات جێبەجێکراوە، سوپاسیان دەکەم".

# هۆکاکی پێشمەرگە لە چلەی حەمەجەزادا

**ڕووداو- سلێمانی**

لیژنەیەک لەسلێمانی ئامادەکاری بۆ چلەی ماتەمینی هونەرمەند حەمە جەزا دەکات. ئەو مەراسیمە کە لە 2010/11/6 لە تەلاری هونەر لە سلێمانی سازدەکرێ، بڕیارە تێیدا دوو گۆرانی هونەرمەندی کۆچکردوو حەمە جەزا بەشێوەی کۆراڵ بگوترێنەوە، بۆ ئەو کۆراڵەش لە هەر چوار شاری سلێمانی هەولێر و کەرکووک و دهۆک بانگێشتی چەند دەنگخۆشێک و هونەرمەندێک کراوە، ئەو دوو گۆرانییەش بریتین لە (هۆ کاکی پێشمەرگە) و (مەڕۆ مەڕۆ بابە مەڕۆ).

هەروەها بەنیازن گۆڤارێک لەم ڕۆژانەدا چاپ بکەن تێیدا چەند هونەرمەندێک هەڵسەنگاندن و یادەوەری خۆیان لەگەڵ هونەرمەند حەمە جەزا باس دەکەن. هەروەها لە مەراسیمەکەدا پێشانگایەکی فۆتۆگرافی تایبەت بە هونەرمەند دەکرێتەوە، کە چەند وێنەیەکی ئەو هونەرمەندە تێیدا نیشاندەدرێن.





# دڵنیا قەردەاخی گۆرانییەک بۆ کوڕان دەڵێ

"تائێستا کاری وانەکراوە"

**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ دڵنیا قەرەداخی، گۆرانییەکی تازەی بەنێوی (بۆ کوڕانی وڵاتەکەم) بۆ کوڕانی کوردستان بەرهەم هێناوە.

قەرەداخی سەبارەت بەو گۆرانییە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "حەزناکەم کاری زۆر و بۆر بکەم، پێم باشە ناوە ناوە بە بەرهەمێک دەربکەوم، ئێستا گۆرانییەکی تازەم ئامادە کردووە، ئەو گۆرانییەم بۆ کوڕانە و پێشکێشی کوڕە گەنجەکانی وڵاتەکەمی دەکەم". دڵنیا ئاماژەی بەوەشدا کە کاری تۆمارکردنی ئەو گۆرانییە تەواو بووەو، بڕیارە کەناڵی ئاسمانی ڤین تیڤی بۆی کلیپ بکات کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لەلایەن ستافێک و دەرهێنەرێکی تورک وێنەی دەگیرێت.

قەرەداخی ڕایگەیاند ئەو گۆرانییە لە ئاواز و هۆنراوەی خۆیەتی "شتێکی زۆر تازەیە، بەڕای من تائێستا کاری لەو جۆرە نەکراوە، بەتایبەتی کە گۆرانیبێژێکی ئافرەت بەو شێوازە گۆرانی بۆ کوڕان بڵێت".

# گێشێری کوردی لە16 فیلمی وڵاتانی بردەوە

**ڕووداو- هەولێر**

فیلمی سینەمایی (گێشێر) لە دەرهێنانی وەحید وەکیلی فەر و بە دەنگی شمشاڵی قالەمەڕە، خەڵاتی گەورە و تەندیسی مرواری ڕەشی لەچوارەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی ئەبوزەبی لە ئیمارات بەدەستهێنا.

فیلمی سینەمایی (گێشێر) لە بەشی پێشبڕکێی (ئاسۆی نوێ) لە چوارەمین خولی فیستیڤاڵی فیلمی ئەبوزەبی لە ئیمارات نمایشکرا و توانی خەڵاتی گەورەی 100 هەزار دۆلاری و تەندیسی مرواری ڕەشی باشترین فیلمی بەشی (ئاسۆی نوێ)ی ئەم فیستیڤاڵە بەدەستبێنێ. فیلمی سینەمایی (گێشێر) بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە لەگەڵ 16 فیلمی وڵاتانی لوبنان، ئێران، ئەمریکا، کەنەدا، عێراق، ئەرژەنتین، ئەڵمانیا، میسر، تورکیا، پاکستان و فەرەنسا لە ڕکابەریدا بوو.

ئەم فیلمە چیرۆکی سێ پیاوی کرێکار بە نێوەکانی نیزام، قوباد و جیهان دەگێڕێتەوە کە بە هیوای دوارۆژی باشتر بۆ کارەکەیان دەچنە ناوچەیەکی پیشەسازی. بارودۆخی ژیان لەو شوێنە، ئەوان دەکاتە دۆست و هەڤاڵی نزیک و هاوماڵی یەکتری. بە بوونی سەختی ژیان لەم ناوچەیە، ئەم سێ کەسە بە هیوا و ئاوات بۆ دوارۆژ چاوەڕێی ڕۆژانی داهاتوون.

موحسین عەبدوڵڵا :

# نازانم بۆچی ئاوایان لەگەڵ کردم



**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ موحسین عەبدوڵڵا دوای ئەوەی یەکەم ئەلبوومی گۆرانی خۆی لەساڵی 2006 بڵاوکردەوە، لەوکاتەوە بێدەنگە. موحسین ئەوەی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە "هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، من لەبەرهەمهێنانی یەکەم ئەلبوومدا پارەیەکی زۆرم لەتۆمارکردنی خەرجکرد، هەروەها ئەو کۆمپانیایەی کە ئەلبوومەکەی بڵاوکردمەوە، لەجیاتی ئەوەی پارەم بۆ بگەڕێنێتەوە، پارەشیان لێسەندم".

موحسین عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەدا کە ئەو کۆمپانیایەی بەرهەمەکەی چاپ و بڵاوکردەوە، کۆمپانیای (ڕۆژبین) بووە "ئەو کۆمپانیایە کاری هونەری دەکرد، ساڵی 2006 لەجیاتی ئەوەی پارەم بدەنەوە کەچی داوایان لێکردم پارەیان بدەمێ بۆ ئەوەی 2 گۆرانی دیکەم بۆ تۆمار بکەن و بیخەنە ڕیزی ئەو گۆرانیانەی کە لە نەرویج تۆمارم کردبوون، بۆ ئەوە 5 هەزار دۆلاریان لێسەندم، بەڵام کاتێک ئەلبوومەکەم بڵاوکرایەوە، تەنها ئەو 7 گۆرانییە بوو کە پێشتر خۆم تۆمارم کردبوون".

گۆرانیبێژ موحسین عەبدوڵڵا دەڵێ "بەشایەتی خاوەنی تۆمارگە و سەنتەرەکانی شاری (هەولێر و سلێمانی و کەرکووک) سیدیەکەم ژمارەیەکی یەکجار زۆری لێفرۆشراوە، بەداخەوە نازانم بۆچی ئاوایان لەگەڵ کردم! ئیتر ناکرێ هەموو ساڵێک یاخود دوو ساڵ جارێک لەسەر گیرفانی خۆمان ئەلبوومێکی گۆرانی بەرهەم بێنین و دواتر کەسانێک ببنە خاوەنی خێر و قازانجی بەرهەمەکەم و منیش تەنها تەماشایان بکەم".

موحسین عەبدوڵڵا ئێستا دوو گۆرانی تازەی لەبەردەستە، یەکێکیان بەنێوی (ئاخر تۆ لەکوێی) کە تایبەتە بەئەنفال و هەڵەبجە و نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستان، گۆرانییەکی دیکەش بەنێوی (تۆ هەموو جار)ە، ئاواز و هۆنراوەی ئەو دوو گۆرانییەش لەلایەن هونەرمەند (زیاد ئەسعەد) دانراون.

# شارما: ماچکردن کێشە نییە



**ڕووداو-AFP**

ئەنوشکە شارما، ئەکتەری سینەمای هیندی ڕایگەیاند کە هیچ کێشەیەکی نییە لە فیلمەکانیدا ماچ بکرێ بەپێی پێویستی فیلمەکان.

شارما لەوبارەوە گوتی" هیچ کێشەم لەگەڵ گرتەی ماچکردن لەنێو فیلمەکاندا نییە، لەبەرئەوەی پێموایە ئەوەش یەکێکە لەو تاقیکردنەوانەی کە ئەکتەر پێویستە تێیدا سەرکەوێ و گوێ نەداتە ڕەخنەی خەڵک".

شارما کە بەیەکێک لە ئەکتەرە شۆخ و شەنگەکانی هیندستان ناسراوە، ئەوەشی ڕاگەیاند کە "ئەگەر بتەوێ ببیتە ئەکتەرێکی سەرکەوتوو، پێویستە هەموو ڕۆڵێک قبوڵ بکەی".

گرانترین مۆبایل لەجیهاندا

# نرخەکەی 8 ملیۆن دۆلارە



**ڕووداو- Daily mail**

ئامێرێکی تەلەفۆنی مۆبایلی جۆری ئایفۆن، کە بەگرانترین ئامێری مۆبایل دادەنرێ لەجیهاندا، نرخەکەی بە 8 ملیۆن دۆلار ڕاگەیێندرا کە بە ئەڵماس ڕووپۆشکراوە.

ئەو جۆرە مۆبایلە کە لە بەریتانیا نمایشکراوە، 50 پارچە ئەڵماسی جۆراو جۆری گرانبەهای لە خۆگرتووە و لەلایەن پیاوێکی ئوستراڵییەوە داواکراوە کە بەو شێوەیە دروست بکرێ. داواکاری مۆبایلەکە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەهۆی سەرکەوتنی ئەو کارە کە لەلایەن کۆمپانیاکەوە بەسەرکەوتوویی بۆی جێبەجێکراوە.

لە یەکەمین دیداری چیرۆکی کوردی دا لە هەڵەبجە

# شانۆگەریەک لەبەردەم هوتێلدا نمایشدەکرێ



**ڕووداو- هەڵەبجە**

بەبەشداری 21 چیرۆکنووس ولێکۆڵەری ئەدەبی، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە لە ڕۆژانی 1-11/5/ 2010بۆیەکەمجار لەمێژووی شاری هەڵەبجەدا دیداری هونەری چیرۆکی کوردی لەسەر ئاستی هەریمی کوردستان ئەنجامدەدا.

لەچوارچێوەی بەرنامەی دیدارەکەدا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە پیشانگەیەکی کتێب بەهاوکاری کتێبخانەی هەژار موکریانی بکرێتەوە بە داشکاندنی 20 % ی نرخی کتێبەکان و، ڕۆژی 2010/11/3 شانۆی (ئەو دەمەی گوڵێک دەژاکێ) لەنووسینی وەرزێر حەمەسەلیم و دەرهێنانی جەلیل سەعید لەبەردەم هوتێلی هەڵەبجە پالاس نمایشدەکرێ.

لەم دیدارەدا سەرەرای دابەشکردنی بڕوانامەی ڕێزلێنان، بڕیاریشە وەک ڕێزگرتنێک لەهەوڵ و توانای ئەدەبی، خەڵاتی ڕێزلێنان ببەخشرێتە چیرۆکنووسێک، هاوکات هەوڵدەدرێ ئەم دیدارە وەک نەریتێکی ساڵانە و بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لە ساڵانی داهاتووشدا لە هەڵەبجە ڕێکبخرێ.



# فۆرمیلا وەن پەنای بردە بەر کچان

**ڕووداو-AFP**

50 کچی نمایشکاری کۆریای باشوور، بەشدارییان لەدەستپێکردنی پێشبڕکێی فۆرمیلا وەنی شاری سیئۆلی پایتەختی کۆریای باشوور کرد. سەرپەرشتیارانی پێشبڕکێیەکە ویستیان بەهۆی ئەو کچە جوانانەوە خەڵکێکی زیاتر بۆ بەشداریکردن لەو پێشبڕکێیە ڕابکێشن و بەپێی ئامارێکی دەستەی ڕێکخەرانی ئەو پێشبڕکێیە، ئەو کارەیان سەرکەوتووبوو، لەبەرئەوەی نزیکەی 53 هەزار کەس ئامادەی ئەو پێشبڕکێیە بوون.



# بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی

ayarfalaky@hotmail.com

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

بیر لە ئەنجامدانی سەفەرێک دەکەنەوەو لەم مانگەدا جێبەجێی دەکەن. بارودۆخی کارکردن گونجاوتر دەبێت، پێویستیت بە بڕیارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتن لەو کارە بەمەرجێک کات بۆ تەواوکردنی دیاری بکەی. هەوڵبدە لە بیروڕاکانتدا تاکڕەو نەبی و گوێ لەڕێنماییەکانی کەسانی دیکە بگریت.

### گا
Apr 20-May 20

بەهۆی سەرقاڵیتان، لەبارەی پلانە نوێیەکەتان کەمێک ڕاڕادەبن، بۆ بەهێزبوونی ئەو پلانە کەسێک دەکەیە پاڵپشت. هەندێک لە کارەکانی ڕابردووت بە ناتەواوی جێهێشتووە، باشترە چاوخشاندنەوەیەکیان بۆ بکەن و گرنگەکانیان تەواو بکەن. گرنگی تەواو بە باری خێزانی و پەیوەندییەکانتان بدەن.

### جمک
May 21-Jun 21

دەستبەکار دەبن لە پڕۆژەیەکی نوێ و بەرپرسیاریتان زیاد دەکات. سەرنجڕاکێش و چالاک دەبن و، لەو بابەتانەش دوور بکەونەوە کە کێشەیان لێدەکەوێتەوە. قازانج دەکەن ئەگەر بەهێمنی وەڵامی توڕەیی و هەڵچوونەکانی بەرامبەرتان بدەنەوە یان لە دڵی نەگرن.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

پێویستە هێمنی خۆتان لە کار و لەگەڵ چواردەور بپارێزن، هێزێکی باشتان هەیە بۆ پاراستنی شوێن و کەسایەتیتان. کارەکانتان بەباشترین شێوە و لە کاتی دیاریکراو تەواوبکەن، چونکە توانایەکی باشی کارکردنتان دەبێت. گرنگییەکی تایبەت بە تەندروستیتان بدەن.

### شێر
Jul 23-Aug 22

هەستێکی بەهێزتان دەبێ بۆ خوێندنەوەی ناخی بەرامبەرەکانتان و دانانی کاریگەری لەسەریان. ئەوانەتان کە خاوەن کەپڵن، دەتوانن کار بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە سۆزدارییەکەتان بکەن. ناچاردەبن کارێک بکەن کە پێشتر بەڵێنی ئەنجامدانیتان داوە.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

کات لەبار نییە بۆ ململانێ یان دەرخستنی تواناکانتان، پێویستە کاتی گونجاو دیاری بکەن بۆ ئەنجامدانی کاری گرنگ. تەندروستیتان بپارێزن و بەئاگابن لە هەنگاوەکانتان. نهێنی خۆت لای چواردەور مەدرکێنە. سەردان و کورتە سەفەرەکان چەند جارێک گۆڕان و دواکەوتنیان تێدەکەوێ، بە ئاسایی وەربگرە.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

هەندێک لە ڕەشبینییەکان کۆتاییان پێدێت. فرسەتێکتان بۆ دەگەڕێتەوە کە دەبوو لە مانگی ڕابردوو ئەنجامتان بدایە. هەست بە ماندووبونێکی زۆر دەکەن، دەتوانن داوای هاوکاری لەو کەسانە بکەن کە بڕواتان خستووەتە سەریان. سەرقاڵی پەیوەندییەکان دەبن، ئەو بەڵێنانەی پێتان دەدرێن فەرامۆشیان مەکەن.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانتان هەڵدەدەنەوەو هێز و توانا و چالاکیتان بۆ دەگەڕێتەوە، دەتوانن بیرۆکەو پڕۆژەکانتان جێبەجێ بکەن. لەو گفتوگۆیانە دوور بکەونەوە کە ڕووبەڕووبونەوەیان لێدەکەوێتەوە. گرنگی بە باری دارایی دەدەن بۆ ئەوەی خەرجییەکی پێویست بکەن.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

هەستدەکەن لە ئاواتەکانتان نزیک دەبنەوە، ئەمەش گەشبینیتان پێدەبەخشێ، لە هەمانکاتدا لە کارە سەرەکییەکانتان دوور دەخاتەوە، هەوڵبدەن کارەکان ناتەواویان پێوە دیار نەبێ. خۆتان لە کەسانی دووڕوو بەدوور بگرن. زیاتر پڕۆژەکان هەڵسەنگێنن پێش ئەوەی بڕیاری جێبەجێکردنیان بدەن.

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

سەرجەم ئەو کارانە لەیاد بکە کە بەبێ سود سەرقاڵت دەکەن، سەرنجی دەوروبەرتان ڕادەکێشن. ڕێگایەکی نوێ بۆ گەیشتن بە ئاواتەکان دەبیننەوە. چەند پێشنیازێکی نوێتان لەبارەی کارکردنەوە بۆ دەکرێت و لە قازانجی ئێوەدا دەبن. وریابن لەو کەسانەی دەیانەوێ لەجیاتی مەقاش بەکارتان بێنن.

### سەتڵ
Jan 20- Feb 18

بارودۆخەکانی ئەم ماوەیە هەموو گۆڕانکارییەکانت بۆ ڕووندەکاتەوە، سەرقاڵی بیرکردنەوە و پلاندانانی بابەتێکی نوێ دەبن. هەفتەیەکی پڕ لە پەیوەندی و قەرەباڵغی بەسەر دەبەن. یەکێک لە هەنگاوەکانی کارکردنت بەرەو ئەنجامی باش دەڕوات. پەیوەندی و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان برەویان تێدەکەوێ.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

ئەوانەتان کە لە هەوڵێکی سەفەردا سەرکەوتوو نەبوون دەتوانن لەم هەفتەیە هەوڵەکەتان دووبارە بکەنەوە. گەڕان و سەردانەکان ئاسوودەییتان پێ دەبەخشێ، گرنگی بە کەسایەتیان بدەن، چونکە کاریگەری دەخەنە سەر دەوروبەرتان. لەلایەن هاوسۆزەکانتانەوە گرنگییەکی زیاترتان پێدەدرێ.

**بەکشتی:**

**دەبێ ڕێگە نەدەین خەڵک خۆیان بکەنە دەمڕاستی ئێمە**

بەکتوپڕی بیر لەو شتانە دەکەینەوە کە نەمانتوانیوە ئەنجامیان بدەین، پەلە دەکەین، بەڵام کەموکورتییەکان بەدیار دەکەون، بێگومان ئەو شتانەی لەساڵانێکدا نەمانتوانی ئەنجامیان بدەین بەچەند ڕۆژێک ئەنجامنادرێن، بەناچاری هەوڵ بۆ کورتکردنەوەی ڕێگەکان دەدەین، دەبینین هەندێک خەڵک یان نزیکەکانمان لە کارەکانیان بازی گەورە دەدەن، بەڵام سەرکەوتن مەحاڵە. زۆر لە خەڵکان بەبێ ئەوەی سەرپشک کرابن یان داوامان لێ کردبن، خۆیان دەکەنە دەمڕاستی ئێمە و بەناوی دڵسۆزییەوە هەوڵدەدەن بچینە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتیانەوە، دەبێ ڕێگەیان پێ نەدەین.





گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# ڕادارەکانی هەولێر و عارەبانەی نۆک

خانمەکەم جوانی بۆ هات کە وتی، کورد تەنیا لە ئۆتۆمبێل لێخوڕیندا پەلەیانە، دەنا لە هەموو شتێکی دیکەدا دواکەوتوون. ئاخر تۆ دیقەتی سەر شەقامەکان بدە، ئۆتۆمبێل هەیە بە ئەستەم فریا دەکەوی مۆدێلەکەی بزانیت ئەوەندە خێرایە، کەچی دوور نییە عەقڵییەتی شۆفێرەکەی، هی دەوری بەرد بێت.

لە وڵاتان بۆ ئەو شۆفێرانەی گوێ بە دیاریکردنی خێرایی نادەن، ڕادار و کامێرایان داناون و هەر کاتێک زیاد پێ لێ بنێیت، شڵپەت لێهەڵدەستێنن. جا چونکە هەندێ ساختەچی، شوێنی ڕادارەکانیان دەستنیشان کردووە و پێشی بیگەنێ خاوی دەکەنەوە، ئێستا سیستەمێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە ناوی ڕاداری زیرەکە، ئەم ڕادارە زیرەکە بە شێوەیەکە کە تۆ لە ڕاداری یەکەم تێپەڕیت، تیژ بیت یان نا، ژمارەکەت ڕەوانەی ڕاداری پاش خۆی دەکات، جا ئەگەر لە نێوان هەردوو ڕادارا زیاد پێ لێ بنێیت، ڕاداری دووەم دەزانێ کە جەنابت زووتر گەیشتوویت و ئەگەر خاویشی بکەیتەوە هەر شڵپەت لێ هەڵدەستێنێ. تۆ لەوە گەڕێ ئەگەر بتەوێ هەموو کوردێکی تیژڕەو کۆنترۆڵ بکەیت، دەبێ هەر یەکەی ڕادارێکی لە قوونی ئۆتۆمبیلەکەی ببەستیت، ئاخر میللەتی ئێمە بە یەک شێوە ڕێز لە یاسا دەگرێت، ئەو کاتەی هەموو هاووڵاتییەک، پۆلیسێکی بە دواوە بێت.

پۆلیسی هاتووچۆی هەولێر ئێستا کار بە ڕادار و کامێرا دەکەن و ڕۆژانە لە هەندێ سووچ و پەنا و پاسێر و بن داردا، پۆلیسێکی هاتووچۆ دەبینی کە بۆ ڕاوە شۆفێری تیژ، خۆی حەشار داوە. ئەم پۆلیسە زۆرتر لە ڕاوچی دەچێ تا ڕادارچی، ئاخر لە پەنایەکدا کەوکوژی خۆی مەلاس دەدا دەڵێی چاوەڕێی کارمامزە، لە پشت سێپایەکەوە خۆی چەماندووەتەوە دەڵێی وێنەگرەکانی دوو سەدە پێش ئێستایە. وەک لە ڕاوچیش دەچێ، ڕاوچییەکی ناشییە و هیچی پێ ڕاو ناکرێ، ئاخر ئەو هەموو ڕۆژێک لە هەمان کات و شوێندا خۆی حەشار دەدا، ئەو پتر لە عارەبانەی نۆکی بەر قوتابخانەکان دەچێت، ئەوانەی هەموو بەیانییەک لە هەمان شوێن، بۆ مەعمیلەکانیان دەوستن.

ئەی باشە لەمەودوا زستانە، لە کاتی با و بۆراندا چی دەکەن؟ یان بە زستانان قەینا تیژ لێخۆڕین؟ دیارە یاسای هاتووچۆ لە هەولێر کۆچەرییە و هاوین و زستان دەکات. خۆشترین نوکتە ئەمەیە: ئێستا زۆربەی شۆفێرەکان شارەزان ڕادارچییەکان لە کوێ دادەنیشن، بۆیە بەر لەوەی بگەنە لایان خاوی دەکەنەوە و هۆڕنێک بۆ پۆلیسەکە لێدەدەن، ئەویش یەک بە دەنگی خۆی هاوار دەکا: سەرچاوم برام.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# گۆڕان دوا کارتی خۆی زوو سووتاند

سەرئەنجام گۆڕان بە فەرمی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کشایەوە، چونکە ماوەیەک بوو بەکردەوە خۆی هەڵپەساردبوو، ڕۆژی هەینی ڕابردوو بە بەیاننامەیەک کردیە ڕاستی.

کشانەوەی گۆڕان بۆ کەس شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، چونکە وەک کوردەواری دەڵێ کە پیاو سیلاحەکەی سوار کرد، دەبێ بیتەقێنێ. گۆڕانیش دەمێکە ئەو کارتەی ڕاکێشابوو، بەڵام ئەم کارتەی زۆر زوو ڕاکێشا و نەدەبووایە وا بەئاسانی خەرجی بکات. بەڵام ڕەنگبێ ئەوانیش بۆ خۆیان حیساب و کتابی خۆیان هەبێ، لە سەرمایەگوزاریی سیاسی ناوخۆیی لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانەوە بگرە تا دەگاتە ئەوەی کە سبەی ڕۆژ ئەگەر دانوستاندنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت چوونە پێش و گۆڕان ویستی بکشێتەوە کەس نەڵێ گۆڕان لەبەر خاتری ئەوە کشایەوە کە پۆستی پێنەدرا یان داوای فڵانە پۆستیان دەکرد و نەیاندرایێ و کشانەوە. سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمان عەدنان عوسمان بۆی ئاشکرا کردم، ئەگەرچی بە کۆدەنگی تەواوەوە ئەو بڕیارەیان داوە، بەڵام حەزیان نەدەکرد بگاتە ئەوەی بکشێنەوە.

نێوەڕۆکی بەیاننامەکەی گۆڕان جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوان بە مەرج چوونەتە ناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و ئێستاش ئەو مەرجانە نەهاتوونەتەدی، بۆیە بە پێویستیان زانیوە بکشێنەوە.

گۆڕان نەیتوانی دوو حیزبەکەی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ کشانەوە قەناعەت پێبێنێ و بەتەنها مایەوە لەم مەسەلەیەدا، ئەگەرنا توانای ئەوەی هەبووایە وەک چۆن لە مەسەلەی یاسای دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ڕیستێکی بە کۆمەڵ و یەکگرتوو کێشا، ئەو ڕیستە دووبارە بکەنەوە ئەوا ئەوکاتە مەودا و کاریگەری ئەم کارە پتر گوشاری بۆ هەردوو حیزبە سەرەکییەکە دەهێنا.

دوو حیزبەکە (کۆمەڵ و یەکگرتوو) ناتوانن وەک گۆڕان بن، چونکە هەردوو حیزبەکە ئێستا کێشەی ناوخۆییان هەیە و سێبەری پارتی و یەکێتیان زۆر پێ ئەمینترە لە سێبەری گۆڕان و لەوەش دەترسێن کە پارتی و یەکێتی هەر کاتێک بیانەوێ دەتوانن قەیرانیان بۆ دروست بکەن، بۆیە ئامادەی ئەو موغامەرەیە نەبوون.

گۆڕان خۆشی باش دەزانێ کشانەوەی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆ ناخاتە سەر پێگەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و ئەو دانوستاندنانەی ئێستا بەڕێوە دەچن، تەنها ئەوەندە نەبێت کە سیمای یەکگرتوویی و یەکدەنگی کورد لە بەغدا دەشکێنێ، ئەمەش زیان بە ئیماژی کورد دەگەیێنێ، بەڵام گۆڕان چی دەست دەکەوێت؟

وەک گوتم گۆڕان هەر دەبووایە بکشێتەوە، بەڵام کارتەکەی خۆی هەڕاج کرد و پێموانییە بتوانێ دەستکەوتێکی ئەوتۆی بۆ گۆڕان بەدواوە بێت و، ئەگەر نەتوانێ لە بەغدا مانۆڕی سیاسی سەرکەوتوو ئەنجامبدات، زۆر زیاتر زیانی پێ دەگەیێنێ. لە خولی ڕابردوودا یەکگرتووی ئیسلامی زۆر سەرکەوتووانە توانی هەم لە دەرەوەی هاوپەیمانی کوردستان بێت و هەمیش لەگەڵیدا بێت، ئایا گۆڕان دەتوانێ ئەزموونێکی لەو شێوەیە پێشکەش بکات؟

ڕاستە گۆڕان ئێستا وەک لیستێکی سەرکەوتووی هەڵبژاردنەکان سەیر دەکرێت و سەربەخۆیی خۆی بەدەستهێناوە و لەمەودوا سەرۆکی لیستە براوەکانی عێراق دەبێ لە دەرگای گردەکەش بدەن و ئەوەش مانای گەڕاندنەوەی سەنگ و قورساییە بۆ سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان، چونکە ئەوان پێیانوایە لە میکانیزمی بڕیاری سیاسی لە کوردستاندا پەراوێزخراون و، حیسابیان بۆ ناکرێت. بەڵام ئەوەش بێ مەترسی نابێت چونکە لەمەودوا ئیتر گۆڕان دەکەوێتە ژێر چاودێریی توندی پارتی و یەکێتی و، هەر جوڵەیەک بکات ئیتر تەخوینی بەدواوە دێت و دوور نییە گۆڕانیش وەک کاردانەوە بەرامبەر ئەوانە هەنگاوی سەیر و سەمەرە بهاوێت کە لە کۆتاییدا بە زیانی خۆی بشکێتەوە.

هەروەها خەڵکی کوردستان بەگشتی پەرتبوونی لەبەرامبەر عەرەبدا پێ باش نییە، بەتایبەتیش کە ئێستا دەنگی کورد بووەتە یەکلاکەرەوە لە پێکهێنانی حکومەتدا، بەتایبەتیش بە هاتنی لیستە براوەکانی عێراق بۆ هەولێر بەپێی دەستپێشخەری بارزانی، دەتوانێ قسەی کورد سوارتر بکات، لە ڕازیبوونی لیستە عێراقییەکان بە داواکانی کورد، بە خاڵی 18 وەش. کشانەوەی گۆڕان لەوکاتەدا زیاتر ئەو هەڵوێستە دەکاتە جێگەی سەرنج، بۆیە دەبووایە دیقەتی زۆرتری تێدا بکرابووایە لەلایەن گۆڕانەوە.

ئیتر 8 پەرلەمانتارەکەی گۆڕان لە گرێی ئەوە ڕزگاریان بوو کە دەنگ بۆ تاڵەبانی بدەن بۆ ئەوەی ببێتەوە سەرۆک کۆمار، بەڵام ئەوەی لێبترازێ کارنامەی ئەوان چی زیاتری تێدا دەبێت لەو کارنامەیەی کە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئامادەیان کردووە؟ ئایا گۆڕان لەو ماوەیەدا توانی مەسەلەی دواخستنی سەرژمێری، تەعریبکردنەوەی سەرلەنوێی کەرکووک، دەرکردنی کورد لە جەلەولا و ...تد بکاتە وەرقەیەکی نەتەوەیی و بەکاری بێنێ!؟ ڕاگەیێندراوەکەی گۆڕان لەوبارەیەوە هیچی تێدا نییە و بە هیچ شێوەیەک پێمان ناڵێ ئەوان چۆن دەتوانن ئەدایەکی باشتر لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە مەسەلەی ململانێکانی ناو عێراق بنوێنن و وەرقەی گۆڕان تەنها وەرەقەیەکی ناوخۆییە و کاردانەوەیە.

گۆڕان و دەسەڵات، بەتایبەتیش پارتی تا دەڕوا لێک دوور دەکەونەوە. زمانی دیالۆگ لە نێوانیاندا نامێنێ، پارتی پێویستی بەوەیە جوڵەیەک بکات و ڕێگە نەدات گۆڕان تووشی گۆشەگیریی سیاسی بکرێت. ڕاستە گۆڕان وەک ئۆپۆزیسیۆنی دایک پێیوایە کە بە ململانێ لەگەڵ دەسەڵات و کاردانەوەی توند دەتوانێ جەماوەرییبوونی بزووتنەوەکە زیاتر بکات، بەڵام پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە لەلایەن هەردوولاوە مەترسیدارە، بۆیە ئەگەر ئاوا بەردەوام بێت لەو حاڵەتەدا پێشبینی دەکەم هەنگاوەکانی دواتری گۆڕان بریتی بن لە بایکۆتکردن و جوڵاندنی لایەنگرانیان بە ئاراستەی شەقامەکان، دەسەڵاتیش کە ئیتر ترسی شکاوە، دەستکراوەترە لە تێپەڕاندنی ئەو یاسایانەی کە بەنیازە لە پەرلەمان تێیانپەڕێنێ.



هێمن عەبدوڵڵا
هۆڵەندا
hemen@live.nl

# ویکیلیکس و ڕۆژنامەنووسانی سەر دەبابە

کاردانەوەی فەرمی بەرپرسە عێراقییەکان بەرامبەر ئاشکراکارییەکانی ماڵپەڕی (ویکیلیکس WikiLeaks) مایەی پێکەنین بوو. یەکێکیان دەیگوت: "ئەمە پیلانێکی داڕێژراوە لەدژی جەنابی سەرۆک وەزیران"، وەک بڵێی هەڵسوڕێنەرانی ویکیلیکس شەووڕۆژیان کردبێتە یەک تا وابکەن "جەنابی سەرۆک وەزیران" لەسەر ئەو کورسییە هەڵکەندرێ کە بە سەد ناری عەلی لێی نابێتەوە.

ئەو بەڵگەنامانەی ویکیلیکس سەبارەت بە هەڵسوکەوتی دەزگا سەربازی و ئەمنییەکانی ژێر فەرمانی "جەنابی سەرۆک وەزیران" بڵاویکردنەوە، هیچی تازەیان تێدا نەبوو. هەم شێوەی مامەڵە لەگەڵ زیندانیان و هەم ئەشکەنجەخانەکان و هەم تەواوی ئەو پێشێلکارییانەی دیکە کە لەو بەڵگەنامانەدا باسیان کرابوو، لە ساڵانی ڕابردوودا و لە شوێنی دیکەدا بڵاوببوونەوە و قسەیان لەسەر کرابوو. بەڵام ئەوکات ئەو زانیارییانە نەدەکرا پشتڕاست بکرێنەوە، بۆیە هاوەڵە سیاسییەکانی "جەنابی سەرۆک وەزیران" بەئاسانی وەک "پڕوپاگەندەی ناحەزان" و "قسەی دروستکراو" بە خەڵکیان دەناساندن. لەبەر ئەوەش بڵاوبوونەوەی ئەو بەڵگەنامانە لە ویکیلیکس دا ئەگەر تەنیا چاکەیەکیان هەبووبێت، ئەوە بووە کە پیشانیاندا ئەو قسانەی جاران دەکران تەنیا پڕوپاگەندە نەبوون و دەکرێ لێکۆڵینەوەی جدییان لەبارەوە بکرێت.

بەرپرسە عێراقییەکان وایان پیشاندەدا کە لەم کاتەدا بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان مەبەستێکی سیاسیی لەپشتەوەیە و ئامانج لێی زیان گەیاندنە بە "جەنابی سەرۆک وەزیران". ئەمەش خۆی نووکتەیەکی گەورەیە و وەک ئەوە وایە کە مەراسیمێکی گەورە ڕێکخرابێت، منداڵۆکەیەکیش کە لەگەڵ کەسوکاریدا لە مەراسیمەکەدایە، خەیاڵی ئەوە بیگرێ کە مەراسیمەکە بەتایبەت بۆ ئەو سازکراوە. چونکە ئەگەر ئەو بەرپرسە عێراقییانە کەمێک زەحمەتی لێکۆڵینەوەیان دابایە بەر خۆیان، دەیاندیت کە بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە لە چوارچێوەی شەڕێکی زۆر گەورەتردایە کە تێیدا حکومەتی عێراقی و سەرۆک وەزیرانەکەی ڕۆڵێکی شایانی باسکردنیان نەدراوەتێ.

ویکیلیکس ماڵپەڕی ئەو چالاکوانە جیهانییانەیە کە دەیانەوێ لەڕێگەی ئاشکراکارییەکانیانەوە "دیوەکەی دیکەی ڕاستییەکان" پیشانی خەڵکی دنیا بدەن. ئەوان، کە گرووپێکی دژی جەنگن، وایدەبینن کە پێویستە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەوە ڕێگە لەو هەوڵانە بگیرێت کە لەلایەن حکومەتەکانەوە بۆ سنووردارکردنی ئازادی زانین دەدرێن. نموونەیەکی زیندووی ئەو هەوڵانەش ئەو گرێبەستانەن کە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا لەکاتی جەنگەکاندا لەگەڵ میدیا گەورەکاندا مۆریان دەکات. کە وادەکات لەبەرامبەر لەگەڵ خۆدابردن و پاراستنی هەواڵنێرانی ئەو میدیایانە لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ئەمریکاوە، وەزارەتی بەرگری مافی کۆنترۆڵکردن و هەندێکجار تەنانەت سنووردارکردنی ڕوومالکارییەکانی ئەو میدیایانەیشی هەبێت. ئەوەی لە کەناڵی CNNەوە هەواڵنێرانی ئەو کەناڵەی لە ئەفغانستان و عێراقدا بینیبێ کە لەسەر پشتی زرێپۆشە ئەمریکاییەکانەوە ڕاپۆرتەکانیان دەنێرن، تێدەگات کە مەبەست لەو جۆرەی کاری ڕۆژنامەنووسی چییە. هەڵسوڕێنەرانی ویکیلیکس وایدەبینن کە زۆر زانیاریی گرنگ دەربارەی ئەو جەنگانە و تاوانکارییەکانی لەلایەن حکومەتەکانەوە بە ئەنقەست دەشاردرێنەوە، بۆیە بە ئەرکی خۆیانی دەزانن کە ئەوەی بۆ نموونە لە CNN نابینرێ، ئەوان بیگەیێنن.

لەو کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەدا کە جولیان ئەسانج Julian Assangeی دامەزرێنەر و وتەبێژی فەرمی ویکیلیکس بۆ ئاشکراکردنی بەڵگەنامەکانی شەڕی عێراق سازیدا، پیرەپیاوێک ئامادە ببوو کە کەمتر چاوی کامێراکان چووە سەری. ئەو پیرە پیاوە کە ناوی Daniel Ellsberg ە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا کارێکی هاوشێوەی ویکیلیکسی کرد و نزیکەی 7 هەزار لاپەڕە بەڵگەنامەی فەرمی دەوڵەتی ئەمریکای لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)دا سەبارەت بە جەنگی ڤێتنام دزە پێکرد و بڵاوکردەوە. ئەو بەڵگەنامانە دەیانسەلماند کە حکومەتی ئەمریکا لەو جەنگەدا هەڵەی گەورەی کردوون. بۆیەش کۆشکی سپی هەموو هەوڵێکیدا تا نێوبراو بە زیندانی هەتاهەتایی حوکمبدرێ. بەڵام دادگا ئەمەی قبوڵ نەکرد و ئازادی کرد. دوای تێپەڕبوونی نزیکەی چل ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا، Ellsberg هاتبووە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکە و بارەکەڵڵای لە ئەسانج دەکرد.

ئێستاش کۆشکی سپی ئەگەر لەدەستی بێت هەوڵدەدات ئەوەی لەگەڵ پیرەپیاوەکەی ساڵانی حەفتادا پێی نەکرا، لەگەڵ دامەزرێنەرە گەنجەکەی ویکلیکس بیکات، بەڵام هێشتا دیار نییە کە ئەوەی پێدەکرێ یان نا. چونکە نابێ لەبیرمان بچێت کە ویکیلیکس لەگەڵ هەریەکە لە ڕۆژنامە جیهانییە خاوەن هەژموونەکانی وەک (گاردیان) و (نیویۆرک تایمز) و (لومۆند)دا هاوکاری دەکات و بەئاسانی بێدەنگ ناکرێت.

دوو پرسیار هەن زۆر حەزدەکەم وەڵامەکانیان بزانم: یەکەم: ئایا ئەو بەرپرسە عێراقییانە بەڕاستییان بوو کە دەیانگوت: "بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان پیلانێکی داڕێژراوە لەدژی جەنابی سەرۆک وەزیران"؟! دووەمیش: ئایا بۆ کوردستان هەبوونی ماڵپەڕێکی هاوشێوەی ویکیلیکس، کە بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بەڵگەنامانەدا بکات کە دەربارەی گەندەڵی دەستی دەکەون، نەبووەتە پێویستی؟

خۆشبەخت ئەو کەسەیە کە وەڵامەکان دەزانێ.



گۆران سەباح*
lohangoran@yahoo.com

# پلان B

## پێشکەشە بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی

بەهەوڵی هەموو لایەک و لەسەرووی هەموویانەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی، وێڕای هەموو کێماسییەک، لە 2003ەوە تائێستا کوردستان تا ڕادەیەکی ئێجگار زۆر چووەتە پێش. کوردستان بووەتە کانگەی بازرگانی و جێگەی سەرنجی وەبەرهێنەران، وڵاتانی زلهێز، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە. کوردستان لە زۆر ڕووەوە لەسەر ئاستی دنیا وەک دەوڵەت هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ. ئیتر نامەوێ زۆر باسی دەسکەوتەکان بکەین. باسی ئەوە دەکەم چۆن ئەو دەسکەوتانە لەدەستنەچن. پلان A دەزانم کە وەرگرتنەوەی کەرکووکە. ئەوجا دواتر مسۆگەرکردنی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و ڕەوشی پێشمەرگە و بودجە و جێبەجێبوونی دەستووری عێراق. با جارێ واز لە پرسە ناوخۆییەکان بێنین.

هەست بە قورسایی و ئاسێیی ئەرکی بارزانی دەکەم لەو بارە سیاسییە ئاڵۆزکاوییەی کوردستان و ناوچەکە تێیکەوتووە. بەڕای من لەسەر هەمووومان پێویستە یارمەتی بارزانی بدەین. من وەک هاووڵاتییەک ویژدانی خۆم ئاسوودە دەکەم و پلانی B پێشکەش بە بارزانی دەکەم. چاوەڕوانیم لە ڕۆشنبیرانی دیکەش ئەوەیە کە هەر یەکە پلانێک بخاتەڕوو تاوەکو سەرۆک بەهاوکاری بەرپرسانی دیکە فرە پلانی هەبێ بۆ بڕیاردان.

کوردستان زۆر مەترسی لەسەرە. تەنیا دووانیان دەتوانن کوردستان تێکبدەن: یەکەم پەکەکە و دووەم کەرکووک. پلان A بۆ هەردووکیان ڕوونە.

کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان تاڕادەیەکی بەرچاو بەستراوەتەوە بە یەکتر. نابێ جیاوازی هەبێت لەنێوان کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان و چارەنووسی هەموو کورد گرێدراوە بە یەکەوە. گومانم لەوەدانییە کاتێک شەڕوانێکی پەکەکە بە گوللەی تورک یان فارس دەکوژرێت هەموومان ئازاری پێدەچێژین. ڕاستە سەرکردایەتی کورد دەبێ بە یەک چاو سەیری هەر تاکێکی کورد بکات لە هەولێر بێت، یان لە ئامەد، لە عەفرین بێت یان لە مەهاباد. بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەبێت بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت لەڕووی هەرێمییەوە. نابێ ئەوەی ئێستا لە باشووری کوردستان بەدیهاتووە، کە تاڕادەیەکی زۆر بەنێودەوڵەتی بووە، بکرێتە قوربانی شەڕێک یان ململانێیەک لەپێناو بەدیهاتنی دەسکەوتێکی دیکە لە بەشێکی دیکەی کوردستان، لەوانەشە مەحاڵ بێت ئەوەی لە باشوور بەدەستهاتووە لە باکوور بەهەمان شێوە بەدەست بێت لەو بارودۆخەی ئێستادا.

سەبارەت بە کەرکووکیش ئێمە چاومان لەوەیە دەسەڵاتدارانی بەغدا، کە هیچیان لێ شین نابێت، چونکە کەسیان خاوەن کارنامەی خۆی نییە، مادەی 140 جێبەجێ بکەن و کەرکووک وەرگرینەوە. کورد دوو ڕێگەی لە پێشە بۆ وەرگرتنەوەی کەرکووک. یەکەمیان بەو مادەیە و دووەمیان بەشەڕ. یەکەمیان هیچ چونکە تازە ئەو مادەیە جێبەجێ ناکرێت، دووەمیشیان ماڵی کورد وێران دەکات. بۆیە وەرگرتنەوەی کەرکووک بەشەڕ نەبوونی باشترە لە بوونی. کوردستان تێکدەچێت ئەگەر شەڕ بکەین بۆ وەرگرتنەوەی کەرکووک چونکە نایبەینەوە. ئەو شەڕە بە ئێمە ناکرێت چونکە تورکیا، ئێران و عێراق دەبن بەیەک بەرە. ئەمەریکاش بەهیچ شێوەیەک تەدەخولی ئەو شەڕە ناکات و کورد ناپارێزێت.

کەواتە دەبێ پەنا بەرین بۆ پلان B کە ئەویش ئەوەیە: ژیرانەترین بڕیار بەڕای من ئەوەیە کورد دەست لە کەرکووک هەڵگرێت. باش دەزانم ئەوە زۆر لەسەر من دەکەوێت، بەڵام مانەوەی کوردستان باشترە لە کەرکووک. خۆ ناشکرێ هەمان سیناریۆی حەفتاکان دووبارە بکەینەوە لەسەر کەرکووک. دەکرێ بەشێکمان هەبێت لە کەرکووک. سەرکردایەتی کورد دەتوانێ دەست هەڵگرێت لە کەرکووک، دوای دانانی چەند مەرجێک. تورکیا و ئێران و عێراق ڕقیان لە کوردستانە لەبەر کەرکووک، دەزانم ئەو قسە منداڵانەیە بەڵام ڕاستە. کورد باسی کەرکووک نەکات دەبێتە دەوڵەت. دانانی مەرجیش لێزانین و پێچ و پەنای سیاسی گەرەکە کە دەکرێ سەرکردایەتی کورد بۆ ئەمە پشت بەشارەزایانی خۆماڵی و بێگانەی دڵسۆز ببەستێ.

دەزانم بۆ بارزانی زۆر گران دەکەوێت لێدوانێکی لەو جۆرە بدات بۆ دەستهەڵگرتن لە کەرکووک. ڕەنگە بوارەکە هەر لەبەر ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆ بەر کەس نەکەوێت لە ڕەخنەگرتن. دەزانم گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ لە خوایەکیان دەوێت بۆ شتێکی ئاوا. بەڵام بڕیارێک بۆ مانەوەی کوردستان زۆر گەورەترە لە پلاری ئۆپۆزیسیۆن کە شەڕیان تەنیا بۆ دەسەڵات و پارەیە نەک نیشتمان. بڕیاری ژیرانەی سیاسی لەو ئانوساتەدا ئەوەیە دەست لە کەرکووک هەڵگرین، با خەمی وڵات مانەوە بێ نەک پارچە خاکێک کە ڕەنگە هەموو شتی لەسەر دابنێین. با سەدا 30ی کەرکوومان هەبێت، باشترە لە نەبوونی. خۆچیرکردنەوە بۆ کەرکووک گوڵی سەرەکی کورد دەچوێنێت کە ڕاگەیاندنی سەربەخۆییە لە ماوەی 15 ساڵی داهاتوودا. دەوڵەت بەبڕیاری لەو جۆرە دروست دەبێت، نەک بەپێداگرتن لەسەر شتێک کە ئاسێیە و دەیان شێر و گورگ دەوریان داوە. بەئێمەی ئاسک وەرناگیرێتەوە.

بەدەستهەڵگرتن لە کەرکووک، کوردستان دەرگەی دیکەی بۆ دەکرێتەوە. تورکیا و ئێران دەبن بە دۆستی ڕاستەقینەی. دۆستایەتی ئەوان زۆر باشترە لە دۆستایەتی ئەمریکا. چونکە ئەمریکا لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا پشت لە کورد دەکات. لە زانکۆی کانزەس، سەمینارێکم پێشکەشکرد لە سەر کوردستان و عێراق بۆ 50 ئەفسەری بەشی سەربازی زانکۆکە .دوای تەواوبوونی سەمینارەکە، یەکێک لە عەقیدەکان توند دەستی گوشیم و پیرۆزبایی سەرکەوتنی سەمینارەکەی لێکردم و لە گوێی ڕاستم نزیک بووە و ئەمەی بەگوێمدا چرپاند "ئەمەریکا پاش چوار ساڵی دیکە پشت لە کورد دەکات، هەرگیز باوەڕ بە ئێمە مەکەن". بۆیە بەشی دووەمی پلان B بریتییە لە بەهێزکردنی دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ نەک ئەمریکا. ئەمریکا خۆی ئێستا لە قۆرتێکی گەورەی سیاسی و ئابووریدایە. باش دەزانین ئەمریکا بەدوای بەرژەوەندییەکانەوەیە نەک سۆز بۆ کورد.

پەکەکە سەر لە کورد و وڵاتانیش دەشێوێنێ، ڕێکخراوێکی سەرەخۆرە. تورکیا لە ختوخۆڕایی داوا لە کوردستانی عێراق ناکات یارمەتی بدات بۆ چەکداماڵین یان سەرکوتکردنی پەکەکە. تورکیا لە سیاسەتی تازەیدا دەیەوێ دۆست و نزیکی کوردستانی عێراق بێت، ئەگەر لەبەر هیچ نەبێ لەبەر ئەو 11 ملیار دۆلارە کە لە کوردستان خستوویەتییە گەڕ. تورکیا دەیەوێ لای کوردی عێراق بگرێت، بەڵام لەبەرامبەر ئەوە شتی لە کورد دەوێ. دەکرێ سەرکردایەتی کورد پلان B بگرێتە بەر کە هاوکاریکردنی تورکیایە دژی پەکەکە. پەکەکە، وەک سەرانی ئێستای بەغدا، بەو سیاسەتەی ئێستای هیچی لێ شین نابێت.

پلانی Bی من سەختە و ڕەقە، بەڵام واقیعە. دەوڵەت بەسیاسەتی ئاوا دروست دەکرێ نەک بەسۆز و ترسان لەشەرمەزار بوون لە بەردەم وەرنەگرتنەوەی پارچە خاکێک کە دەیان ساڵە خوێنی بۆ دەڕێژین و هیچمان بەهیچ نەکرد. باچیتر بەدوای کڵاوی بابردوو نەکەوین کە بریتییە لە "یان کەرکووک یان نەمان". سەردەمی ئەو دروشمانە بەسەرچوو. دنیای ئێستا دنیای ئابووری و شەڕە لەپێناو مانەوە نەک خاک. ئەگەر ئەمە بۆ کەس ڕاست نەبێ، بۆ ئێمەی کورد ڕاستە. ئەوەی پلان Bی منی پێ هەڵەیە، لەجیاتی زوویربوون لێم، با پلانێک پێشکەش بەسەرۆک بکات باشترە.

***گۆران سەباح: نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕی 20 کتێبە لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی. ئێستا ماستەر دەخوێنێت لە بواری ڕۆژنامەوانی لە زانکۆی کانزەس لە ئەمریکا.**




حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com



# تەعریبی کەرکووک.. ئەوجا سەرژمێری

چەندین ساڵە خەڵکی کەرکووک هاوار دەکەن کە تەعریب لە سای سەری حیزبەکانی خۆمان بەردەوامە و کەس نایبیستێ! دەیان جار گوترا بە وەرەقەی حیزبەکانی خۆمان عارەب گەڕاونەتەوە بۆ کەرکووک و کەس ورتەی لێوە نەهات. گوتمان بیست ملیۆنی قەرەبووکردنەوەی عارەب هاوکاریکردنیانە بۆ مانەوە و ڕەگداکوتان، کەس نەیبیست. گوتمان ئاسانکاری بۆ قەرەبووکردنەوەی عارەب و زەحمەتکاری بۆ قەرەبووکردنەوەی کورد دەکەن و کەس گوێی پێنەدا. ئێستا وەخۆ کەوتوون: خەتای پارێزگارە، نا، خەتای ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە.. نەخێر، ئەو تەعریبە ئاساییە و لێقەوماوانی عارەبی برای دینی روو لە کەرکووک دەکەن، وەک چۆن روو لە هەولێر و سلێمانی دەکەن! دەک سندانم لێدان لەگەڵ دڵسۆزیتان بۆ کەرکووک! هەر دەزانن بکوژن و لێی بخۆن و نەوتەکەی ببەن و دەستدرێژی بکەنە سەر شەرەفی کەرکووک و کەرکووکییەکان!

کە ئێستا لە کەرکووک هیوابڕاوم، حەز لە مردن دەکەم!

ئێستا هەستدەکەم کەرکووک، بە پیلانی شەیتان لە کورد سەندراوەو بە باوکی کەرکووکییەکانیش ناگەڕێتەوە ئامێزی دایکی. ئێستا هەستدەکەم ئەو شێوە حیزبایەتییەی کەرکووکییەکان دەیکەن، خۆی لە خۆیدا بۆ دۆڕاندنی کەرکووکە و وەک جاشایەتی و جاسووسێتی خیانەتکارییە و هەتا ئێستاش جگە لە خیانەتکاری هیچیتر نەبووە.. دەیان جارمان گوت بەرپرسەکانمان کەرکووکیان فرۆشتووە، کەچی بەهۆی حیزبایەتییەوە، نە کەس گوتی ڕاستە نە کەس گوتی ڕاست نییە. گرنگ کڕبوون و قسەنەکردن بوو.

بەشەر لە خەسڵەتی ئیبلیسانەی خۆی ناکەوێ: کاری چاک بکرێ، ئەم دەڵێ من کردوومە و ئەو دەڵێ نەخێر من کردوومە! ئەو دەڵێ قوتابخانەم کردووەتەوە و ئەو دەڵێ شەقامم پینە کردووە. بەڵام ئێستا کە باس هاتووەتە سەر تەعریب، ئەو دەڵێ من نیم و ئەویترە، ئەمیش دەڵێ من نیم و کەسێکیترە! لەکاتی خۆیدا و لە نووسینێکدا گوتم: خۆزگە کەرکووکیش وەک خانەقی مەلا بەختیارێکی دەبوو تا عارەبی تەعریبی تێدا نەهێڵێ! بە لاقرتێوە باسی ئەو خۆزگەیەم کرا. ئێستا کە دەبینم سەد لە سەدی بۆچوونەکانم بەڕاست گەڕان، خەریکە لە سەردەمی دۆڕاندنی کەرکووکدا تووشی لەخۆبایی‌بوون دەبم! بەڵام شیکردنەوەی ڕووداوەکانی کەرکووک زەحمەت نییە. چۆن ئاساییە چەقەڵ مامر بخوات، ئاوهاش ئاساییە عارەب کەرکووک تەعریب بکات یان بەرەی تورکمانی هیچی بۆ تورکمان نەوێ بە مەرجێک کورد هیچی نەبێ! ئەوەش ئاساییە بەهۆی برایەتی دینییەوە کاکم بڵێ: مەسەلەی هاتنی عارەب بێ، سلێمانیش شاری بێ حاکمە. ئاخر ئەو عارەبانەی دێنە کەرکووکەوە لێقەوماو و داماون!. بەڵام خەڵکی کەرکووک هەتا ئێستاش لەو باوەڕەدان کە حیزبە دەسەڵاتدارەکانمان بە جیدی کار بۆ ئەوە دەکەن کەرکووک بگەڕێتەوە سەر کوردستان. ئەمەیان ئاسایی نییە. ئاخر چۆن دەتوانن ئەو هیوایەمان هەبێ کە بگوترێ کەرکووک شارێکی عراقییە بە ناسنامەی کوردستانییەوە؟ کەستان دیوە ژنی کوێخا بێ بە گرێبەندی شەرعی ئاغایەکی دیکەوە؟! ئەو پێچەبەدەورە شەرعی و سیاسییە، خۆی لە خۆیدا ڕێخۆشکردنە بۆ دەستبەردان لە کەرکووک و تەعریبکردنی کەرکووک. دوای لە دەستدانی هەموو شتێک، فەلسەفەی کورد وەک هەوری بەهار دەبارێ: هاتنی عارەب مەرامی سیاسی لە پشتەوەیە!!

داوای لێبووردن لە دڵسۆزان دەکەم، بەڵام گومانم هەیە سەرانی کورد بە شیری خیانەت گۆش نەکرابن. ئەگەر وا نییە، بۆ ئەوەندە مەراقیان لە خیانەتکاران داوە بە دەوریانەوە بن؟! چۆن ڕازیدەبن بە بەر چاویانەوە کەرکووک تەعریب بکرێ و کە کاریش لە کار ترازا، ئەم دەڵێ خەتای ئەوە و ئەو دەڵێ خەتای ئەمە.. گەورەپیاوان بە شەڕ مەیێن! ئەگەر دادگایەکی عادیلانە هەبێ، ئێوە لە هەموو کەس بێتاوانترن! کوردی کەرکووک، بە من و باوکی من و پارێزگار و رزگار عەلی و کەمال کەرکووکی و کاکەڕەش سدیق و چاک و خراپمانەوە، خۆمان شایستەی ئەوەین کە بە سەرمان دێ. لێگەڕێن با تەعریب بکرێین و بکڕدرێین و بفرۆشرێین. خۆ هەر دەبێ وەک دەرۆزەکەر لە بەر دەرگای گەورەیەکدا کروشکە بکەین جا ئەو گەورەیە عارەب بێ یا پیاوی عارەب، تورک بێ یا پیاوی تورک! ئێمە هەر بۆ گیانی یەکتر خێراین و بەرانبەر تەعریبچییەکانیش پشیلەی دەستەمۆین!

وەزیری پلاندانانی عێراق بۆ پەردەپۆشکردنی تەعریبی کەرکووک گەمەمان لەگەڵ دەکات: با خانەی نەتەوە لە فۆرمی سەرژمێریدا دیاری نەکرێت!

وەزیری پلاندانانی کوردستانیش لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: لێدوانەکانی وەزیری پلاندانانی عێراق بۆ لابردنی "پرسیاری نەتەوە" لەنێو فۆرمی سەرژمێریدا، مەرامی سیاسی لە پشتیەوەیە.

نازانم جگە لە مەرامی سیاسی، هۆشی هیچ مرۆڤێک لە بارەی لابردنی پرسیاری نەتەوەوە، بۆ هیچ شتێکی دیکە دەچێ! ئیتر ئەم "مەرامی سیاسی"یە، کە بەرانبەر هەموو هەڵوێستێکی بەغدا و پلانی تەعریب دەگوترێ، چ داهێنانێکی تێدایە؟! بەڵام من پێموایە هەوڵی لابردنی خانەی نەتەوە لە سەرژمێریدا تەڵەیەکە و بۆ کورد دەنرێتەوە: ئەوان دەڵێن خانەی نەتەوە لادەبرێ، تا کورد بڵێ نابێ لابرێ. ئەوجا دوای تەعریبێکی چڕوپڕی کەرکووک، خانەی نەتەوە لەبەر خاتری کورد و لە سەر خواستی کورد دادەنێن و بە ویست و سووربوونی خۆمان کەرکووکی سەر مێزی قومار دەدۆڕێنین و لەو شێرپەنجەیە ڕزگارمان دەبێ کە پێیدەڵێین کێشەی کەرکووک!

داوا لە کوردی کەرکووک دەکەم وریابن...بە هەر نرخێک بێ ڕێ نەدەن سەرژمێری لەم کاتەدا، لە کەرکووک ئەنجام بدرێ...ئەم سەرژمێرییە پیلانی یەکلاییکردنەوەی کەرکووکە بەرەو دۆڕاندنی هەمیشەیی! کە کەرکووک چوو، ئیتر نە ئەنجوومەنی پارێزگا بۆ کورد واتای دەبێ نە کورسییەکەی پارێزگا لە بن کورددا دەمێنێ!



wanwilgenburg@gmail.com
ولادیمیر ڤان ویلخنبێرخ

# بۆ تورکیا یەکێتی خاکی عێراق گرنگترە لە نەوتی کوردستان

یۆست هیلتەرمان ، پسپۆڕی کاروباری عێراق پێیوایە ئێستاش تورکیا یەکێتی خاکی عێراقی پێ گرنگترە لە نەوت و غازی کوردستان. واتە هەرچەندە پارتی ئیسلامی دەسەڵاتدار لە تورکیا کەمتر ترسی هەیە لە کوردەکانی عێراق، بەڵام ترس لە ناسیۆنالیزمی کوردی کەمتر نەبووەتەوە.

بەقسەی هیلتەرمان، لە عێراقدا سێ خاڵ بۆ تورکیا زۆر گرنگن: یەکەم: یەکێتیی خاک. دووەم: کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران . سێیەمیش: کڕینی ڕێژەیەکی یەکجار زۆری نەوت و غاز.

هەفتەی رابردوو نێچیرڤان بارزانی سەردانی تورکیای کرد. پێشتریش وەزیر و کاربەدەستانی تورک هاتبوونە کوردستان. ئەوە بەڵگەی باشبوونی پێوەندییەکانی هەردوولایە. بەڵام ئەوەش روونە کە تورکیا هێشتاش ترسی هەیە لە زۆر بەهێزبوونی کوردەکانی عێراق. بۆیەش هەرچەندە تورکیا دەیەوێ پێوەندی باشی لەگەڵ کورد هەبێت، بەڵام پێشی گرنگە کە بەهێزی کورد هەمیشە سنووردار بمێنێتەوە و قەتیش ناوچە جێناکۆکییەکانیان نەکەوێتە دەست.

ئەم کارەش بە جۆرەها شێوە دەکەن. بۆ نموونە لە موسڵ پشتیوانی لە گرووپی عەرەبی نەتەوەپەرستی حەدبا دەکەن لەدژی کوردەکانی پارێزگای نەینەوا. هەروەها لەکاتی هەڵبژاردنەکانیشدا پشتیوانیان لە لیستی عێراقییەی ئەیاد عەللاوی و ئەو لایەن و پارتانە دەکرد کە لە کەرکووک دژی جێبەجێکردنی ماددەی 140 و فراوانترکردنی سنووری قەڵەمڕەوی کوردەکانن. لە ئەورووپا و ئەمریکاش پشتیوانی ماددی پێشکەشی ئەو پارتە تورکمانیانە دەکەن کە دژی هەرێمی کوردستانن.

لەگەڵ ئەوانەشدا تورکیا کۆنسوڵخانەی لە کوردستان کردەوە و ئاستی پێوەندییە بازرگانییەکانیشی بردە سەرەوە. ئەمەش یەکێک لە ئامانجەکانی سەقامگیر ڕاگرتنی باشووری ڕۆژئاوای تورکیا و باشترکردنی ڕەوشی ئابوورییە لەو ناوچانەدا. چونکە ئەگەر لەوێ ئاستی ئابووری خراپ بێت، ئاستی پشتیوانیکردن لە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێ و ئەمەش نائارامی لەگەڵ خۆیدا دێنێ. هەروەها ڕەوشی ئابووری ئەو ناوچە کوردییەی تورکیا تەواو وابەستەیە بە ڕەوشی ئابووریی هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراقەوە.

هەروەها نوێکردنەوەی پەیماننامەی هاوکاریی نێوان تورکیا و عێراق لەسەر هێڵی نەوتی کەرکووک-جەیهان لە مانگی سێپتەمبەردا ئەو ڕاستییەی ڕوونتر کردەوە کە تورکیا یەکێتی خاکی عێراقی پێ گرنگترە لە نەوت و غازی کوردستان. چونکە لەوێ تورکیا بەغدای هەڵبژارد و ئەوەیشی ئاشکراکرد کە تەنیا دان بە سەروەریی سیاسەتی نەوتی حکومەتی فیدرالی دادەنێت، نە بە سیاسەتی نەوتی کوردستاندا. هەروەها لەو پەیماننامەیەدا باسی ئەوە کراوە کە عێراق و تورکیا لە بواری بەرهەمهێنانی غازیشدا هاوکاریی یەکدی دەکەن. ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەغدا هیچ شوێنێکی نییە کە غازی لێ دەربێنێ، بەڵام کوردستان هەیەتی! بەغدا تائێستا لە دابینکردنی کارەبادا بۆ هاووڵاتیانی سەرکەوتوو نەبووە، لەکاتێکدا کوردستان بەهۆی غازەکەیەوە ڕێژەیەکی باش کارەبای دابین کردووە.

ئیمزاکردنی پەیماننامەکە دەریدەخات کە تورکیا دەیەوێ گوشار بخاتە سەر کوردستان تاوەکو لەگەڵ بەغدا پێکبێت. چونکە ئەو کێشانەی لەنێوان هەولێر و بەغدا دا هەن، وایکردووە تائێستا یاسای نەوت و غاز دەرنەچێ و ئەوەش شتێکە تورکیا نیگەران دەکات. کوردەکانی عێراق بەبێ هاوکاری تورکیا ناتوانن نەوت و غازی خۆیان هەناردە بکەن. ئەمەش لەکاتێکدایە کە کوردەکان یەکجار زۆر حەزدەکەن ئەم کارە بکەن، تاوەکو پارەی زیاتریان دەستکەوێ و ئابوورییەکەیان بەهێزتر بکەن. بۆ ئێرانیش، کورد تەنیا دەتوانن بەقاچاخ نەوت بنێرن، کە ئەمەش هەم داهاتی کەمە و هەم دەبێتە مایەی سەرئێشەش لەگەڵ ئەمریکادا. بۆیەش تورکیا لەو ڕەوشەدا دەیەوێ گوشار بخاتە سەر کورد تاوەکو سەرەوەری سیاسەتی نەوتی حکومەتی بەغدا بەسەر خۆیاندا قبوڵ بکەن.

کێشەی گەورە بۆ تورکیا ئەوەیە کە هێشتا حکومەتی نوێی عێراقی پێکنەهاتووە و ئەو وڵاتە دەیەوێت حکومەتێک پێکبێت کە سوونەکان تێیدا دەسەڵاتیان هەبێت، نەک شیعە کە مەیلیان بەلای ئێراندایە. ئەگەر حکومەتەکە پێکهات، تورکیا دەیەوێ ڕۆڵی نێوانکاری ببینێ لەنێوان کوردەکان و بەغدادا بۆ ئەوەی کێشە نەوتییەکانیان چارەسەر بکەن. لەبەرامبەر ئەمەشدا تورکیا چاوی بڕیوەتە نەوت و غازی کوردستان. بەڵام تورکیا ئەوکاتە نەوت و غازی کوردستانی دەوێت کە بەغدا بیداتێ نەک هەولێر. ئەمەش بەو مەبەستەیە کە کورد هەمیشە وابەستە بە بەغداوە بمێننەوە و بیر لە سەربەخۆیی زیاتر نەکەنەوە. چونکە هێشتاش تورکیا لە فراوانبوونی قەڵەمڕەو و دەسەڵاتی کورد لە عێراقدا دەترسێ.

دەیڤد ڕۆمانۆ *



# ماددەی 140: کاتی باسکردنی وردەکارییەکانی هاتووە

جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق، هێشتا گرنگترین و هەستیارترین داواکاری کوردە بۆ چوونە پاڵ هەر لایەنێکی عێراقی بۆ پێکهێنانی هەر حکوومەتی هاوبەشی نوێ. ماددەی 140 ڕێگە بە"ئاساییکردنەوەی" بارودۆخی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان دەدات (بەتایبەتی بەو مانایەی کە خەڵکە ئاوارەکانی ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان کە وەختی خۆی ڕژێمی پێشوو دەریکردبوون)، ئەنجامدانی سەرژمێریەک بۆ ئەو ناوچەیە و بەڕێوەچوونی ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی ڕای دانیشتووانی ئەو ناوچانە کە ئایا دەیانەوێ بچنە سەر هەرێمی خودموختاری کوردستان یان نا.

دەنگۆی ئەوە هەیە کە نوری مالیکی و سەرکردە شیعەکانی دیکە، بەڵێنیان بە کورد داوە کە نەک تەنیا ڕەزامەندیان لەبەڕێوەچوونی سەرژمێری هەبێ، بەڵکو ڕازیبن ریفراندۆمیش ئەنجامبدرێ لە کاتێکی دیاریکراودا، ئەمەش لەبەرامبەر چوونە پاڵیان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ. ئەمە لەکاتێکدایە کە لایەنە گرنگەکانی نێو لیستی عێراقییەی ئەیاد عەللاوی بەتووندی دژی جێبەجێکردنی ماددەی 140ن.

ئەوەی کەس باسی ناکات وردەکاری ئەنجامەکانی ریفراندۆمەکەیە، ڕەنگە ئەمەش لەڕاستیدا لەبەرئەوە بێ کە حیزبە عەرەبەکانی بەغدا، هەر بەڵێنێک بە هەر شێوەیەک بدەن، هیچ مەبەستیان نەبێ ئەو ریفراندۆمە بکرێ. بەڵام حیزبە کوردییەکانیش لەو مەسەلەیان نەکۆڵیتەوەو تاوتوێیان نەکردووە، بۆ نموونە ئەگەر ئەنجامەکەی 50.1%ی (بەڵێ) بوو، ئایا ئەوە بەو مانایە دێ کە دەخرێتە سەر هەرێمی کوردستان؟ ئەگەر وایە، ئایا سەرجەم پارێزگاکە دەبێتە کوردستان؟

پرسیاری لەم شێوەیە، کێشەی جیدی دێنێتە ئاراوە. مشتومڕکردن لەسەری ڕەنگە هەر زوو ببێتە هۆی هاوارکردن و مەترسی دروستبوونەوەی شەڕ بێنێتە ئاراوە.

ریفراندۆم بۆ ئەوە دەکرێ کە دانیشتوانی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بەتایبەتی کوردەکان، بەشێوەیەکی دیموکراتیانە بەشێکی گرنگی داهاتووی سیاسیان دیاری بکەن. لەبەرژەوەندی هیچ کەس نییە (جگە لە جیهادییەکان کە نا سەقامگیرییان دەوێت بۆ عێراق)، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک ناچار بکرێ بەپێچەوانەی ویستی خۆیان، ببنە بەشێک لە کوردستان. کورد لەهەموو حالەتێکدا دەبێ باش ئەوە بزانن کە ناچارکردنی خەڵک بۆ نێو سیستەمێکی سیاسی گرووپێکی دیکە، چی دەگەیێنێ. لکاندنی شارۆچکەکانی وەک حەویجە و تەلەعفەر بە کوردستانەوە، بۆنی کێشەی لێدێ. عەرەب و تورکمانی ئەو ناوچەیە دەبنە ئەو شتە بۆ هەولێر کە بۆ چەندین ساڵ کورد ئەو شتە بووە بۆ بەغدا.

بێگومان، پێویستە پێش ریفراندۆم چەند پێکهاتەیەک دیاری بکرێن بۆ بچووککردنەوەی ئەو جۆرە کێشانە. ئێستاش هەلێکی گونجاوە بۆ کورد، گفتوگۆکردن لەسەر ئەگەری ئەنجامەکان پێش بەڕێوەچوونی ریفراندۆمەکە، ڕەنگە دڵنیایی بداتە ئەو گرووپە گرنگانەی کە نایانەوێ ببنە بەشێک لە کوردستان. بۆ نموونە ڕازیبوون لەسەر ئەوەی ئەگەر شارۆچکەیەکی سەر بەو پارێزگایە دەنگی بە (نەخێر) دا، نەخرێتە سەر کوردستان، لەکاتێکدا ئەگەر ئەنجامی گشتی پارێزگاکە (بەڵێ)ش بوو. بەم شێوەیەش شارۆچکەکانی وەک حەویجە و تەلەعفەر لەو مەسەلەیە دوور دەخاتەوە.

لەساڵی 2008 یونامی پێشنیازێکی لەوجۆرەی کرد، بەڵام ئەو بە ڕێگەی (سەوداگەرییەکی گەورە) ناوی نابوو، نەک بە ڕێگەی ریفراندۆم. ئەوکات سەرکردە سیاسییەکان بەپێی سەرژمێری و دیموگرافیای تایفەگەری نەخشەی پارێزگاکان دەکێشن و بەمەش لکاندنی بە زۆر بە کوردستانەوە یاخود بە بەغداوە کەم دەکاتەوە. ئەنجامدانی ڕێککەوتنێک پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم دەربارەی وردەکارییەکان و لەگەڵ قایلبوون بە چەند دەرئەنجامێکی ریفراندۆمەکە، ڕەنگە هەمان دەستکەوتی هەبێت بەوەی ماددەی 140ی دەستوور پەیڕەو بکەی.

لایەنە ئاڵۆزەکانی ڕێککەوتننامەیەکی لەوشێوەیە، سێ مەسەلەی ئاڵۆز لە خۆ دەگرێت. یەکەم: دەستکارینەکردنی ناوچەکان (ئەمەش بەو مانایەی "دوورگەی تەلەعفەر" دروست نەکرێت، کە چواردەورەکەی هەمووی هەرێمی کوردستان بێت، یاخود "دوورگەی کورد" لە باشووری دیالە). دووەم: دامەزراندنی پارێزگای بچووک کە لە (شارۆچکە، ناحیە و گەڕەک....هتد) پێکهاتبێ، بەمەش دەنگی زۆرینە، چارەنووسی ناوچەکە دیاری دەکات. سێیەم: ڕێگەگرتن لەپارچەبوونی شارەکان، بەتایبەتی کەرکووک. ئەمانە ڕەنگە ئاستەنگێکی زەحمەت نەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەگرتن لە پارچەنەبوونی شارەکان ڕەنگە کێشەیەکی گەورەی لێ دروست ببێ (تەنیا پرسیار لە دانیشتوانی شارەکانی ئۆرشەلیم و سەرایڤۆ بکە). لەبارەی ئەم خاڵەوە، دەتوانرێ ڕێژەیەکی زۆری (بەڵێ) بە چوونە سەر کوردستان دابنرێ و هەروەها دەتوانرێ "ناسنامەیەکی تایبەتی"ش بدرێتە ئەو ناوچەیە ئەگەر ئەنجامی ریفراندۆمەکە لە نێوان 30% بۆ 70% بوو (بەو مانایەی ئەگەر کەمتر لە 30%ی شاری کەرکووک دەنگیان بۆ چوونە سەر کوردستان دا، ئەوا ناسنامەکەی هەروەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەریش زیاتر لە 70% دەنگیان بە "بەڵێ" دا ئەوە دەبێ بخرێتە سەر کوردستان و هەر شتێکیش لەنێو ئەو دوو ڕێژەیەدا هات، ئەوا "ناسنامەیەکی تایبەتی" وەردەگرێت).

پێویستە سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان لەسەر پێشنیازی خۆیان یاخود بەهاوبەشی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بەغدایان، بانگهێشتی هەموو سەرکردە و لایەنە سیاسییەکانی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی بکەن تاوەکو دەربارەی ئەم مەسەلانە قسە بکەن. بەهەر شێوەیەک بێت ڕەنگە چەند بۆشاییەک بۆ ڕێککەوتن و سازشکردن بدۆزنەوە کە لەرابردوودا هیچ بۆشاییەک لەئارادا نەبووە. هیچ لە ئەلتەرناتیڤەکان لە ڕێگەیەکی باش ناچن، جا ئەوە بریتی بێت لەجێبەجێ نەکردنی ماددەی 140 کە کورد زۆر جەختی لێدەکاتەوە، یاخود ئەنجامدانی ریفراندۆم کە بەپێچەوانەی ویستی سەرکردەکانی عێراقییە و کۆمەڵێک خەڵکە لە کەرکووک، دیالە، سەلاحەددین و نەینەوا.

***دەیڤد ڕۆمانۆ، پرۆفیسۆری سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە لە زانکۆ ولایەتی مزووری لە ئەمریکا و نووسەری کتێبی (بزووتنەوەی نەتەوەی کورد) لە ساڵی 2006. ئەم وتارەی بە تایبەت بۆ (ڕووداو) نووسیوە**

کاوە محەممەد
kawamuhamad@yahoo.com



# سوننەچێتیی عەلی ! عەرەبچێتیی (بابان) !

ئەگەرچی وەزیری پلاندانانی عێراق، ناوی عەلی- یە، بەڵام سوننە مەزهەبە و کاتی خۆی وەک ئەندامێکی باڵای حیزبی ئیسلامی عێراق و لەسەر لیستی تەوافوق کرایە وەزیر لە حکومەتی مالیکی. دواتر وەک چۆن بە ناوەکەی نەیتوانی شیعەکان لەخۆی رازی بکات، بەهەمانشێوە بەهۆی هەڵوێستە جیوەییەکانیشییەوە پشتیوانی سوننەکانی لەدەستدا و سەرەنجام لە هەردوو مەزهەبان بوو. چونکە کە ساڵی 2007 کوتلەی تەوافوقی سوننی لە حکومەت کشایەوە ، عەلی بابان ئامادە نەبوو هاوهەڵوێستی لیستەکەی بێت و لە وەزارەتەکەی مایەوە، لەکاتێکدا پێشتر یەکێکبوو لەوانەی زۆر بەتووندی لەگەڵ ئەوەدابوو لیستەکەی لە حکومەت بکشێتەوە، بەڵام کە مەسەلەکە بووە ڕاستی، پشتی لەهاولیستەکانی خۆی کرد. ئەم هەڵوێستە خۆپەرستییەی، وایکرد لەکاتی گفتوگۆکانی گەڕاندنەوەی تەوافوق بۆ ناو حکومەت، یەکێک لە مەرجەکانی لیستەکە، لابردنی عەلی بابان بێت لە وەزارەتەکەی .

هەر ئەو عەلی- یە ناشیعەیە، کە نازناوی (بابان)ی خستووەتە پاش ناوەکەی خۆی، حەوت مانگ لەمەوبەر تەواو پێچەوانەی ئەو وێنایەی ئێستا لەلای کورد هەیەتی، لەبارەی کەرکووکەوە گوتی: "هەرێمی کوردستان بە کەرکوکەوە نزیکتر دەبێ لە عێراق، وەک لەوەی هەرێمەکە بێ کەرکووک بێت". هەروا لەبەرامبەر لێدوانەکەی تارق هاشمی کە پۆستی سەرۆک کۆماری تەنیا بە حەقی عەرەب دانابوو، ئەو (بابان)ە بۆ گۆڤاری (الاوقات)ی عێراقی، کە دیدارەکەی لەگەڵ کردبوو، دەڵێ: "ئەگەر کورد مافی ئەوەی نەبێ، ببێتە سەرۆک کۆمار، کەواتە هاووڵاتی پلەدووە. گەلانی شارستان دۆخێک بۆ کەمینەکان دەڕەخسێنن کە لەسەرووی ئیستحقاقی ژمارەیی خۆیانەوە بێت" ، هەروەها چەند قسەیەکی دیکەش کە بابانێکی سلێمانیش هەر هێندە بەرگری لەنەتەوەکەی خۆی دەکات. کەچی ئەوەتا ئەمجارەیان بە تەقاندنەوەی لوغمی لابردنی خانەی نەتەوە لە فۆرمی سەرژمێرییدا و بۆ ڕازیکردنی دڵی هەندێ لە عەرەبە شۆڤێنییەکان، ئەوەی سەلماند کە چەندە بە (عەلی)بوون و خۆجیاکردنەوەی لە هاومەزهەبەکانی، توانی شیعەکان هەڵخەڵەتێنێ، هەر هێندەش بە هەڵگرتنی نازناوی (بابان) و چەند قسەیەکی خێر، کە ڕەنگە مەبەستی باتڵیشیان لەپشتەوە بووبێت، توانیوویەتی کورد دەسخەڵەت بدات.

ئیدی (عەلی)ێک بێت و سوننەچێتیی بکات، (بابان)ێکیش بێ و عەرەبچێتیی بکات، دەبێ لامان ئاسایی بێت کە پێشنیازی لابردنی خانەی نەتەوە بکات، چونکە پێدەچێ لای ئەو، نەتەوە جگە لەگەمەیەکی سیاسی هیچیدیکە نەبێ.

# دەیەوێ حکومەت وەبەرهێنانی تێدا بکات



**رووداو-سلێمانی**

ئیسماعیل عومەر سالَح، کە چەند ساڵێکە لە دانیمارک دەژی و دوو ساڵە لەو وڵاتەدا کەنارییەکانی خەڵاتی یەکەم بەدەستدێنن لە فیستیڤاڵی کەنارییەکانی دانیمارکدا، هەروەها ساڵی رابردوو کەنارییەکیشی بە شاجوانی کەنارییەکان هەڵبژێردرا، دوو هەفتەیە بەسەردان گەڕاوەتەوە کوردستان، ئەگەر حکومەت یارمەتی بدات دەیەوێ بە یەکجاری بە کەنارییەکانییەوە بگەڕێتەوە کوردستان و پێشانگای نێودەوڵەتی کەناری لە کوردستان بکاتەوە و کێڵگەی بەخێوکردنیشیان بکاتەوە" ئەوکات حکوومەتی هەرێمی کوردستان قازانجێکی زۆر دەکات"، بەڵام دەڵێ بۆ ئەوە پێویستی بەهاوکاری حکومەتە.

11 »

# لە بەر بیری ئاگایان لە مەڕان نەما



**رووداو- رواندز**

زنجیرە درامای تورکی (بێریڤان) کە بە کوردی دۆبلاژکراوە و هەفتانە دوو ئەلقەی لە کەناڵ 4 نمایشدەکرێ، بووە هۆی خنکانی 10 سەر مەڕی گوندێکی سەر بە قەزای رواندز. درامای بێریڤان کە خەڵکێکی زۆر لە باشووری کوردستان شەیدای بووە و بینەرێکی زۆری هەیە، چەند شەوێک بەر لەئێستا لە گوندی (کەڕەک)ی سەر بەقەزای رواندز لەکاتی نمایشکردنی دراماکەدا چەند گورگێک لە رانە مەڕێکی هاووڵاتییەک بەردەبن و 10 سەر لە مەڕەکانی دەخنکێنن. سەرچاوەیەک بە (رووداو)ی راگەیاند"ئەو رانەمەڕە لە شاخ بووەو دوو شوانیان هەبووە، بەر لەدەستپێکردنی ئەلقەی بێریڤان ئەو دوو شوانە لەشاخ هاتوونەتە خوارێ و رانە مەڕەکەیان بەتەنها بەجێهێشتووە، کە دوای تەواوبوونی دراماکە گەڕاونەتەوە سەر شاخەکە، دەبینن گورگ بەنێو مەڕەکانیان کەوتووە و زۆر مەڕی تەلەفکردوون" .ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "تەنها لە ماوەی 40 خولەکدا 10 مەڕ بوونە قوربانی بێریڤان خانێ" .

# یوسف حەرام دەکرێ



**رووداو- ئاژانسەکان**

یوسف عەبدولجەبار کە یەکێکە لە موفتییە بەنێوبانگەکانی میسر، تەماشاکردنی زەنجیرەی تەلەڤزیۆنیی (یوسفی پێغەمبەر)ی حەرامکرد.

دوای ئەوەی زنجیرەی یوسفی پێغەمبەر لە یەکێک لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی میسر پەخشکرا، لەلایەن زانکۆی ئەزهەر بە توندی رەخنەی لێگیراو هەندێک لە زانایانی ئایینی ئەو وڵاتە بەرامبەر بەو بابەتە رای نەرێنی خۆیان دەربڕی. یوسف عەبدولجەبار کە یەکێکە لەموفتییە بەنێوبانگەکانی میسر لەوەزارەتی ئەوقافی میسر تەماشاکردنی ئەو زنجیرە درامایەی حەرامکرد و گوتی "هەر موسڵمانێک تەماشای ئەو زەنجیرەیە بکات، تووشی گوناح دەبێ، چونکە لەو زەنجیرەدا رێز لە پێغەمبەران نەگیراوە" .

ئەو موفتییەی میسر گوتیشی "لە روانگەی ئێمەوە نمایشکردنی ئەو جۆرە زنجیرانە زیاتر بۆ هەرزەکاران و لاوان مەترسیدار و هەڕەشەیە، چونکە لەوانەیە بگەنە ئەو بڕوایەی کە نیشاندانی وێنە و رووخساری پێغەمبەران لە فیلمەکان هیچ کێشەیەکی نییە" .




Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری**: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**دیزاینەران** : بەختیار مستەفا ـ هونەر مەرجان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر بە... بەر نیوستی | Tel: 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net






## جەیلان گۆرانی بۆ گوت

# زەکەریا لە دوبەی ژنی گواستەوە

**کارزان حەیدەر**
**رووداو — هەولێر**

هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵڵا، زەماوەندی ژن گواستنەوەی لە دوبەی گێڕا و، چەند هونەرمەندێکیش تێیدا بەشداربوون.

لەگەڵ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوەیدەکرد بەر لەکۆتایی ساڵ خانووەکەی لە پیرمام تەواو ببێت کە ماوەیەکی زۆرە خەریکیەتی، ئینجا چنار خانی دەزگیرانی کە کچی سەرباز هەورامی ئەندامی سەرکردایەتی پارتییە بگوازێتەوە، بەڵام وادەکەی پێشخست و رۆژی 2010/9/21 دوور لە پێ زانینی دەزگاکانی راگەیاندن، لە یەکێک لە هوتێلە بەنێوبانگەکانی ناوچەی جومێرا، کە یەکێکە لەخۆشترین ناوچەکانی شاری دوبەی لە ئیمارات، زەکەریا ئاهەنگی ژن گواستنەوەی گێڕا.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون زەماوەندەکە بە ئامادەبوونی هونەرمەند جەیلان، پەیوەند جاف و نەجمەدین ئاوارە بەڕێوەچوو. وێڕای ئامادەبوونی دایکی زەکەریا و خزم و کەسی هەردوولا. هەروەها خەرجی ئاهەنگەکە و مانەوەی میوانەکان دەیان هەزار دۆلار بووە.

لە ئاهەنگەکەدا، وێڕای گۆرانییە تورکییەکانی هونەرمەندی تورک جەیلان ، گۆرانییەکانی پەیوەند جاف، زەکەریا خۆیشی گۆرانی گوتووەو، هەروەها هونەرمەند نەجمەدین ئاوارەی برایشی بەشداری ئاهەنگەکەی کردووە و چەند گۆرانییەکی پێشکەش کردووە .زەکەریا دوێنێ لە دوبەی گەڕاوەتەوە هەولێر و لە ماڵەکەی لەگەڵ هاوسەرەکەی ژیانی هاوسەری دەستپێکرد. بەڵام بڕیارە دوای تەواو بوونی خانووەکەی، ماڵی بباتە پیرمام.

# عادل موتەحیدە، عادل ئیمامیش دێنێتە هەولێر



دیانا کەرەزۆن

**کارزان حەیدەر**
**رووداو- هەولێر**

پاش ئەوەی گرووپی کۆمپانیاکانی عادل موتەحیدە کە د.روشدی سەعید، سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنیەتی، کۆمەڵێک هونەرمەندی دیاری میسری داوەتی راکێشانی خەڵاتەکانی تاتلیسەس بینگۆکرد، رایگەیاند لە ماوەی داهاتوودا عادل ئیمام و نوری شەریفیش دێنێتە کوردستان.

بۆ ئاهەنگی راکێشانی بلیتەکانی تاتلیسەس بینگۆ هونەرمەندانی میسری، ئەحمەد بدێر، سەمیر غانم و چەند ئەکتەرێکی دیکە و، هەروەها گۆرانبێژی ئوردنی دیانا کەرەزۆن تێیدا بەشداربوون. هەروەها ئیبراهیم تاتلیسەسی هاوبەشی د.روشیدیش گۆرانی لەو ئاهەنگەدا گوت کە رۆژی 2010/10/25 لە هوتێل خانزادی شاری هەولێر بەڕێوەچوو. لەو ئاهەنگەدا دیانا کەرەزۆن رایگەیاند کە خالوانی کوردن. د. روشدیش گوتی کە دایکی دیانا کەرەزۆن کوردە و خەڵکی هەرێمی کوردستانە.

د.روشدی سەعید بە (رووداو)ی راگەیاند کە " ئەو هونەرمەندانە وێڕای سەرسامییان بە کوردستان و ئەو بووژانەوەیەی لە هەموو رووێکەوە تێیدا بەرچاو دەکرێ، سەرسامی خۆیان بە فرۆکەخانەی هەولێر و پرۆژەکانی ئەو شارەو و ئاستی رۆشنبیری شاری هەولێر نیشاندا، ئەوان لەمەودوا بوونە شەریکی من، دوای مانگێکی دیکەش جارێکی دیکە دێنەوە هەولێر" .

د.روشدی دەڵێ مەبەستی ئەوەیە بەو سامانەی ئێستا هەیەتی، خەڵکێکی زۆر ئاشنای کوردستان بکات، بەتایبەت ئەوانەی سامانێکیان هەیە و هانیاندەدات بێنە کوردستان و بەشداری پرۆژەکانی وەبەرهێنان بکەن ، ئەو مەبەستی ئەوە نییە ئەو هونەرمەندانە بێنێتە کوردستان چەند بەرهەمێکی هونەری پێشکەش بکەن و بگەڕێنەوە، مەبەستیەتی ئەو هونەرمەندانە سامانەکانیان بخەنە خزمەتی کوردستانەوە .

د.روشدی رایگەیاند: "لە ئایندەیەکی نزیکدا هونەرمەند و وەرزشوانی زۆر بەنێوبانگ دەهێنمە کوردستان و پشکداری پرۆژەکانیشمان دەکەن، لەوانەش نوری شەریف و عادل ئیمام و یوسف شەعبان کە ئەوانیش لە ماوەی داهاتوودا دێن" .

# ئاڵای کوردستان لە رووسیا بەرزبووەوە



**خۆشەوی محەممەد**
**رووداو- رووسیا**

ئاڵای کوردستان لەلایەن قوتابیانی کورد لە یادی 80 ساڵەی زانکۆی تولای نێودەوڵەتی لە رووسیا بەرزکرایەوە.

رۆژی 2010/10/29 لە شاری تولا، زانکۆی تولای نێودەوڵەتی، بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە میوانان و نوێنەری زۆر لە باڵیۆزخانە و کونسولخانەکانی وڵاتانی جیهان لە رووسیا، لەوانەش فایەق نێروەیی باڵیۆزی عێراق لە رووسیا و ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستا و قوتابیانی زانکۆ جیاجیاکانی رووسیا، ئاهەنگێکی بەرفراوان رێکخرا.

قوتابیانی کوردستانیش بە چەندین چالاکی بەشداریان لە ئاهەنگەکەدا کرد و، پاشان لەبەردەم چەندین کەناڵی بەنێوبانگی راگەیاندن و لەتەک ئاڵای چەندین وڵاتی دیکەدا، ئاڵای کوردستانیان لەسەر شانۆی زانکۆی تولا لە ئاهەنگەکەدا بەرزکردەوە.

# لە ئەهلییەکان مورتاح نین

**رووداو-سلێمانی**

بەهۆی نەبوونی مەرجەکانی تەندروستی، فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی 5 نەخۆشخانەی ئەهلی و تاقیگەیەکی تەندروستی داخست، بەرپرسی نەخۆشخانە ئەهلییەکان لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی دەڵێت "بەردەوامین لەسەر ئەو لێپرسینەوەو چاودێریکردنە" .

فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی تیمێکی چاودێری پێکهێناوە، بۆ بەدواداچوونی رەوشی نەخۆشخانە ئەهلییەکان بەناوی (تیمی کۆنترۆڵکردنی هەوکردن)و بەردەوام نەخۆشخانە ئەهلییەکان بەسەر دەکاتەوە، بۆ ئاگاداربوون لەرەوشی خزمەتگوزاری و تەندروستییان.

دکتۆر محەممەد دڵشاد، بەرپرسی نەخۆشخانە ئەهلییەکان لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی دەڵێت خەڵک پارەیەکی زۆر بە نەخۆشخانە ئەهلییەکان دەدات، بۆیە "پێویستە نەخۆش لەوێ مورتاح بێت، نابێت دەرمانی ئێکسپایەر بدەنە نەخۆش و نەخۆش ئاسوودە نەبێت" .

دکتۆر محەممەد ئاماژەی بەوەدا مەرجەکانی تەندروستی بە نووسراو دراوەتە هەموو نەخۆشخانەکان و دەبێت جێبەجێی بکەن "ئەو5نەخۆشخانەیە جێبەجێیان نەکردبوو، ئەگەر مەرجەکان جێبەجێ بکەن رێگەی کارکردنیان پێدەدرێتەوە" .

یەکێک لە پزیشکەکانی شاری سلێمانی پێیوایە نەخۆشخانەکانی ئەهلی ئاساییە بازرگانی بکەن، بەڵام بازرگانی سنووری هەیە و پێویستە بەقەد ئەو پارەیەی وەریدەگرن خزمەتی خەڵک و نەخۆش بکەن، بەڵام "بەداخەوە زۆر لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان وەک نەخۆشخانە حکومییەکان خاوێن نین و خزمەتگوزارییەکانیشیان وەک پێویست نییە " .

# ئەگەر وەک بەندە بێ حەرامە



**رووداو-سلێمانی**

بەرپرسێکی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە داواکاری بۆ هێنانی کرێکاری بیانی بەمەبەستی کارەکەری لەماڵاندا زۆر بووەو دەڵێت "هەوڵدەدەین کرێکاری بیانی بێنینە هەرێمی کوردستان" .

نەزمی عوسمان، جێگری بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی رایگەیاند "ئێستا لەهەرێمی کوردستان 1443کرێکاری بیانی، کەبەشێکی زۆریان ئەسیوبی و بەنگلادیشین لە نێوماڵاندا کاردەکەن و، 1085کرێکاری بیانیش لەپرۆژەکان و کۆمپانیاکاندا کاردەکەن، کە بەگرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکان هاتوون" . ئەو بەرپرسەی وەزارەت باسی لەوەکرد کە ئێستا داواکاری زۆر هەیە بۆ هێنانی کرێکاری بیانی تاوەکو لەماڵاندا کاربکەن، چونکە "حاڵەتی زۆر هەیە لەناو ئەو خێزانانەی کە دایکیان نییە، یان فەرمانبەرن و کەسێک نییە سەرپەرشتی منداڵەکانیان بکات" .

نەزمی عوسمان رەتیکردەوە هێنانی ئەوکرێکارە بیانییانەی کە لەماڵاندا کاردەکەن زیانی هەبێت بۆ کەمکردنەوەی هەلی کار لەبەردەم بێکارانی کورددا و گوتی "خەڵکی ئێمە ئەو جۆرە کارانە ناکەن و لەهەمانکاتیشدا داواکاری هەیە لەلایەن خەڵکەوە بۆ کارەکەری بیانی" .مامۆستایەکی ئایینی شاری سلێمانی دەڵێت، بەپێی شەریعەتی ئیسلام، راگرتنی کارەکەر لەماڵاندا حەرام نییە، ئەگەر مافیان بدرێتێ و بەسووک سەیریان نەکرێ. عوزێر حافز، مامۆستای ئاینی و ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی گوتی "تکا دەکەم وەک بەندەو بە چاوی کوێلە سەیری ئەو کرێکارانە نەکرێ، چونکە ئەگەر مافی خۆیان نەدرێتێ و وەک بەندە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت حەرامە" . ئەو مامۆستا ئاینییە پێیوایە هەندێک لە خێزانەکانی کورد هەڵسوکەوتی ناشرین لەگەڵ ئەو کرێکارە بیانییانە دەکەن کە وەک کارەکەر رایانگرتوون "بەداخەوە لەهەندێک ماڵ زوڵمیان لێدەکەن وهەڵسوکەوتی ناشیرینیان لەگەڵ دەکرێ" .

نەزمی عوسمان، دەڵێت، تا ئێستا یاسایەک نییە تایبەت بێ بە کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستاندا "بەڵام بەپێی یاساکانی عێراقی هەرکاتێک ستەمیان لێ بکرێت، دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن" .